# کەرکوك

## بۆ مێژوو دەدوێت


**سەرپەرشتیار**
**مامۆستا جەعفەر**

**ئامادەکردنی**
**عەدنان کاکە ڕەش**

**هاوکاران**

**زەردەشت خالد**
**ڕەمەزان زامدار**
**ڕێبوار حەمە تۆفیق**
**سەمەد زەنگەنە**



مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەرەکی ئاشتی ـ ١٠٤

شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢

ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com

- **ناوی کتێب:** کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت
- **تایپ:** لیزان، هەرێم، کوردستان، شاناز
- **بەرگ:** جوان قادر
- **نەخشە ساز:** فهمی جلال
- **هەڵەبڕی:** عوسمان ئەنوەر
- **ژمارەی سپاردن:** (٩١٨) ساڵی ٢٠٠٦
- **تیراژ:** ٢٠٠٠
- **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
- **ژمارەی زنجیرە:** (٢١٢)
- لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك) سلێمانی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێرست

**بابەت**


پێشەکی ............ ٥
د. نوری تاڵەبانی ............ ١٣
پارێزەر. مستەفا عەسکەری ............ ٤٣
عەبدولڕەحمان مستەفا ............ ٦٣
رزگار عەلی ............ ٧٧
عەدنان سەید فەتاح سەید خەلیل کاکەیی ............ ٩١
ئەحەمەد ئەمین ............ ١٠١
شێخ سەردار جەباری ............ ١٠٩
نوری فەقێ ............ ١١٣
کەریم ئاغای هەمەوەند ............ ١١٩
شێخ محەمەد شاکەلی ............ ١٣٥
فەخری کوڕی حەمە عەلی گودی کەرکوکی ............ ١٤٧
لەتیف هەڵمەت ............ ١٥٧
گۆران فەتحی ............ ١٧٥
ئاشوری و کلدانی ............ ٢٢٣
ئەلبێرت گیسۆ موشی ............ ٢٢٧
تورکمان ............ ٢٣٣
تەقی موسا حسین نەفتچی ............ ٢٣٧
نەوزاد رەئوفی حەسەنە فەنی ئاوچی ............ ٢٤١
ئەندازیار. حاجی قاسم بەیاتی ............ ٢٤٥
ئیحسان عەبدوڵڵا بەگی تورکمان ............ ٢٥١
عەرەب ............ ٢٦١
مەلا سەید عەبدوڵڵا یاسین جەعفەر النعیمی ............ ٢٦٣




مەکتەبی بیروهۆشیاری


محەمەد خەلیل نسەیف جبوری ............ ٢٦٧
وێنەکان ............ ٢٧٥
بەڵگەنامەکان ............ ٣١١

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## پێشەکی

کەرکوک، ئەمڕۆ شارێکە لەشارە گرنگەکانی کوردستانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانو هەزاران زوومی کامێرای ناوەوەو دەرەوەی لەسەرە. بایەخی ئەم شارە، تەنیا پەیوەندی بە کێڵگە نەوتییە مەزنەکانەوە نییە، کە یەکێکە لەچوار کەتەترین کێڵگەی جیهانی. تا ساڵی ١٩٧٣ نزیکەی ٦٣٪ یەدەکی نەوتی عێراق لەکێڵگەکانی کەرکوک بوو. نەوتی ئێرە، بە پاکترینو هەرزان ترین نەوتی جیهان دادەنرێت، چونکە بۆ دەرهێنانو پاڵاوتنی ٣/١ نەوتی سعودییەی تێناچێت.

دەوڵەتانی دراوسێ، پێیان وایە: هەر کەسێك کلیلی سیاسی کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکوکی کەوتە دەست، ئەوا چارەنووسی سەرجەم ناوچەکەی دەست دەکەوێتو ئاراستەی سیاسی ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر دەگۆڕدرێت، کە ڕەنگە قازانجی ئەوانی تێدا نەبێت. هێزە سیاسییە گەورەکان، هەر زۆر بە وردی چاودێری ڕووداوەکان دەکەنو دەیانەوێ لەتێکەڵکردنو دابەش کردنی وەرەقی یاری نوێدا، ئەوان جۆکەرو باشترین وەرەقەیان بەدەستەوە بێت. بیانووی دەستێوەردانو لووت ژەندنە کاروباری ناوخۆ هەر زۆر زۆرە. شەڕی ڕاوچییەکان لەسەر کەوڵە ڕێوییە، نەك کەللە سەرو سیو جگەر! ئەو هێزانە سەیری بەڵگە مێژووییەکانو مەنتیقی عەقڵیو پێکهاتەی جوگرافیو ئیتنیو ڕووباری خوێن ناکەن، کە لەسەر ئەم شارە ڕژاوە. بەڵکو لای ئەوان هەزار بەڵگە، یەك فلسی قەڵب ناهێنێت.

بەشێك لەهێزە شوڤێنییەکان پێیان وایە، کە: "ڕژێمی پێشوو، زۆر دڵنەرمو عادیلو نەرمو نیان بووە لەگەڵ گەلی کوردستاندا، ئەو ڕژێمە زۆر مافی بە کورد داوەو دەبوایە بێرەحمانە ترو بێبەزەییانەتر بوایە".



مەكتەبی بیروهۆشیاری



کەرکوک، لەڕووی دەوڵەمەندیو پێشکەوتنو ژیانو گوزەرانو داهاتی نەتەوەییو پشکی تاك لەداهاتی نەتەوەییدا، دەبوایە وەکو (کوێتو هۆنگ کۆنگو سەنگا فوورە) بوایە، کەچی دەبینین ئاستی ژیانی خەڵکی ئێرە لەچاو ئەوێدا، بەراورد ناکرێت، تەنانەت لەگەڵ (جیبۆتیو ئیریتریاو سۆماڵو بەنگلادش)دا بەراورد بکرێت، تای تەرازووی کەرکوك بەرەو ئاسمان دەفڕێت.

کەرکوکییەکان لەماوەی سیو پێنج ساڵی رابوردووی ڕژێمی بەعسی فاشیدا، تووشی دڕندەترین حەملەی ڕاگواستنو ئەنفالو ڕاونانو دەربەدەری بوون، ڕژێمی بەعس، کەرکوکییەکانی برسیو ئاوارەو بێنانو بێئاو کرد، هەر بۆ ئەوەی خۆشەویستیو بیرەوەریو ناسنامەیان بیربچێتەوەو پارچەی تری ئەم زەوییە بەنیشتمانی نوێو رەسەنی خۆیان بزانن‌و جارێکی تر بیر لەگەڕانەوە نەکەنەوە.

گریمان دەوڵەتی کوێت، هەر وەکو دەسەڵاتەکانی پێشووی بەغدا، خەونیان بەوەوە دەبینیکە قەزایەکی بەسرە (بصرە) بوایە، ئایا ئەمڕۆ حاڵی زۆر لەقەزای (زوبێر) و (ابو خصیب) خۆشتر دەبوو؟ بۆ کوێت یەکێکە لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەو بەچەند قۆناغێك، بەغداو بەسرەو مووسڵی جێ هێشتووە؟ کوێت لەماوەی سەد ساڵی رابوردوودا، جگە لەشەڕی داگیرکردنی ١٩٩١ لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، هیچ شەڕێکی بەخۆیەوە نەبینیوە. یەك گوندی تووشی ئەنفالو پاکتاوی نەژادیو کیمیاوی باران نەهاتووە، ئیدی چۆن بەرەو پێشەوە ناچێت؟ با عەرەبە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان بەراوردێك لەنێوان کەرکوكو کوێتدا بکەنو بزانن لەماوەی ٨٥ ساڵی گرێدان بە حکوومەتی ناوەندییەوە چ قازانجێکی بۆ کەرکوك هەبووە!

لەلایەکەوە، ئەم پارێزگایە هەرچی داهاتی هەبووە، هەر یەکسەر ڕەوانەی خەزێنەی ناوەندی کراوەو هەر وەکو ئەوەی نەوتی باوەگوڕ گوڕو جمبوورو بای حەسەن، لای عەرعەرو شەرگاتو هیت هەڵبقوڵێت، ئەم پارێزگایە هیچ مافی بەسەریەوە نەماوە. لەسیستێمی فیدراڵیدا، سەروەتو سامان بەشێوەی فیدراڵی دابەش دەکرێت. هەر هەرێمێك داهاتی خۆی لەهێڵی یەکەمدا لەسەر خۆی سەرف دەکات، ئینجا لەهەڵسەنگاندنی میزانییەی سەرجەمی هەرێمەکاندا، دەوڵەمەندەکان یارمەتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



هەژارەکان دەدەن. شێوەی ناوەندی بۆ ئیدارەی جەمسەرە ئابوورییەکان، نزیکەی ٧٠٪ بوودجەی ساڵانەی عێراق بۆ سوپاو دەزگای موخابەراتو ئەمنو گیرفانی بنەماڵەی سەدام دەڕۆیشت.

سیستێمی ناوەندی (٨٥) ساڵ کارەساتو نائارامیو کارەسات بوو، بۆ بەشی زۆری گەلانی عێراق نابێ رێگە بدرێت جارێکی تر دروست بێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، ڕژێم بەسەدان هەزار عەرەبی لەناوەڕاستو خوارووی عێراقەوە هێناو لەسەر دڵی کەرکوک نیشتەجێی کردنو خێرو بێری بەسەردا باراندن. لەهەمان کاتدا، دانیشتوانی ڕەسەنی ئەوێی لەبن گوشارو پاڵە پەستۆو نانبڕین خستو شڕو شیتاڵی پێپێچانەوە، هەر ڕۆژە لەبن بەردێکو هەر شەوە لەبن دڕکێکدا ڕۆژیان دەکردەوە. کەرکوکییەك بەخت یاوەری بوو بێت، لەبنەسلاوەو ڕانییەو بەکرەجۆ، دڵی ئاوارەی بە (٢٠٠)م٢ زەوی خۆشکردبێت، ئەو کەسە هەنگوینی خۆشەویستی بەهەشتی کەرکوکی، بەژەهراوی دۆزەخی دەربەدەری گۆڕیوەتەوە.

نزیکەی هەفتەیەك پێش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، کچە ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی مژدەی ئازادی کەرکوکی پێدام. عەرەبێکی قەومی توندڕەو لەوێ دانیشتبوو. جارێك دەیگوت: (كركوك قلب الامه العربيه)و جارێکی تر دەیگوت: (كركوك قلب صدام حسين)و ........هتد.

من هەر زۆرم بەلاوە سەیر بوو! بۆ ئەو کابرایە تووشی هستیریا بوو ؟ دیارە لای ئەوان کەرکوك زێڕی بێخاوەن بووەو لەپارەی چاڵە نەوتەکانی ئەوێ خۆیانیان پێ دروست کردووەو شارو گوندی خۆیانیان پێ ئاوەدانتر کردووتەوە. لەپارەی نەوتی کەرکوك، من دڵنیام ١٪ بەر ئاوەدانیو شەقامو ڕێگەوبانو فێرگەو باخچەی منالانی ئەوێ نەکەوتووە.

لەسەردەمی نازییەکاندا، لەنزیکەی ٥ ـ ٧ ملیۆن جووی ئەڵەمانو ئۆروپی لەناو فڕنی کارەباییدا سووتێنران، یان لەناو چاڵی گەورەو قووڵدا، بە هەزارانیان لێ زیندە بەچاڵ کرا، یان لەناو ئۆردووگای چڕکردنەوەی KZ تا مردن برسیو تینو کران.

ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە، تا ئەمڕۆش پەیوەندی سیاسیو مێژووییو کولتووری



مەکتەبی بیروهۆشیاری



نێوان ئەڵمانیاو ئیسرائیلو جووەکان دادەپۆشێت.

هەر سیاسییەکی ئەڵمانی ئەم ڕاستییە مێژووییە لەبەر چاو نەگرێت، ئەوا تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبێتو چارەنووسێکی ڕەش، ڕەنگە چاوەڕوانی بکات. دوا قوربانی، یەکێکی وەکو مویلەرمان Müllermann کە وەزیری ئابووری پێشووی ئەڵمانیای فیدراڵو سەرکردەیەکی دیاری لیبرالەکان بوو، ویستی پروپاگەندە دژ بە سامی Antisemitismus بکاتە وەرەقەی براوە لەهەڵبژاردندا، کەچی سیحرە درۆزنەکەی ئاوەژوو کرایەوەو بەشێوەیەك تەنگی پێهەڵچنرا، کە لەفڕۆکە خۆی هەڵدایە خوارەوەو خۆی هەپروون هەپروون کرد.

ڕەخنە گرتن لەجوولەکەو لەدەوڵەتی ئیسرائیل بڤەیەو کارەساتی بەدوادا دێت. ئەڵمانەکان دەرسێکی ئەو تۆیان وەرگرتووەو دەڵێن: (جارێکی تر ئەمە قەت روناداتەوە).

هەر سیاسییەك چەپ بێت، یان ڕاستڕەو، دەبێ سەردانی ئیسرائیل بکاتو بەڵێنی تەواو بداتو هەزار جار داوای لێبووردن لەو تاوانە بکات، کە نازییەکان بەرامبەر بە جووەکان ساڵی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥ کردوویانە.

هەر لەساڵی ١٩٥٢ تا ئەمڕۆ، حکوومەتی ئەڵمانیا ساڵی (٥) ملیار مارك قەرەبوو بە ئیسرائیل دەدات، بەرامبەر بەو تاوانەی کە دژ بە جووە ئەڵمانو ئۆروپییەکان کرا. ئێستا پاش تێپەڕبوونی ٦١ ساڵ بەسەر دووەمین جەنگی جیهانیدا، ئەڵمانەکان بە ئەرکی سەر شانی خۆیانی دەزانن کە هەزاران جار داوای لێبووردن لەدەوڵەتی ئیسرائیلو گەلی جوو بکەن. ژمارەی ئەو سیاسییە ئیسرائیلییانەی کە دەچنە ئەڵمانیا، ڕەنگە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن. لەوێش سەردانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانو (ئاو سشڤتز) و (داخاو) دەکەنو لەپەناوە سەرکردەیەکی ئەڵەمان بە ئەو پەڕی (شەرم) و (خۆنزمکردنەوە)و (ڕیسواییەوە) دەڕوانێتە ئەندامانی شاندی میوان.

ئێمە، داوای هیچمان لەبرا عەرەبەکان نەکردووە و داوای هیچ ناکەین، نەقەرەبوو، نەماف، نەڕەچاوکردنی ئەنفالو کیمیایی بارانو نەهەزاران شەهیدی بێتاوان، کە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەشالاوی پاکتاوی نەژادیدا خوێنیان بە ناهەق ڕژێنرا، بەڵکو ئەوان لەسەر جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، کە تایبەت نییە بە کەرکوکو کوردو کوردستانو ئەنفالەوە، لەسەر (ئالا)ی هەرێمو ئالای عێراق، گەورەترین هەڵا دەنێنەوە.

من چاوەڕوانی داوای لێبوردن لەسەدامو عەلی کیمیایو بەرزانو.... هتد. ناکەم. ئەوانە هەستی مرۆڤانەیان هەبوایە، ئەمڕۆ نەدەخزێنرانە ئەو قەفەزانەوە، کە تێی خزێنراونو شایەتو حاکمو پۆلیس بەسەریاندا دەنەڕێنن ئەوان نابنە دڵۆپێك ئاو. من داوای لێبوردنی ئەوانیشم ناوێو بە ملیۆنێك داوای لێبوردنی ئەوان تازە بزەی شادی ناگەڕێتەوە بۆ سەر لێوی قوربانیان. من بشیانبورم، مێژوو نایانبورێت.

من داوای قەرەبوو لەبرا عەرەبەکانیش ناکەم. هەر هەموو نەوتی رومێلە بە تاقە نینۆکێکی شەهید (غاندی) ناگۆڕمەوە. هەر هەموو نەوتی کەرکوك، بزەیەکی شەهید ئازاد هەورامیو سیروان تاڵەبانیو عەلی عەسکەری ناهێنێت. ئیدی من قەرەبووی ئەوانم بۆ چییە؟

برینەکانی ئێمە، بەهیچ سارێژ نابێت، ئەگەر سیاسییەکی کورتبینی عەرەبی شۆڤینی پێیوابێت، کە بە داوای لێبوردنو سەلماندنی قەرەبوو، برینەکان سارێژ دەبن، نابێت. ئێمە دەمانەوێ شەهیدەکانمان بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە، نامانەوێ جارێکی تر قەپاڵی شۆڤلی رەشی ئەوان خۆڵی سەردەمیان لابەرێت.

من ئەگەر زانیم گیانی بەرپرسیارێتی لای ئەوان وەکو لای ئێمە وایە، ئەو کاتە من هیچم لەوان ناوێت. نەقەرە بوو، نە داوای لێبوردن کردن. هێزێکی سیاسی بەراشکاوی مافەڕەواکانی گەلی کوردستانی نەسەلماند، ئەو هێزە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبیشدا پاك نییە. هەر ڕۆژێك دێ وەکو مار بەوانیشەوە دەدات.

ئەرکی سەرەکی ئەوانە، کە ڕۆژانە سەردانی هەڵەبجەو بالیسانو بەرزانو سێوسێنانو گەرمیان بکەنو داوای لێبوردن بکەن. هەر کەسێك ویستی سەرکردایەتی عێراق بکاتو بەراشکاوی ئەو مێژووە ڕەشە پڕ شەرمەزارییەی تاوانبار نەکرد، ئەوا هەق نییە سەرکردە کوردەکان تەوقەیان لەگەڵدا بکەن.

ئەوان بۆ (ئالا)یەك، بۆ جێبە جێکردنی مادەیەکی دەستووری هێندە گرژو مۆنو



مەکتەبی بیروهۆشیاری



تووڕەبن، کە زیانی بۆ کەس نەبووەو نییە، ئەدی بۆ لەئاست (داوای لێبوردن) و لەئاست (قەرەبوو کردن) قرپەیان لێوە نایەتو مەتەقیان لەخۆیان چنیوە؟

تا کەرکوکییەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیو ئاشتیانە واقیعی ئێستا نەگۆڕن، بارودۆخی سیاسیو قانونی لەقازانجی ئەواندا نابێت. خەبات دەبێت ئاراستە کراوو دە ئەوەندەی جاران تینو تاوی زۆرتر بێت. هێزە کوردستانییەکانی ئەوێ، دەبێ پێش هەموو هەنگاوێك دڵی گەلی تورکمان بۆ لای خۆیان ڕاکێشێنو مافە ڕەواکانیان بسەلمێنن... هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، دەبێ ستراتیجیەییەکی یەکگرتووی هاوبەشیان هەبێت بەرامبەر بە شالاوی تیرۆرو هێزە شۆڤینییە عەرەبەکانو ئەوانەی کە دژ بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکن. ئێمە گەر ستراتیجێکی هاوبەشمان نەبێت، نەك تەنیا کێشەی کەرکوك، بەڵکو مەسەلەی گەلی کوردستان بەرەو ئاقارێکی زۆر ترسناك دەبرێت.

کاتی خۆی، کە پڕۆژەی کتێبێکم لەسەر کەرکوك دانا بوو، دەمویست گەشتێکی ئازاد بەناو کەرکوکدا بکەمو بیرۆکەی گەشتەکەی (گوێتە بۆ ئیتالیا)م لەبەرچاو گرتبوو. گەشتەکەی (کلۆدیۆس ریچ بۆ کوردستان) ١٨٢٠و گەیشتەکەی (ئیدمۆنز بۆ سلێمانیو کەرکوك) گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام خەیاڵو فەنتازیای من دەستیان لەباڵی ئەندێشەی خەیاڵی خامەکەی (گوێتە) بەر نەدەدا، کە هەرچییەکی لەو ڕێگەو بانەدا لەئیتاڵیا بینیوە، بەوردی بەشێوەیەکی شاعیرانە وەسفی کردووە.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ دەستم بەو گەشتە کرد، خەیاڵو فەنتازیای شاعیرانە لەکوێو تەقینەوەو تیرۆرو کوشتنو بڕین لەکوێ؟

شەقامەکانی کەرکوك لەبەرەی شەڕ دەچوون، دەبا وەکو تیشكو بریسکەی گوللە بە بەرچاوی تفەنگەکاندا تێدەپەڕین کەی ئۆتۆمبیلێکی بەمینچێنراو لەبەر پێماندا بتەقێتەوەو بقلیشێتەوە؟ ئەوە هەموو چرکەیەكو هەموو چاوترووکاندنێك چاوەڕوانمان بوو. ترسو خەم بەدیوارە داروخاوو دڵشکاوەکانی کەرکوکەوە دیار بوون.

کە ئەم گەشتە سەری نەگرت، ناچار ڕێگەی ترمان گرتە بەر: ڕێگەی گفتوگۆو ئاخاوتنو دیداری چەند کەسایەتییەکی کەرکوکی کە ڕێگەیان بدرێت بە ئارەزووی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



خۆیان لەسەر ناوچەو شارو عەشیرەتو بنەماڵە بیرەوەری خۆیان قسە بکەنو بیرەوەری بگێڕنەوە. ئەم کارە، لەهەلو مەرجی ئەمڕۆدا، بەو شێوەیە دەرچووە، کە ئێستا لەبەر دەستدایە. بریا لەکاتی ئامادەکردنو نووسینی پرۆژەکەدا، دەستمان بە کەسایەتی ترو خەڵکی تر بگەیشتایەو بەشدارییەکی فراوانتر بوایەو بەڵگەنامەی پێویستو مێژووییمان دەست بکەوتایە. مەخابن قورەکەی بەردەستم هەر ئەوەندە تۆزی لێ هەڵسا. وێڕای هەست کردنی ئێمە بە کەموکوڕییەکانو ئەو زانیارییانەی لەسەر باڵی پەپوولەی ووشەکان لەڕووبەری لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا نووسراون، مێژوویەکی نادیارو نەنووسراوی کەرکوكو گەرمیانن. کەواتە: ئەم کتێبە ئامانجی سەرەکی خۆی پێکاوەو شایانی خوێندنەوەیە.

مامۆستا جەعفەر



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# د. نوری تاڵەبانی

**کەرکوک** ، من لەوشارەدا لەدایك بووم، لەبنەماڵەیەکی ناسراوی ئاینی ئەوشارە، باوکم شێخ جەمیل تاڵەبانی، شێخی ئیرشادی تەکیی تاڵەبانی بوو لە کەرکوك، ئەو تەکییەش سەرچاوەی هەموو تەکێکانی تری تاڵەبانیییە، لەسەرانسەری کوردستانو لە دەرەوەی کوردستانیشدا، هەر لەمناڵییەوە پێم خۆشبووە کە لەکۆڕی پیاوە گەورەکانو پیاوانی بەتەمەندا دانیشمو گوێم لەقسەکانیان بێت، سەرەتا لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕانەوە دەست پێ دەکەم.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



### قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان

لەقوتابخانەی (ئیمام قاسم) ی کوڕاندا، خوێندنی سەرەتایم تەواو کرد ، لەپاشاندا، ناوەندیو دواناوەندیم تەواو کرد ، لەوسەردەمەی کە قوتابی بووم، تێکەڵی قوتابی تورکمانو عەرەب دەبووم، بەتایبەتی لەناوەندیو دواناوەندیدا بەشی زۆری قوتابیان کوردو تورکمان بوون، لەگەڵ هەندێك قوتابی عەرەبدا، قوتابییە عەرەبەکان بەشی زۆریان منداڵی فەرمانبەر بوون، یان منداڵی ئەفسەرەکانی فیرقەی دوو بوون، ئەمەی من باسی دەکەم دەوروبەری سەرەتای پەنجاکانو کۆتایی چلەکانە، کێشە نەبوو، لەنێوان قوتابییەکاندا، بەڵام ئەوەی لەدواناوەندی کەرکوکدا هەستت پێ دەکرد، پێکهاتەی ئەوشارەت لەوێ دەبینی، تەنها لەکەرکوکدا قوتابخانەی دواناوەندی هەبوو ، خەڵکی کفری، دووزو لادێکانو حەویجەو چەمچەماڵ بۆ تەواوکردنی خوێندن کە دەهاتنە ئەوێ، بەشی زۆریان کورد بوون، ئەوجا تورکمان، ئەوجا عەرەب، ئەوجا ئاسووریو ئەرمەنی بوون. هیچ کێشەیەك لەنێوان قوتابییەکاندا نەبوو، بەڵام جاروبار هەستمان بەشتێك دەکرد ، لەناو تورکمانەکاندا.

### کێشەی ناوخۆی خوێندکارە تورکمانەکان

لەنێو قوتابییە تورکمانەکاندا، کێشەی بچووك بچووك سەری هەڵدەدا، هۆیەکەشی ئەوە بوو: بەشێکیان خۆیان سەربەحیزبی (جەلال بایار) ئەدا لە قەڵەم، بەشەکەی تریان سەربەحیزبی (عیسمەت ئینەنۆ)بوون. لەکاتی پشودا دەبوو بەهەراو دەنگەدەنگ، دەمان زانی لەنێوان خۆیاندا تێکچوون، ئەو دوو حیزبە دوو حیزبی تورکیای ئەوسابوون، حیزبی "جەلال بایار" کە ماوەیەك سەرۆك کۆمار بوو، حیزبەکەی تریان حیزبی "عیسمەت ئینەنۆ " کە حیزبەکەی (مستەفا کەماله)، ئەوان خۆیان بەتەواوکەری ئەو دوو حیزبە دەزانی، لەنێوان خۆیاندا، دەستیان دەکرد بە گفتوگۆوبەقسەی توندوتیژ، خۆیان وا نیشان دەدا کە ئەمانە بەشێکن لە وڵاتی تورکیا. کێشەی کەرکوك وەکو کێشەیەکی نەتەوایەتی هەستی پێنەدەکرا، تەنیا من هەندێ رووداو هەیە حەزدەکەم بیگێڕمەوە: لەساڵی ١٩٥٤ دا ڕێکەوتننامەی دوو قۆڵی سەربازی لەنێوان عێراق-

مەکتەبی بیروهۆشیاری



تورکیادا بەسترا، سەرۆك وەزیران (نوری سەعید)بوو، سەرۆك وەزیرانی تورکیاش (عەدنان مەندەرس) بوو، (عەدنان مەندەرس) بۆ عێراق بانگ کرابوو ، پاشان بەشەممەندەفەر لەگەڵ (نوری سەعید)دا هاتن بۆ کەرکوك، کەدێنە کەرکوك، تورکمانەکانی کەرکوك، زۆربەی دەچن بەپیریەوە، ئەوەی کەمن لەیەکێك لەبەشدارەبووەکانم بیستووە، ئەوکاتە تەمەنم لاوبوو، قەسابێك کاوڕێك دەگرێت بە دەستیەوە، دەچێتە بەردەم (عەدنان)و بەتورکی پێی دەڵێت: "قوربان خۆم لەژێر پێتا سەرببڕم یان ئەو کاوڕە" ئەوە دەلیلی ئەوەیە کە بەشێك لەو تورکمانانە هەڵخەڵەتاوبوون بەهۆی ئەو پڕوپاگەندانەی کە ڕادیۆی (ئەنکەرە) بڵاوی دەکردەوە کەخۆیان بەبەشێك لەوڵاتی تورکیا دەزانی، جگە لەو ڕووداوە بچووکانە، ڕووداوێکی تریشی ئەوەبوو: کە پێش ١٩٥٨، پارێزەر (شێخ فازڵ تاڵەبانی) سەرۆکی شارەوانی بوو، یەکێك لەشەقامەکانی ناونا (سیروان)، تورکمانەکان کردیان بەهەلا لەرۆژنامەکانی بەغدا و شتی وایان دەنووسی گوایە کەرکوك ناوی وای تیا نەنوسراوەو ئەو ناوە ناوی کورەکەیەتی، کردیانە هەلا، بەلام ئەو هیچ گوێی پێنەدا، ئەوە تەنیا شەقامە لەکەرکوك، لەوسەردەمەدا بەناوێکی کوردیی یەوە ناوبنرێت،

### دەرخستنی کێشەی کەرکوك لەناو شارەکەدا.

مەسەلەی کەرکوك، وەکو کێشەیەك لەپاش ١٩٥٨دا دەستی پێکرد، لەبیرمە لەوسەردەمەدا من تازە (کۆلیژی حقوق)م تەواو کردبوو (مەلا مستەفای بارزانی) بۆیەکەم جار گەڕایەوە بۆ کوردستان، میوانی فەرماندەی فرقەی دوو بوو، لای ئەفسەر ((تەبەق چەلی))، لەیانەی ئەفسەران دابەزی، خەلکی کەرکوكو هەموو توێژەکانی کۆمەل ئەچوون، بۆ ئەوەی پێشوازی لە بارزانی بکەن، ڕۆژی پاشتر، ئێمە وەکو گەنجانی کورد، لەوێ بووین، بارزانی بەرێ کەوت بەرەو هەولێر، تاوەکو پردێ لەگەڵیدا چووین، پاشان کەهاتەوە لە هەولێر، شەوێکی تریش لەکەرکوك مایەوە، ئینجا دوایی چوو بۆ سلێمانیو هەتاوەکو قەرەهەنجیر بەرێمان کرد، کاتێ لە سلێمانی گەڕایەوە، لە فرۆکەخانەی سەربازی کەرکوکەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا، دووبارە خەلکێکی زۆر چوون بۆ



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لای، لەکاتی گەڕانەوەیا ئامر(ئینزیبات)ی عەسکەری کەرکوك کە پیاوێکی تورکمان بوو، باوکی دکتۆر (موزفەر ئەرسەلان)ە بوو، ناوی (هیدایەت ئەرسەلان) بوو، ئەم سەربازە، کاتی خۆی بەشداری کردووە لە زۆربەی شەڕەکانی دژی بە بارزانییەکاندا، چونکە یەکێك لەکوڕەکانی لەگەڵماندا قوتابی بوو، دکتۆر (ساطع)ی ناوبوو، کوردییەکی باشی ئەزانی، لە قۆناغی ناوەندیابووین، کوڕێ پێی ووت: ئەو کوردییە لەکوێوە فێربووی؟ ووتی: ئێمە زۆربەی ژیانمان لە (ڕەواندز) بەسەربردووە، باوکم لەوێ ئەفسەر بووە. گرنگ ئەوەیە لێرەدا باسی ئەوەبکەین لەکاتێکدا (مەلا مستەفا) سواری فڕۆکە بوو، تا بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئەو (هیدایەت)ە، تووشی سەکتەبوو، مرد تورکمانەکان ئەوەیان کردە هەلا، کەبەهۆی هاتنی (مەلا مستەفا) وە (هیدایەت ئەرسەلان) تووشی (سەکتە) بووە، دەستیانکرد بەخۆپیشاندان، لەوەوە ویستیان کاروباری کەرکوك بەرەو خراپە بروات.

### نازم تەبەق چەلی

دەبێ ئێمە ئەوەش بلێین (تەبەق چەلی) لەبنەماڵەیەکی عەرەبی ناسراو بوو، خێزانەکەشی تورکمانی (تلعفر) بوو، پاش ئەوەی کە هاتە کەرکوك، دەستی کردبوو بە پەیوەندی لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکوکدا، بەپارێزەرانەوە، بە کەسانی ترەوە، بە هەموو چینو توێژەکانی تورکمانەوە، هەرکەسێ دەعوەتی بکردایە دەچوو بۆ دەعوەتیانو جولانەوەیەکی وای پەیداکرد، کەپێشتر هەستی پێنەدەکرا. لەبەینی کوردو تورکماندا، هەروەکو چۆن ئێستا لەعێراقدا هەستی پێدەکەی لەنێوان سونەو شیعەدا، پێش تر ئەم دیاردەیە لەکەرکوکدا نەبوو. دەتوانم بلێم: خاڵێ سەرەکی بەهۆی (تەبەق چەلی)یەوە سەری هەلدا، یەکێك لەوکەسانەی کە هەولێ دەدا نێوان کوردو تورکمان تێکبدات (تەبەق چەلی) بوو، من لەوکتێبەشدا کەچاپکراوە لەساڵی ١٩٩٥دا، سەبارەت بە(ناوچەی کەرکوك) باسم کردووە، (تەبەق چەلی) یەکێ لەکارەکانی ئەوە بوو کە پێشنیاری کرد، سەرۆکی شارەوانی کەرکوك (کە کوردە) لابرێت، کە(شێخ فازل تاڵەبانی)، لایان برد، پاش ئەوە تورکمانێك کرا بەسەرۆکی شارەوانی، تاوەکو ساڵی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**١٩٦٩**، بۆ یەکەمجار لەمێژووی کەرکوکدا، عەرەبێك بوو بەسەرۆکی شارەوانی بەناوی(مەزهەر تکریتی)یەوە، بنەماڵەی تکریتی، لە بنەڕەتدا خۆیان خەڵکی سوریان، لەکاتی حەملەکەی (سوڵتان موراد)دا بۆ گرتنەوەی عێراق، بەشێك لەوخێڵانەی کە لەگەڵیدا هاتوون بۆ هاوکاری، پاش ئەوەی سەرکەوتوو بوو لەوحەملەدا، چەند گوندێکی پێدابوون لەناوچەی تکریتو لەخواروی کەرکوك، لەوسەردەمەوە لەوێ نیشتەجێ بوون، خێڵێکی عەرەبن، لەبەر ئەوەی لەوێ ژیاون تێکەڵاوێکی زۆریان لەگەڵ تورکمانەکاندا بووە بۆماوەیەکی زۆر، زمانی ئاخافتنیان بووبوو بەتورکی، بەڵام بێ زیان بوون، پەیوەندیان لەگەڵ کوردەکاندا باش بوو، هەروەها لەگەڵ تورکمانەکاندا، ئەوەی کە من خۆم بەبیرم دێ شتێکی زۆر سەیربوو لەلامان، لەکەرکوکدا لەناوەڕاستی چلەکاندا لەو ناوەدا وەکو منداڵێك، یەکێکی (عەگال) بەسەرمان چاوپێ بکەوتایە، لەلامان شتێکی سەیر دەبوو، بەڵام پاشتر پڕۆژەی حەویجە ئاوەدان کرایەوە، بەشێك لەقوتابییەکانی دواناوەندی عەرەبی کوڕی شێخەکانی حەویجە، ئەویش بەتاكو تەرا، خەڵکی حەویجە کە دەهاتنە کەرکوك، خەڵك ناڵێم بەسوکایەتییەوە، بەڵام بەسەیر تەماشایان دەکردن، چونکە زۆر دواکەوتوبوون لەهەموو ڕوویەکەوە.

## پڕۆژەی حەویجە

**پ/ ببورە دکتۆر گەر بیرت نەپچڕێنم، ئایا پڕۆژەی حەویجە تەنها بۆعەرەب بوو، یان بۆ کوردیش بووە، تاچ ڕادەیەك ئەمە ڕاستە ؟**

**و/**من لەوباوەڕەدانیم بۆ کوردبووبێت، ئەوە تەنها بۆچوونی خوالێخۆشبوو (سەعید قەزاز) بوو، ئەم پڕۆژەیە کۆنە، ئەگەڕێتەوە بۆساڵی **١٩٣٥**پێشنیاری(یاسین هاشمی) سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، خێڵی (العوبید) لە ناوچەی جەزیرە بوو، کە ناوچەیەکی خێڵی ( ئەلشەمەر)ی لێیە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەشەڕو هەرایا بوونە، (زیاتر لە ١٠ ساڵ) پاشان ناچارییان کردن کە ناوچەکەی خۆیان بەجێ بهێڵنو بچنە دەشتی عوزێم، کە خێڵی (العزة) ئەلعزەی لێیە، ئەوانیش دیسان کردیانە هەڵا، لەگەڵ خێڵی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەلعزە، حکومەتی (یاسین هاشمی) لەساڵی **١٩٣٥**دا، ویستی پڕۆژەی حەویجە بکاتەوە، ئەو دەشتە ئاوەدان بکاتەوە، بۆ خێڵی (عوبێد) لەگەڵ خێڵی (جبور) کە هەر لەوناوچەیە بوون، ویستی لەپڕۆژەی حەویجەدا نیشتەجێیان بکات، مەبەستیشی تەنها نیشتەجێ کردنی خێڵی عەرەب بوو، نەوەکوکورد، دوو بەڵگەم بەدەستەوە هەیە: یەکەمیان ئەوەی لەچەند کەسێکی بەتەمەنم بیستووە کە یەکێك لەوانە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەدی) ڕەحمەتی کە دەڵێت سەعید قەزاز داوای کردووە، بەشێك لەخێڵە کوردەکان کە گەرمیانو کوێستانیان کردووە، ئەوانیش کۆچەرن، وەکوعەشرەتی (جاف) بەتایبەتی ناوچەی کفری، داوای لێکردبوون کەبەشێك لەخێڵی جافی ئەو ناوچەیە لەوێ نیشتەجێ بکەن، بەڵام شتێکی تر، کە لەکتێبەکەدا بڵاوم کردبویەوە، ئەویش ئەوەبوو کە (حامیدبەگی جاف) لەوسەردەمەدا قایم قامی چەمچەماڵ دەبێت، پێشنیارێك بەنوسراوی ڕەسمی دەنێرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق، هەڵبەتە ئەوکاتە (سەعید قەزاز) وەزیر نەبووە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو ناوچەیە ئاوەدان دەکرێتەوە؟ بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی کۆچەر وەك خێڵی کۆچەری عەرەب هەیە، کوردیش هەیە، داوادەکات بەشێك لەخێڵی جاف کەبەردەوام لەزستان کۆچیان دەکرد نزیك شارەبان دەبونەوە، لەوجێگایانە نیشتەجێ بکرێ کە عەرەبی تێدا نیشتەجێ دەکەن، بەڵام هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەڵام دانەوەی بەو جۆرە بوو کە (حامید بەگ) بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەویش ئیستقالەی خۆی پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆی عێراقدا دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجەو واز لە (وەزیفە) دێنێ، پاشان بۆچەند دەورێك دەبێت بەنائب لەپەرلەمانی عێراق، هەتاساڵی **١٩٥٥**، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە حکومەتی عێراقی لەسەرەتاوە نەی ویستووەو حەزی نەکردووە کە لە غەیرەخێڵی عەرەب، هیچ نەتەوەیەك لەوناوچەیە نیشتەجێ بێ.

### پڕۆژەکەی حەویجە کەی تەواو بوو؟

هەڵەیەکی تریش هەیە کەجاروبار بەرچاوم دەکەوێت کە دەڵێت: "ئەم پڕۆژەیەی لە ساڵی **١٩٣٦** کە لەلایەن (یاسین هاشمی)ەوە دەستی پێکراوە، ئەوە هەڵەیە، چونکە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



(یاسین هاشمی) پاش کودەتای (بەکر سدقی) بۆ سوریا هەڵهات ، لەکۆتاییەکانی ١٩٣٦ دا هەرلەوێش مرد ، بیرۆکەکە بیرۆکەی (یاسین هاشمی) بوو، بەڵام دوای ئەوە دەست بەجێبەجێکردنی کراوە، هێدی هێدی تەواوکراوە، ئەوانەی خەریکی جێبەجێکردنی بوون زیندانییەکانی کەرکوک بوون، کەبەشێکی زۆریان کوردبون، ئیشیان پێدەکردن، بەتایبەتی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا ، بە قازمەو بێڵ، ئەو پرۆژەیە لەسەرەتاوە دەستی پێکردووە، بۆیە نزیکەی ١٠ تا ١٢ساڵی پێچووە، کەپرۆژەکە تەواو بوو ناوەڕاستی چلەکان بوو ٤٦ ، ٤٧ ، خێڵی عوبێد، خێڵی جبوروچەند بنەماڵەیەکی ناوچەی دۆرەو تکریتیان هێنا لەوێدا نیشتەجێ یان کردن.

## (سەدام: لە مام جەلال دەبورێ)

شتێکی تریش کە حەزم دەکرد باسی بکەم ئەوەیە کە (ئەحەمەد حەسەن بەکر) جارێکیان خۆی بەدەمی خۆی باسی کرد ، من ئەم قسەیەم لەدکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی بیستووە، کە لەوسەردەمەدا نوێنەری حیزبی شیوعی لەحکومەتا ئەوبوو ، دەڵێت: ((ڕۆژێك (ئەحەمەد حەسەن بەکر) لەبەردەم چەند وەزیرێك دا ووتی: ئێمە پیاوەتیی بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانیمان لەبیرە، چونکە لەسەردەمی عوسمانی‌دا، مامێکم چەند جەندرمەیەکی عوسمانی کوشتبوو، هەڵهاتبوون، چووبوون بۆ ناو شێخانی تاڵەبانی لەناوچەی (داقوق) کە لەخواروی کەرکوکەوەیە، یەك دووساڵ لەوێ داڵدەیان دابوون، هەتا هەولێشیان بۆدابوون: کەوا فرمانی لێخۆشبوونیان بۆ دەربچێت لەلایەن (بابی عالی) یەوە، پاشان کە فرمانەکە دەرچوو، ئەوجا بەرێزەوە لەگەڵیان هاتبوون هەتاوەکو (تکریت))) ، هەروەها من لەدەمی (شێخ جەنگی تاڵەبانی) یەوە بیستوومە، کە ماوەیەك لەناوچەی تکریت ژیاوە ئەڵێ: "لەوسەردەمەدا کە دەگەڕێتەوە، گۆڕەپانێك هەیە لەناوچەی تکریت ناویان ناوە ساحەت (فیزی) بەناوی (شێخ فەیزوڵای تاڵەبانی) کەبرابچووکی (شێخ عیزەدینی تاڵەبانی) بووە، کە لەلای ئەو وەکو پەناهەندە ماونەتەوە. (سەدام حسین) یش پاش ئەوەی کەوا لەساڵی ١٩٨٩ بوو، فرمانێکی لێبوردنی بۆ کوردە بەناو یاخیبووەکان دەرکرد ، تەنیا مام جەلالی لێ بەدەرکرد ، پاشان جارێکی تر، ووتی لەبەرئەوەی کەوا باپیرەی باپیرەکانی جەلال تاڵەبانی کارێکی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



واچاکیان لەگەڵداکردووین، لەبەر خاتری ئەوە، لێی خۆش دەبین، ئەمە دۆکۆمێنتێکی مێژووییە، کە ئیسپاتی ئەوەدەکات ئەم ناوچەیە کە کەرکوك دەکات، نەك کەرکوك بگرە خواروی کەرکوکیش تەنها هەرخێڵی کوردی لێ بووە، وەك (تاڵەبانی، داودە، کاکەیی، زەنگەنە هەتا دەچێتە ناوچەی حەمرین) ، جگەلەوەش من‌و دۆستێکم پێکەوە قوتابی بووین، نوسەری‌بەڕێز کاك (عەبدوڵلا سەراج) ، لەسەردەمی سەرەتای شەستەکاندا بەڕێوبەری قوتابخانەی حەویجەدەبێت، دەڵێت: "لەوێ بووم لەناو ئەوراقەکانی ئەو قوتابخانەیەدا ، چەندەها دۆکیومێنتم بەرچاو کەوت بەئیمزای مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)ەوە، کەنوسراوە( موفەتیشی عامی مەعاریفی کوردستان) ، کەنێردراوە بۆ ئەو قوتابخانەیە لەوسەردەمەدا لەحەویجە بووە، کە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) موفەتیشی عامی ئەو دەزگایەبووە، ئەو قوتابخانەیە سەر بەو دەزگایە بووە.

## عەرەبەکان کاتی خۆی بە مۆڵەت هاتوون

شتێکی تریش هەیە کە دەبێت هەموومان باسی بکەین، ئەوەیە: پاش ئەوەی کە حکومەت داوای ئەوەی کردبوو لەشێخانی حەویجە، کە لەوناوچەیە نیشتەجێبن، ئەوەی کەبینراوە ئەوەیە، کەشێخانی (عوبێد) بەتایبەتی (شێخ محەمەد ساڵح) بەڕێز بوو، وەکوهەندێ لەمانەی ئێستا نەبوو، نامەیەك ئەنێرێت بۆ (شێخ مەحمود) ئەڵێ: "داوایان لێکردووین بێین لەم ناوچەیە نیشتەجێبین، ئێمەش ئەم ناوچەیە بەبەشێك لەناوچەی خاکی کوردستانی دەزانین، ئەگەر ئێوە ڕازیی نەبن، ئەوە ئێمە لێی نیشتەجێ نابین. هەتا بەشێك لەوعەرەبانە، کە نیشتەجێ بوونە ئەوەیان زانیوە، کە لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان نیشتەجێ بوونە،

## شێخانی تاڵەبانی

لەکەرکوکا چەند بنەماڵەیەکی کۆنی کوردو تورکمان هەن، بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی کە لەسەردەمی (شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس)ەوە لەوێدا نیشتەجێ بوون، تەکییەکیان هەیە، کەناسراوە بەتەکیی گەورە، یان بەتەکیی تاڵەبانی، نزیکەی

مەكتەبی بیروهۆشیاری



دووسەدوقسور سالە، ئەو تەكیّیە لەوێدا نوێكراوەتەوە، چونكە دەڵێن كە كۆنترە لەو مێژووە، لەسەردەمی عوسمانیدا (شێخ رەئوفی تالەبانی)، كە كوڕی (شێخ عەلی تالەبانی) بووە، باپیرەگەورەی كاك (پیرۆت تالەبانی)، سەردەمێك سەرۆكی شارەوانی كەركوك بووە، لەسەردەمی حكومەتی مەلەكیدا (شێخ حەبیب تالەبانی) سەرەتای ١٩٣٤ هەتا كۆتایی ١٩٤٨ كە سەرۆكی شارەوانی بووە، پاش ئەمە بۆماوەی دووسێ سالێك (شامیل یەعقوبی) كوڕی (عەبدولا سافی یەعقوبی) سەرۆكی شارەوانی بوو، جارێكی تر لەساڵی ١٩٥٥ ەوە، (شێخ فازڵی كوڕی شێخ فەیزولا) كرایەوە بەسەرۆكی شارەوانی.

## چۆن (شێخ فازل) كرایەوە بەسەرۆكی شارەوانی؟

و/ ئەویش حیكایەتێكی لەدوایە، ساڵی پەنجاوچوار، پەنجاوپێنج بوو، (سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆیی عێراق بوو، بەپێی دەستوری عێراقی ئەو سەردەمە، وەزیر نەیدەتوانی لەسەر پۆستەكەی خۆیدا بمێنێتەوە، ئەگەر بهاتایە ئەندامی نوێنەرانی مەجلیسی نواب نەبوایە، كە شەش مانگ زیاتر، (سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆدەبێت، ڕێك دەكەون لەگەڵ (شێخ فازڵ تالەبانی)دا كە ئەو بكرێت بەسەرۆكی شارەوانی، (شامیل یەعقوب)یان لابردووە لەسەر دەست پیسی، (شێخ فازڵ) كرا بەسەرۆكی شارەوانی، هەتا ساڵی ١٩٥٨. من ناڵێم كەلەم بنەماڵەیەم، بەلام بەڕاستی بنەماڵەی تالەبانی ڕۆڵی گرنگیان لەمێژووی كەركوكدا هەبوو، نوێنەرایەتی بەشی زۆری شاری كەركوكی كردووە، بەلگەی ئەوەش لەسەردەمی مەلیكی ولەسەردەمی عوسمانیدا چواركەس لەم بنەماڵەیە بوونەتە سەرۆكی شارەوانی، جگە لەوەش، بنەماڵە ناودارەكانی كەركوك (سەید ئەحمەد) خانەقایە، سەید ئەحمەدو بەتایبەتی كوڕەكانی، (سەید حسین خانەقا)، ڕۆڵێكی سەرەكیان هەبووە لەكەركوكدا، هەوڵی زۆریانداوە بۆ ئیسپاتكردنی بەكوردستانی بوونی كەركوك، هەم (شێخ حسێن خانەقا)، هەم (شێخ مەحمود خانەقا) هەردوكیان ئەندام بوون لە پەرلەمانی عێراقدا.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



## بنەماڵەی خادم سوجادە

لەپاڵ ئەم بنەماڵەیەدا بنەماڵەیەكی تر هەبوو بنەماڵەی (خادم سوجادە ) كە ئەوانیش خزمایەتیان هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی جەلیزادەی كۆیەدا، (عەلی ڕەفیق خادم سوجادە ) ئەویش ئەندامی پەرلەمانی عێراقی بوو، (ڕەفیق خادم سوجادە ) ئەویش ئەندامی (مەجلیسی تەئسیس)ی عێراقی بوو، جگەلەوەش بنەماڵەی تری بەناوبانگ هەبووە، بەها ئەفەنی باوكی (حاكم نورەدین) كەباپیری (حاكم دارا)یە، (حاكم دارا) كە پیشتر ئەندامی ئەنجومەنی حوكمی عێراق بوو، جگە لەمەش بنەماڵەی ناوداری تر لەناو توركمانەكاندا،كەناودارن ئەوانیش گەرچی بنەماڵەی یەعقوبی كە لەڕێگەی ژنو ژن خوازیدا تێكەلاوییان لەگەڵ تالەبانییەكان دا پەیداكردووە، خێزانی (شێخ حەبیبی تالەبانی) خوشكی (مستەفا پاشای یەعقوبی مەجیدپاشای یەعقوبی) بوو، پەیوەندی ناو ئەو بنەمالانە هەرگیز تێك نەچووە، بەتایبەتی (نەفتچی بێت، ئاوچی بێت، تكریتی بێت، یەعقوبی بێت)، ئەمانە هەموویان گوندیان هەبووە لەدەوروبەری شاری كەركوكدا، زۆرجار ئەگەر كێشە هەبوایە لەنێوانیان بەتایبەتی جوتیارە كوردەكانو توركمانەكاندا ئەوا كێشەكەیان چارەسەر دەكرد، چارەسەریان بۆ دادەنا، تەنها بنەماڵە، لەوسەردەمەدا عەرەب بوون، ئەویش بنەماڵەی (تكریتی) بوون، بەلام ئەوان زیاتر خۆیان بەتوركمان لەقەڵەم دەدا، چونكە ئاخافتنیان بەتوركمانی بووە لەناو مالدا، هەرچەندە لەبنچینەدا عەرەب بوونە، لەمەنتیقەی سوریاوە لەگەڵ (سولتان مورادی عوسمانی) دا هاتوون، ئەویش چەند گوندێكی داوە پێیان وەكو دیاری لەدەوروبەری ناوچەی كەركوكو ناوچەی تكریتدا، بەهیچ شێوەیەك لەناو شاری كەركوك دا، لە غەیری بنەماڵەی (حەدیدێكان) كە ئەوانیش لەجێگایەكدا دەژیان كە نزیكی قوتابخانەی دواناوەندی كەركوك بوو، جگە لە گامێشەوانەكان عەرەبی تری لێ نەبوو. قەیماغو شتی وایان دەكردو لەبازاڕدا دەیان فرۆشت وەزعی مادییان زۆر خراپ بوو، هەندێكیان لەكەركوك بەباشە باسیان نەدەكرا ، بێجگە لەوان عەرەب نەبوو، لەگەڵ ئەفسەرانی فرقەی دوو، من حەزدەكەم وەكو مێژوو بیگێڕمەوە ١٩٥٩ .

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## داود جەنابی

من لەشاری کەرکوکدا ئەفسەری یەدەگ بووم، لەوسەردەمەدا (داود جەنابی) بەرپرسی فرقەی دوو بوو، کە دۆستێکی دێرینی کورد بوو، (داود جەنابی) لەساڵی ١٩٥٩دا، بۆیەکەم جار لەمێژووی کەرکوکدا، لەسەردەمیئەوا، ئاهەنگی نەورۆز بەرەسمی کرا، لەگۆڕەپانی تۆپی پێی کۆمپانیای نەوت، ئاهەنگی نەورۆز لەوێ گێڕدرا داود جەنابی خۆی هات بەبۆنەی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان کرد ، نوێنەرانی هەموو حیزبە سیاسییەکان و هەروەها تورکمانەکانیش هاتن، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕن، لەساڵی ١٩٥٩دا لەهەموو فرقەی دوودا چەند ئەفسەرێکی عەرەبی تیادابوو، کە بەپەنجە دەتوانین دەست نیشانی بکەین، ئەویش (عەبدولکەریم قاسم) دایناو بوو، هەموو ئەفسەری عروبە بوون، نازانم کەبەعسی بوون یان نا، بەڵام عەرەب بوون عەرەبچێتیان دەکرد، وەکو چاودێرێك بەسەر (داود جەنابی)ەوە، چونکە (داود جەنابی) چەپ ڕەوبوو، بەشی هەرە زۆری ئەفسەرو سەربازەکان کوردبون، دەتوانم بڵێم: ٩٠٪ کورد بوون و تاك و تەرا تورکمان بوون.

پاش ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لە تەموزی ساڵی ١٩٥٩ ڕووی دا، ئەوە بووە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی ناکۆکی و دوو بەرەکی لە نێوان کورد و تورکماندا، کە لە کەرکوکدا سەر هەڵبدات، حکومەتی بەغدا، بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لەو بارە ناهەموارە دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێت دەستی باڵای هەبێت، لە پاش ساڵی ١٩٥٩ بە بەردەوامی سەرۆکی شارەوانی تورکمان بوو، تا ساڵی ١٩٦٩، وەکو ووتم بۆ یەکەم جار لە مێژووی کەرکوکدا عەرەبێك هێنرا کرا بە سەرۆکی شارەوانی کە" مەزهەر تکریتی "بوو، لە سەرەتاوە ئاماژەم کرد بۆ ئەو ئاژاوەیە یان ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان گروپە قوتابییەکانی تورکمانەکاندا ڕوویدا، لە قوتابخانەی "دوا ناوەندی کەرکوك"، کە ئەوە بوو، ئەوان خۆیان بە هاوڵاتی تورکیا زیاتر دەزانی، بۆیە بەشێکیان سەر بە حیزبی" جلال بایار" بوون، بە شێکیان سەر بە حیزبی "عیسمەت ئینەنۆ"، یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەوە بوو کە ئەو پڕوپاگەندانەی کە دەوڵەتی تورکیا لە ڕیگەی ڕادیۆی ئەنکەرەوە دەیکرد، گەنجە تورکمانەکانی هاندەدا بۆ ئەوەی کەوا ئەو ڕوحییەتەیان لەلا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



پەروەردە بکات، هەر لە پێناوی ئەوەدا قوتابیانی تورکمان ئاسانکارییان بۆ دەکرا کە بچنە زانکۆکانی تورکیا بەبێ ئەوەی تەماشای نمرەکانیان بکەن، یان بزانرێت دەرچووی زانستییە یان وێژەیی، لە تورکیا ئەچوون بۆ ئەو کۆلیژەی کە خۆیان ئەیانوویست، پاشان دەگەڕانەوە بە بیرو باوەڕێکی تازەوە بۆ ناو کەرکوك و پڕو پاگەندەیان دەکرد، ئەوە یەکێك بوو لە هۆیەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا نەگەیشبووە ئاستێکی وا کە ناکۆکی وا لە نێوان کوردو تورکماندا دروست ببێ. پێویستە ئەوە بڵێین بنەماڵە سەرکییەکانی تورکمان، لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە ئەو ناکۆکییە ڕوو بدات کە زیاتر گەنجەکان و هەرزەکارەکان بوون، ئەوانەی کە چووبونە تورکیاو گەڕابوونەوە، بیرو و باوەڕیان شۆڕابویەوە، ئەوانە بوون کە زیاتر ئەو هەوڵانەیان دەدا، پاش ساڵی ١٩٥٨و دیاری کردنی "نازم تەبەق چەلی " بە سەرۆکی فیرقەی دوو، بووە هۆی ئەو جۆرە بیر و باوەڕە کە لە ناو کەرکوکدا بلاوبێتەوە. تورکمانی کەرکوك پێشتر بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆیان بە خاوەنی کەرکوك، دەزانی، هەر چەند سەرۆکی شارەوانی هەمیشە کورد بووە، بەڵام دەچویتە هەر فەرمانگەیەك بەشی زۆری فەرمانبەرەکان تورکمان بوون، لە هەندێ فەرمانگەدا بە تورکمانی قسەت نەکردایە ئیشەکەت نەدەڕۆیشت، ئەمە جۆرە وەزعێك بوو، وەکو تەماشای وەزعی عێراقی ئێستا، سونە خۆی بە بێ بەش ئەزانێ چونکە پێشتر خاوەن دەسەڵات بوون، ئەو سەردەمە وەزعی کەرکوك وابوو بەڵام، "تەبەق چەلی" هات ئەو ڕۆحییەتەی پەروەردە کرد، هانی دەدان ئەچووە ئەو ڕێکخراوانەی کە تورکمانەکان بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، ئیتر ئەوان هەستیان دەکرد پشتگیری کراون لە لایەن گەورەترین دەسەڵاتەوە، کە لەو سەردەمەدا دەسەڵات بە دەست سەرباز و ئەفسەران و فیرقەی دوو بوو، ئەوە زیاتر هانیدان کە ئەو گەنجانە ئەو بیرکردنەوە کۆنە کە لە ناو ئەوانە پەروەردە کرابوون، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە دوو بەرەکی و ناکۆکی لێبکەوێتەوە، ، بە تایبەتی لەو سەردەمەی کە (تەبەق چەلی) لابرابوو، "داود جەنابی" بوو بە سەرۆکی فیرقەی دوو، کۆمەڵێك لەو تورکمانانەی، کەوا دەرکەوت لەگەڵ (تەبەق چەلی)دا هاوکاریان کردبوو، هەندێکیان گیران، هەندێکی تر لە فەرمانبەرەکانیان گواستەوە بۆ باشووری عێراق، پاشان لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ دا، بە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



فەرمانێکی(عبدولکەریم قاسم) ئەوان گەڕانەوە بۆ کەرکوک، "داود جەنابی" لابرا، ئەوە وای کرد کە بگەڕێنەوە بۆ دۆخی جارانیان، لە سەردەمی تەبەق چەلی دا هەست بکەن حکومەتی بەغداد پشتگیریان دەکات و لەگەڵیاندایە، ئەوە وای کرد کە ناکۆکی لە نێوان کورد و تورکماندا ڕوو بدات، ئەگینا پێشتر هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی و ناکۆکییەك لە نێوان کورد و تورکماندا نەبوو، تەنیا هاندانی حکومەتی بەغداد نەبێت، بە تایبەتی لە وەزارەتی دیفاع لە سەر"ئەحمەد صالح عەبدی" کە سەرۆکی ئەرکان و حاکمی سەربازی گشتی بوو، لەگەڵ دەزگاکانی ئیستخبارات و لەگەڵ جێگری سەرۆکی فیرقەی دوو، عروبە چێتییان دەکرد، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی دووبارە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان کورد و تورکماندا پەیدا بێتەوە، ئەگینا خۆی، ئەو کارەی بووەتە هۆی دروست بوونی ئەو ئاژاوەیەو ئەو کوشتن و کوشتارکارییە، ئەوە نەبوو کە ئەوەی لێ دروست بێت.

سیاسەتی بە عەرب کردنی ناوچەی کەرکوک لە سەردەمی حکومەتی" یاسین هاشمی"دا کە لە ساڵی ١٩٣٥ سەرۆك وەزیرانی عێراقدا دەستی پێکردو پاشان لە سەر کار لابرا بە هۆی کودەتا سەربازییەکەی "بەکر سدقی"ەوە ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی زەق نەبوو، چونکە لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، کورد لە جێگایەك دەرنەدەکرا تا عەرەب نیشتەجێ بکرێت لە شوێنی، ناوچەی" حەویجە"دا دەشتێك بوو ئاوی لێ نەبوو کوردی لێ نەئەژیا، من لە زمانی خزمانی خۆمم بیستووە، کە لە سەرەتای چلەکاندا لە بەهاراندا ئەوانەی کە مەڕو ماڵاتیانداو هەبوو لە ناوچەی "لەیلان وخێڵەکانی تر وەکو ڕۆژ بەیانی و داودە" ئەچوونە دەشتی حەویجە، لەوێ مانگێك یان مانگ و نیوێك دەمانەوە، لەگەڵ مەڕوماڵاتیان خێوەتیان هەڵدەدا، وەکوباسیان لێدەکرد"خێوەتی عەرەبییان ئەبینی کە دەهاتن لە خواروی خۆیانەوە، ئەوانیش مەڕ و ماڵاتیان هەبوو"، کەسێکی لێ نەبوو لە ناوچەی حەویجە بە بەردەوامی نیشتەجێ بێت، چەند گوندێك نەبێت.

سیاسەتی حکومەتی (یاسین هاشمی)، کە ئەویش خەیاڵی عروبەیی هەبوو، وەکو ئەوانی تر نەبوو، بووە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژەیە ئاوەدان بکرێتەوە، لەزێی بچووکەوە ئاوی بۆ بهێنن، ئەو خێڵە عەرەبانە نیشتەجێ بکرێن، لە ناو کەرکوکدا کەسێك نەهێنراوە،کە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



بە تەعریب نیشتەجێ بکرێت، تەنها وەکو فەرمانبەر و ئەفسەرانی فیرقەی دوو نەبێت، سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوك لە دوای هەراکەی( ١٩٥٩ )ی کەرکوك دەستی پێکرد، بەڵام بە زەقی لە دوای کودەتای ساڵی١٩٦٣ کە"٣٣" گوندی دەورو بەری کەرکوکیان ڕوخاند، لەپێشدا عەرەبیان تیا نیشتەجێ نەکرد، بەڵام لە دوایی عەرەبی خواروی عێراق و بە تایبەتی ناوچەی"رومادی"یان هێنایانو نیشتەجێیان کردن، لە پێشدا لە دەورو بەری کەرکوكو، پاشان لە ناوچەی"دوبس"دا ئەوە بوو بە ڕێبازێك بۆ هەموو حکومەتەکانی عێراق، هەتا پاش ڕوخانی حکومەتی بەعسیش، حکومەتی "عبدالسلام عارف و عبدالرحمن عارف" تەنیا بۆ ماوەیەك ڕایان گرت، بەڵام ئەو عەرەبانەی کە هێنابوویان هیچیان نەگەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان، لە پاش گەڕانەوەی بەعس لە کودەتای ١٩٦٨ ئەوە بوو بە سیاسەتێکی ڕەسمی،ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس دەکرا بە پارێزگاری کەرکوك "مهدی جلیل"پاشان "شوکری حەدیسی" ئەمانە دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرابوو، پارەیەکی زۆریان لە بەردەستا بوو، لە پێشدا زەوی هەندێك لە دەرەبەگە بچووکەکانیان دەکڕی، بە تایبەتی لە ناوچەی"داقوق"دا پارەیەکی زۆریان پێدەدا، بۆ ئەوی بیکڕن و عەرەبی تێدا نیشتەجێ بکەن.

## یاسای چاك سازی کشتوکاڵیو تەعریب

ئینجا قۆرخ کردنی یاسای چاك سازی کشتوکاڵییان کرد، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، من وەکو یاسا ناسێك دەیڵێم"بەپێی یاسای چاك سازی کشتوکاڵی، من ئەم قسەیەم چەند جار لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا کردووە، دەبوایە ئەو زەویانەی کە حکومەت دەستی بە سەردا گرتووەن دابەش بکرێن بەسەر جوتیارەکانی ئەو ناوچەیەدا، بەڵام حکومەتی بەعس چی کرد: فەرمانیدا ئەو زەوییانەی کە بە یاسای چاك سازی کشتوکاڵی دەستی بەسەردا گرتبوو، دابەش بکرێت بە سەر ئەو جوتیارانەی کە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هێنابوونی و نیشتەجێی کردبوون، لە ڕێگەی یاساوە، ئیشێکی نا یاسایی نەکردووە، زەوی حکومەتە دابەشی دەکات بە سەر جوتیاراندا، بەڵام

مەکتەبی بیروهۆشیاری



دەیدات بە عەرەبو نایدات بە کورد، ئەمە سیاسەتی ڕەگەز پەرستانە بووە، ئەو سیاسەتە پەرەی سەند، بە تایبەتی پاش هەرەس هێنانی ساڵی ١٩٧٥ ئەوە وای کرد، سیاسەتی بە عەرەب کردن لە ناوچەی کەرکوکدا زیاتر لە (٧٠٠) دێهاتی کورد لە ناوچەی کەرکوک بڕوخێنرێت و تەخت بکرێت، خەڵکەکەی بنێرێتە ئۆردوگا زۆرە ملێکانەوە، لەوێ نیشتەجێ بکرێنو عەرەب بخرێنە شوێنەکانیان، ئەو شوێنانەی کە ڕژێم نەی دەتوانی عەرەبیان تێدا نیشتەجێ بکات، بە تایبەتی لە دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات و سەروی "چەم چەماڵ "و سەروی "خاڵو بازیانی "و ئەو ناوچەیەی کرد بە ناوچەی قەدەغە کراو(موحەڕەمە) کەسێ نەی دەتوانی لەوێدا بڕوات، چونکە هەر کەسێکیان بدیایە یان دەیان کوشت، یان تەیارەیان بۆ هەڵدەستانو تەقەیان لێدەکرد، بەتایبەتی لەو ناوچانە پێشمەرگە توانی چالاکی خۆی بکات، بەڵام لە دەشتاییەکانی خواروی کەرکوکدا لە سەر ڕێگەی بەغداد بۆ کەرکوک لە ناوچەکانی ڕۆژ ئاوا توانی عەرەبێکی زۆر نیشتەجێ بکات، کە بەشێکیان تائێستا ماون لەو ناوچانە، ئیتر پێویست ناکات زیاتر باسی هەموو ئەو قۆناغانە بکەین کە سیاسەتی تەعریب کردن لە لایەن ڕژێمی بەعس کرا، هەتا ڕووخانی لە ساڵی ٢٠٠٣. لە مادەی ٥٨ گەر باسی بکەین، مادەیەکی گرنگ بوو من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم کە مەسەلەی کەرکوک دوا بخرێت، چونکە کورد هەمیشە زەرەری کردووە لەوەی کەوا کارێك دوا بخرێت، پاش دوا خستن لە (کاتی خۆیدا) نەکرا بێت کورد زەرەری کردووە، بە داخەوە، پاش ڕزگار کردنی کەرکوک ئەو خەڵکەی کە گەڕانەوە نەیان توانی نیشتەجێ ببنەوە، من شتێك هەیە حەز ئەکەم بۆ مێژوو باسی بکەم، من لە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدامو لەو سەردەمەدا لە "لەندەن" بووم "تریستێ کەرکوك" ڕێکخراوێکی (NGO) ناحکومییە کتێبی سیاسەتی (بە عەرەب کردنی ناوچەی کەرکوك)م لە ساڵی ١٩٩٥ لە سویید چاپ کرد، لە کوردستانیشدا جارێکی تر چاپ کرایەوە، سێ جاریش بە عەرەبی چاپ کراوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەرکوک

## کۆبونەوە گرنگەکەی واشنتۆن دەربارەی کەرکوك!

مەڵبەندێکی بە ناو (ئاشتی خوازی ئەمریکی)، کە خەریکی چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەکانی جیهان، بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون پێش روخاندنی سەدام، پەیوەندیان پێوە کردم، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی کەرکوك. لەو کۆنفرانسەدا کە دوو جار بەشداریم تێدا کرد، خەڵکی عەرەبی تێدا بوو"لیث کوببە" کە دواتر بوو بە ووتە بێژی حکومەتەکەی "ئیبراهیم جەعفەری"، لەوێ کە "لیث کوببە" و ئەمریکییەك لە دانیشتنەکەدا بوون بۆ ئەو بیرۆکەیە لەو دانیشتنانەدا، کۆبونەوەکان کۆبونەوەی تایبەتی بوون، هەموو دە بۆ پانزدە کەس بوون، لە خەڵکی پسپۆر و شارەزا چەند کۆمەڵێکی ئەمریکی، یەك دوو کورد، چەند عەرەبێك بوون، دەرگاکانیش داخرابوون، بۆ بڵاو کردنەوە نەبوو، ئەیانویست بزانن چی بکرێت لە کەرکوك، بۆ چارەسەرکردن بە بێ ئەوەی کێشە دروست ببێت.

**پ**/ئەمە دوای ڕووخانی سەدام بوو؟

**و**/ نەخێر، پێش ڕووخانی سەدام و پێش دەست پێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق و کوردستان.

**پ**/لەکۆی؟

**و**/ لە واشنتۆن، ئەوەی کە لەوێ (لیث کوببە) پێش نیازی کرد کە (ئەنجومەنێك لە کەرکوك دابنرێت لە خەڵکی کەرکوك بۆ ئەوەی کارەکان بەڕێوە بەرێت) منیش هەستام ووتم :"دیارە کە دکتۆر (لیث کوببە) دەیەوێت شەرعییەت بدات بە سیاسەتەکانی بە عەرەب کردن، چونکە زۆری خەڵکی کەرکوك عەرەبی هاوردەن خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بەشی زۆری ئاوارەن و دەرکراون " ئەوەی کە بیەوێت ئەنجومەنێك لەو خەڵکە دروست بکات دیارە ئەیەوێت شەرعییەت بدات بە ئەو تەعریب کردنە، دووەم هەندێك لە ئەمریکییەکان دەیانووت:"نابێت ڕێگە بدەین بە ئاوارەکان بگەڕێنەوە، چونکە دەبێتە کێشەیەکی گەورە لە هەموو ڕوویێکەوە" من ووتم: " هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگە لەو ئاوارانە بگرێت، چونکە من دەزانم ئەو ئاوارانە لە چی بارێکی ناهەمواردا دەژین، ئەو خەڵکانە کە کەرکوك ڕزگار ببێت دەگەڕێنەوە بۆ جێگەی باو و باپیرانی خۆیان ئەگەر

مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئۆتۆمۆبیلیش نەبێت بە پێ دەگەڕێنەوە، بە تراکتۆر دەگەڕێنەوە بە ناو خاسەدا دەگەڕێنەوە، ئەگەر هەموو ڕێگەیەکیان لێ بگیرێت، من بڕوا ناکەم حکومەتی ئەمریکا بە تەیارە لێیان بدات، مافی خۆیانە چەند ساڵ ئاوارە کراون و دەرکروان، ئێستا دەیانەوێت بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، "کاك بەختیار ئەمین" وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتەکەی (عەلاوی) لەوێ بوو پشتگیری لێکردم کە بەشداری کرد بوو، ئینجا لەوێ بڕیاردرا کە ڕێگە نەگیرێت لەو خەڵکانە کە دەگەڕێنەوە، بەڵام نەهێڵن بە زۆری بگەڕێنەوە بە چەند قۆناغێك بگەڕێنەوە، بەڵام بەمەرجێك، هێواش هێواش چارەسەری کێشەکانیان بکرێت، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣ کە گەڕامەوە، یاداشتێکم پێشکەش کرد بە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە(بەرگیراوەییەکتان) دەدەمێ لەو یاداشتەدا، پاشان لە (هاوڵاتی) بڵاوکرایەوە.

پێش نیازی ئەوەم کردووە کە: لیژنەیەك پێك بهێنرێت لە کەسانی شارەزا و پسپۆران و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکوك، پاش ڕزگار کردنی کەرکوك بە دوو هەفتە من نامەیەکم نارد بۆ بەڕێزان" مام جلال" و "کاك مەسعود" پێش نیازی ئەوەم کرد کە بە پەلە ئەو لیژنەیە دروست بکرێتو بە نهێنی کەس نەزانێت وەکو ئینگلیز دەڵێت:" لە ناو سێبەردا بمێنێتەوە" بەڵام کۆمەڵێك لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە بەردەوامی لێکۆڵینەوە ئامادە بکەن، لە هەموو ڕوویەکەوە "ئابووری،یاسایی،باری ناهەمواری ئاوارەکان،پلانی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە" ئامادەی بکەنو بیخەنە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم، کوردەکان کە نوێنەرن لە یەکەم حکومەتی پێکهاتووی عێراقدا بە پێی ئەو لێکوڵینەوانەی کە ئەوان ئامادەی دەکەن، ئەو لیژنەیەش توانای هەبێت لقی لێببێتەوە، وەکو لیژنەی یاسایی، لیژنەی ئابووری و لیژنە بۆکارو باری پەروەردە بۆ ئەوەی بتوانن بە ووردی لێکۆڵینەوە لە سەر هەموو کێشەیەك بکەن، وەکو بەرنامەیەك بیخەنە بەردەستیان، ئەوانیش بەپێی ئەو بەرنامەیە داواکارییەکان بخەنە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم و حکومەتی عێراقی.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



دەقی نامەکەش لای خوارەوەیە:

بەڕێز کاك مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز مام جەلال، سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، وسەرۆکی لیژنەی قانوونی

**سڵاوو ڕێزم هەیە.**

وڵاتەکەمان لەبارێکی زۆر ناسکدا دەژی و پێویستە کارێکی وا بکرێت کە سوود لەم دەرفەتە مێژووییە وەربگیرێ، تاکو مافەکانی گەلەکەمان بە شێوەیەکی قانوونی بچەسپێنینو پێوەندی کوردستان بە حکومەتی ناوەندی عێراقەوە لەسەر بنەمایەکی نوێ دابمەزرێتەوە.

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی نوێ، پێویستی بە جێبەجێ کردنی چەند هەنگاوێك هەیە، کە تا ئێستا نەکراون. چاکترە پەلەیش بکرێت لەجێبەجێ کردنی ئەم کارانە بۆ ئەوەی مەسەلەی گەلەکەمان باشتر بچێتە پێشەوە. ناحەزانی کوردیش لەناوەوەو لەدەرەوەدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن تەگەرە دروست بکەن، تاکو ئەو کارانە نەکرێن یان دوابخرێن.

لەیاداشتێکدا لەلایەن کۆمەڵێك لەروناکبیرانی کوردی دانیشتووی ئەوروپا لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکەشیان بە کاك مەسعودو مام جەلال کردبوو، تێیدا داوای یەکخستنەوەی ناو ماڵی کوردیان لێ کردبوون، هەمان ئەو کەسانە، جارێکی تر داوای پەلەکردنیان لێ دەکەنەوە لەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستاندا. لەم ڕۆژانەدا کە لەهەولێر بووم چاوم بە کاك عەزیز محەمەدو چەند ڕووناکبیرێکی تریش کەوت، هەموویان جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم کارە دەکەن. خۆشتان باش دەزانن دەنگی کورد چاکتر گوێی لێ دەگیرێت، لەسەر ئاستی ناوەوەی عێراقو دەرەوەدا، ئەگەر داواکانی گەلەکەمان بە ناوی دەزگایەکی شەرعی یەکگرتووی کوردستانییەوە بخرێنە بەرچاو. ئەو کەسانەش کە پاشان دەچنە بەغدا بۆ بەشداری کردن لەداڕشتنی دەستوورێك بۆ عێراقی پاشەڕۆژ، دەتوانن بە جەختەوە داوای چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



کوردستان بکەن، لەو دەستوورەدا، ئەگەر بە ناوی دەزگایەکی قانوونی یەکگرتووی شەرعییەوە قسە بکەن. با لەمەدا کورد وەکو گرووپ‌و تاقمە سیاسی‌و مەزهەبییەکانی عێراقی نەبێت. ئەگەر ئەوان بە ناوی گروپ‌و تایەفەوە قسە دەکەن، چاکترە نوێنەرانی کورد بە ناوی دەزگایەکی قانوونی کوردستانییەوە قسە بکەن. لەبەر ئەم هەموو هۆیانە پێشنیازی زیندوکردنەوەی"دەستەی قانوونی بالا" دەکەم کە لەتەموزی ساڵی ١٩٩٢دا، بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، دامەزراوە. بەشی زۆری قانوونەکان‌و لەو سەردەمەدا کە پەرلەمان پەسەندی کردوون، بە تایبەتی قانوونی وەزارەتەکان، ئەم دەستەیە ئامادەی کردووە کە ئێستاش بەشێکی زۆریان کاریان پێ دەکرێت لەهەردوو ئیدارەکەدا. لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا ئەندامانی پێشووی ئەم دەستە قانوونییە ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە دەست بە کارەکانیان بکەنەوە، بەڵام بە مەرجێ بە بڕیاری پەرلەمان ئەو دەستە قانوونییە زیندوو بکرێتەوەو لەدەستووری هەرێمدا دەستنیشان بکرێت. لەو پڕۆژە دەستوورەی هەرێمی کوردستاندا کە لەساڵی ١٩٩٢دا ئامادەم کردووە، پێشنیازی دامەزراندنی ئەو دەستە قانوونییە کراوە لەژێر ناوی: "دەستەی قانوونی بالا"دا. پەرلەمان دەتوانێ بە بڕیارێك زیندوی بکاتەوەو ناوی ئەو دوو کەسەی دی بخاتە سەر ناوی سێ ئەندامەکانی پێشووی.

لەکاتی خۆیدا، ناوی (د. محەمەد عومەر مەولود)و کاك (موستەفا عەسکەری) پێشنیاز کرابوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیێك قبوولْ نەکران. دەشێ ناوی کەسانی دی پێشنیاز بکرێت ئەگەر یەکێك لەو ناوانە نەی ویست بەشداری بکات.

ئەمرۆکە داوا سەرەکییەکانی گەلی کوردستان، جگە لەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، دەتوانین لەم دوو خاڵەدا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم: لەدەستووری تازەی عێراقدا، کوردستان وەك هەرێمێك، لەچوارچێوەی سنووری مێژوویی‌و جۆگرافیایی خۆی دانی پێدابنرێ، لەگەڵ دانانان بە مافی چارەنووس‌و بۆ گەلی کوردستان‌و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای رێکەوتی ئارەزوومەندانە لەنێوان هەردوو هەرێمی کوردستان‌و بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



سەبارەت بەو لیژنەیەی کە دادەمەزرێ بۆ ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ عێراق، چاکترە، ژمارەیان کەم بێت‌و ئەندامانی بە هیچ شێوەیەك لە ١٥کەس زیاتر نەبن، ئەگینا کارەکە زۆر دوادەکەوێت‌و بە باشی بە ئەنجام ناگات‌و تەگەرەیشی تێ دەکەوێت، کە ئەمە لەبەرژەوەندی کورددا نییە.

لێرەدا دەبێ بڵێم کە کورد ناتوانێ داوای چەسپاندنی ئەو مافە ڕەوایانەی لەدەستووری عێراقدا بکات، پێش دەستکاری کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، چونکە مافی چارەنووس بە ڕوونی دانی پێدا نەنراوە لەو دەستوورەی کە لەمانگی نۆڤبەری ٢٠٠٢دا پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە. لەبەندی ٧٥دا ئاماژەیەکی تێدایە بۆ بەرکارهێنانی مافی چارەنووس، بەڵام بۆ حاڵەتێکی تایبەتی بریتییە لەئەگەری دەستکاری کردنی کیان‌و سێستمی فیدرالی لەعێراقدا، بەبێ ڕەزامەندبوونی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. بە واتایەکی دی، مافی چارەنووس وەکو مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان بە موتڵەقی باسی لێ نەکراوە لەو دەستوورەدا، بەڵکو بەندکراوە بە ڕوودانی حاڵەتێکی تایبەتییەوە. کورد ناتوانێ داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بکات لەسەر بنەمای رێکەوتنی ئارەزوومەندانە، ئەگەر مافی چارەنووس بە موتڵەقی لەبەندێکی تایبەتدا لەدەستووری هەرێمی کوردستان نەچەسپابێت. ئەم دەستکارییە چاکترە ئێستا بکرێت، پێش دەست پێ کردن بە ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ عێراق، چونکە کورد کە داوای چەسپاندنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دەکات، لەسەر بنەمای رێککەوتنی ئارەزوومەندانە لەدەستووری عێراقدا، دەبێ ئەو مافە لەدەستوور خیدا بە ڕوونی‌و لەبەندێکی تایبەتدا چەسپابێت.

دووەم: باری کەرکوك لەزۆر ڕووەوە بەرەو باشی ناڕوات‌و پێویستی بە هاوکاری کردنی هەموو لایەك دەکات، بە تایبەتی هەردوو هێزی سیاسی سەرەکی لیژنەیەك دابمەزرێنن کە پێکهاتبێ لەنوێنەرانی هەردوو هێزی سیاسی، لەگەڵ چەند پسپۆڕو شارەزایەکی خەڵکی کەرکوکدا. ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بەرنامە دانان بێت بۆ گێڕانەوەی باری ئاسایی بۆ کەرکوك‌و ناوچەکەو نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردن لەهەموو ڕویەکەوە. ئەم لیژنەیە، دەتوانێ بە هاوکاری کردنی کەسانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



شارەزا لەهەموو بوارەکاندا، چارەسەری کێشەکانی تریش بکات، کە لەوە دەچێت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا زیاد دەبن. بۆ نموونە، ئێستا دیاردەیەکی تازە پەیدا بووە لەناو شارو لەدەوروبەری کەرکوکدا کە کەسیش باسی ناکات. خەڵکێکی زۆر خەریکی خانوو دروست کردنن بە شێوەیەکی زۆر نارێکو نابەجێ(هەریەکە بۆ خۆی)، بێ ئەوەی ئاوو کارەباو جادەو ئاوەڕۆیان بۆ دابین کرابێت، لەسەر موڵکی شارەوانی کەرکوکو میریی‌و خەڵکانی تر. ئەم دیاردەیە ئەگەر بەردەوام بێتو پەرەبسێنێ، کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ پاشە ڕۆژ پەیدا دەبێت. دروستکردنی هەزارەها خانووی نارێکو بەبێ مۆڵەت لەسەر زەویی شارەوانی‌و موڵکی تایبەتی ئەمو ئەو، کە پاشان تێک دەدرێن، دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشەیەکی گەورە. ئەم کێشەیە لەئێستاوە چارەسەر بکرێت چاکترە، چونکە پاشان گەورەتر دەبێتو چارەسەرکردنی زەحمەتتر دەبێت. وەکو بیستوومە، لەبەشێ لەشارۆچکەکانی تری کوردستاندا ئەم کێشەیە هەیەو زۆر بە زەحمەتیش چارەسەر کراوە، یان هەروا ماوەتەوە. پێشنیازم ئەوەیە کە شارەوانی کەرکوک بە پەلە دوو سێ هەزار پارچە زەوی(کە پارچەی لە ٢٠٠مەتر زیاتر نەبێ)بەسەر ئاوارەکانی ناو شاری کەرکوکدا دابەش بکات، بە تایبەتی بەسەر ئەو کەسانەی لە کەرکوک ژیاونو پاشان لەلایەن ڕژێمەوە دەرکراون. ئەگەر دەکرێت. یارمەتیانیش بدرێت، هەر خێزانێك ٢٠٠٠دۆلاری پێ بدرێت تاکو بتوانێ بە زوویی دەست بە بیناکردن بکات. شارەوانی دەتوانێ نەخشەیەکی تایبەتی بۆ بیناکردن ئامادە بکاتو داوایان لێ بکات بەپێی ئەو نەخشەیە بینا بکەن. هەروەها دەبێ ئاوو کارەبایان بۆ دابین بکاتو جادەو ئاوەڕۆیان بۆ بکاتەوە. شێوەی ئەو خانوانە دەکرێ لەچەشنی ئەو خانوانە بن کە لەشاری(ثورە)ی‌نزیك بەغدا دروست کراون، لەسەردەمی (عەبدولکەریم قاسم)دا. لەم حاڵەتەدا شەرعییەت دەدرێت بە گەڕانەوەی ئەو خەڵکانەو هەموویان دەتوانن بەبێ کێشە بەشداری بکەن لەو سەرژمێرییەی کە لەکەرکوکدا پاشان دەکرێت کێشەی ڕێکخستنی ئەو سەرژمێرییە بە شێوەیەکی ڕێكو قانوونییانەو ڕێگە نەدان بە بەشداری کردنی"عەرەبە هاتووەکان" کێشەکە کە دەبێ لەئێستاوە کاری بۆ بکرێت، چاکترە کارەکان بە شێوەیەکی قانوونی ئەنجام بدرێن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەو پارچە زەوییانە کە دابەش دەکرێن لەلایەن شارەوانییەوە بەسەر ئاوەراکاندا، چاکترە لەهەموو شوێنێکی ناو شارو بەهەر چوار لای کەرکوکدا دابەش بکرێن، لەسەر ڕێگاکانی هەولێرو سولەیمانی‌و لەیلانو بەغداو دوبز، هەتا سەر ڕێگای حەویجەو تکریتیش. بەم شێوەیە ئەو(پشتێنەی)کە چەندین ساڵە لەدەوروبەری کەرکوکدا دروستکراوە لەلایەن بەعسەوە لەپێناوی بە عەرەب کردنی، دادەتەپێو نامێنێ.

لەوە دەچێت لەکەرکوکدا ئێستاش هەر بەپێی ئەو نەخشەیە کار بکرێت کە لەسەردەمی بەعسدا دانراوە، کە کەرکوك بەرەو ڕێگاکانی بەغداو تکریت پەرەدەسێنێ، لەگەڵ بەلاوە نانی ئەو ناوچانەی کە کوردو تورکمانی تێدا دەژین. لەشەستەکانەوە کەرکوك بەرەو ڕێگاکانی بەغداو تکریت پەرەی سەندووەو زۆربەی ئەو گەڕەکانەی کە لەسەردەمی بەعسدا کراونەتەوە بە باشی خزمەت کراون، چونکە بەشی زۆری دانیشتوانیان "عەرەبە هێنراوەکان"بوون. بەشی زۆری دەزگاکانی میریش هەر لەو ناوچانەدا کراونەتەوە. گەڕەکەکانی نزیکی ڕێگاکانی سولەیمانی‌و هەولێر بە ئانقەست پشتگوێ خراونو بێ بەش کراون لەهەموو خزمەتگوزارییەك. دەتوانم بڵێم باری ئەو گەڕەکانە ٣٠ساڵ لەمەوبەر گەلێك چاکتر بووە لەئێستا. کاتی ئەوە هاتووە پلانێکی نوێ بۆ فراوانکردنو ئاوەدان کردنەوەی کەرکوك دابنرێ، تێیدا شار بەرەو ڕێگاکانی سولەیمانی‌و هەولێرو یارەولی پەرەبسێنێ. دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، کە ڕژێمی بەعس نزیکەی ٣٥ساڵ خەریکی بەرپاکردنی سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوكو ناوچەکە بووە. بەپێی بەرنامەی جۆراوجۆر کە هەموو دەزگاکانی ئەمنی‌و دەوڵەتی‌و چەندەها پسپۆڕو شارەزای عێراقی‌و بیانی کاریان تێدا کردووە. کوردیش دەبێ بە پێی بەرنامە کار بکات تاکو ئاسەواری ئەو سیاسەتە بنبڕ بکاتو نەیهێڵێ.

ئەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە کاربکەنو پشتگیری لەو لیژنەیە بکەن کە پێشنیازی دامەزراندنیم کردووەو پەیوەست بن بە بڕیارەکانیەوە، کارەکان بەرەو پێشەوە دەڕۆن. ئەندامە کوردەکانی ناو"ئەنجومەنی حوکمی عێراق"و ئەندامە کوردو تورکمانە دۆستەکانیان لەناو ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوکو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەکەرکوکدا دەبێ هەموویان هاوکاری ئەو لیژنەیە بکەن. ڕۆڵی ئەندامە کوردەکانی ناو

مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەنجومەنی حوکم لەعێراقدا لەهەموویان گرنگترە، چونکە دەتوانن داواکانی ئەو لیژنەیە لەگەڵ ئەمریکایەکان لەبەغداو لەگەڵ حکومەتی تازە دامەزراوی عێراقدا باس بکەن‌و پشتگیریان لێ بکەن، لەپێناوی نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوکدا.

نیشتەجێ کردنی ئاوارەکان لەناو شاری کەرکوک‌و لەدێهاتەکاندا، لەگەڵ گێڕانەوەی سنووری ئیداریی (ئوستانی) کەرکوک بۆ باری جارانی(بۆ سالانی پێش ١٩٦٨) و تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەتی بۆ کەرکوک وگێڕانەوەی کارمەندە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان(نزیکەی- ٣٩,٧٠٠-کارمەندو کرێکار لەدەزگای نەوت هەیە، لەو ژمارەیە تەنیا ٣١یان کوردن!)، دەبێ ڕۆژانە، چ لەکەرکوک‌و چ لەبەغددا کاری بۆ بکرێت، پێش دەستپێکردن بە ڕێکخستنی سەرژمێر لەئوستانی کەرکوک.

لەڕۆژانی ١١ەوە تاکو ١٩ی ئەیلول، پاش ١٢ساڵ چومەوە کەرکوك. چاوم بە خەڵکێکی زۆر کەوت بە مەبەستی گوێ ڕاگرتن لەڕاوبۆچوونیان. زۆر شتم بۆ ڕوون بووەوە، و گەیشتمە ئەو باوەڕە، کە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر پێویستە.

هەر لەو ماوەیەی کە لەکەرکوک بووم، چاوم بە حاکمی عەسکەری کەرکوک‌و جێگرە ئینگلیزەکەی کەوت‌و پێکەوە بۆ چەند سەعاتێك دانیشتین. زۆر شتم بۆ ڕوون کردنەوە، منیش چاکتر لەمەبەست‌و پلانەکانیان سەبارەت بە پاشە ڕۆژی کەرکوک حاڵی بووم. ئەوان سەرقاڵی ڕاگرتنی باری ئەمن‌و ئاسایشن لەناو کەرکوک‌و لەناوچەکەدا، کارەکانی تر گرنگییەکی وای نییە بەلایانەوە ئەگەر پەیوەندی بە ئەمن‌و ئاسایشەوە نەبێ.

مەسەلەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوك لەسەر بنەمایەکی تازە، دەبێ لەئێستاوە چارەسەر بکرێت. پێویستە ئێوەش بایەخێکی تایبەتی پێ بدەن. بابەتێکم بە کوردی‌و بە ئینگلیزی لەبارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوك بڵاوکردووەتەوە. دانەیەك لەو نوسینەم دایە حاکمە ئەمریکییەکەی کەرکوک‌و جێگرەکەی، لەگەڵ چەندنووسینێکی تر دەربارەی باری کەرکوك. دانەیەك لەکتێبەکەم سەبارەت بە سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوک‌و ناوچەکەی  بە زمانی ئینگلیزی، پێدان.

لەو نووسینەمدا دەربارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوك، پێشنیازی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



دروستکردنی سێ کۆلیژم کردووە، لەگەڵ داخستنی کۆلێجی قانوون کە چەند ساڵێکە کراوەتەوە، چونکە ئەو کۆلێژە مامۆستای نییە، وئەوەیش بە ناو"مامۆستا"یە هەمووی بەعسین، هەروا بەشی زۆربەی قوتابییەکانی هەر بەعسین. کۆلێژەکانی تر کە پێشنیازی دامەزراندنیان کراون ئەمانەن: کۆلێژێکی ئەندازیاریی (پێترۆ ـ کیمیاوی)، لەگەڵ کۆلێژی کشتوکاڵ، کە زمانی ئینگلیزی زمانی خوێندن بێت لەهەردووکیاندا. هەروەها پێشنیازی کردنەوەی کۆلێژێکی سێیەمم بۆ زمان کردووە پێکهاتبێ لە پێنج بەش: بەشێ بۆ زمانی کوردی‌و بەشێ بۆ زمانی عەرەبی‌و بەشێکی تر بۆ زمانی تورکمانی‌و بەشێ بۆ زمانی سوریانی، لەگەڵ بەشێکی تر بۆ زمانی ئینگلیزی. لەبەشەکانی ئەم کۆلێجەدا، مامۆستا پەروەردە دەکرێن بۆ قوتابخانەکانی ئوستانی کەرکوك (وشەی"ئوستان"کە وشەیەکی ئێرانی کۆنە، لەوشەی"پارێزگا" ڕاسترە). ئەم پێشنیازە بە لای کاربەدەستە ئەمریکییەکەو جێگرەکەی باش بوو، بەڵام دەیانگوت دەبێ خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن.

ئەگەر لەئێستاوە هەوڵی جدی نەدرێت بۆ ئەوەی کەرکوك بگەڕێتەوە بۆ باری جارانی، پێش بە عەرەب کردنی، پاشان توشی شکست دەبین‌و مێژوو ونەوەکانی پاش ئێمە لێمان خۆش نابن. ئومێدەوارم ئەم خاڵەو چەند خاڵێکی تر هەن کە پێویستە باسیان لێ بکرێت‌و زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەریان، لەنزیکەوە لێیان بکۆڵینەوە. ڕێزو سڵاوم دووبارە دەکەمەوە.

کۆتایی

هەولێر

٢٢ئەیلولی ٢٠٠٣

دڵسۆزتان: دکتۆر نوری تاڵەبانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەوە نەبوو، بە داخەوە، بۆیە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتمەوە یاداشتێکم پێشکەش بە هەردوو لا کرد، تیایدا باسی سێ شتم کرد: یەکەم"یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بە زووترین کات" هەتا کە کاتێك چاوم پێیان کەوت شتێکم بۆگێڕانەوە پێش ئەوەی بێمەوە ئێمە کۆمەڵێك دۆستی چاکمان هەیە لە بەریتانیا، هەتا لە ناو ئەندامانی پەرلەماندا یەکێك لەوانە کە پێویست ناکات ناوی بهێنم، ووتم: "کاتی ئەوە هاتووە کە هەوڵی ئەوە بدەین کە کەرکوك و ناوچەکانی تر بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان" یەکێکیان کە دۆستی کوردە لە سەردەمی "هەڵەبجەی شەهید"ەوە بەبزەیەکی پێکەنینەوە پێی ووتم:"بیخەینە سەر کام ئیدارە"؟ ئەوەم بۆ گێڕانەوە ووتم:" تکایە ئەبێت بە زووترین کات ئیدارە ببێتەوە بە یەك"، دووەم "باسی مەسئەلەی کەرکوك دووبارە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە کە ناردبووم بۆ بەرێزان (مام جلال) و (کاك مەسعود ) سێ هەفتە پاش ڕزگار کردنی عێراق، ووتم: تکاتان لێ ئەکەم کە ئەولیژنەیەی کە ووتم پێکی بهێنن لە چەند کەسێکی شارەزا و نوێنەری حیزبەکان بەڵگەتان بخەنە بەردەست، بەڵام لە سەر ئەساسی لێکۆڵینەوە"، خاڵی سێ هەم ئەوە بوو"کە چاو بگێڕێنرێتەوە بە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، کە لە مانگی نوڤیمبەر ٢٠٠٢ وەکو پرۆژەیەك پەرلەمانی کوردستان پێش کەشی کردبوو، کەموکورتی زۆر بوو، بە تایبەتی ئەوەی کە لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا ئامادە کرا بوو. ووتم: لیژنەیەکی تازە بۆ چاو گێڕانەوە بەو پرۆژەیەدا دابنێن و منیش ئامادەییم نیشاندا بۆ هاوکاری کردن. کاك "نێچرەڤان بارزانی" "د.ڕۆژ نوری شاوەیس" ڕازی بوون، پاش چەند مانگێك دەست بەکارەکان بکەین لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی پێشوو، هاتین لەم پەرلەمانەدا چەند هەفتەیەك کارمان کرد، پرۆژەیەکی نوێمان ئامادە کرد، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو لیژنەیەی کەوا ڕاسپێردراوە بە داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان، هەمووی بەلاوە ناوە، ئەوە بوو داواکارییەکانی من پشت گوێ خرا لەو سەردەمەدا. شتێکی تر هەیە کە من حەز ئەکەم باسی بکەم لێرەدا، بۆ یەکەم جار کە گەڕامەوە کەرکوك لە ئەیلولی ٢٠٠٣ تەماشام کرد لە هەندێ ناوچەی کەرکوکدا، بە تایبەتی لای "ڕەحیماوا" هێواش هێواش چەند خانوویەکی تەجاوز دروست کراوە، پاش ئەوە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



یاداشت نامەیەکم پێشکەش بە هەردوولا کرد تکام لێکردن ووتم:"

## کوردو کێشەی تەجاوز لە دوای پرۆسەی ئازادی

ئەو کێشەیەی کە لە سلێمانی و لە هەولێر و لە شارەکانی تری کوردستاندا ڕووی داوە، خەریکە وا لە کەرکوکدا ڕوو دەدات، کە ئەویش تەجاوز و خانووی دروست کراوە لە سەر زەوی شارەوانی و زەوی خەڵك کە شێوەیێکی ناشرینی دەبێت ووتم: بەرەنگاری ئەم کارە ببنەوە پێشنیازم کرد کە شارەوانی لە چواردەوری کەرکوکدا بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە بنکەی سەربازی لێبووە وەکو"سەربازەگەی خالید" و شوێنەکانی تر شارەوانی لەو شوێنانە زەوی دابەش بکات بە سەر ئاوارەکان حکومەتی هەردوولا لایەنی کەم (٥٠٠٠) دولار یان بداتێ، بە مەرجێك، کە لە سەر نەخشە یەکی یەك گرتوو دروست بکرێت" وەکو ئەوەی کە "عبدلکەریم قاسم" لە ساڵی ١٩٦٠ لە "شاری سەورە" ((المدینة الثورة)) دروستی کرد، یەك نەخشە بێت پێك هاتبێت لە دوو ژوور و لە مەرافقێك و هۆڵێك، لەو ناوچانە بنکەی تەندروستی و قوتابخانەو ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا وهەموو شتێکیان هەبێت، جادەیان بۆ بکرێت لە ژێر چاودێری لیژنەیەکی تایبەتدا، ئەو کۆمەڵە خانووانە دروست بکرێت، لە چواردەووری کەرکوکدا بەڵێن لەو کەسانە وەربگیرێت کە ئەو خانووانە دروست ئەکەن بەو پارەیە بەو نەخشەیە ، دە ساڵ بۆی نەبێت بیفرۆشێت ئەگەر ئەو کارە لەو سەردەمە بکرایە، یەکەم: کارێکی یاساییە، دووەم: ئەوەی کە ئێستا لە کەرکوکدا دەیبینی بە شێوەیەکی زۆر ناشرین دروست کرا هەتا من کە" عبدولرەحمان مستەفا"* پێی ووتم:" کە چوو بوو بۆ ئەمریکا ئەمریکییەکان پرسیاریان لێکردم بۆ ئەو تەجاوزانە لە ناوچەی کوردەواریدا هەیە لە ناوچەی عەرەب و تورکمان دا نییە؟" کاك (عبدولرەحمان) ووتی:" بەڕاستی وەڵامم پێ نەبوو"،گەورەترین کێشەی کەرکوك تەجاوزە، چونکە ئێستا تێکدانیان کارێکی ئاسان نییە، مانەوەشیان لەوە زەحمەت ترە. کێشەی کەرکوك هەرگیز چارەسەر ناکرێت، بەپێی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە یەك دوو جار ئەمریکییەکان لە کەرکوك پرسیاری ئەوەیان

* (عبدالرحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوك

مەکتەبی بیروهۆشیاری



دەرکرد بۆچی ئەو هەموو خەڵکە هاتوونەتە کەرکوک؟ من ووتم: "من ناڵێم ئەو هەموو خەڵکە کە هاتوونەتە کەرکوک هەمووی خەڵکی شارەکەیە، بەشێکیان خەڵکی دێهاتەکانی دەووری کەرکوکن، بەڵام دێهاتەکانیان تێکدراوە، ئەو خەڵکە ناتوانن ئێستا هەر لە ناو کەمپدا بژین، لەو بارە ناهەموارەدا ئەگەڕێنەوە بۆدێهاتەکانیان کە سەیر دەکەن هەمووی ڕوخاوە دێنە ناو شاری کەرکوکەوە، ئەگەر ئێوە هەوڵ بدەن دێهاتەکانیان بۆ دروست بکەنەوە ئەوە ئێمەش پێمان خۆشە دێهاتەکانیان بۆ ئاوەدان بکرێتەوە، بچنەوە سەر زەویی و زاری خۆیان، نەك بێنە ناو کەرکوك‌و کێشە دروست بکەن، کێشەکە کێشەی حکومەتی بەعسە، ٧٠٠ گوندی لەو ناوچانە تێك داوە، ئەو خەڵکانەش ئەیانەوێت بگەڕێنەوە، دێهاتەکانیان ڕووخاوە، منداڵیان فێری قوتابخانەو ژیانی ناو شار بوون. ناتوانێت لە دەشت بژی هاوکاریش نەکراون‌و من دەزانم کە وا بەشێك لەو خەڵکە خەڵکی ناوشاری کەرکوک نین.

**پ/کەرکوک بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**و/**کەرکوک پێویستی بەوە هەیە، کەوا هاوکارییەکی تەواو هەبێت، ئەو دەستەی کەوا باسمان لێکرد، بەجدییەتەوە لەلایەن هەموولایەنە سیاسییەکان پشتگیری لێبکرێت بەبێ‌ئەوەی دەست بخرێتە ناو کاروباریانەوە، ئەو دەستەیە هەموو ئیمکانیاتێکی مادی بخرێتە بەردەستی، لەهەمان کاتیشدا ڕێگانەدرێت بە حزبەسیاسییەکانی کورد حزبایەتی بکرێت لەوێدا، باری کەرکوک ئێستاو هەتاکو دەساڵی تریش باری ئەوەی نییە کە حزبایەتی بەوچەشنەی کەوا لەشوێنەکانی تری کوردستاندا دەکرێت لەوێ بکرێت، کەرکوک دەبێت کوردایەتی تێدابکرێت، دەبێت هەوڵبدەین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ لایەنەکانی تری ناو کەرکوکدا، خەڵکی ڕەسەنی کەرکوکدا چاك بکەین، بەتایبەتی تورکمانی سوننە، چونکە تەماشای ئەوەمەکە هەندێ توند ڕەویان تێدایە، تاکو هێواش هێواش دوردەکەونەوە لەوە، زۆربەی تورکمانی کەرکوک، کاسبکارن، پێویستیان بەوەیە کەژیانی ڕۆژانەیان ببەنەسەر.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



زۆرشت هەیە بۆیان ڕوون بکرێتەوە، بەنسبەت هەتا تورکمانی شیعەیشەوە، ئەوان پشتگیریان هەیە، ئێستا دەبینین چەند حزبێك لەناو ئیئتلافی شیعەدا پشتگیریان دەکەن‌و هانیان دەدەن، بەشێکیان پەیوەندیان بەدەوڵەتە ئیقلیمییەکانەوە هەیە، بەهەموو شێوەیەك کۆمەکیان دەکەن.

بەنسبەت سوننەشەوە چەند دەوڵەتێك لەناوچەکەو چەندحزبێك هانیان دەدەن، ئێمە هەوڵدەدەین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ تورکمان‌و عەرەبە ڕەسەنەکانیدا چاکبکەین.

**ئایا تورکمان لەناو حکومەتی هەرێمدا سەبارەت بە ژمارەی کورسییەکانیان لەکوردستاندا، وەکو کەمایەتیەک، حەقی خۆیان وەرگرتووە؟**

بەڵێ، چونکە لەهەرێمی کوردستاندا ئێستا چەند کورسییەکیان هەیە، ڕێژەیەکی چاکە، بەڵام ئەوکاتەی کەواچەند ناوچەیەکی کەرکوك‌و کەرکوك خۆی هاتەوە سەر حکومەتی هەرێم، ڕێژەکەیان دەبێت زۆر زیاتر بکرێت. دەبێت ئەوسا هەڵبژاردنێکی تری سەرتاسەری کوردستان بکرێت، پەرلەمانێکی نوێی کوردستان هەڵبژێردرێت، حەقی تەواوی خۆیان بدرێتێ، هەتا دەکرێت نوێنەری عەرەبیش بێتەناو پەرلەمان، ئێستاکە تورکمان ڕێژەکەیان چاکە.

دەبێت ئێمە قەناعەت بە تورکمان بکەین کەوا بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێمەدایە، ئەو ناوچانەی تری کوردستان کە لەکەرکوك دابڕاوە وەکو کەلارو کفری‌و دەربەندیخان‌و چەمچەماڵ، بخرێتەوە سەر کەرکوك، کەدەبوایە زوو بکرایە ئەمریکییەکان مادەیەکیان دانا لە (قاد) بۆئەوەی ئەو کارە دوا بخرێ، ئەوا ئەو قانونە پاش دانانی دەستور کاری پێ ناکرێت، پێویستە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق هەوڵ بدات بۆئەوەی کەوا ئەوکارەبکرێت ئەو چوار قەزایە بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی کەرکوك، باری ئاسایی کەرکوك بەرەو باشتربڕوات، ئەو فەرمانبەرانەی دەرکراون هێواش هێواش بگەڕێنەوە جێگای خۆیان ئاوارەکان یارمەتی بدرێن، لەشارو دێهاتەکانی کەرکوکدا نیشتەجێ‌بکرێن، پاش ئەوە سەرژمێری بکرێت ئەوکاتە با ڕیفراندۆمێك سازبکرێت لەژێرچاودێری ئەو لیژنە نێودەوڵەتییەدا سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام بەسنورە ئیدارییەکەی کەرکوکەوە کە لەساڵی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**١٩٧٦ دەسکاری کرا لەلایەن بەعسەوە نا، بەڵکو بەسنوری ئیداری تەبیعیەوە کە ئەو ڕیفراندۆمە بکەن، ئەوسا داوایانکرد بەشێکبن لە هەرێمی کوردستان، دەتوانن بەشێك بن، ئەو قەزایانەی وەکو قەزای حەویجە ئەگەر نایانەوێت بگەڕێنەوە سەر کەرکوك، بابچنە سەرتکریت، بەڵام من خۆم لەوباوەڕەدام کەئەو چوار قەزایە بگەڕێتەوە سەر سنوری ئیدارەی کەرکوك باری کەرکوك، ئاسایی بکرێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە خەڵکەکە دەنگ دەدات کە بچنە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بەمەرجێك لەکوردستاندا باری سیاسی بەرەو ئەوەبڕوات کە بکرێت بەدەزگایی کردن.**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## پارێزەری ناودار

# مستەفا عەسکەری

کاك"مستەفا عەسکەری" پارێزەرێکی ناودار و رووناك بیری ناوچەی کەرکوکە، کاریگەری لەو ناوچەیەدا هەبووە، پرسیارەکەمان لە سەرەتاوەئەوەیە کە( مستەفا عەسکەری) کێیە؟

"مستەفا عەسکەری" کوڕی "ڕەزا عەلی عەسکەر"ە،پیشەم پارێزەرە لە دایك بووی ساڵی ۱۹۳۲ ، خێزانم هەیە شەش منداڵم هەیە،لە ساڵی ۱۹۵٦-۱۹۵۷ کۆلێژی یاسام تەواو کردووە لە "بەغداد"،ئەم شەش ساڵی ڕابردوو نەبێت بووم بە فەرمانبەری میری،



مەکتەبی بیروهۆشیاری



پێشتر هەر پارێزەر بووم، ئێستا لەم تەمەنەدا بێ کارم، توانای ئەوەم نەماوە کە پارێزەری بکەم، وەکو جاران. بنەماڵەکەمان ئەگەرێتەوە سەر"شێخ عبدولسەمەد سەرگەڵۆیی"، لەگەڵ شێخانی سەرگەڵو کە خانەقا بەشێکە لەوان، ئەبینەوە بە یەك بە پێنج پشت، من لە "عەسکەر" لەدایك بووم، چوار پۆلی سەرتاییم لەوێ خوێندووە،لە دوایی‌دا دوو پۆلی سەرەتایی و پێنج پۆلی ناوەندی و دوا ناوەندیم لە"کەرکوك" تەواو کردووە ،پاشان بۆ خوێندنی کۆلێژی یاسا ، چووم بۆ بەغداد.

**پ/کاك مستەفا ئەوەندەی کە ژیانت گوزەراندووە لە کەرکوکدا، لە ساڵی پێش پەنجاکاندا، هەڵبەتە کە چویتە کۆلێژی یاسا لە پەنجاکاندا بووە، ئەوکێبڕکێ و ململانێیەی کە ئێستا لە کەرکوکدا هەیە، سەرەتاکانی چۆن دەستی پێکرد، ئەگەر بیرت مابێت و بیستبێتت یاخود دڵنیا بیت لە ڕاستییەکەی، دەتوانی بۆمان باس بکەیت؟**

و/ئەو کێشانەی کە لە کەرکوکدا هەیە، ئەو کاتە بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، کێشەکە زۆری لە نێوان "کورد" و "تورکمان"دا بوو، ئەو کاتە عەرەب لە ناو کەرکوکدا بەم شێوەیە نەبوو، ، لە ناو کەرکوکدا(دوو جۆر) عەرەب هەبوو، مەبەستم ناو شاری کەرکوك جۆرێکیان ئەو عەرەبانە بوون کە لە ناو شاری کەرکوکدا نیشتەجێ بوون، پێیان دەوتن"حەدیدییەکان" لە ناوچەی "گاورباخی" نیشتەجێ ببوون، پیشەیان "گامێش" بەخێو کردن بوو، ماست و شیرو بەرهەمەکانی تری شیریان دەفرۆشت، ژمارەیان زۆر نەبوو،جۆری دووەمیان: ئەو عەرەبانە بوون کە فەرمانبەر و کارمەند بوون، کاتێك حکومەت ڕقی لێیان هەڵدەسا،لە ناوچەکانی تری عێراقدا ئەیهێنان بۆ کەرکوك، حکومەت دوو مەبەستی هەبوو لەم کارەدا، یەکەم " دوور خستنەوەی ئەو کەسانە لەو ناوچانەی کە ئەیویست بۆ ئەوەی کاری دژ بە حکومەت نەکەن ئەیناردن بۆ کەرکوك، دووەم بۆ ئەوەی شارەکە بکات بە عەرەب .

**پ/ ئەمە پێش پرۆژەی حەویجە بوو یان دوای پرۆژەکە؟**

و/ لە دوای پرۆژەی "حەویجە" بوو، یاخود کوردەکان نەچوون لە حەویجە دابنیشن،

سوود لە پرۆژەکە ببینن حکومەتی پاشایەتی لەو سەردەمەدا بۆ دوو مەبەست عەرەبی هێنایە کەرکوکەوە، مەبەستێکیان ئەوە بووکە عەرەب لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ ببێت‌و، حەویجە ببێت بە مولکی عەرەب، مەبەستی دووەم ئەوە بوو کە چەندەها ساڵ شەڕ و کوشتار و کێشە لە نێوان هۆزی"عوبێد" و هۆزی" ئەلعەزە" هەبوو،بۆ ئەوەی ئەو شەڕ و کوشتارە نەمێنێت و حکومەت دەسەڵاتی بە سەریاندا هەبێت. هۆزی عوبێدی هێنا، لە حەویجە نیشتەجێ کردو،شەڕ نەما، حەویجە کەوتە ژێر دەستی عەرەب، لە دوای ئەوە ئەم بابەتەی کە باسم کرد، حەدیدییەکان لە کەرکوک بوون، لەگەڵ ئەو کارمەندانەی کە حکومەت ڕقی لێیان هەڵدەستا، بۆ نمونە"بەهائییەکان" هەبوون، حکومەتی عێراقی ڕقی لێیان بوو نەیدەویست پەرەبسەنن و پێش بکەون، من ئەوەندەی کە لە یادمە: دوو بۆ سێ کەس کە یەکێکیان مامۆستا بوو لە ناوەندی ناوی "عەزیز سەبور" بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو وەکو زانا زۆر زانا بوو، ئەو پیاوە حکومەت نەفی کردبوو بۆ کرکوك، لە کەرکوك مامۆستای ناوەندی بوو، مایەوە هەتا خانەنشینیش کرا، لە یادمە لای چایخانەکەی" ئەحمەد ئاغا" لە بازاڕەکەی " قۆرییە" دوکانێکی هەبوو سەوزە و سڵقی ئەفرۆشت، یەکێکی تریان ناوی"عەبدولعەزیز" بوو، بەڕێوەبەری (أموال القاصرين) بوو، ئەویش بەهائی بوو، نەفی کرا بوو بۆ کەرکوك،

**پ/ بەهائییەکان عەرەب بوون ؟**

**و/**بەڵێ، عەرەب بوون، بەهائی سەرەتا لە"ئێران" سەریان هەڵدا لایەنگرانی "بهاءالله"بوون، بەڵام خەڵك لە عێراقدا چوونەتە سەر ئەو بیروباوەڕە، چونکە بەهائی خۆی بە ئاینێکی جیاواز ئەزانێ، لە بەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ئاینی ڕەسمی وڵات ئیسلامە، نابێت هیچ کەسێکی تر خاوەن دەسەڵات و جێگە و ڕێگە بێت، بە گژیاندا چوون.

لە یادمە سەرۆکی تەندروستی لە کەرکوك خەڵکی موسڵ بوو، لە بنەماڵەی "سەرسەنگ"، هەر فەرمانبەرێك لە هەر شوێنێکدا موشکیلەیەکی هەبوایە، ئەیان هێنا بۆ کەرکوك بۆ ئەوەی ژمارەی عەرەبی پێ زۆر بکەن، **واتە لە ساڵانی چلەکاندا سێ جۆر عەرەب هەبوو: لە ناوچەی کەرکوك، یەکەم: ئەو عەرەبانە بوون کە حکومەت**





**هێنایانی بۆ حەویجە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوون لە ناوچەکانی تری عێراق هێنرا بوون، جۆری دووەم: عەرەبە حەدیدییەکان بوون کە لە ناو شاری کەرکوکدا وەکو بنەماڵەیەك یان هۆزێك هاتبوونە کەرکوك، بەڵام زۆر لە کۆنەوە لە کەرکوك ژیاون، جۆری سێهەم: ئەو کارمەند و فەرمانبەرانە بوون کە حکومەت نەفی کردبوون، لە ساڵانی چلدا بەو جۆرە بوو.**

**پ/ بۆچونێك هەیە کە ئەڵێت مەلیك فەیسەڵ لە شەریفەکانی مەککە بووە، عوبێدییەکانیش بە ئەسڵ خەڵکی سعودییەن، مەلیك فەیسەڵ بۆ پشتیوانی کردنی خۆی هێناونی بۆ ناوچەی کەرکوك، ئایا ئەو بۆ چوونە ڕاستە؟**

**و/** من ئاگاداری ئەوە نیم کە "مەلیك فەیسەڵ" بۆ پشتیوانی خۆی هێناوێتییە ئەو ناوچەیە، بەڵام بێ گومان بۆ عروبە چێتی هێناونی، گرنگ ئەوەیە عەرەب بوون و لە ناوچەیەکی ترەوە هێنراون بۆ حەویجە، بۆ ئەوەی وڵاتی پێ داگیر بکەن، لە کوردی داگیربکەن. دووەم، بۆ ئەوەی ناوچەکە ببێت بە پشتیوانی خۆیان، ئیتر ئەگەر مەلیك فەیسەڵ بێت یان هەر حکومەتێکی تری عێراق بێت،بەڵگە نەویستە حکومەتی عێراقی هەموو سەردەمێك حکومەتی عەرەبی بووە، چونکە هەرگیز نەوتراوە حکومەتی کورد، پێشتر بارودۆخی کەرکوك، سەبارەت بە کێشەی زۆرتر لە نێوان کورد و تورکماندا هەبوو، تورکمانەکان لە سەردەمی عوسمانییدا هێنابویاننە سەر سنور لە نێوان کورد و عەرەب دا، ئەگەر بێت‌و سەیری بکەیت لە خوارەوە لە"بەدرە"،"جەسان"، "خانەقین"،"مەندەلی"،"کفری"،"تازەخورماتو"، "کەرکوك"،"پردێ"،"هەولێر"، تەلعەفەر"، ئەمە هێڵێکە دروست کراوە، تورکمانیان هێناوە بۆی، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا پێش شەش سەد ساڵ لەمەوبەر لە کەرکوك تورکمانەکان دەسەڵاتیان دراوەتێ ،کارمەندی حکومەت زۆری تورکمان بوون، زۆری بازرگانی و دەسەڵات بە دەست ئەوانەوە بوو، هەژموونی تورکمانەکان گەیشتە ئاستێك کە هەندێك کوردی لاواز بوون بە تورکمان، ئێستا هەندێ جار کە کورد بە هێز ئەبێت ئەڵێن ئێمە بە ڕەسەن کوردین، دایکیان خەڵکی ناوچەی زەنگەنەیە، کێشەکە ئاوا بەردەوام بووە،کێشەکە زیاتر

مەکتەبی بیروهۆشیاری



قولّ بوویەوە، لە سالّی١٩٥٧ کە ناونووس کرا، تورکمانەکان هەولّیان ئەدا کە زۆری کوردەکان بە تورکمان ناونووس بکەن، لە وێدا ژمارەیەك لە خۆێندکارە کوردەکان بە سەرۆکایەتی شەهیدی سەرکردە "عەلی عەسکەری" هەستان بە بەگژاچوونەوەی ئەم پیلانە،پوچەلّیان کردەوە، مالّ بە مالّ ئەگەڕان ناونوسینەکەیان ڕاست دەکردەوە،"حسێن خانەقا"پشتگیری عەلی عەسکەری دەکرد، کە حکومەت نەیتوانی هیچ لێپرسینەوەیەکیان بەرامبەر بکات، ئەوانیش ڕۆڵیکی زۆر کاریگەریان بینی لە ڕاست کردنەوەی ئەو ناونوسینە، عەرەب زۆر کەم بوو لە کەرکوك وەکو باسم کرد،گەراجێك هەبوو پێیان دەوت گەراجی "حەویجە"، ئەم هەلّمەتەی کە کاك عەلی عەسکەری کردی لەو کتێبەدا کە باسی کاك عەلی دەکات، کەمێکی لە سەر نووسراوە، سالّی ١٩٥٧ کە ناونوس کرا، تەنها شوێن کە عەرەبەکان هاتوچۆیان بۆ دەکرد، گەراجی حەویجە بوو، چەند دوکانێك و گەراجەکە لە خوار"ئەشرەف مەیدانی"خوار پردی دوو، دوای خوار بازاڕی گەورە، عەرەبەکان هەمووی لەو گەراجەوە هاتوچۆیان دەرکرد، بۆ ئەوەی لە بازاڕی گەورە کەل و پەل بکڕن و بڕۆنەوە، بەری ئیمام قاسم بە موسەلاّ و ئیمام قاسم و شۆریجەوە هەمووی گەڕەکی کورد بوون، لە دوای شۆڕشی تەموز عەرەبەکان بە هۆی "نازم تەبەق چەلی" کە فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عێراق بوو لە کەرکوك ، هەولّیان ئەدا دەسەلاّت بگرنە دەست، تورکمانەکان لە لایەکی ترەوە، کوردەکان ملیان نە ئەدا، کێشەی زۆر ڕوویدا، لە تەموزی سالّی ١٩٥٩ لە یەکەم سالّ یادی دامەزراندنی کۆماری عێراقدا، خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە سازدرا لە کەرکوك، پیلانێك ڕێکخرا لە لایەن "کۆمپانیایی نەوت" و" بەعسییەکان" و "قەومییەکان"، کە بەهۆی ئەو سەرباز و ئەفسەر و نازم تەبەق چەلی و ئەوانەی کە بەهۆی شۆڕشی عەبدولکەریمەوە هاتبوونە ناو کەرکوك پیلانێك ڕوویدا، پێش یادی یەکەم بووخوالێخۆشبوو"مەلا مستەفا" هات بۆ کەرکوك، گەشتێکی کرد بە هەموو کوردستاندا،کە هاتە کەرکوك من ئەو کاتە پارێزەر بووم لە یانەی "ئەفسەران"یانەی" پزیشکان" جێگای بۆ ڕێکخرا، پیلانێك دانرا بۆ کوشتنی مەلا مستەفا،یەکێك کە زۆر دەستی هەبوو لەو پیلانەدا بە پلەی یەکەم فەرماندەی ئینزباتی کەرکوك بوو، کە "هیدایەت ئەرسەلان"بوو،کوردەکان بە تایبەتی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



حیزبی"شیوعی" بالاّ دەست بوون.

پیلانەکە وا دارێژرا بوو، کە مەلا مستەفا دەچێت بۆ فڕۆکە خانە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد لە نێوان یانەی ئەفسەران و فڕۆکەخانە، تیرۆری بکەن، ئەوان ڕێگەکەیان ئەزانی، چونکە لە سەردەمی ئەو شۆڕشەدا دەسەلاّت بە دەست فیرقەوە بوو،نەخشەکەیان ئەزانی کە مەلا مستەفا لە کوێوە دەڕوات و لە کوێوە دێت، فەرماندەی ئینزباتی (هیدایەت ئەرسەلان) لێپرسراو بوو لە پاراستنی ئەو کەژاوەیەی (مەلا مستەفا)دا، نەخشەکەیان وا داڕشتبوو کە تیرۆری بکەن، بەلاّم شیوعی و پارتی بە پیلانەکەیان زانی، نەخشەیەکیان دانا و قەناعەتیان بە (مەلا مستەفا) کرد کە ڕێگەی ڕۆشتنی بۆ فرۆکەخانە بگۆڕێت، مەلا مستەفا لە ڕێگەکەی ترەوە گەیشتە فڕۆکەخانە کاتێك (هیدایەت ئەرسەلان) و فیرقەی دوو هەستیان پێکرد، (مەلا مستەفا) گەیشتبووە فڕۆکە خانە، (هیدایەت ئەرسەلان) کە ویستی سوار ئۆتۆمۆبیل بێت دەستی بە دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەوە بوو، دلّی وەستا و مرد، لە خەفەتی ئەوەی کە پیلانەکەی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، تورکمان بە هیچ جۆرێك ئیستفزاز نەکرا، پاش ئەو پیلانەی کە دژی (مەلا مستەفا) گێڕایان.

پ/بێجگە لە هیدایەت ئەرسەلان و فیرقەی دوو، هیچ هێزێکی عێراقی تر بەشدار بوو تێدا؟

و/لە سەرەتای شۆڕشی تەموزدا، من کە ئەلّێم تورکمان، مەبەستم هەموو تورکمان نییە، بالّێك هەیە لە ناو تورکماندا کە پێیان دەلّێن "تۆرانی"، ئەوانە ئاژەوەچین ، بەلاّم تورکمانەکانی تر، پیاوی باشن و مرۆڤی زۆر باشیان تێدایە، خەلّکێکن ئەیانەوێت بە ئاشتی بژین، ئێستا لە ناو کەرکوکدا زۆری تورکمان ئەیەوێت بە ئاسودەیی و بە ئاشتی لەگەلّ کورددا بژی، هەتا هەندێکیان بۆچونیان وایە کە ئەگەر کورد نەبێت ئەوا تورکمان لە ناو ئەچێت، لە بەر ئەوە زۆر حەز ئەکەن لەگەلّ کوردەکاندا بن و کاری بازرگانی خۆیان بکەن، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا زۆری تورکمانەکان حەز ئەکەن کە کاری خۆیان بکەن و بە ئاشتی و هێمنی بژین، بەلاّم هەندێکیان کەپێیان ئەلّێن (تۆرانی) کە ئێستا نوێنەری ئەوان"بەرەی تورکمان"ە، ئێستا ئەو هەلّدەستێت بە جێ بەجێ کردنی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەوکارە، ئەو گروپە لە سەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ کۆمپانیایی نەوت و بەعسییەکان و قەومییەکان لە هەموو عێراقدا بە گشتیو بە تایبەتی لە کەرکوکدا، تۆرانییەکان لە کەرکوکدا ئەیانویست ئاژاوە بنێنەوە لە کەرکوکدا، بۆ ئەوەی ئەو کارە سەر نەگرێت، بۆ نمونە ئەیان ووت کە نابێت پۆستە گرنگەکان بدرێتە دەست کوردەکان، سەرۆکی شارەوانی نابێت کورد بێت، پێشتر لە کەرکوکدا ئەو کێشەیە نەبوو بەو شێوەیە، سەرۆکی فەرمانگەکان بە زۆری کورد و تورکمان بوو، هەندێ جار کەمێك عەرەب بوو، لەوانەی کە نەفی دەکرێن، لەپێش شۆڕشی تەموز "مستەفا قەرەداغی" پارێزگاری کەرکوك بوو،"سالح زەکی بەگ" فەرمانەدەی فیرقە بوو، مەبەستم کوردەکان هەموو کات دەوری گرنگی هەبووە لە کەرکوکدا، بەڵام لە دوای شۆڕش بە توندی تۆرانییەکان و بەعسییەکان قەومییەکان و کۆمپانیایی نەوت، بەرهەڵستی کوردیان دەکرد، ئەوە بووە هۆی ڕێکخستنی پیلانێك، بەڵام پیلانەکە سەری نەگرت، بارودۆخەکە زۆر گرژ بوو، گەیشتە ئەوەی کە ڕاپەرینێك ڕوو بدات، لە یادی یەکەم ساڵدا ڕاپەڕین ڕوویدا کە ئەو خۆپیشاندانە گەورەیە ڕوویدا لە سەر پردی دووەم تەقە کرا لە خۆپیشاندەران، لە شاردا ئاژاوەیەکی گەورە ڕویدا، جڵەو لە دەست کەس نەما،کوشتن و بڕین و دوکان شکاندن دەستی پێکرد، لێدانی خۆپیشاندەران لە لایەن تۆرانییەکان و بەعسییەکان و قەومییەکانی کۆمپانیایی نەوتەوە بوو، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە پێشتر ڕووداوەکانی موسەڵا هەبوو، هەندێ کار ڕوویدا بوو کە "عبدولکەریم قاسم" سەرۆکی عێراق پێی ناخۆش بوو، کاتێك کە ئەو خۆپیشاندانەی کەرکوك ڕوویدا، تۆرانی و بەعسی و قەومییەکان هەبوون، (من داواتان لێ ئەکەم کە هەرگیز مەنووسن تورکمان، بنووسن (تۆرانی) یان تورکمانە ڕەگەز پەرستەکان، چونکە تورکمان زۆربەیان باشن وەکو ئەو تەنیا باڵە توندڕەونین).

کە ڕووداوەکانی موسەڵا بوو، (عەبدولکەریم قاسم) هەڵوێستێکی دوژمنانەی لە هێزە نیشتمانییەکان وەرگرت، بەتایبەتی لە کوردستاندا، پارتی و شیوعی، کە ئەم ڕووداوانەی کەرکوك بوو، پارتی و شیوعی و خێر خواز و کوردی دڵسۆزی ناو کەرکوك ویستیان کە ڕووداوەکان سەرکووت بکەن، بە کەمترین زەرەرو زیان، بەڵام ڕووداوەکە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



تەشەنەی سەند، چونکە ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ هەرا بوو، لە ناو کەرکوکدا.

ئەمە لە یەکەمین ساڵ یادی دامەزراندنی کۆماری عێراقدا، (هیدایەت ئەرسەلان) لە هەوڵی تیرۆر کردنی (مەلا مستەفا)دا بوو، کە سەر نەکەوت، ئەوەی لە یادم بێت (مەلا مستەفا) لە مانگی سێ یان چوار بوو کە هات بۆ کوردستان، ڕووداوی کەرکوك لە تەموزی ساڵی١٩٥٩ بوو، چەند مانگێکیان لە نێوان بوو، کە ئەو کارەساتە ڕوویدا، ئەوندەی ئاسودەییەك پەیدا بوو تۆرانییەکان و هەندێك گەیشتنە بەغداد بۆ لای (عبدولکەریم قاسم)، هەندێك وێنەی دروست کرا و هی (جەزائیر)یان برد بۆ (عبدولکەریم قاسم)، کە وێنەکان هی منداڵی سەربڕاو و ژنی کوژراو و وێنەی زۆر ترسناکیان پیشان دا، عەبدولکەریم قاسم زۆر توڕە بوو، لیژنەیەکی لێکوڵینەوەیان نارد بۆ کەرکوك خەڵکێکی زۆریان گرت، ژمارەیەکی زۆریان لە سێدارە دران، وەکو شەهیدان"مارف بەرزنجی"،"حسێن بەرزنجی" ،"مەجید حەسن"......هتد، حوکمی لە سێدارەدانیان لە دوای کودەتای بەعسییەکان بوو، لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ جێ بەجێ کرا، لە سەردەمی (عبدولکەریم قاسم)دا حکومی لە سێدارەدانیان درا، لە زیندان مابوونەوە لە ساڵی ١٩٦٣لە سەر دەستی بەعسییەکان جێ بەجێ کرا، تەنها کوردەکان لە سێدارەدران؟ ئەوانەی کە گیرا بوون تەنها کورد بوون، شیوعی و پارتی بوون، مەبەستم ئەوەیە خۆیان ڕووداوەکەیان دروست کرد، دوای خۆیان چوون شکاتیان کرد ،وەکو عەرەب ئەڵێت"ضربني وبكى،سبقني و أشتكى"،لە پێشدا بۆ لای عبدولکەریم قاسم چوون، پێیان ووت: کە شەڕ ڕوویداوە و خەڵك کوژراون و ژن و منداڵ سەر بڕاوە، ڕاستە شەڕ ڕووی دا، بەڵام ژمارەی کوژراوەکان بەو شێوەیە نەبوو کە ئەوان باسیان کردبوو،گوایە: بە سەدەها کەس کوژراوە، ئەوەی من بیرم بێت بە ئاماری ڕەسمی (نۆزدە) کەس بوون، هەندێکیان بە شێوەیەکی ناشیرین کوژران کە پیاو ناتوانێت بیانوو بۆ ئەوە بهێنێتەوە ، خەڵکیان بە دوای سەیارەدا ڕادەکێشا، من ئێستا کە دێتەوە یادم پێی تێك دەچم، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەوڵیدا بۆ کوژانەوەی ئەو شەڕە، یەکێك لەوانە (مارف بەرزنجی) و (حسێن بەرزنجی)، فەرمانەدەی ئینزبات خانە"فەوزی نەشئەت" بوون،ئەمانە و خەڵکێك بوون زۆر هەوڵی ئەوەیاندا کە شارەکە ئاسایی بێتەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



پ/ (نازم تەبەق چەلی) هەڵوێستی چی بوو لەو کاتەدا؟

و/ (نازم تەبەق چەلی) هەر زوو دەست بەسەر کرا و ڕەوانەی بەغداد کرا.

پ/ئەی ئەو دەستی هەبوو لە ئاژاوەکەدا؟

و/ نەخێر، لە شانۆی شەڕەکەدا نەبوو، ئەو قائید فیرقە بوو لە کەرکوك،

پ/ باشە مەلا مستەفا دەعوەتی ئەو نەبوو لە کەرکوك؟

و/بەڵێ، دەعوەتی ئەو بوو لە یانەی ئەفسەران، بەڵام زۆر جار دوژمنایەتی بە شێوەی تر دەکرێت! کە بارودۆخی کەرکوك لە دوای هەوڵی کوشتنی (مەلا مستەفا) زۆر ئاڵۆز بوو، لە بەرئەوە (نازم تەبەق چەلی)ان لابرد و"داود جەنابی" خرایە شوێنی. داود ، یەکێك بوو لەو ئەفسەرە عێراقییانەی کە فکرەی چەپڕەوی هەبوو و پیاوێکی باش بوو، دەوری بەرچاوی هەبوو لە ئاسایی بوونەوەی باری کەرکوکدا، بۆ ئەوە هەستان بە دانانی ئەم پیلانە بۆ لێدانی خۆپیشاندەران کە ببێتە ڕوودانی ئاژاوەیەك بۆ لابردنی (داود جەنابی)، بەڵام نەیان ئەزانی کە ئاوا گەورە ئەبێت و کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەوە بوو (داود جەنابی)یان لابرد (عەبدولڕەزاق مەحمود) یان کرد بە قائیدی فیرقەی دوو.

پ/ داود جەنابی عەرەب بوو؟

و/بەڵێ عەرەب بوون، (عەبدولڕەزاق مەحمود)و(نازم تەبەق چەلی)یش عەرەب بوو، لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) هەموو قائیدی فیرقەکان هەموو عەرەب بوون.

## چۆن بووم بە ناوبژیوان

(عەبدولڕەزاق)، کە هات بۆ کەرکوك و بوو بە قائد فرقە، ناردی بە شوێنی مندا، پێی ووتم: ئێمە وەکو بیستوومانە و زانیاریمان هەیە، کە تۆ کوڕی عەشائیری، لە لایەکی ترەوە وەکو ڕۆشنبیرێك و پارێزەرێك لە ناو کەرکوکدا توانای ئەوەت هەیە کە یارمەتیمان بدەیت، ووتم: یارمەتی چیتان بدەم؟ ووتی: کوردێکی زۆری دێهاتەکان بە چەکەوە هاتوونەتە ناو کەرکوك ، ئەگەر ئەوانە ڕەوانەی شوێنی خۆیان بکرێنەوە ئەوە ئاسوودەیی لە ناو شار پەیدا دەبێت. منیش هەندێ قسەم لەگەڵ کرد وەکو نەخشەیەك، ناردی بە شوێن(ضابط الرکن)ی یەك وسێ، پێی ووتن: ئەوە (مستەفا عەسکەری)یە،



مەکتەبی بیروهۆشیاری



هەر کاتێك تەلەفۆنی کرد چی ویست بۆی دابین دەکەن و جێ بەجێی بکەن، منیش پێم ووتن سەیارەیەکی سەربازییم ئەوێت، ئەبێت شۆفێرەکەی سەرباز بێت، بەڵام خۆم دەست نیشانی دەکەم .

ئەو شوێنانەی کە بە کۆمەڵ خەڵکی لێبوو وەکو "شۆریجە"،"ئیمام قاسم"،"ڕەحیماوا" کوردەکان تیایدا کۆدەبوونەوە، لە دێهاتەکان خەڵك بە چەکەوە هاتبوونە ناو شاری کەرکوك، ئێمە هەوڵێکی زۆرماندا، توانیمان هەر یەکەم ڕۆژ خەڵکێکی زۆر قەناعەت پێ بکەین، پێمان ووتن کە شار هێمن بووەتەوە و دەسەڵات بە دەست حکومەتەوەیە و حزبەکانی خۆمان ئەتوانن یارمەتی حکومەت بدەن بۆ ئەوەی ئاژاوە نەبێت، پێویست بە ئێوە ناکات ئەتوانن بڕۆنەوە، کە هەندێك کەسمان قەناعەت پێ دەکرد بڕۆنە دەرەوە من تەلەفونم دەکرد بۆ فیرقە بۆ ناردنی ئیڤا (زیلی عەسکەر)ی بۆ ناردنەوەیان بۆ دێهات و ناوچەکانی خۆیان، ڕۆژی یەکەم بارەکە زۆر هێمن کرایەوە، بەڵام ڕۆژی دووەم ئاژاوە دەستی پێکردەوە، دیار بوو کە ئەمە پیلانی پیلان گێرەکان بوو کە خەڵکیان ئەنارد بۆ ناو دێهاتە کوردەکان و پڕو پاگەندەیان دەکرد کە لە ناو کەرکوکدا کورد سەربڕدراوە، کوردەکانیش جارێکی تر دەهاتنەوە ناو شار بە چەکەوە، هەبوو بە پێ ئەهات لە ناوچە کوردەکان لە هەموو لایەك دەهاتن کۆنترۆڵ نەما بوو، لە ناو شار دەرۆشتن بۆ تورکمان و عەرەب بە بێ ئەوەی جیاوازی بکەن لەوەی کە ئایا ئەم تورکمانە یان ئەم عەرەبە پیاوی باشە یان خراپ، پیلان گێرە یان نا، ئێمەش بە هەموو هەوڵێك قەناعەتمان پێدەکردن کە ئەمانە ئەو کەسانە نین کە ئێوە بە دوایاندا دەگەڕێن، ئیتر قەناعەتمان پێ دەکردن، بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، دوای سێ ڕۆژ توانیمان بارەکە هێمن بکەینەوە و دەسەڵات بە سەر هۆزەکاندا بگرین، بەڵام لەگەڵ هێمن بوونەوەی دۆخەکە ئەوان وەفدیان نارد بۆ لای (عەبدولکەریم قاسم) و شکاتیان کرد، ئەوە بوو کە ئەو بارودۆخە ناخۆشە ڕوویدا، خەڵکێکی زۆر گیرا و لە سێدارە درا، چەند کارەساتی کەرکوك ناخۆش بوو ئەوندە زیاتر ڕووداوەکانی دوای ئەو کارەساتە ناخۆشتر بوو، چونکە خەڵکێکی زۆر بێ تاوان کوژران کە هەوڵیان دابوو شارەکە هێمن بکەنەوە، ناوەکانیان"مارف بەرزنجی"،"حسێن بەرزنجی"،"جەبار پیرۆز خان"، بوون.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



پ/ ژمارەی ئەو كەسانە چەند بوون كە لە سێدارە دران؟

و/ زۆر بوون دەستەی شێخ مارف نزیكە نۆ بۆ دە كەس ئەبوو ، خەڵكیكی تر لە دەوروبەر لە سێدارە دران وەكو "نوری سەید وەلی".

### دادگایی كردنی ناوبژیوانەكان

مەبەستم ئەوەیە كە ئەو خەڵكانەی كە ئەیانویست بارەكە هێواش بكەنەوە پیلان گێڕەكان ناوی ئەو خەڵكانەیان نووسی بوو بۆ (عەبدولكەریم قاسم)، كە ئەمانە تاوانبارن، لە دوای ڕووداوەكەی كەركوك خەڵكێكی زۆر گیرا، گروپ گروپ ئەدرانە دادگای عورفی، من درەنگ گیرام و لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ كردم، بەلام هیچ بەڵگەیەكیان بە دەستەوە نەبوو، هەر ئەوندە پێیان دەوتم كە تۆ لە ئاژاوەكەی كەركوك بەشدار بوویت، بەلام بەڵگەیان نەبوو.

**پ/ چۆن دادگایی گیراوەكان دەكرا؟**

**و/**ئێمە دراین بە دادگای عورفی، ئەوانەی كە دەهاتن شاهید بوون لە سەر ئێمە هەمووی دروست كراو بوون و شاهیدی درۆیان دەدا، لەو ڕۆژەدا كەس نەی دەتوانی بێتە دەرەوە، ئیتر ئەوان چۆن ئێمەیان بینیوە ، یەكێك لەو شاهیدانە كە شاهیدی لە سەر من ئەدا دەیوت (بە چاوی خۆم بینیومە كە خەڵكی هان دەدا و خەڵكی بە دوای ئۆتۆمۆبێلدا ڕاكێشاوە)، لە دوایدا دادگایی كراین لەوێ شێخ (مارف) و(شێخ حسێن)، (جەبار پیرۆز خان)و (مەجید حەسەن)وگروپێكی تر ئەمانە هەموویان حوكمی لە سێدارە دانیان درا بە سەردا، هەندێ ئەفسەرمان لەگەڵدا بوو "كەمال مەجید"،"ئەسعەد بابان"،"فەوزی نەشئەت" ئەمانە هەر یەكێكیان بە ماوەیەك زیندانی حوكم دران، سەبارەت بە من كە قائید فیرقە هاتبوو بۆ شاهیدی دەڵێت: **"من لە ئاژاوەكەی كەركوكدا هەموو شتێكم لە یاد بچێت ئەوەم لە یاد ناچێت كە پارێزەر مستەفا عەسكەری یارمەتی زۆری ئێمەیدا لە چۆڵ كردنی شارەكە لە چەكدار و هێمن كردنەوەی بارەكە و ئاسودە كردنی شارەكە"**دا، زۆری قسە كرد، من هەر ئەوندە باس دەكەم، كە دادگا لە حوكمی مندا دەڵێت: دەركەوت ناوبراو هیچ كردەوەیەكی وای نەكردووە كە خراپ بێت و یارمەتی فیرقەی دابێت، بۆ ئەوەی ئاژاوە نەمێنێت لە شارەكەدا، بەلام



مەكتەبی بیروهۆشیاری



ئەمە بەڵگەیەكە كە ناوبراو زۆر دەست ڕۆشتوو بووە، ئەیتوانی كە نەهێڵێت لە ئەساسدا ئەو ڕووداوە ڕووبدات، ئەوە شێوەی دادگاكە بوو، ئیتر ئەوە بوو لە ئەنجام دا لە كودەتای شوباتی ١٩٦٣ دا كە بەعسییەكان هاتنە سەر حوكم، (عەبدول كەریم قاسم) و گروپەكەی كوژران، پاش ماوەیەك نزیكەی (٦ )بۆ(٧ )مانگ شەڕ لە كوردستان تازە بویەوە، **(شێخ مارف) و ئەوانیان لە سێدارەدا، بە شێوەیەكی زۆر ناشرین لە سێدارە دران، بە داردا هەڵواسرا بوون لە ناو كەركوكدا.**

**پ/هەر لە ناو شاری كەركوكدا؟**

**و/ بەڵێ،لە شوێنی فیرقە، لەولای فیرقە كە ئەڕۆیت لە سەرەتای شەقامی ئەوقافدا لە دەستە ڕاستیدا بۆشاییەك هەیە كە ئەچێتەوە بۆ دادگا، هەندێ دار و درەخت هەیە بەو دارانەدا هەڵیان واسین**، من لەوكاتەدا لەوێ نەبووم، كوردی كەركوك زۆر چەوسانەوەی بینی، لە دواییدا تۆرانی و بەعسییە و قەومییەكان دەستیان بە دژایەتی كردنی كورد كرد، بە جۆرەها شێوە بە كوشتن و تیرۆر، ئەگەر هیچیان بۆ نەكرایە ئەوا **تێزابیان فڕێ ئەدا بۆ كوردەكان**، تەعدایان دەكرد، بەلام كوردی كەركوك زۆر جوامێرانە خۆڕاگر بوون، من ئەو ساڵانەم نایەتە یاد، چونكە لە كەركوكدا نەبووم، بەلام ئەوەی بیستوومە كە كارەساتی زۆر ناخۆش و ناشرین بە سەر كوردی كەركوكدا هاتووە، تۆرانییەكان بوون بە گروپ گروپ بۆ بەرهەڵستی كوردەكان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری





ئەم وێنەیە لە کەرکوك گیراوە، مستەفا عەسکەری ساڵی (١٩٥٢)




ئەم وێنەیە لە کەرکوك گیراوە ساڵی ١٩٥٣

١- شەهید(ساڵح عەسکەری) ساڵی (١٩٧٠)لە لایەن ڕژێمەوە گیراو لە ژێر ئەشکە نجەدا گیـانی لەدەستدا

٢- مستەفا عەسکەری

٣- فەتاح عەسکەری



مەکتەبی بیروهۆشیاری



## ڕۆڵی سەیید ئەحمەد خانەقا لە کەرکوك

**پ/کاك مستەفا دەربارەی بنەماڵەی خانەقا لە کەرکوکدا وەکو خانـەقا هـەم وەکـو کەسێك کە نفوسی گەورەیان هەبووە لەو ناوچەیەدا، هەڵوێستیان چی بووە لە بەرامبـەر هاتنی عەرەب بۆ کەرکوكو بەربەرەکانی کردنی ئەو تەعریب کردنـە؟ ئەمـە بەشـێکی پرسیارەکە، بەشی دووەمی کەمێك بدوێن لە سـەر بنەمـاڵـەی خانـەقا و لـە کەیـدا لـە ناوچەی کەرکوك جێگیر بوون؟**

و/نـــاتوانم ســـاڵ دیـــاری بکـــەم(شـــێخ قـــادری ســـوور)نـــەوەی (شـــێخ عـەبدولـسەمـەد )نـەوەی(شـێخ بابـە ڕەسـوڵی گـەورە)یـە چـووەتە کـەرکوكو خانەقایـەکی دامـەزرانـد، لـە دوای ئـەو(شـێخ حـسێن)یکـوڕی، خانەقاکـەی بـەڕێوەبردوە ئەمـە لـە سەردەمی عوسمانییەکاندا، لە نزیکەی ساڵانی١٨٠٠ بە دواوە،

دوای (شێخ حسێن) کوڕەکانی (سەید محەمـەد)،(سـەید عومـەر)، (سـەید ئەحمـەد) کوڕە گەورەی (شێخ حسێن) بـووە، (سـەید ئەحمـەد) بـاوکی (حـسێن خانـەقا)،(ئەحمـەد خانەقا)، (عـەبدولقادر خانەقا)بـووە، (شـێخ عـەبـدولقادر) مـردووە، دوو کـوڕی هـەبووە لەگەڵ کچێك دا کوڕەکانی"عـەبدولسەمـەد"، "عـەبـدول عـەزیز"، عـەبدولـسەمـەد حـاکم بوو، خوێندەوارێکی باش بوو چیرۆك نـووس بـوو، عبـدول عـەزیز خانـەقا ڕەخنـەگرێکی ئەدەبی بوو، هەردووکیان خوێندەوارێکی بە توانـا بـوون،(شـێخ حـسێن) کـوڕە گـەورەی (سەید ئەحمەد) بوو،لـە دوای سـەید ئەحمـەد، ئـەو جێنـشینی بـوو لـە خانـەقادا، (شـێخ **محەمەد) لە دوای شۆڕشی کورد، لە ساڵی ١٩٦١ دا جارێك دەچێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، لە کاتی گەڕانەوەدا بە بیانوی ئەوەی کە فڕۆکەکە خەلەلی تێدایـە، بێ سەروشوێن دەکرێت،ئەم بنەماڵەیە بەچەند شێوەیەك حەز دەکەم باسی بکەم، شێوەی سـەرەکی نـان بـدەیی و سـەخاوەت بـووە، خانـەقای (سـەید ئەحمـەد) هەمیـشە لانـەی لێقەوماوان بوون، خەڵکێکی زۆر ڕووی تێکردووە لە هەموو چینەکانی کۆمـەڵدا، وەزیر و پارێزگار و سەرۆك هۆز، هەتا ئەگاتە کرێکار، کە ڕۆژانە دەچێتە بازار بۆ ئیش کردن، ئێوارە دەگەڕایەوە بۆ خانەقا نـانی دەخـوارد و هـەر لـەوێ دەنووسـت، دەیـان کـەس لـە**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**هەژاران و لیَ قەوماوان لە خانەقا نانیان خواردووە، نیوەڕوان و ئێواران بە تایبەتی ئێواران، خەڵکەکە بە ڕۆژ چووەتە بازاڕ بۆ ئیش کردن و ئێوارە گەڕاوەتەوە خانەقا، نانی خواردووە و نووستووە، بەیانی هەمان شت چۆتەوە بازاڕ و ئێوارە گەڕاوەتەوە بۆ خانەقا، بێجگە لەوە خانەقا میوانێکی زۆری هەبووە، (شێخ ڕەزا) بە شیعری هەجوو وەسفی سەید ئەحمەدی کردووە، کە شیعرەکە دەخوێنیتەوە خراپ باسی (سەید ئەحمەد)ی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت کە هەمووی وەسفی (سەید ئەحمەد)ە، لە دیوانەکەی (شێخ ڕەزا) شیعرەکە هەیە، دەڵێت:-**

**سێ ئیسم هەن بێ موسەما هەروەکو ئاوی بەقا**
**تەیری عەنقا، شاری جابولقا، پلاوی خانەقا**

کوردایەتییان کردووە بە تایبەتی (شێخ حسێن) و (شێخ محەمەد)،ئەو خانەقایەی گەورە کردووە، گەیشتووەتە ڕادەیەك کە (سەید ئەحمەد) و خانەقا بونەتە ناوی یەکتر،کە ئەوترا (سەید ئەحمەد) ئەبوایە بوترایە (سەید ئەحمەد)ی خانەقا، ئەگەر بوترایە خانەقا ئەبوایە بوترایە خانەقای (سەید ئەحمەد)، وەکو باسم کرد بنەماڵەکە ئەگەڕێتەوە سەر (شێخ عەبدولسەمەد) سەرگەڵویی و سەر بابەڕەسوڵی گەورە، تا ئەچێتەوە سەر (شێخ عیسای بەرزنجە).

**پ/دەزانن کە (سەید ئەحمەدی خانەقا) سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو، تەکێی تاڵەبانی سەر بە تەریقەتی قادری بوو، ئایا لە ململانێی ئەم دوو تەریقەتەدا، عوسمانییەکان یان ئێرانییەکان هیچ ڕۆڵێکیان هەبووە لە دروستکردن یان هاندانی ئەو ململانێیەدا؟**

و/ئەوەی کە من ئاگادارم و بیستوومە سەید ئەحمەد ڕێبازێکی گرتووە کە لەگەڵ هەموو خەڵکدا باش بێت، پەیوەندی باش بووە لەگەڵ عەرەب و تورکوماندا، لەگەڵ هەموو کەسدا، تەنانەت هەندێ لەو عەرەبانەی کە دزەیان کردووە و هاتونەتە ئەو دێهاتەکانی وەك"مەرقە"،"مامە"وە..،جووتیاری ئەو بوون، پەیوەندیەکی باشی هەبووە،



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەگەڵیاندا چ خۆی چی کوڕەکانی هەتا کچەکەی کە ناوبانگی هەبوو بە" باجە"و خۆی ناوی "مریەم" بوو هەموو سەرۆك هۆزە عەرەبییەکانی کەرکوك پەیوەندیان خۆش بوو لەگەڵ (سەید ئەحمەد) و هاتۆچۆیان هەبوو لەگەڵیدا لە سەردەمی بەعسدا هۆزە عەرەبەکان دەسەڵاتیان هەبووە زۆر جار پێیان ووتووە چیت ئەوێت با یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم هەرگیز یارمەتی لێ وەرنەگرتوون، لەگەڵ تورکمانەکانیشدا زۆر پەیوەندییان خۆش بوو، بە تورکومانی قسەیان لەگەڵ دەکردن چونکە تورکمانییان دەزانی،مەبەستم ئەوەیە کە ئەمان نەك لەگەڵ تاڵەبانییەکاندا بەڵکو لەگەڵ هیچ کەسدا ناکۆکییان نەبوو، تەنها ئەوەی من لە یادم بێت چەند جارێك کاك (محەمەد) نەبێت کە لەگەڵ سەرۆك هۆزە عەرەبەکاندا تووشی قسە و گفتوگۆی توند بووە لە سەر کورد، کە عەرەبەکان ویستوویانە بە خراپە باسی کورد بکەن، ئەو وەڵامی توندی داونەتەوە، بەڵام پەیوەندییان هەر هەبوو، لەگەڵ تەکیێ تاڵەبانیشدا پەیوەندی خۆش بووە.

پ/ شوێنی خانەقاکە لە کەرکوکی ئێستادا لەکوێ بووە؟

و/ شوێنی خانەقاکە کە لە پردی یەکەم ئەپەڕیتەوە بەرامبەرت بەلای چەپداماڵی سەید ئەحمەد بوو، بەرامبەری خانەقاکە بوو، نێوان ماڵ و خانەقاکە جادەیەك بوو، ماڵەکە بەرامبەری پردەکە بە لای دەستی چەپدا بوو، بەرامبەری ئەوێ خانەقاکە بوو، ئێستا خانەقاکە ماوە ناویان ناوە"جامع القادسیە" لە سەردەمی بەعسدا، چونکە دەستی بە سەردا گیرا بوو، موڵك و ماڵی سەید، هەمووی دەستی بە سەردا گیرا بوو، چونکە کاك (حسێن) ئەو کاتە لە شۆڕشدا بووە، لە شۆڕشی ئەیلولدا. زۆر کات بونەتە داڵدەری سیاسییەکانی کورد وەکو"حەمزە عەبدوڵلا" ماوەیەکی زۆر لە خانەقا خۆی حەشار دابوو، خەڵکێکی زۆر لەوێ خۆی حەشار دابوو، (سەید ئەحمەد) خۆی لە خانەقا دادەنیشت، لە دوای ئەو کاك (حسێن) دادەنیشت. هەموو ئێوارەیەك خەڵك لە خانەقا کۆ دەبوونەوە، لە شاعیر و ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیری شارەکە، تورکمان و عەرەبیش زۆر هاتوو و چۆی خانەقایان دەکرد، دادەنیشتن، خەریکی شیعر و قسەی خۆش و نوکتە و دەنگ و باس و هەواڵو گۆرانیومقامات بوون، ئەوەی کە من ئاگادارم ماڵی (سەید ئەحمەد) خاوەن سامان و پارەیەکی زۆر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نانێکی زۆر و

مەکتەبی بیروهۆشیاری



یارمەتییەکی زۆری هەژاران و نەداران و لێ قەوماوانیان دەدا،لە دوای ئەو کاك (حسێن) یارمەتی خەڵکی ئەدا بە تایبەتی رۆشنبیران و ئەدیبەکان، پیاوێك بوو کە ئاستی خوێندەواری بەرز نەبوو، تەنها فەقێیەتی خوێندووە، بەڵام مرۆڤێکی زۆر رۆشنبیر بوو، گەیشتە ئاستێك کرا بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد، تێگەیشتنێکی زۆر باشی هەبوو لە زمان ومێژوو و ئەدەب و شیعر دا، ئەندامی مەجلیسی نواب بووە.

**پ**/ بە هەڵبژاردن گەیشتووەتە ئەو پلەیە؟

و/ هەڵبژاردنی ئەو کاتە، لە کوردایەتی وا باو بوو کە سیستمی پاشایەتی" نوری سەعید"، چونکە دەسەڵات بە دەست (نوری سەعید) و گروپەکەیەوە بوو لە حکومەتی عێراق دا،کاك (حسێن) یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە، ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بووایە بۆ ئەو ئەنجومەنە، کاك حسێن هەر دەردەچوو، چونکە خەڵکێکی زۆر خۆشی ئەویستن و پشتگیری دەکردن، بنەماڵەی خانەقا پشتگیری دەکردن، لە ناو ئەنجومەنەکەش دا، کە من یادم بێت ئەو سەردەمە من لە قۆناغی سێ، یان چواری کۆلیژی یاسا بووم، زۆر جار تووشی بەربەرەکانی بووە لە ناو مەجلیس دا، لەگەڵ کوردەکاندا زۆر جار دادەنیشتو ئامۆژگاری دەکردنو دەیوت پێویستە بەو شێوەیە کار بکەین.

**چاوپێکەوتن**

**عەدنان کاکە رەش**



مەکتەبی بیروهۆشیاری






**سەرنج**

١- هەر لەسەرتاوە هەموو ناوەکانم نەنووسیوە تەنها ئەوانە کە دەرکەوتوو بوون، یان لەم سەردەمەدا ناسراون ناویانم نوسیوە.

٢- لەبنەچەکەی لای خۆمدا گەلێك زۆرترن و ئەوەندەی زانیاریم دەست کەوتبێ ئافرەتانیشم نووسیوە

**ئامادەکردنی نەخشە: مستەفا عەسکەری**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**کوڕانی شێخ قادری سوور**




**(نەخشەی بنەماڵەی خانەقا)**

**ئامادەکردنی نەخشە: مستەفا عەسکەری**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# عەبدولڕەحمان مستەفا

## پارێزگاری کەرکوك

**پ/** سەرەتای پرسیارمان لەئەمریکییەکانەوە دەست پێدەکەین، لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا کۆمەڵێك کەسایەتی گرنگ هاتنە کەرکوك. لەوانەش (هیلاری کلینتۆن)و چەند شاندێکی تری کۆنگرێسی ئەمریکی. ئایا ئەوان چ بۆچوون و روانینێکیان هەیە بەرامبەر بارودۆخی ئێستای کەرکوك؟ لەو ماوەیەدا ئێوە چۆن مامەڵەتان لەگەڵ کردون؟ یاخود ئەوان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئێوەدا کردووە؟.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



و/ لەو رۆژەوەی من ئەم پۆستەم وەرگرتووە گەلێك شاندو کەسایەتی ئەمریکی سەردانی کەرکوکیان کردووە، لەڕاستیدا ئەوان زیاتر گوێگربوون، دێن بۆ ئەوەی لەبارودۆخەکە بگەن، گوێ لەهەموو نەتەوەکانی کەرکوك دەگرن، هەتا ئێستا هیچ جۆرە بیروبۆچوون و بیروباوەڕێکی تایبەتی خۆیان دەرنەبڕیوە، هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کەرکوك شارێکی عێراقییەو شاری هەموانە.

**پ/ئەگەر ناوەکانیان بلێی تا ئێستا کێ و کێ هاتون بۆ کەرکوك؟**

و/ دووجار (هیلاری کلینتۆن) هاتووە، جاری یەکەم لەگەڵ سیناتۆر (جاکلی)دا، سیناتۆرەکانیش لە هەردوو حیزبەکەی ئەمریکا بوون. بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نییە، هەتا ئێستا چوار یاخود پێنج شاندی کۆنگرێس هاتون، چەند جارێکیش بەرپرسە سیاسییەکانیان سەردانی ئێرەیان کردووە، لەوانەش (رامسفێلد) وەزیری بەرگری و (ۆلسیت)، (ویم پیرس). ئەوانە بەگشتی باسیان لەبارودۆخەکانی کەرکوك کردووەو ئێمەش ئەوەی پێمانکرابێت بارودۆخەکانمان بۆ ڕونکردونەتەوە، بە تایبەتی بارودۆخی (٣٥) ساڵی ئەم شارە، لەسەر دەمی سەدام حوسێندا. بەڵام وەکو لەسەرەتاوە گوتم ئەوان زیاتر گوێگربوون هەتا بڕیاردەر.

دووجاریش (برێمەر) کە کاتی خۆی، وەکو دەسەڵاتی( CPA )واتە (دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانەکان) حوکمی عێراقی دەکرد، هاتووەتە کەرکوك. جارێك لەفرۆکە خانەی کەرکوك و جارێکیش لەبارەگای پارێزگا کۆبونەوەمان لەگەڵدا کردووە. هەر دوو جارەکە من بە دورو و درێژی باسی باردۆخی کەرکوك و کێشەی ئاوارەکان و پارچە پارچەکردنی کەرکوك و سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی شاری کەرکوکم بۆ کردووە.

**پ/ بەبڕوای تۆ، ئەمریکییەکان لەوە تێدەگەن، یاخود لەگەڵ ئەوەدان مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق جێبەجێ بکرێت.**

و/ من ئەوەم لەیادچوو کە دووجار بەڕەسمی (نیگرۆپۆنتی) دوای وەرگرتنی پۆستی باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق، سەردانی کەرکوکی کرد، جاری یەکەم لەبارەگای

مەکتەبەی بیروهۆشیاری



قونسولییەت لەکەرکوكو جاری دوەمیش بە بۆنەی تەواوبونی کارەکانی لەعێراقدا. لەجاری دووەمدا کە سەردانی ئێمەی کرد، من خودی خۆم باسی ئەوەم کرد کە پێویستە مادەی (٥٨) جێبەجێ بکرێت. چونکە بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە زۆربەی کێشەکانی خەڵکی کەرکوك چارەسەر دەبێت. ئەو مادەیە بارودۆخی شارەکە ئاسایی دەکاتەوەو ئەو ئاسەوارانەی دەرئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی عێراقی لەناوچوو هاتووەتەکایەوە، دەسڕێتەوەو چارەسەری دەکات: پێم گووت کە تۆ بە شێوەیەکی ڕەسمیو بە نوسراو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە ڕەزامەندیت دەربڕیوە.. ئەو پێی گوتم: بەڵێ وایە، ئێمە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادەیەی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق.

**پ/ باشە ئەو هەڵبژاردنەی ٢٠٠٥/١/٣٠ی ئەمساڵ چی کاریگەرییەکی هەبو بۆ سەر بارودۆخی کەرکوكو مرۆڤ دەتوانێت چاوەڕێی چی بکات وچی وێنەیەکی دەسکەوێت؟**

و/ بەراستی هەڵبژاردنەکە گرنگییەکی ئێگجار زۆری هەبوو لەکەرکوکداو زۆر شتی یەکلایی کردووەتەوە، ڕێژەی بونو ژمارەی تەواوی نەتەوە جیاجیاکانی دەرخست، ئەوە یەکەم کێشەی ئێمە بوو بەر لەهەڵبژاردن، چونکە هەر نەتەوەیەك بانگەشەی زۆرایەتیو ژمارەیەکی بۆ خۆی دەکردو دەیگوت من زۆرینەی کەرکوك پێکدەهێنمو دەبێت زۆرینەی کارە ئیدارییەکانیش بۆ من بێت، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە هەموو نەتەوەکانی خستە چوارچێوەی ژمارەو قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیەوەو ئێستا ژمارەکانی روونو ئاشکران.

**پ/ دەکرێ ڕێژەی کوردمان پێ بڵێی بەگوێرەی هەڵبژاردنەکە؟**

و/ لەڕاستیدا ٦٠٪ی تێپەڕاند. دەبێ ئەو ڕاستییەش پشتگوێ نەخرێت دوای دەیان ساڵ تەرحیلو پارچە پارچەکردنی کەرکوكو دابڕینی چوار شارۆچکەی گەورە، سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتیگەلی کورد لەم شارەدا، ئەو ڕێژەیە وە دەستهاتووە، ئەگەر ئەو شارۆچکانە بەگوێرەی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بخرێنەوە سەر کەرکوك، ئەو کاتە دوبارە ڕێژەکە دەگۆڕێتەوەو زۆر زیاتر دەبێت.



مەکتەبەی بیروهۆشیاری



**پ/ باشە لەدوای هەڵبژاردنەوە جولانەوەی سیاسی، ئەو گروپانەی خۆیان بە بەهێزترین لایەنو هێزی یەکەم دەزانی لەشارەکەدا، ئایا هەڵسوکەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتیان چۆنە، وەکو خۆیان ماونەتەوە یاخود گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

و/ دەبێ من ئەوە بڵێم لەم شارەدا، هەموو نەتەوەکان برایەتیان بەهێزەو هەست بە هیچ جیاوازییەك ناکرێت لەنێوانیاندا. لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا هەموو پێکەوە ستەمدیدەو زوڵملێکراو بوون، هەر چەندە نەتەوە هەبووە زیاتر چەوساوەو ستەمدیدە بووە... بەڵام حەقیقەتی هەڵبژاردن کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ سەر هەڵسوکەوتی هەموو لایەنەکان. بۆ نمونە: ئەو لایەنو گروپانەی بەر لەهەڵبژاردن بەربەستو فشاریان دروست دەکردو ڕێگر بوون کە کورد پۆستی پارێزگاری کەرکوکی پێ ببڕێت، ئێستا خۆیان دان بەوەدا دەنێنو دەڵێن پۆستی پارێزگاری موڵکی کوردە. هەر چەندە ئێمە هەست دەکەین لەشارەکەدا دەبێ وەکو برا بژین. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە گرنگ ئەوە نییە ئەو پۆستەو کارە ئیدارییەکان، بەدەستی کێوە بێت، گرنگ ئەوەیە کێ کاری چاکتر دەکاتو زیاتر خزمەتی شارەکە دەکات. بەڵام ئێستاو دوای هەڵبژاردن واقیعێکی نوێ دروست بووەو پێویستە پەیڕەو بکرێت، ئێمە هیوای ئەوە دەخوازین دوای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك کار بکەین بۆ ئەوەی خەڵکی کەرکوك بە هەموو نەتەوەکانەوە وەکو براو شەریك بژین، ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێژەیەمان هێناوەو زۆرینەین مەبەستم لیستی برایەتییە، بەڵام باوەڕمان بەوە هەیە کە پێویستە هەموو لایەنەکانی تر بەشداری بکەن لەبەڕێوەبردنی کاروبارە ئیدارییەکانی کەرکوکدا، ئێستا لەگفتوگۆو تاوتۆێکردندایینو حەز دەکەین هەموو لایەنەکان ڕازی بکەینو بەشداربن، بۆ ئەوەی بە هەموومان ئەم شارە وێرانەیە ئاوەدان بکەینەوە.

**پ/ کەرکوك بە دەوڵەمەندی خاکەکەیەوە ئەو وێرانەیەیە، ئایا کوەیت هەر وەکو سەدام بانگەشەی دەکرد شارۆچکەیەك بووە لەبەسرە، بەرای تۆ ئەگەر هەروا بمایایەوە مەبەستمان شارۆچکەیەك بوایە لەبەسرە، ئێستا بارودۆخی چۆن دەبو؟**

و/ بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ئێستا هەروەکو (زوبەیر) دەبوو.

**پ/ ئەی ئەگەر بتوانرێت کەرکوك وەکو کوەیتی لێبکرێت، بۆ نمونە ئەگەر لە**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**(١٩٢٠)ەوە وەکو کوەیت بایەخ و بنچینەی سەربەخۆییەتی هەبوایە، ئێستا وەکو کوەیت دەبوو، نەك وەك شارێکی ئەفغانستان، شارێکی وا دەوڵەمەند کەچی بەو کارەسات و وێرانییەی ئێمە دەیبینین؟**

و/ ئەگەر وەکو واقیعی جوگرافی باس بکەین، بارودۆخی کەرکوک روون و ئاشکرایەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، لەچوارچێوەی کوردستاندایە، ئەوە حەقیقەتێکی مێژوویی و جوگرافییە، هەر چەندە ئێستا بارودۆخێکی تایبەت بۆ کەرکوک دروست بووە، بەڵام لەهەوڵی چارەسەرکردنیدایین پاش ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەش، لەدوا ڕۆژدا دەبێ خەڵکی کەرکوک خۆیان بڕیار لەچارەنوسی شارەکەیان بدەن... ئەگەر باسی لایەنی ئابوری بکەین، ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژی وەرگرتنی پۆستی پارێزگارییەوە درکمان بەوە کردووە کە کەرکوک چەند وێرانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەوڵەمەندە، ئەویش لەئەنجامی سیاسەتەکانی (سەدام حوسێن)و بەر لەویش ئەم حاڵەتەی دروست کردووە کە خەڵك دڵی بۆ ئەم شارە بسوتێ، هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەش نەکراوە، کە ئێمە هاتین شارێکمان وەرگرت بە چەند پلەیەك لەژێر سفرەوە بوو، ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو کارو چالاکی و پڕۆژانەی ئێمە پێشکەشمان کردوە هیچی پێوە دیار نییە وا دەزانی هیچ شتێك نەکراوە.

ئێمە هەست بەوە دەکەین کە خاوەنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەین، نەوت، ئاو، کشتوکاڵ دەیان کانزای تر لەکەرکوکدا هەیە، بەڵام ئێمە لەبەروبومی ئەو سەروەت و سامانانە زەرەرمەند بوین، ئێمە هەر بە داهاتی نەوتەکەی خۆمان دەکوژراین و کیما باران دەکراین، هەر بە داهاتی نەوتەکەی خۆمان ئەو سیاسەتە نەگریسەی تەرحیل و تەعریب و سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی و کەلتوریمان جێبەجێ دەکرا... ئێمە لەو باوەڕەدایین کاتی ئەوە هاتووە، خۆمان ببینەوە خاوەنی ئەو نەوتە، هەر چەندە هەتا ئێستا کەس بە دەنگ داواکارییەکانمانەوە نەهاتووە، سورین لەسەر ئەوەی هەر هیچ نەبێت لەم بارودۆخەی ئێستادا، ڕێژەیەك لەداهاتی نەوتی کەرکوك بۆ کەرکوکییەکان بێت. بۆ ئەوەی بتوانین کەرکوك بگەیەنینە ئاستی ئەو شارانەی لەڕادەی دەوڵەمەندی کەرکوکدان.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**پ/ پێویستە ئێوە وەکو وڵاتانی تربن، بۆ نمونە: شاری (میونخ) لەئەڵمانیادا یەکێکە لەشارە گەورەو دەوڵەمەندەکان، هەموو ساڵێك هەرچی لەخۆی زیاتر بێت یارمەتی شارە هەژارەکانی تر دەدات. بەڵام لەکەرکوکدا کارەکە پێچەوانەیە هەرچی هەیە تۆ دەیدەیتە ناوەندو ئەویش لەڕێی خوادا شتێکت بۆ دەنێرێت.. ئایا ڕاستە تۆ لەماڵەکەتدا برسی بیت و هەرچیت هەیە ببەخشی بە دراوسێکانت؟**

و/ ئەوەی ئێوە دەیڵێن: زۆر ڕاستە، بەڵام ئێمە لەسیستەمێکی یاسایی ئەو تۆدا دەژین، زۆر دورە لەو واقیعەی کە ئێوە باسی دەکەن، ئەگەر ئەوەشمان بوێت پێویستە بە هەنگاو بۆی بڕۆین، واقیعە سیاسییەکەی کە ئەمڕۆ ئێمەی پێدا دەڕۆین زۆر ئاڵۆزو دژوارە، ئێمە هەتا ئێستاش لەسەر چۆنیەتی بوونی کەرکوك ململانێ دەکەین.. ئەگەر باس لەئەوەیش بکەین ئەوا بە سامانێکی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت، ئێمە هەتا ئێستەش لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتوین چی ناوێك لەکەرکوك بنێین، (پارێزگار، هەرێم) هەچ کاتێك ئەوەمان ساغ کردەوە ئەو کاتە دەتوانین هەڵسوکەوت لەگەڵ سەروەت و سامانی خۆماندا بکەین و پێداویستییەکانمان دابین بکەین و پاشان یارمەتی ئەوانی تر بدەین.. ئێمە هەتا ئێستا دەیان داواکاری و پێشنیازمان بەرزکردووەتەوە، هەر هیچ نەبێت ڕێژەیەکمان لەداهاتی نەوتەکەی خۆمان بۆ دابین بکەن، بەڵام کەس بەدەنگمانەوە نەهاتووەو وەڵامی نەداوینەتەوە. ئیتر چۆن داوای سەرجەم داهاتی سامانە سروشتییەکانمان بکەین.. ئەوەی ئێوە دەیڵێن زۆر ڕاستە، بەڵام ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین سەروەت و سامانەکەی بۆ هەموویەتی، ئێمەش پێویستە لەداهاتی شارەکانی تریش بەشمان هەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هەتا هەتایە بەو واقیعە ڕازی بین.

**پ/ ڕاستە عێراق هەتا ئێستاش سیستەمەکەی لەناوەندەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، بەڵام ئەگەر بوو بەفیدراڵی، خۆتان دەزانن فیدرالی پێویستە لەهەموو ڕویەکەوە بێت، مەحاڵە فیدراڵی سیاسی بەبێ فیدراڵی ئابوری بچەسپێنن، یاخود هەر وەکو عەرەب دەڵێت ئەو فیدرالییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت تەنها (حبر علی الورق) نەبێت؟**

و/ ئەوەی ئێوە دەیڵێن دەبێت دەستور هەبێت و سیستەمێکی لەو جۆرە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



دابمەزرێنرێتو هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، ئەو دەستورەش پێویستە ریفراندۆمێکی گشتی لەسەر بکرێتو کۆمەلانی خەڵك بڕیاری لەسەر بدەن. هەر بەتەنها ئەو دەستورە دەتوانیت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئەو داهاتە ئابورییانە چۆنو بەچ شێوەیەك چارەسەربکرێن. هەتا ئێستاش بودجەی زۆربەی وەزارەتەکان لەبەغداوە دابین دەکرێت، هەموو سەرچاوە ئابوریو داهاتەکان لەبەغدادا کۆدەکرێنەوەو دوبارە دابەشدەکرێنەوە بەسەر پارێزگاکاندا.

ئێستا سیستەمەکە وایە، بەڵام ئێمە بە مافی ڕەوای خۆمانی دەزانین لەم قۆناغەدا ڕێژەیەك لەداهاتی نەوتی کەرکوك، یاخود هەرچ سەرچاوەیەکی سروشتی تر لەکەرکوکدا بۆ خەڵکی کەرکوك خۆی بێت، بتوانین پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی پێ جێبەجێ بکەین. ئێمە ئەگەر لەم قۆناغەدا ئەو کارە بکەین، شتێکی چاکمان کردووە.. ئەو پڕۆژانەش کە بەرێزتان ئاماژەتان پێدا، ئێمە پڕۆژەی گەورەی وامان ئەنجام نەداوە، ئەوەی تاوەکو ئێستا ئەنجامدراوە خەریکی ڕێکخستنەوەو پڕکردنەوەی چاڵی جادەو کۆڵانو شەقامەکانین، هەروەها شەقامو جادەی نوێتریش دروست دەکەین، هەتا ئێستا چەندین قوتابخانەو خوێندنگەو بنکەی تەندروستیو نەخۆشخانەمان بۆ گەڕەکەکان دروست کردووە.

**پ/ چەند پارە بۆ کەرکوك تەرخانکراوە؟**

و/ لەو بڕەپارەیەی کە لەڕێگەی وەزارەتەکان، یاخود ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە بۆ کەرکوك تەرخانکراوە، کاری چاکمان پێکردووە، بەڵام ئێستا لەڕێگەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانەوە لەهەوڵی ئەوەداین پڕۆژەیەك بۆ ئاوی خاسە دروستبکەین، ئەو چەمە وشکەو تەنها لەزستانداو لەکاتی وەرزی باراندا ئاوی پێدا دەڕوات، ئێمە خەریکی دروستکردنی بەربەستێکین لەسەروی کەرکوکەوە تاوەکو بتوانین لەزستاندا ئاوەکەی تێدا کۆبکەینەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاوی بۆ بێنین ئەو کاتە دەتوانین بە درێژای ساڵ ئاوی چەمی خاسە دابین بکەین، دوای ئەوەی زۆر ئاستەنگیان بۆ دروستکردوین هەتا ئەو پڕۆژەیە سەرنەگرێت، بەڵام سوپاسی زۆرمان بۆ دکتۆر (لەتیف) هەیە، کە وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانە، زۆر هاوکاریو هەماهەنگی کردوین، بڕیاریدا ئەو کارە جێبەجێ بکرێت. ئەو کارە بە یەکێك لەپڕۆژە گەورەکان دادەنرێت بۆ شاری کەرکوك ئێمە ئەمبەرو



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەوبەری چەمەکە دەکەین بە شوێنێکی گەشتو گوزاری جێگەی حەسانەوەی هاووڵاتیان.. سوپاسی زۆریشمان بۆ دکتۆر (بەرهەم ساڵح) کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقو سەرۆکی لیژنەی بنیاتنانەوەی عێراقە، بڕی (١٠٠) سەد ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ کەرکوك. ئێستا لەگەڵ بەڵێندەرەکاندا ڕێککەوتوین بۆ ئەنجامدانی دەیان پڕۆژەی گەورە بۆ شاری کەرکوك، دەتوانین بڵێین بەو بڕەپارەیە پتر لە (١٠٠) پڕۆژە ئەنجامدەدەین.

**پ/ ئایا بزوتنەوەو جوڵانەوەی بیناکردنەوە لەکەرکوکدا نابێتە هۆی کەمکردنەوەی رادەی تیرۆر لەشارەکەدا؟**

و/ بەڵێ، پەیوەندیەکی زۆر ئیجابی هەیە لەنێوان ئەو دوو بوارەدا، بواری ئابوریو بواری ئاسایش. هەر چەندێك باری ئابووری باش بێت ئەوەندە باری ئاسایش چاك دەبێت، چونکە ئێستا کەسانێك هەن بێکارنو هەلی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە، بۆیە لەلایەن خەڵکانی ترەوە بەپارە بەکار دەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی، یاخود تاوانی دزیو کوشتنو ڕفاندن ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەگەر ئێمە هەلی کارمان بۆ ڕەخساندن، دووردەکەونەوە لەو لایەنانە، بەکاریان دەهێنن بۆ مەرامە تیرۆریستییەکانو ئەو کاتە بارودۆخی ئاسایشیش، چاك دەبێت. لەلایەکی ترەوە کارەکە پێچەوانەیە، هەتا بارودۆخی ئاسایش چاك نەبێت کۆمپانیاکان ناتوانن بێنە کەرکوكو پڕۆژەکانیان ئەنجامبدەن.

**پ/ باسی ئاسایشمان کرد، لەو ماوەیەدا کە ئێوە پارێزگار بوون یەکێك لەکارەسەرەکییەکانتان ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆربووە، بەڕای تۆ چارەسەری بنەڕەتی تیرۆر چۆن دەکرێت؟**

و/ وەکو خۆتان دەزانن بابەتی تیرۆرو تیرۆریستان شتێکی ناوخۆیی نییەو تەنها پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، یاخود تەنها لەشارەکەی ئێمەدا ئەنجامدرێتو لەهەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا هەیە، بۆیە کۆتایی پێهێنانی شتێکی ئاسان نییە، ئەو شێوازی تیرۆرەی ئەمڕۆ پیادە دەکرێت، مەحاڵە بتوانی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی بکەی، ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو دەهێننو لەشوێنێکدا دەیتەقێننەوە، تۆ ناتوانی ڕۆژانە سەدان هەزار ئۆتۆمبێل بپشکنی، بەڵام زۆر هەنگاو هەیە ئەگەر بگیرێتە بەر دەتوانین

مەکتەبی بیروهۆشیاری



تارادەیەکی زۆر تیرۆرو کاری تیرۆرستی کەمبکەینەوە. بەر لەهەموو شتێك سنورەکانمان کۆنترۆڵ بکەین، بۆ ئەوەی تیرۆریستانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێ دزە نەکەنە ناو وڵاتەوە.. لەم دواییانەدا، کاری زۆر چاك کراوەو ژمارەیەکی زۆر لەتیرۆریستان دەستگیرکراون‌و دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە. بەڵام ئەو کارە هەر بەردەوام دەبێت ژمارەیەك دەستگیر دەکرێن‌و ژمارەیەکی تر دێنە ژورەوە. بۆیە یەکەم هەنگاو پێویستە سنورەکانمان کۆنترۆڵ بکەین، لەهەمان کاتدا زۆر بەتوندو تیژی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت ئەگەر وڵاتان یاخود تاکەکانی ئەو وڵاتانە بن کە تیرۆرستان دەنێرنە عێراق، بەتوندوتیژییەوە قسەیان لەگەڵدا بکرێت‌و هەنگاوی یاسایی بگیرێتەبەر بەرانبەر وڵاتەکانیان.

پاشان هەر وەکو باسمانکرد چاککردنی لایەنە ئابورییەکە هەنگاوی دووەمە.

هێزی ئاسایشی عێراق ژمارەیان زیاد بکرێت‌و سەرجەم پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکرێت. لەگەڵ هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکە بۆ ئەوەی هاوکار بێت.

**پ/ ئێمە خاڵێکی گرنگمان لەبیرچوو ئەو شارو شارۆچکانەی هەتا ساڵەکانی ١٩٦٨ لەسەر کەرکوك بوون‌و بەهۆی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌و کەمکردنەوەی ژمارەی کورد، لەکەرکەوکدا خرانە سەرشارەکانی تر، ئایا هیوای ئەوە هەیە بگەڕێنرێنەوە سەر کەرکوك؟**

و/ هەر وەکو باسمانکرد مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق باسی لەو حاڵەتە کردووە، ئەو مادەیە بە تەنها بۆ ئەو کارە تەرخانکراوە، سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی گۆڕینی سیمای نەتەوەیی شاری کەرکوك، یەکێك لەوانە گەڕانەوەی سنوری کۆنی کەرکوکە، مەبەست لەوەش گەڕانەوەی ئەو چوار شارۆچکەیەیە کە بە گوندو ناحیەکانییەوە (چەمچەماڵ‌و کەلارو دووزو کفری) پێویستە لەزوترین کاتدا کاربۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بکرێت، چونکە ئەوە داواکاری نییە بەڵکو یاسایەو دەبێت جێبەجێبکرێت، زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق کە ئەنجومەنی حوکم نوێنەرایەتی دەکردن بڕیاری لەسەر داوە بەگوێرەی مادەی (٥٨) پێویستە لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو مادەیە بە تەواوەتی جێبەجێ کرابێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**پ/ ئێوە وەکو پارێزگار، یاخود ئەنجومەنی پارێزگا، تا چەند هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم مادەیەتان داوە؟**

و/ وەکو ئەنجومەن، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هەوڵی ئەوەمان داوە ئەو ئەرکانەی کە لەئەستۆمانە بەرانبەر خەڵکی کەرکوك جێبەجێی بکەین، من لەو باوەڕەدام جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) لەبەرژەوەندی سەرجەم دانیشتوانی کەرکوکدایە. بۆ نمونە ئێمە داوا دەکەین ڕێژەیەك لەداهاتی نەوتی کەرکوك بۆ خۆمان بێت.

**پ/ ئەو ڕێژەیە چەندە کە ئێوە داوای دەکەن؟**

و/ بەپێی ڕێککەوتن‌و پێداویستییەکانی خۆمان‌و ئەو وێرانکارییەی کەرکوکی تێدایە.

**پ/ ناکرێ ئێوە داوای هەموو داهاتەکە بکەن، یاخود بۆ نمونە داوای ٧٠٪ بکەن هەتا ئەوان ٥٠٪ تان بدەنێ. بەڵام ئەگەر ئێوە داوای ١٠٪ بکەن ئەوان دەڵێن کاکە ٢٪ باشە بۆ ئێوە؟**

و/ ئەگەر بۆمان بکرێت‌و بلوێت، داوای هەمووی دەکەین. بەڵام لەکاتی ئێستادا ئەو داواکارییە مەحاڵە. ئێمە خۆمان داوای ڕێژەیەك دەکەین.

**پ/ بە بۆچونی ئێمە داوای هەمووی بکەن باشترە، چونکە بەگوێرەی سیستمی فیدراڵی دەبێ وابێ، بۆ نمونە کاتی خۆی لەگفتوگۆکانی (١٩٧٠)و ١٩٨٤، ١٩٩١و ئەوانی تردا ئەگەر کورد بیگوتایە ئێمە فرۆکە خانەیەك لەهەولێرو یەکێك لەسلێمانی داوادەکەین‌و پێویستە بکرێتەوە، ئەو داوایە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە چۆن تەماشا دەکراو وەڵامیان چی دەبوو، بەڵام ئێستافرۆکەخانە لەسلێمانی‌و هەولێریش هەیە، ئەمڕۆ شتەکان گۆڕاون، داواکارییەکان زیاتر بوون، ئێمە کە دەڵێین سیستمێکی فیدراڵیمان دەوێت‌و ئەوانیش ڕازین لەسەری، پێویستە هەموو بنەماکانی فیدراڵی هەبێت، ئەو داهاتەی لەکالیفۆرنیایە بۆ کالیفۆرنیاو بۆ واشنتۆن نیە؟**

و/ بەدڵنیاییەوە ئێمە ئاگاداری چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەرێمە فیدرالییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاین، بەڵام نابێت ئێمە ئەوەمان لەبیر بچێت ئەوان دوای (٢٠٠) ساڵ ئینجا گەیشتونەتە ئەو سیستەمە فیدراڵییەی ئێوە باسی دەکەن، ئەوان هەتا

مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئێستاش زۆر شتیان بە ناوەندەوە گرێداوە ئێمە هەتا ئێستاش وەکو شارێك کار دەکەین، کە لەچوارچێوەی هەموو عێراقدایە. نەوت هەر بە تەنها لەکەرکوك نییە، لەموسڵ و بەسراو عمارەش هەیە، داهاتی ئەوانیش دەچێتە بەغداو ئێمە بەهیوای ئەوەین جگە لەو رێژەیەی داوای دەکەین لەنەوتەکەی خۆمان رێژەیەکیش لەداهاتی نەوتی ئەوانیش وەربگرین، ئێمە بەو رێژەیە رازی نابین کە لەبەغداوە بۆماندێت، بەڵام ئەو کارە هەنگاوی دەوێ و کوتوپڕ جێبەجێ ناکرێت. لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئەمڕۆ عێراقی تێدا تێدەپەڕێت ناتوانین داوای هەموو شتێك بکەین.

**پ/ ئەگەر بگەڕێینەوە بارودۆخی نەتەوەکان، بەڕای تۆ هیوا هەیە، بۆ پێکەوە ژیان، یاخود دەسەڵاتێکی دەرەکی شتەکان دەجوڵێنێ، یان بە واتایەکی رونتر بۆ هەتا ئێستا ناجێگیریونائارامییەك هەیە لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوکدا؟**

و/ وەکو نەتەوە من هیچ کێشەو ململانێیەك نابینم لەکەرکوکدا، ئەگەر تۆ بڕۆیتە بازاڕو گەڕەکەکانی کەرکوك، دەبینی پەیوەندییەکی زۆر بە هێز هەیە لەنێوان نەتەوەکاندا، ئێمە دەیان ساڵە تێکەڵاوبوین بەهۆی خزمایەتی ژن و ژنخواستن، من هیچ کێشەیەك نابینم.

**پ/ مەبەست عەرەبە هاوردەکانیشە؟**

و/ نەخێر من باسی خەڵکی رەسەنی کەرکوك دەکەم، ئەو عەرەبانە شتێکی جیاوازن. ئێمە باس لەوە ناکەین کە دەنگێك لێرەو لەوێ هەیە. ئەو خۆی بە نوێنەری نەتەوەیەك دەزانێ و ئەم خۆی بە زۆرینە دەزانێ. هیچ کام لەوانە نە دەتوانن بڵێن نوێنەری سەرجەم نەتەوەیەکین، نە دەشتوانن بڵێن ئێمە زۆرایەتین لەکەرکوکدا.

**پ/ ئەو دەنگانە تا چەند دەتوانن کێشە دروستبکەن؟**

و/ وابزانم ئەوەی بیەوێت کێشە دروست بکات تەمەنی کورتە، بڕوا ناکەم تا هەتایە بتوانێت کێشە دروست بکات. ئەوەمان بیر نەچێت دوای (٣٥) ساڵ دیکتاتۆری وەزعو زروفی ئێستا هەموو کەس دەتوانێت بە ئازادیو دەنگ بداو هەڵبژێردرێت، بەڵام دەنگە توندڕەوەکان، ئەو دەنگانەی، روەو خراپەکاری هەنگاو دەنێن و دەیانەوێت بارودۆخی شاری کەرکوك تێکبدەن وردە وردە کز دەبن، کپ دەبن. ئەو خەڵکە ئێستا لێمان



مەکتەبی بیروهۆشیاری



تێدەگەن، بەڵام من بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەتەوەکانی کەرکوك لەو دەنگانە بە دورن و کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشور هەموویان شادمانن بەو بارودۆخەی دروست بووە، ئێستا لەساڵێك لەمەوبەر زۆر باشترین و ساڵی ئایندەش لەئەمساڵ زۆر باشتر دەبێت، بۆیە من گەشبینم لەپاشەڕۆژی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، لەشاری کەرکوکدا لەهەموو بوارەکانەوە سیاسی، ئابوری و ...هتد.

**پ/ ئەنجومەنی پارێزگا کارەکانیان چۆن ڕادەپەڕێنن، ئایا زۆرینە حوکم دەکات، یاخود تەوافق، بەر لەهەڵبژاردن ئەو کارانە چۆن بوو؟ دوای هەڵبژاردن چۆنە؟.**

و/ بەر لەهەڵبژاردن ئەو دەسەڵاتانەی یاسا بڕیاری لەسەردا لەبەغداوە ڕێگە نە دەدرا بۆ ئەنجامدانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەبارودۆخێکی دیموکراسیدا دەژیایین. هەموو لایەنەکان بۆیان هەبوو بەئازادی بیروبۆچونەکانیان دەربڕن جارجارە بیروباوەڕێکی پێچەوانە دروست دەبوو، وابزانم ئەوەش دیاردەیەکی شارستانی و دیموکراسی یە، بیرو بۆچونەکان شایەنی ئەوەن گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی دیموکراسی نەبوو (مقاطعە) پەیوەندی پچڕان و دوورکەوتنەوە بوو لەئەنجومەنی پارێزگا، یەکێکی تر لەبنەماکانی دیموکراسی ئەوەیە تۆ دۆڕاندن قەبوڵ بکەی لەهەڵسوکەوتی دیموکراسییانەو هەڵبژاردندا، ئەوە کۆتایی دونیا نییە، ئەگەر تۆ لەهەڵبژاردندا دۆڕاندت، جاری دووەم و سێیەم دەتوانی شتێك بۆ خۆت بکەی و سەرکەوی لەهەڵبژاردندا.

**پ/ دیارە لە ئەنجامی هەڵبژاردندا کورد زۆرینەی بەدەست هێنا، ئایا هەتا ئێستا ئەنجومەنی نوێ دروستکراوە، ئەگەر دابمەزرێت دیارە دەبێت زۆربەی پۆستەکان بەپارێزگاریشەوە کورد بێت. لەو کاتەدا هەڵوێستی نەتەوەکانی تر چۆن دەبێت؟**

و/ هەڵبژاردنەکان هەموو ململانێکانیان یەکلایی کردەوەو (٤١) کەس هەڵبژێردرا بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، دیارە ڕێژەی کورد چەندەو نەتەوەکانی تریش چەندن، من پێم وایە ئەو کەسەی بوو بەئەندامی ئەنجومەن، دەبێتە نوێنەری هەموو خەڵکی کەرکوك، هەر پڕۆژە یەك دەخرێتە ڕوو لەلایەن سەرجەم ئەندامانەوە تاوتوێ دەکرێ، دەخرێتە پڕۆسەی دەنگدانەوەو پێویستە ئەو پڕۆژەیە زۆرینەی دەنگ بەدەست بهێنێت. ئێستا ئەنجومەن دیاریکراوە، بەڵام وەکو زۆربەی ئاستە جیاجیاکانی عێراق ئێمە لەگفتوگۆو

مەكتەبی بیرو هۆشیاری



تاوتوێكردنداین بۆ ئەوەی هەموو لایەنەكان بەشدار بن. ڕاستە ئێمە زۆرینەی دەنگمان وەدەستهێناوە، بەڵام حەز دەكەین هەموو لایەنەكان ڕازی بكەینو بەتەنها خۆمان لەگۆڕەپانی كاركردندا نەبین.

**پ/ ئایا مەترسی ئەوە نییە وەكو جاران، بۆ نمونە لایەنێك چەند هەفتەیەك موقاتەعەی دەكردو كۆمەڵێك كێشە دروست دەبوو ئەو كارە دوبارە ببێتەوە؟**

و/ ئەگەر جاران شتی وا هەبوو بێ، چونكە لەسەر بنەمای تەوافوق دانرا بوو، لەوانەیە گروپێك یان دوو گروپ دوربكەوتنایەتەوەو نەتوانرابێ كارەكان بەشێوەیەكی یاسایی ئەنجامبدرایە، بەڵام ئێستا وا نییە بە تەنها ئێمە لەكۆبونەوەكاندا ئامادەبین ڕێژەی یاساییەكە دروست دەبێتو دەتوانین كارەكان ئەنجام بدەین.

**پ/ هەڵوێستی حیزبە سیاسییەكان، ئایا هاوكارییان كردوون لەكارەكاندا؟**

و/ حیزبە سیاسییەكان هەر كەسو لایەنێك بیرو بۆچونی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەوان دوور لەئیدارە كاریانكردووە.

**پ/ هەردوو حكومەتەكەی هەرێمی كوردستان تا چ ڕادەیەك هاوكاری تۆیان كردووە؟**

و/ دەبێت باسی ئەوە بكەین. سەرەتا ئێمە ئەم پۆستەمان وەرگرت بارودۆخی شارەكە زۆر خراپ بوو، بەڵام بەسوپاسەوە ئەوان دەستی یارمەتیو هاوكارییان بۆ درێژ كردووین هەتا ئێستاش لەزۆر بوارەوە یارمەتیمان دەدەن. ئێمە زۆر سوپاسیان دەكەین، بەڵام نابێت ئێمە تەنها پشت بەو دوو حوكمەتەی هەرێم ببەستین، پێویستە بودجەی خۆمان هەبێت. دەبێ دان بەوەدا بنێین هەتا ئەم كاتەش ئەوان بەردەوامن لەیارمەتیدانمان پێداویستی قوتابخانەو نەخۆشخانەو زۆر شتی تریشمان بۆ دابین دەكەن.

**پ/ ئێوە پێتان باشە كەركوك شارێكی سەربەخۆ بێت، یان بەمەركەزەوە گرێدرابێت، یاخود بگەڕێتەوە سنوری هەرێمی كوردستان؟**

و/ ئەگەر بۆچونی تایبەتی خۆمتان دەوێت، لەبەر ئەوەی كەركوك واقیعی جوگرافیو مێژوویی دیاریكراوی خۆی هەیە، پێویستە بگەڕێتەوە سەر واقیعە جوگرافییەكەی خۆی كە هەرێمی كوردستانە... ئەمە بۆچونی تایبەتی منە لەگەڵ ڕێزمدا



مەكتەبی بیرو هۆشیاری



بۆ هەموو بیرو بۆچونە جیاوازەكانی تر، بەڵام واقیعێكی مێژوویی هەیەو دەبێ ڕەچاو بكرێت ئەو واقیعەش نكوڵی لێناكرێتو زۆر بەئاسانی دەتوانین بیسەلمێنین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕێز لەبیرو بۆچونە جیاوازەكان دەگرین، هەموو دانیشتوانی كەركوك یەك بیرو بۆچونیان هەیە ئەویش ئەوەیە پێویستە وەك برا بژین بەبێ جیاوازی نەتەوەكان ئێمە وەكو ئیدارە لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەو شێوەیە كارمان كردووە. بڕوا ناكەم كەسێك ڕۆژێك لەڕۆژان گلەیی لەئێمە هەبوبێت. ئێمە جیاوازی هیچ هاووڵاتییەك ناكەین سەر بەچی نەتەوەیەك بێت باوەڕمان بەو ڕاستییە هەیە كە هەرچ مرۆڤێك لەسەر خاكی كەركوك دەژیو خەڵكی ڕەسەنی شارەكەیە، دەبێت بەتەواوەتی مافی خۆی دەسكەوێت لەهەموو لایەنەكانی ژیاندا. بەڵام ئەو هەنگاوانەش بەهیچ شێوەیەك حەقیقەتە جوگرافیو مێژووییەكەی كەركوك ناسڕێتەوە كە شارێكی كوردستانییە.

**پ/ پێت وایە وەكو گریمانەیەك تا چەند ساڵی تر كەركوك وەكو كوەیتو ئەبوزەبی لێ دێت؟**

و/ بەڕاستی ناتوانم ئەو ماوەیە دیاری بكەم.

**پ/ پرسیارەكە بگۆڕین: ئەگەر هەموو لایەنە ئابوریو تواناكان بخەنە بەر دەستی تۆ لەماوەی چەند ساڵدا وەكو ئەو شارانەی لێدەكەی؟**

و/ ناتوانم ماوەیەكی دیاریكراوتان پێ بڵێم. بەڵام ئێمە تەنها ئەوەندەی بتوانین لەسەر پێی خۆمان بووەستین جوڵانەوەمان زۆر بەپەلە دەبێت. لەڕاستیدا ئێمە جیاوازیمان لەگەڵ ئەو شارانەدا هەیە كە ئێوە باسی دەكەن. چونكە ئەوان هەموو ئابورییەكەیان لەسەر داهاتی نەوت وەستاوە ئێمە زۆر شتی ترمان لەوان زیاترە. ئێمە كشتوكاڵمان هەیە، ئاومان هەیە، دەیان كانزای ترمان هەیە، جێگەی گەشتیاریمان زۆرە، ئەوانە هەموویان لەپاڵ ئەو نەوتە زۆرەی لەكەركوكدا هەیە، ئەوان هەتا ئێستا ئاوی خواردنەوەیان نییە... كەواتە هەنگاوەكانی ئێمە بەپەلە ترو خێراتر دەبێت لەوان.

**چاوپێكەوتنی**

**مامۆستا جەعفەر**

**سەمەد زەنگەنە**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# ڕزگـار عەلـی

## سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك

لەشارۆچکەی دوبز لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەدوبز تەواو کردووە. ئامادەیم لەشاری کەرکوك، پەیمانگام لەهەولێر تـەواوکردووە. سـالّی ١٩٨٠ پەیوەنـدیم بەخوێندکارانەوە کردووە.

سـالّی ١٩٨٢ چـووەتە کۆمەڵـەی رەنجـدەرانی کوردسـتانەوە. سـالّی ١٩٨٣ بووەتـە پێشمەرگە، سالّی ٩٩١ لێپرسراوی عەسکەری بووە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەدوای ڕاپەڕین ل.کۆمیتەو کارگێڕی مەڵبەند، ئەنـدامی مەکتـەبی ڕێکخـستنی ی. ن. ك بووە.

دوایش ئیحتیاتی سـەرکردایەتی (ی. ن. ك). مـاوەی دوو سـالّ پارێزگـاری کـەرکوك بـووە لەدەربەنـدیخان دوو سـالّە ئەنـدامی ئەنجومـەنی پارێزگـای کەرکوکـە، لێپرسـراوی دووەمی حیزبی (ی. ن. ك)نە لەشاری کەرکوك.

**هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی کەرکوك**

**بەڕێز/ ڕزگار عەلی**

**پ/ یـەکێك لـەدوو حیزبـە سـەرەکییەکەی کوردسـتان (ی.ن.ك) ە، لـەدوای ڕزگـار کردنی عێراقەوە ئەو حیزبە جولاّنـەوەو کـارکردن‌و ڕێکخـستنی بەرچـاوی هەیـە، لـەناو شاری کەرکوکدا، ئایا بەر لەهەڵبژاردن بیرو بۆچونی هاوولاّتیان‌و مەعنـەویاتی خۆتـان چۆن بوو بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و پـاش هەڵبـژاردنیش چ گۆڕانکارییـەك هاتووەتـە دی؟**

و/ دیـارە هەڵبــژاردن لــەدوای ڕوخـانی (ســەدام حوسـەین)ەوە یەکـەم پڕۆسـەی دیموکراسـییە لەمێـژوی عێراقـدا، بـەلاّی کەمـەوە پـاش (٥٠) سـالّ کـە پڕۆسـەیەکی دیموکراسی بە هەمـوو کەموکوڕییەکانی کۆمیسیۆنی بـالاّی هەڵبژاردن‌و بـەو واقیعـەی ئاسایشی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، من پێم وایە ئەوە هەر خۆی لەخۆیدا گۆڕانکارییەکی چۆنایەتییە لەمێژوی عێراقدا.

من لەسەر ئەو شتانە نادوێم کە پەیوەندی بەپەرلەمانی عێراق‌و کوردستانەوە هەیـە، بـەڵکو تـەنها لەسـەر ئـەو لایەنـە دەدوێـم کـە پەیوەنـدی بەشـاری کەرکوکـەوە هەیـە. لەکەرکوکدا، (٢٤) لیست هەبوو، تاکە لیستێك کـە هـەموو نەتـەوەکانی لـەخۆگرتبوو لیستەکەی ئێمە بوو (لیستی برایەتی) هەر چـوار نەتەوەکـەی کـەرکوك‌و (١٤) حیزبـی کورستانی لەخۆگرتبوو.

**پ/ حیزبەکان کێ بوون؟**

و/ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، حیزبـی شـیوعی کوردسـتان، سۆشیالیـست، زەحەمەتکێـشان، پـارتی برایـەتی، تورکمـان، پـارتی گـەلی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



تورکمان، پارتی یەکێتی تورکمان، بزوتنەوەی ئەفسەرانو مەدەنییە ئازادیخوازەکان، پارتی نیشتمانی ئاشوری، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،... هتد. بێلایەنەکانیش لەچوار نەتەوەکە.

یەکەم شت کە هەڵبژاردن سەلماندی ئەوە بوو کە کورد لەماوەی (٤٠)ساڵی رابردودا هەوڵی دەدا بەپێی بەڵگە مێژوییو جوگرافییەکان بیروڕاو بۆچونی میتۆدنوسانی تورکو عەرەب، لەسەدەی (١٩) و بۆچونەکانی شەمسەدین لەقاموسی ئەعلامیو دەیان بەڵگەی تر بسەلێنێت کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە. بەڵام ئێستا ئەو قۆناغی سەلماندنەمانی تێپەڕاندو هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیعی هەڵبژاردندا دەکەین، لەهەڵبژاردندا ئەو شتە ڕۆشن بویەوە کە ئێمە پێویستمان بەوە نییە بگەڕێینەوە سەرژمێرییەکانی (٥٧) و دەڵێین لە٣٠/١/٢٠٠٥ هەڵبژاردن سەلماندی کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە، ئەمە لەکاتێکدا بەشی زۆری ئاوارە کوردەکانی کەرکوك نەگەڕاونەتەوە شارەکەیان، بەشداری دەنگدانی کەرکوکیان نەکردووە، کەلارو کفریو چەمچەماڵو دوزخورماتوش نەگەڕاونەتەوە باوەشی کەرکوك، ئێمە ڕێژەی ٦٤٪ ی کەرکوکمان هێناوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین کە ئەو ڕێژەیە تەنها دەنگی کورد نییە، بەڵام دەنگە هەرە زۆرەکەی کوردن، ئەوانەش کە کوردستانییەتی کەرکوکیان قبوڵە لەتورکمانو عەرەبو کلدو ئاشور، ئەو حەقیقەتە بۆ دۆستو ناحەزانی سەلماند، کە کورد ڕاستە دەیەوێت سەرکردایەتی کەرکوك بکات، بەڵام سەرکردایەتییەکی هاوبەش سەرکردایەتییەکی موزایكو کەسو بەرابەرەکەی ڕەفز ناکاتو کەس بەپلە دوو نازانێت، هەروەکو چەند ساڵی ڕابردوو بەو شێوەیە هەڵسوکەوت کراوە لەکەرکوکدا کورد هەمیشە لەخوار پلەیەکەوە بووە. ئێستا کورد بەهەموو خەڵكو نەتەوەیەك دەڵێت تۆ پلەیەکیو منیش پلەیەکم، ئەم واقیعەی هاتووەتە پێش قەبوڵکردنی گەلێك زەحمەتە لای پاشماوەکانی ترو گروپە تازەکان لەسیاسەتدا، کە باگراوندێکی نیشتمانیو شۆڕشگێڕیو خەباتیان نییە، ئەوانە درەنگ لەو بابەتە سیاسییانە تێدەگەن. ئەگەر باس لەبۆچونی وڵاتانی دەوروبەرو دراوسێش بکەین. جاران واتە بەر لەهەڵبژاردن موزایەدەیەکی زۆریان دەکرد لەسەر کەرکوكو دەیانگوت نایەڵین کەرکوك وابێ، ئێستا کپ بوونەتەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



بۆ نمونە بەرپرسێکی تورکیا دەڵێت: گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتەی کە کورد لەتورکمان زیاترە لەکەرکوکدا، دیارە ڕۆژنامەکانی خۆشیان بەڕاشکاوی لەسەر ئەو ڕاستییە دەنوسن. هەڵبژاردن ئەو ڕاستییەی سەلماند کە هەندێك دەنگ دەیانگوت لەعێراقدا (٤) ملیون تورکمان هەیە، بەڵام بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی (٥٧) ٢٪ تورکمان بووە، ئەگەر لەساڵی (١٩٥٧)ەوە تورکمان زیادی کردبێت ئەوە کوردو عەرەبیش زیادیان کردووە. بەهەرحاڵ من مەبەستم ئەوە نییە شتێکی ناڕاست بڵێم بەرامبەر بە تورکمانەکان، مەبەستم ئەوە بوو دراوسێکانی عێراقیش گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە کورد توخمێکی سەرەکییە لەشاری کەرکوکداو هەر کەسێك بیەوێت هەڵسوکەوت لەگەڵ کەرکوکدا بکات پێویستە لەسەرەتادا لەگەڵ کوردا گفتوگۆ بکات.. خاڵێکی ترمان بیرچوو، لەهەڵبژاردندا عەرەبی هاوردەش بەشداریان کردووە، هەڵبژاردن سەلماندی کە کەرکوك شارێکی کوردستانییەو لەعێراقیشدا چی دەگوترێت ئەوە شتێکی ترە.

**پ/ دوای هەڵبژاردن، پەیوەندیو پێکەوە ژیان لەگەڵ تورکمانو عەرەبە ڕەسەنەکاندا چۆنە، جاران چاکتر بوو یان ئێستە؟**

و/ بەبۆچونی من ئێستا ئاسانترو چاکترە، وەك بەر لەهەڵبژاردن، من بەشێوەیەکی ماتماتیکی دەدوێم نەك شیکردنەوەیەکی سیاسییانە. ئێمە جاران، واتە بەر لەهەڵبژاردن لەئەنجومەنی پارێزگادا لەکۆی (٤٠) کورسی تەنها (١٣) ئەندامی کورد هەبوون (١٠) ئەندامی تورکمانو (١٠) عەرەبو (٧) کلدو ئاشوری.

**پ/ باشە ئەو ڕێژەیە چۆنو بۆ وا دانرابوو؟**

و/ ئەو ڕێژانە لەهەلومەرجێکی بێ سەرو بەریو فەوزادا دانرابوو، سوپای ئەمریکا دەسەڵاتدار بوو لەشارەکەدا تۆش ناتوانی حەقیقەتی (٣٥) ساڵی زوڵمو زۆرو تەرحیلو تەعریب ڕونبکەیتەوە، لەو بارودۆخەدا، ئەگەر ئەوەشت کرد، بەئاسانی باوەڕت پێناکەن. هەر خودی ئەمریکییەکان دوای (٦) مانگ گەیشتبونە ئەو قەناعەتەی ٤٠٪ ی ئەم پارێزگایە کوردن. زۆربەی پێکهاتە ئیداریو ئاسایشو پۆلیسیش لەسەر ئەو ڕێژەیە دانرا بوو بۆ نمونە پۆلیس، ئێمە دەمانگوت برایان واقیعەکە وابووەو وایە، ئەوە سەرژمێری

مەکتەبی بیروهۆشیاری



(٥٧) و ئەوەش ئەرشیفی عوسمانیو بەریتانی، بەڵام ئەوان باوەڕیان بەئێمە نەدەکرد. لەو دەمانەدا سوپای ئەمریکا، دەیویست کارەکان بڕوات. ئەو خەمی ئەوەی نەبوو کێ زاڵم بووەو کێ زوڵم لێکراو، بەهیچ شێوەیەك خەمی ئەوەی نەبوو ماڵی زەوتکراوی تۆ بگێڕێتەوە، ئەو تەنها دەیویست وەکو ڕزگارکەرێکی خەڵکی عێراق خۆی بناسێنێت، پێویستە بەهەموو شێوەیەکیش لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بێت. ئێمەش بەردەوام ئەو هەڵسوکەوتانانەمان قەبوڵ نەکردووە. ئێمە بەر لەهەڵبژاردن هەتا یاداشت، پێشنیار، یاخود بڕیارێکمان بۆ بەغدا بەرز دەکردەوە، دەبایە (٧) ڕۆژ گفتوگۆمان لەگەڵ تورکمانو عەرەبەکاندا بکردایە، کاکە بۆ خاتری خودا دەنگ بدەن بەو یاداشتە، بۆ نمونە یاداشتت هەبوو پێشکەش بە بەغدا کراوە دەڵێین پشتیوانیو هاوکاری پێشکەش بەئاوارە کوردو تورکمانو عەرەبەکان بکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ کەرکوك. خەڵك هەبوو لەتورکمانو عەرەب ئەو یاداشتەیان ئیمزا نەکرد. تۆ بڕوانە ئەو شۆڤێنییەتە ئێمە داوای گەڕانەوەی ئاوارەکانی ئەوانیشمان کردووە، بەڵام ئەوان ئیمزای ناکەن، دوای هەڵبژاردن ئێمە ڕێژەی یاسایی کورد تەواوە دەتوانێ بڕیار دروست بکات. واتە لەمەودوا بۆ هەموو بڕیارێك ماندوبونێکی ئەوتۆمان ڕوبەڕو نابێتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو ڕاستیانەش، ئەوانە برای ئێمەن، بۆ نمونە وا پتر لەساڵێك بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕ بووە، ئێمە براوەین، بەڵام هەتا ئێستاش بەردەوامین لەگفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی تەوافوقیان لەگەڵدا بکەینو بیانکەین بەشەریكو پلەو پایەی ئیدارییان بدەینێ پێیان دەڵێین: ڕاستە ئێوە لەهەڵبژاردندا دۆڕاون، بەڵام ئێمە ئێوە بەدۆڕاو نازانین، ڕاستە لای ئێمەش نوێنەری تورکمانو عەرەب هەیە، بەڵام ئێوەش نوێنەری بەشێك یاخود گروپێکن لەعەرەبو تورکمان.

**پ/ لەوە دەچێت بەرەی تورکمان دوژمنی سەرسەختی سیاسەتی ئێوە بێت لەکەرکوکدا، ئایا تۆ پێت وانییە ئەوانە هەندراوی تورکیا بن، ئایا بەرنامەی سیاسییان چییەو دەخوازن لەکەرکوکدا چی ڕوبدات؟**

و/ بەرەی تورکمانی لەدوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ لەکوردستاندا دروست بوون، تەنانەت دروستبونیشیان بەهاوکاری هێزە کوردستانییەکان بووە، هەتا دوای ڕوخاندنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



سەدامیش بەهاوکاریو لەڕێگەی ئێمەوە بووە. ئەوانەی لەبەرەی تورکمانیدا کار دەکەن باگراوندی سیاسیو خەباتو تێکۆشانیان نییە، سەرکردایەتی جەماوەریو هێزی گەورەیان نەبینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکن بۆ ئامانجەکانی گەلی تورکمان تێدەکۆشن، بەڵام توشی شێوەیەك لەتوندڕەوی بوون. بۆ نمونە دەڵێین (٤) ملیون تورکمان لەعێراقدا هەیە. بەڵام هەڵبژاردندا ئەوەی سەلماند کە ئەو ژمارەیە بوونی نییە، ئەگەر پەنجا ملیونیش بن حەقیقەتی بونیان هەبێت، کارێکی ئاساییە بەلای ئێمەوە. خاڵێکی دیکەی نەزانینیان لەسیاسەتدا ئەوەیە کە دەڵێن: چۆن شوێنێك، هەرێمێك هەیە بۆ کوردستان دەبێت ئەو شوێنەش بۆ تورکمان هەبێت. باشە ئێمە ڕازین بەوە، بەڵام با شوێنێك بدۆزنەوە زۆرینەی تورکمان بێت یاخود هەمووی تورکمان بێتو بکرێت بەفیدراڵییەتی تورکمان، یەك لەشتە هەرە خراپەکانی بەرەی تورکمانی بەرامبەر ئامانجەکانی گەلی کورد، ڕەتکردنەوەی کوردستانییەتی کەرکوکە، لەکاتێکدا ئەگەر بەخۆیان بزانن ئەوە لەزەرەری گەلی تورکماندایە. بۆ نمونە: ئەگەر گەلی تورکمان لەپەرلەمانی کوردستانو پەرلەمانی عێراقدا نوێنەریان هەبێت قازانج دەکەن یان زیان، لەحکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقدا وەزارەتیان هەبێت باشترە یان تەنها لەعێراقدا.؟ ئەوکاتە دەتوانن لەبەغدا عەرەبو کورد ڕازی بکەنو لێرەش کە هەموو ناوچە تورك نشینەکان لەکوردوستاندایە ئێمە ڕازی بکەنو لێپرسراوێتی ئیداری وەربگرن.؟ ڕاست نییە ئەگەر هەوڵبدەن ئامانجە مێژووییەکانی گەلی کورد لەبار بەرن. پاشان پرسیاری تر لەبرا تورکمانەکانمان دەکەین: لەمێژوودا کورد چی زوڵمێکی لەتورکمان کردووە؟ بەپێچەوانەوە هەرچ کاتێك کورد گەشەی کردبێ‌وئاستی سیاسی کورد گەشەی کردبێو شۆڕشەکەی سەرکەوتو بوبێت تورکمان زمانو ئەدەبو فەرهەنگیان زیاتر پارێزراو بووە. کورد داوای خوێندنی زمانی کوردی کردبێ داوای خوێندنی زمانی تورکمانیشی کردووە، بۆ ئەوان بەڵام هەر کاتێك کورد ژێر دەستە بوبێت تورکمانە کانیش ژێردەستەو چەوساوە بوون.

**پ/ کەواتە بە بۆچونی ئێوە مافەکانی تورکمان لەکوردوستانی بونی کەرکوکدا پتر دەچەسپێ وەك عێراق؟**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



و/ بەڵێ ئەوە ڕاستە. بانموونەیەکتان بۆ باسبکەم: بەر لەهاتنی ئێمە بۆ کەرکوک ئەوان چەند بەڕێوەبەری دائیرەیان هەبووەو ئیستاش چەندیان هەیە؟ لەهەموو بوارێکدا زیادیان کردووە. جاران لەپۆلیسدا چەند ئەفسەریان هەبوو؟ ئیستا چەندیان هەیە؟ لەپاسەوانی نیشتمانیدا بەهەمان شێوە. لەلایەنی خزمەتگوزارییەوە ئیستا باشترن یان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا؟ ئەوان کوێرانە دژایەتی ئامانجو هیواکانی گەلی کورد دەکەن. تۆ کە ململانێ یاخود دژایەتی لایەنێك، نەتەوەیەك دەکەیت پێویستە لۆژیکێکت پێ بێت. بەڵام ئەو سیاسییانەی ناوبەرەی تورکمانی بیر لەوەناکەنەوە کە کورد هێزێکی گەورەیەو توخمێکی سەرەکییە لەعێراقداو بەهەمان شێوەش لەکەرکوکدا. باشە کە ئەوان دژایەتی توخمێکی گەورەو هێزێکی سەرەکی دەکەن، ئایا ئەویش کاردانەوەی نابێت، ئەگەر جارێك دوجار لێیان ببورن مەحاڵە بتوانن ڕێ لەخەونو هیواو ئامانجەکانی کورد بگرن. لەو کاتەشدا بەتەنها تۆ زەرەرمەند دەبی... تورکمان گەلێکی زوڵملێکراو بوون، پێویستیان بەهاوکاریو یارمەتی هەیە. بەڵام پێویستە ئەوانیش بەڕوی هەموو نەتەوەکاندا کراوە بن. ناکرێت لەگەڵ لایەنێکدا کراوە بنو نکۆڵی لەلایەنێکی سەرەکی تر بکەن. پاشان دوای هەڵبژاردن بۆ گەلی تورکمان بەتایبەتیو هەموو دانیشتوانی کەرکوكو خەڵکی عێراق، دەرکەوت کە ئەو لافو گەزافو بانگەشانەی ئەوان دەیانکرد کە کەرکوك تورکمانییەو ئەوان زۆرینەن، وانییە، من لەوباوەڕەدام ئیستا خودی خۆیان حەقیقەتی خۆیان بۆ دەرکەوتووەو کەمێك خاوبونەتەوە. بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا کە لەم دواییانەدا سەردانی کوردستانی کردووە لەگەڕانەوەیدا ڕایگەیاندووەو دەڵێت: کورد لەکەرکوکدا زۆرینە پێك دەهێنن. لەهەواڵێکدا گوایە لەپەرلەمانی تورکیادا باس لەوەکراوە کە کوردو عەرەب ڕێگەیان نەداوە تورکمان وەکو پێویست لەکەرکوکدا دەنگ بدەن. باشە ئەو ژمارە زۆرەی کە بەرەی تورکمانی بانگەشەی دەکرد لەخودی تورکیادا دەژینو ئەوەندە تورکمان هەیە چی بەسەر هاتو نیوەش نەبوو. باشە کەس باوەڕ بەوە دەکات حکومەتی تورکیا ڕێگەی نەدابێ لەناو خاکی تورکیادا خەڵك دەنگ بە بەرەی تورکمانی نەدەن؟. لەو ماوەیەدا بەرەی تورکمانی کاری زۆر خراپیان ئەنجامداوە. هەندێك شت هەیە دەیانەوێت بەزۆر بیسەپێنن



مەکتەبی بیروهۆشیاری



بەسەر خەڵکی کەرکوکدا، بەڕاستی ئەوە قەبوڵ ناکرێتو کارێکی لۆژیکی نییە. پاشان پشتگیری گەڕانەوەی ئاوارەکان ناکەن. باشە ڕژێمێکی زاڵم لەناو چوو، پێویستە خەڵکی زوڵملێکراو بگەڕێتەوە سەرخاکی خۆیانو مافەکانیان وەربگرنەوە.. ئەوان پشتیوانی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای عێراق ناکەن، باشە ئەو مادەیە لەبەرژەوەندی ئەوانیشدایەو ئاوارە تورکمانەکانیش دەگەڕێنەوە. بەڕاستی سیاسەتی بەرەی تورکمانی سیاسەتێکی کراوەو مودێرن نییە. پێویستیان بە بەخۆدا چونەوە هەیە. من پێم وایە چاریان نییە دەبێ هەر بەخۆیاندا بچنەوە.

**پ/ هەست ناکەی لەدوای هەڵبژاردنەوە جەماوەرو لایەنگریان کەم بوبێتەوە؟**

و/ بەڵێ دەبێ جەماوەریان کەم بێتەوە، چونکە ئەو بەڵێنانەی ئەوان دابویان وا دەرنەچوو، سیاسەتەکە منداڵانەیە. بۆ نمونە گوندێك هەیە ناوی گومەتەکانە سەدان ساڵە کوردو تورکمان وەکو برا بەیەکەوە دەژین ئەوان چوون تەنها (١٠٠) خانویان بۆ تورکمانەکان دروست کردووە، ئایا ئەوە سیاسەتە. بەپێچەوانەوە گوندی تۆبزاوە ئێمە هیچ جیاوازییەکمان لەنێوان کوردو تورکماندا نەکردووە خانوو بۆ هەموویان دروست دەکەین. ئایا ئەم دووجۆرە لەسیاسەت، کامیان ڕاستەو کامیان سەرکەوتوو دەبێت، حەتمەن ئەوەی ئێمە، چونکە ئێمە خۆمان بەخاوەنی یاخود شەرێکی هەموو نەتەوەکان دەزانین، بەبێ جیاوازی. نزیکترین کەس لەوانەوە دەوڵەتی تورکیایە ئەویش بەسیاسەتەکانی خۆیدا چووەتەوە سەبارەت بەکەرکوكو کورد.

**پ/ تۆ بڵێیت وانییە ئەوان تورکیاشیان بە هەڵەدا بردبێت.**

و/ ئەو پارتەی ئەردۆگان، من پێم وایە پارتێکی کراوەو واقیع بینەو کوردیشی خۆش دەوێت من لەوباوەڕەدانیم کە دەوڵەتی تورك دڕندەبێت، دەیان جار ڕایانگەیاندووە کە کوردو تورك خزمی یەکترن، عەبدوڵڵا گولیش جەخت لەسەر ئەو گوتەیە دەکاتەوە.

**پ/ ئەوان نەفی کورد ناکەن لەتورکیادا ئەوەش کارێکی ئیجابییە؟**

و/ جاران بۆ فیدراڵییەتی عێراق دەنگی نارەزاییان بەرزدەکردەوە. ئێستا ئەو دەنگە نەماوە، ئێستا زۆر لەڕوناکبیرانی تورك ئامۆژگاری تورکیا دەکەن، کە تورکیا پشتیوانی کوردی عێراق بکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**پ/ ئەوەش قازانجی تورکیایە؟**

و/ بەڵێ لەڕوی سیاسیو ئابوریو جوگرافیای سیاسیشەوە لەقازانجی تورکیایە. دراوسێیەکی ئارامو چاکت هەبێت باشترە، یاخود دراوسێیەکی خراپو تەنگو چەڵەمەو کێشەت بۆ دروست بکات. حەتمەن دراوسێ ئارامو چاکەکەی تورکیا گەلی کوردە، من ئاگاداری ڕۆژنامەکانی تورکیام، زۆر هانی دەوڵەتی تورکیا دەدەن ئەوەش کارێکی ئیجابی نوێیە. لەلایەکی تریشەوە کورد ئەو ڕاستییە دەزانێت کە تورکیا دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکەیەو پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵیدا چاك بێتو ڕێزی بگرینو هاوکاریو بەرژەوەندی هاوبەش هەبێت لەنێوانماندا. ئەو پەیوەندییەش بۆ تورکیاو ناوچەکەو کوردیش باشە.

**پ/ لەسەر ژمێریو هەڵبژاردنەکەدا دەرکەوت کە کورد زۆرینەیە، باشە ئەگەر وەکو گریمانەیەك با وای دابنێین پەرلەمانی عێراقی، کوردوستانی بونی کەرکوکی نەسەلماند. ئایا سیاسەتی ی. ن. ك بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم لێدوانە سیاسیو دیپلوماسییە، یاخود دوا ڕێگەچارەتان چی دەبێت؟.**

و/ لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بووە کێشەی کورد لەگەڵ عێراقدا لەسەر کەرکوك بووە، یەك لەبابەتە ئاڵۆزەکان کەرکوك بووە، لەهەموو گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقدا، لەسەر هەموو شتێك ڕێککەوتوین، بەڵام لەسەر کەرکوك تێکچووین. بابەتی کەرکوك بابەتێکی ڕوحیو قەومییە بۆ کوردو چارەنوسسازیشە. کورد لۆژیکی پێیە کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە. لۆژیکی مەیدانیو مێژویش. جاران (پێیان دەگوتین چۆن ئێمە فرمێسك بۆ ئەندەلوس دەڕێژین کە ئێوەش بەکەرکوکدا ڕۆیشتن فرمێسکی بۆ بڕێژن).

**پ/ ئاخر لەبەر ئەوەی ئەندە لوس عەرەبی نەبوو دۆڕاندیان، بەڵام کەرکوك کوردستانییە، دەبێ ئەوان فرمێسکی بۆ بڕێژن.**

و/ لەوەش خۆشتر ئێستا لەبەندیخانەوە داوا لەمام جەلال دەکەنو دەڵێن: (("یا أبا بافل" من ئێستا لەبەندیخانەدامو چاوێکت لێم بێت.)) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لەم ڕۆژگارەدا ئێمە لەقۆناغی فرمێسك ڕشتن دەرچوینو قۆناغی پێکەنینمانە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**پ/ حەق نییە سەدام بهێنیتە کەرکوكو تۆزێك بگریو بڵێت ئێمە لەسەر کەرکوك خۆمان بەو چارەنوسە گەیاند؟.**

و/ بۆ وەڵامی پرسیارەکەی لەوەوپێشتان کوردستانی بونی کەرکوكو یەکلایی کردنەوەی بەدەستی پەرلەمانی عێراق نییە، بەڵکو خەڵکی کەرکوك خۆی بڕیاری لەسەر دەدات ئەویش بەگەڕانەوە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی عێراق. دیارە ئەگەر بەعێراقییەکان چارەسەر نەکرا ئەوا (UN)دێتە گۆڕەپانەکەوە، دیارە (UN) یش هەمیشە پەنا دەباتە بەر ڕێگەچارەی دیموکراسی. بۆیە ئێمە دڵنیاین لەڕێگەی دیموکراسییەوە کەرکوك زۆر بەئاسانی دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان.

**پ/ با بگەڕێینەوە سەر هەڵبژاردن، ئایا دوای هەڵبژاردنی ٣٠/١/٢٠٠٥ هەڵوێستی ئەمریکییەکان وەکو خۆی ماوەتەوە یان پاش ئەوەی ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.؟**

و/ دەبێ ئەوە بزانین هەر کەسێك بێت مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات. سوپای ئەمریکا کەرکوكو دەوروبەری حەویجەشی بینی، کوردو تورکمانو کلدو ئاشوریو عەرەبیشی بینی هەروەکو لەسەرەتاشەوە گوتم ئەوانیش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە. بۆسەرکەوتنیان هێمنیو ئارامیو ڕێکوپێکیان دەوێت، تەباییان دەوێت. جاران پێیان وابوو (٤٠٪)ی ئەم پارێزگایە کوردە دوای هەڵبژاردن ئەنجامەکان گۆڕاوە ئێمە (٦٤٪) مان هێناوە ئەگەر (١٤٪)ش کورد نەبێت خۆ هێشتا ٠٥٠٪ کوردە. خۆ ئەمریکییەکانیش خەڵکانێکی سیاسیو ڕوناکبیرو لەشتە زانستییەکان تێدەگەن. پێویستە ئەو ڕاستیە بڵێم ئەمریکییەکان لەیەکەم ڕۆژەوە زۆر دڵسۆزو پەرۆشی پێکەوە ژیانو برایەتیو دیموکراسیو دادپەروەریو جێبەجێکردنی یاسان، زۆر بە توندیش لەئیرهابو پاشماوەکانی بەعس دەدەن. ئێمەش لەهەموو ئەو بابەتانەدا هاوپەیمانی ئەمریکییەکانین. لەسەرەتاوە هەندێك کەموکورتیان هەبوو، بەڵام زۆر هاوکاری کەرکوکیان کردووە. هەتا ئەم ساتەوەختەش ئەوان هەوڵدەدەن شتەکان بەڕێكو پێکی بڕواتو دیموکراسی هەبێتو مافی کەس نەخۆنو هاوولاتی پلەیەكو پلەدوو نەبێتو کەرکوك ئاوەدان بکرێتەوە. بەر لەچەند ڕۆژێك ژەنەڕاڵ (لیرهارد) کە بەرپرسی یەکەمیانە

مەكتەبی بیروهۆشیاری



لەگەڵ سەركردەی فیرقەی سلێمانیو كەركوكو تكریتو بەعقوبە جەختیان لەسەر هەمان شت كردەوە. ئێستا ئەوان هیچ جۆرە دەستێوەردانێكیان نییە لەكاروبارەكانماندا، تەنها خەمی ئەوان پاراستنی ئاسایشی كەركوكە. ئەوان دەڵێن دیموكراسی وایە دەبێت زۆرایەتیو كەمایەتی هەبێت ئێمەش بەوانمان ڕاگەیاندوە لەگەڵ ئەوەی ئێمە زۆرایەتین لەهەڵبژاردندا براوەین، حەزدەكەین هەموو لایەك بەشداری بكەین ئەوانیش ئەو هەڵوێستەی ئێمەیان زۆر پێخۆشە. لەهەڵبژاردن بۆ مێژوو دەڵێم ئەوان زۆر هاوكار بوون نەك بەتەنها هاوكاریی كورد، بەڵكو هەموو نەتەوەكان. هاوكاربون لەپاراستنی ئاسایشی بنكەكانی هەڵبژاردن. لەڕۆژی هەڵبژاردنیشدا تەنها یەك كەس شەهید بوو، گوللە هاوەنێك كەوتە ماڵە ئاوارەكانەوەو لاوێكی تەمەن (١٦) ساڵ شەهید بوو، دایكی شەهیدەكە بەڕێگەوە بوو بۆ دەنگدان، هەواڵیان دایە كوڕەكەی شەهید بووە. گوتی دەنگ دەدەمو پاشان دەگەڕێمەوە سەرلاشەی كوڕەكەم، پیاوێكی تریش لەشاری تاوغ دوای دەنگدانی گوتی: ئۆخەی دەنگم دا بۆ كورد، یەكسەر لەسەر سندوقی دەنگدانەكە گیانی سپاردو مرد. . بەڕاستی ئەمریكییەكان هەوڵێكی زۆریاندا بۆ پاراستنی ئاسایش لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

**پ/ باسی تیرۆرمانكرد لەماوەی ئەم دووساڵەدا، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردن، هەست ناكەن هەڵمەتێكی گەورەی تیرۆر رووی لەشارەكەی ئێوە كردووە. هۆكارە سەرەكییەكەی چییەو چۆن چارەسەر دەكرێت؟**

و/ هۆكارەكەی لەئەستۆی سیاسەتەكانی بواری ئاسایشی وەزارەتی ناوخۆی عێراقو سیاسەتی هێزەكانی هاوپەیمانانە. من ئەو سیاسەتانە بەسیاسەتێكی پڕاو پڕی چاك نازانم. بۆ نموونە ئەوان دەچن پاڵە پەستۆ دەخەنە سەر تیرۆریستان لەشاری موسڵ، دیارە كە پاڵە پەستۆ لەسەر شوێنێك دروست بێتو دەروازەیەك هەبوو بۆ دەربازبوون ئەوان هەڵدێنو ڕودەكەنە شارێكی ترو جێگەیەكی تر، ئێستا هێزی پۆلیسو گاردی نیشتمانیو هێزەكانی ئەمریكا لێرەدا زۆربە هێزن، بەڵام كێشە كە لەكوێدایە؟.

هێڵێك هەیە لەنێوان تكریت، حەویجە، شەرگات، موسڵ. ئەو هێڵە كراوەیەو كۆنترۆڵ نەكراوە لەوانەیە ١٥٠ كیلۆمەتر بێت، كە تۆ پاڵەپەستۆ دەخەیتە سەر ڕومادیو موسڵ،



مەكتەبی بیروهۆشیاری



ئەو تیرۆریستانە بۆ كوێ دەچن، خۆناچنەوە سنوری سوریاو ئوردنەوە حەتمەن ڕووەو كەركوك دێنو چالاكیو كارە تیرۆریستییەكانیان دەخەنە ئێرەوە. هێزەكانی ئێمەش هەر ئەو ژمارەیەنو زیادیان نەكردووە. گەورەترین كەموكوڕی ئەوەیە كە باسم كردو ئێمە بەئەمریكییەكانمان گوتووە. تۆ ئێستە دەتوانی لێرەوە بچیتە موسڵ بەبێ ئەوەی لەیەك بازگە بدەیت، بەهەمان شێوە بچیتە تكریت. تیرۆریستانیش بەشەو دەجوڵێن. ئێمە بۆ چارەسەر كردنی ئەو گیروگرفتە داوای یەك فەوجی سەربازیمان كردووە لەسەر ڕێگەی كەركوك موسڵ بڵاوبكرێتەوە، ئەوەش زۆر ئاسانەو هیچ ئەركێكیش ناخاتە سەر حكومەتی عێراقی. ئەو هەڵمەتو لێدانانەی تیرۆریستان لەكەركوك بەریاندەكەوێت لەهیچ شارێكی تر نەبووە، سەدانمان كوشتونو سەدانیشمان لێ دەستگیركردون.

**پ/ بابگەڕێینەوە تەوەرێكی تر ئایا لەشاری كەركوكدا سیاسەتی حیزبە كوردستانییەكان، ململانێو زۆرانبازییە یان كوردایەتییە؟**

و/ ئاشكرایە هەتا ئێستاش یەكێتیو پارتی شتێك ململانێیان لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئێمە توانیمان بەرامبەر عێراقدا لەناوچە سنورییەكان لەخانەقینەوە هەتا شەنگار، زۆر یەكگرتوبین، ئێمە ئەگەر لەكەركوكدا ململانێی نێوان خۆشمان هەبوبێت كە چوینەتە بەرامبەر نەیارەكانمان یاخود ئەوانەی دژایەتی خەونو هیواو ئامانجەكانمان دەكەن، هەمیشە یەكگرتوبوین لەماوەی ئەو دوساڵەی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكدا، جارێك نەبووە لەسەر شتێك ناكۆكی كەوتبێتە نێوانمانەوە هەتا هێزیشمان تێدابێت نایەڵین ئەوە ڕوبدات.

**پ/ وەكو ی. ن. ك لەوماوەیەدا چیتان كردووە بۆ ئاوەدانكردنەوەی كەركوك؟**

و/ پڕۆژەكانی حكومەتی ئیدارەی سلێمانی كە لەكەركوكدا ئەنجامدراون هەندێكیان پڕۆژەی گەورەنو هەندێك ناوەندی بچوك، یەكەم پڕۆژە دیارییەكی حكومەتی سلێمانی بۆ ئیدارەی كەركوك دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی ڕۆشنبیری، وەرزشی، هونەری. یەك ملیۆن دۆلارییە وەكو سەرەتا تەرخانكراو پاشان پارەكە زیادی كرد. بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ نەكراوە پارەكەش لەبانكدایەو خەرجكردنیشی لەبەر دەست ئیدارەی كەركوكدایە. چەندین پڕۆژەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنی ئاوارەكانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



کەرکوکمان ئەنجامداوە. هەرماڵێك دووهەزار دۆلارو (١٠) تەن چیمەنتۆی دەدەینێ. لەشارۆچکەی شوان کۆمەڵگەی (سمایل بەگیمان) کۆکردووەتەوە کە چوارگوند لەخۆدەگرێت‌و دەکرێن بەشارۆچکەیەك. شارۆچکەی (قادر کەرەم)ی کۆن‌و (تەکییەی جەبار)یمان کردووەتەوە بەناحیە، (تۆپزاوە)ش بەهەمان شێوە. پرۆژەی ئاو ئاوەڕۆو کارەبای موەلیدەو بیر هەڵکەندن‌و پاککردنەوەی سەربازگەکانی ناوچەی (ساڵەیی)مان ئەنجامداوە. سەرەڕای هاوکاری‌و پشتیوانی کردنی بواری وەرزشی‌و هونەری‌و نوێکردنەوەی سەرجەم کەنیسەکانی کەرکوك، سائبەو ئەرمەنەکانیش، یانە وەرزشییەکانیش هاوکاری کراون. لەچەندین شوێنی وەکو لەیلان‌و پردێ‌و تاوغ‌و دوز، باخچەو جێگەی حەسانەوەمان دروست کردووە.

**پ/ خەڵکی کەرکوك چ شتێکیان پێباشە؟ ئایا کەرکوك پارێزگایەکی سەربەخۆبێت وەکو کۆنگۆ، یاخود بەشێك بێت لەعێراق یان بەشێك لەکوردستان؟.**

**و/** هەروەکو گوتم خەباتی پتر لەهەشتا ساڵی ئێمەو یەکێك لەبنەماکانی ستراتیژی شۆڕش کورد کوردستانی بونی کەرکوك بوو. کورد کاتی خۆی ڕازی نەبوو بچێتە سەر دەوڵەتی عێراق، لەوزەمانەدا سلێمانی دەنگی نەدا، بەڵام خەڵکی کەرکوك نەك هەر ڕازی نەبوو دەنگی دژی ئەوەی داوە کە بچێتە سەر عێراق. ئەو هەڵوێستەی کەرکوك، واتاکەی جوانتر بوو گوتویەتی دەنگیش دەدەم دژی تۆ. ئەو واقیعە شتێکی یەکلاکەرەوەیە کە کەرکوك بەشێکە لەکوردستان. کە ئەوەش یەکلایی کرایەوە دەکرێت یاساناسەکانمان‌و خەڵکی ڕوناکبیری کوردو تورکمان‌و عەرەب‌و کلدو ئاشور، شێوەیەك دابڕێژن، چونکە واقیعە ئابوریەکەی ئەوە دەگەیەنێت. بۆ نمونە ئەنجومەنەکەی دەسەڵاتێکی زۆرتری بدرێتێ، هیچ نەتەوەیەك بێبەش نەکرێت لەبەڕێوەبردنی شارەکەدا. بۆ نمونە شارۆچکەیەکی وەکو (حەویجە) کە بەشی هەرەزۆری عەرەبن، دەکرێت دەسەڵاتێکی زۆر تریان بدرێتێ. شوێنە تورکمانییەکانیش بەهەمان شێوە. بەڵام پێویستە پێکهاتەیەکی ئەنجومەنی‌و ئیداری وا دابنێین هەموو نەتەوەکان هەست بەبوونی خۆیان بکەن. لەسەر بنەمای ئەوەش نەبێت کێ زۆری بەرکەوێ‌و کێشی کەمە. سەرجەم



مەکتەبی بیروهۆشیاری



کارەکان لەسەربنەمای کار وچالاکی‌و دڵسۆزی بێت بۆ شارەکە. کەرکوك وەکو ئەمریکای لێبکرێت، مەبەستم ئەوەنییە کە هەموو نەتەوەکانی دونیای بۆ بهێنرێت، بەڵکو سیستەمەکەی بەو جۆرەبێت. بۆ نمونە ئەرمەنەکان کە تەنها (١٠٦) ماڵن بۆ دەبێ ناوو جێگەو پلەوپایەی ئیداریان نەدرێتێ، نەتەوەیەکن‌و قەدەر وایلێکردون لەجیهاندا ژمارەیان زۆربێت‌و لەکەرکوکدا کەمبن. یاخود کلدو ئاشورییەکان. بۆیە بە بۆچونی من پێویستە دەسەڵاتی ئەنجومەن‌و ئیدارەی کەرکوك زیاتربێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان‌و ڕاگرتنی هاوسەنگی.

**چاوپێکەوتن**

**مامۆستا جەعفەر**

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ئاشكرایە كاكەییەكان لە كەركوكدا زۆر كـۆنن، ئـەم ڕاستییە تـەنانەت نەتەوەكـانی تریش حـاشای لـێ ناكـەن، بۆیە ئێستا بـە پێویستـی دەزانین كــە چـەند كـەسێكیـان بدوێنین لەوانە:-**

# عەدنان سەید فەتاح سەید خەلیل كاكەیی

من كە ناوم" عەدنان سەید فەتاح سەید خەلیل كاكەیی"یـە لـە دایـك بـووی سـاڵی (١٩٣٧)ە،لە دێی "ی تـۆپ زاوا" لـە "داقـوق" كـە ناوچـەی كاكەییـە،ئامادەیم تـەواو كردووە، ناوچەی دەسەڵاتی ئێمە لە پێش دا لە ناوچەی "هاوار" بووین لـە "هـەورامان" وەكو كاكەیی،"سوڵتان ئیسحاق" كوڕی "شێخ عیسا"بەرزنجی باپیری ئێمەیە لـە هـاوار دانیشتووە، گۆڕەكەی لەوێیە لە ناوچەی"نەوسود" كە ئێستا دەكەوێتـە ئێرانـەوە، پاشـان هاتین بەرەو شارەزوور، گەیشتینە ئەم هێڵە كە دەڵێن كەركوك هەمان هێڵە كە موسڵ و هەولێر و كەركوك و دیالە ئەگرێتەوە، لە بەغدادیش نیشتەجێ بووین، بـەڵام كاكـەیی



مەكتەبی بیروهۆشیاری



زۆرینەی لە ناو "ئێران" دانیشتووە، نزیكـەی "سـێ ملیـۆن" كەسـە، چـونكە ناوچـەی هاوار، كوڕەكانی سوڵتان ئیسحاق بەشێكیان بەرەو ئێران ڕۆیشتون، دەروێشەكانیان لـە "قەسری شیرین"و"سەرپێڵی زەهاو" و "شـاهاباد"،"كرمانـشا"، "هەمـەدان"، "كـرم" ،"تەبرێز"،"گاوارە" ،لەناوچەی كوردستانی ئێران و باكوری ئێران بڵاوبونەتەوە.

**پ/ كاكەییەكان لەساڵی چەندا هاتوونەتە كەركوك؟**

و/ نزیكەی ٥٠٠ ساڵ دەبێت، چونكە گۆڕی باپیرە گەورەمان لە "ئیمام ئەحەمـەد"ە كە لە جادەی"سەلاح الدین"ە ، چوار دەوری ئیمام ئەحەمەدیش هەمووی ماڵی بـاپیرانی ئێمەیـە، هـەتا ئێـستاش مـاوە كـە مـوڵكی ئێمەیـە، باپیرانمـان لـە ناوچـەی "لـەیلان" و"شۆراوە" بوون، باپیرەم (سەید خەلیل) لەگەڵ براكانی ناوچەی "تـاوغ" دەكـڕن، پـێش پ/نزیكەی ١٥٠ ساڵ.

**پ/ ئەو دێهاتانە"تۆپ زاوا" و "عەلی سەرا"....،تاپۆی هەیە؟**

و/بەڵی، هەمووی تاپۆی هەیـەو لامانـە، نزیكـەی ١٩٢٠٠٠ دۆنمـە، ئـەم موڵكانـە تازەیە، نزیكە ١١٥ ساڵ ئەبێت كە هاتوینەتە ناوچـەی تـاوغ، بـەڵام لـە پـێش ئـەوە، لـە سـەروی تـاوغ بـووین، لـە ناوچـەی "شـۆراو" و" سـونگل" و ناوچـەی "لـەیلان" لـە "مامشە"،"باوە"،"خدر وەلی"، ئەم مـوڵكانـە هـەمووی ڕۆشـتووە، بـەڵام لـە (شـۆراو) نەبێـت چەند بەشێكمان ماوە بۆ نموونە من خودی خۆم بەشم هەیە لە (شۆراو).

**پەیوەندیتان چۆن بووە لەگەڵ هۆزەكانی تردا؟**

و/ كاكەیی بە ناوبانگ بووە بە پەیوەندی باش لەگەڵ چوار دەوریدا، هـەتا كاكـەیی ناوچەی موسڵ، كە لەگەڵ هۆزەكانی دەور و پشتیدا، ئەگەر كورد بێت یان عـەرەب یـان توركمانی موسڵ بێت، پەیوەندی خۆش بووە، زۆر بەكـەمی ڕوداووی نـاخۆش هەیـە كـە ڕویدابێت، هەتا لە هەولێریش لە ناوچەی "كەڵەك" دانیشتوون، لەگەڵ هۆزەكـانی دەور و پشتی خۆمان پەیوەندیمان زۆر خۆش بووە، پـێش ١٠٠ سـاڵ لـە كـەركوك نیـشتەجێ بووینە، دوو هۆزی كوردی بوون بە دراوسـێمان "داودە" و "تاڵـەبانی"، هـۆزی عـەرەبی دراوسـێمان بـوو وەكـو"عوبێـد" كـە هـۆزێكی گـەورە بـووەو "ئەلعـەزە"،"ئـەلبو محەمەد"،"ئەلبو ڕەیاش"ئەوانیش كۆمـەڵێ هۆزی گەورە بوون لەگەڵ عـەرەب بـە گـشتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



هیچ کێشەیەکمان نەبوو.

**عەرەب لەناو کەرکوکدا هەبوو ؟**

**و/ لە پێشتردا هەندێ عەرەب هەبوون، کە پێش پرۆژەی حەویجە لەم ناوچەیەدا شوانیو گامێشەوان بوین؟**

بە دوو شێواز عەرەب لە کەرکوک پەیدا بوون:-

یەکەم/ دوای پرۆژەی حەویجە، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا بناغەی دامەزراو دواتر عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرد.

(سەعید قەزاز) لەو سەردەمەدا هانی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد دەدات کە لە هەر عەشیرەتێکی کورد (٥٠) پەنجا ماڵ بنێرن بۆ لای تاکو بیانخاتە ناو پرۆژەکەوە. لەو ناوچانەدا کە دەشتێکی وشكو بێ بارانە، لە دوای پرۆژەکە نیشتەجێیان بکاتو زەویان بداتێ، مووچەی پۆلیسیشیان بۆ دەبڕێتەوە،

کەچی لە پاداشتی ئەم هەڵوێستەیدا کۆمەڵێك عەشایەر لە ناوچەی چەمچەماڵ نزیك بازیان تەقەیان لێ کرد. خەریك بوو لەناوی بەرن. دوایی بانگی کردن بۆ بەغداد، پێی گوتن " ئێمە دەمانەوێت کورد لە کەرکوك زیاد بکەین. بەڵام ئێوە دەتانەوێت کەمی بکەنەوە" ئەو سەردەمە هێشتا جیاوازی نەتەوایەتی تەواو پەرەی نەسەندبوو.

وەزراەتی ناوخۆ کە (سەعید قەزاز) وەزیری بوو، وەزارەتێکی کوردی بوو، کوردێك ئەگەر خاوەن بڕوانامە بوایەو بەکوردی قسەی بکردایە هەرگیز پێویستی بە واسیتە نەبوو، هەر بچویتایەو بتووتایە من خاوەن بڕوانامەم زۆر ئاسایی دادەمەزرایت لە سەردەمی (سەعید قەزاز) دا. (سەعید قەزاز)، هەموو ئیشەکانی بۆ بەرەو پێشەوە بردن بووە، لێرەوە چوو بۆ موسڵ، لەوێش هەموو ئیشەکانی بۆ پێشخستنی وولات بوو، بەڵام کە کودەتای ساڵی ١٩٥٨ ڕوویدا، گرتیان، بەداخەوە هەموو هاتن شاهیدییان لە سەر دەدا وەکو ئافرەتی لەش فرۆش و دزەکان لە دادگای" مهداوی" تا لە ناویان برد. ساڵێکی تر "سەعید قەزاز" پارێزگار بوو لە کەرکوکدا،کولله هات هەموو دەغڵەکانی خوارد، خەڵکەکە هەمووی برسی بوو ،ئەو سیستمی ئیعاشە کە حکومەت چەند ساڵە کاری پێدەکات، ئەوکاتە (سەعید قەزاز) لە سەر حسابی خۆی نان و سەمونی ئەدا بە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



خەڵك، دەهات گەنمی دەکڕییەوە، دەیدا بە خاوەن فڕنەکان بە هەرزان کە بیکەن بە نان و سەمون. (سەعید قەزاز) خزمەتی خەڵکی کەرکوکی زۆر کرد ، ئەو نەبوایە ئەو ساڵە برسێتییەکی زۆر بڵاو دەبویەوە. بەڵام بەداخەوە کورد قەدری نەزانی.

**دووەم زۆرترین عەرەب لە ساڵی ١٩٦٣ عەرەبی ناوچەکانی تر بە زۆری هاتنە کەرکوك**، بەڵام لە سەردەمی "سەدام حسێن" هاتنی عەرەب بۆ کەرکوك گەیشتە لوتکە، لە ساڵانی **١٩٦٨** بەم لاوە، هەتا ڕوخانی سەدام، درێژەی کێشا. عەرەبی کۆن هەبووە لە کەرکوك. لە کەرکوکدا عەرەب، تورکمان، کورد ، ئاشوری ،کلدانی ، ژیاون لە ناو کەرکوکداو لە چوار دەروی کەرکوکدا، بەڵام زۆری تورکمان و ئاشوری و کلدانی لە ناو کەرکوکدا ژیاون، تورکمانەکان زۆریان لە ناو کەرکوکدا ژیاون، لە چوار دەوری کەرکوکیشدا ژیاون وەکو "بەشیر"،"تازە"،"گومەت لەر"، بەڵام کورد بە زۆری لە دەرەوەی کەرکوك ژیاوە، لە دێهاتەکان وەکو: ناوچەکانی "داودە" و "قەڵاسێوکە"، "کاکەیی"،"تاڵەبانی"،"جەباری"،"زەنگە"،"ناوشوان"،"شێخ بزێنی"،"دبس"،قەزا و ناحییەکان وەکو "داقوق"، "لەیلان"،"ئاڵتون کوپری"،"قەرەهەنجیر"، ئەمانە هەمووی کوردنشین بووە، بەڵام لە ناوچەی "حەویجە"، "ریاز"،"عەباسی" عەرەبنشین بوون.

**پ/ گەر باسێکی سەرکردەکانی کاکەیی بکەین ڕۆڵیان چی بووە؟**

و/ یەکەم سەرکردەی کاکەیی (سوڵتان ئیسحاق) بوو، (سوڵتان) نازناوە، خۆی ناوی ئیسحاقە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیە، یەکەم سەرکردەی کاکەییە، چونکە دروست کەری کاکەییە، وەکو باسم کرد گۆڕەکەی لە ناو خاکی ئێران لە ناوچەی هاوارە، کوڕەکانی کە"سەیدمحەمەد" کە کوڕە گەورەیەتی و"سەید رەحمان" و"سەید ئەحمەد"،"سەید عەبدولوەفا"،"سەید حەبیب شاه"،"سەید مستەفا"،" حاجی باوەیسی"، سوڵتان ئیسحاق حەوت کوڕی هەبووە، کوڕەکان دوای ئەو نەوەیە،"سەید ئیبراهیم" کە نازناوی "شاه" واتە "شاه ئیبراهیم" کە (کوڕی سەید محەمەد)ە، زۆر بەناوبانگ بووە، چووە بۆ بەغداد دانیشتووە، لەوێ مردووە گۆڕەکەی لە بەغدایە، بووەبە مەزارو سەردان دەکرێت، کوڕەکەی (سەید محەمەد ) هاتوون پێش نزیکەی٦٥٠ بۆ

مەکتەبی بیروهۆشیاری



٧٠٠ ساڵ، ئەحمەدیان گۆڕەکەی لێرەیە، دوای ئەو "سەید خەلیل"و"سەید وەلەد"،"سەید ڕۆستەم" کوڕەکانی "سەید محەمەد"ن، محەمەدی دووەم نەك یەکەم، دوای "سەید خەلیل" کە" سەید فەتاح"ی کوڕی گەورەترین ناوداری کاکەییە لە مێژوودا، توانی دەسەڵاتی کاکەیی بڵاو بکاتەوە و بەهێزی بکات لە ناو عێراقدا، لە سەردەمی ئەودا هەموو هۆزەکان حسابێکی تریان بۆ کاکەیی دەکرد، چونکە بەهێز بوون، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی خۆش بوو لەگەڵ هەموو هۆزەکاندا، هەندێ جار نەبێت لەگەڵ هۆزی "داودە" و "تاڵەبانی"دا بە شەڕ دەهاتن.

**پ/ زۆری ئەو شەڕانە لە سەر چی بووە؟**

و/ زۆری شەڕەکان لە سەر زەوی و سنوری هۆزەکە بووە، بەڵام هیچ شەڕێکیان نەبوو لەگەڵ عەرەبدا، کەرکوك هەر لە کۆنەوە هەموو ئەم نەتەوانەی تیابووە، بەڵام زۆر بەکەمی عەرەب لە ناو شاردا بووە، بەڵام لە دەرەوە ناوچەیان هەبوو وەکو حەویجە و ریاز و حەمرین و ئەمانە هەمووی ناوچەی عەرەبن، ناوچەی کوردەکانیش لە ساڵی ١٩٥٧، ئەوەی ئێمە بیستومانەو خوێندومانە سنوری کوردستان هەتا"حەمرین"ە، ئەوە ڕێگر نییە کە عەرەب هەبووە لەم ناوچەیەدا، سنوری کوردستان هەتا ئەوێیە، بەڵام لە کۆنەوە عەرەب و تورکمان هەبوو لە کەرکوکداو لە سەردەمی عوسمانیدا ئەم نەتەوانە هەبوون، بەڕێژەیەکی زۆر کورد هەبووەو ئینجا عەرەب‌و، تورکمان‌و ، ئاشوری‌و کلدانی‌ومەسیحی‌وشیعەو سابئی و هەموویان پەرستگای خۆیان هەیە، کەرکوك شارێکە دەتوانین بڵێین شاری برایەتییە.

لە سەردەمی بەعسدا، کورد بە پلەی یەکەم دەچەوسێنرایەوە، تورکمان تا ڕادەیەك ئەوانیش دەچەوسێنرانەوە، بەڵام عەرەب دەسەڵات دار بوو، هەتا ئەگەر بتویستایە خانویەك یان زەویەك بە پارەی خۆت بکڕیت، نەیان ئەهێشت، هەتا نەت ئەتوانی یەك مەتر زەوی بکڕیت، لەم دواییانەدا ئەگەر بتویستایە دوکانێك بەکرێ بگریت، ئەبوایە بچویتایە بۆ پارێزگاو ئاسایش ڕازی ببوایە، بەڵام بۆ کوردیان نەدەکرد.

- **کاتێك کە داقوقتان کڕی، ئەوساش شارێکی کوردی بوو؟**

بەڵێ، شارێکی کوردبوو، ئێمە لە داقوق کە ئەو موڵکەمان کڕی، تاڵەبانییەکانیش



مەکتەبی بیروهۆشیاری



کڕیان، ناو شاری داقوق تورکمانی تێدایە، بەڵام کە ئێمە ئەو ناوچانەمان کڕی، لە ناو شارەکەدا کورد زیاتر بوو، لە دەرەوەی شاریش هەمووی کورد بوو، عەرەبیشی تێدابوو، هەتا عەرەبەکان زۆریان لای ئێمە جوتیار بوون، خاوەن موڵك نەبوون، لای خاوەن زەوییەکانی کاکەیی و داودە و تاڵەبانی، ئێستا لە دوای پرۆسەی ئازادی یاسای موڵکایەتی دەرچووە، لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە، خەریکی داواکردنەوەی ئەو زەویانەین کە ئێمەیان لێ دەرکردووە، عەرەبیان خستە جێگەمان.

- **لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵدا چۆن بوون؟**

لە سەردەمی پاشا فەیسەڵدا، ئێمە زۆر بەهێز بووین، تەنانەت بە دەسەڵاتیش هۆزە کوردەکان زۆر بەهێز بوون، بە ئاماریش زیاتر بووین، هەتا ئەوترا کە ناوچەی داقوق سێ هۆزی تێدایە، هیچ هۆزێکی عەرەب و تورکمانی تێدا نەبووە، ئەو سێ هۆزە بریتی بوو لە"داودە،کاکەیی،تاڵەبانی"،داقوق بەم سێ هۆزە بە ناوبانگ بوو، کەرکوك هەر چەندە هۆزی کوردی تری تێدا بوو، بەڵام بەم سێ هۆزە بەناوبانگ بوو، قورسایی خۆی هەبوو نەك لە داقوق، بەڵکو لە سەر ئاستی کەرکوکیشدا، **هەتا هۆزە عەرەبەکانی کەرکوك لە کۆندا وەکو "عوبێد ، جبور" هەموو پاڵ پشتێکیان بە ئێمە بوو، بۆ ئەوەی کە هەر کێشەیەکیان هەبووایە دەهاتنە لای ئێمە.**

ئەوان لە ناو خۆیاندا کێشەیان هەبوو، بەڵام جارێك کێشەکە گەورە بوو لە نێوان هۆزی عوبێد لەگەڵ هۆزی ئەلعەزە لە ناوچەی عوزێم، تا ئێمە گەیشتینە ئەوێ نزیکەی ١٠٠ کەس کوژران‌و کوڕی شێخەکان کوژران ، بەڵام "شێخ حەبیب" ئەندام بوو لە ئەنجومەنی نوێنەران دا پەیوەندی لەگەڵ مەلیك بەهێز بوو، ٢٨ شێخی عوبێدییەکان گیران لە سەر قسەی شێخ حەبیب، عوبێدییەکان هاواریان بۆ باوکم (سەید فەتاح) هێنا، باوکم لە ماوەی چوار ڕۆژ دا شێخەکانی عوبێدی ڕزگار کرد بەرامبەر حەبیب ڕاوەستا، ئێستاش عوبێدییەکان خۆیان بە قەرزاری کاکەیی ئەزانن، کە شێخ حەبیب خەیزەران شێخی ئەلعەزە شێخی ناوچەی دیالەیە، لە ناوچەی عوزێم زەوی ئەلعەزەو زەوی ئەلعوبێد هاوسنورن، لە سەر زەوی شەڕیان بوو، ئەوە بوو حەبیب توانی هەموو

مەکتەبەی بیروهۆشیاری



شێخەکانی عوبێد بخاتە زیندانەوە وەکو "محەمەد صالح و منذر عاسی" بەڵام (سەید فەتاحی) باوکم بەرامبەر وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەستا، داوای کرد، یان ئەبێت (حەبیب خەیزەران) بکرێتە زیندان، یان ئەبێت شێخەکانی عوبێد ئازاد بکرێن، ئێستاش عوبێدیەکان خۆیان بە قەرزاری کاکەیی دەزانن، هەروەها (سەید خەلیل)ی باپیرم و باوکم (سەید فەتاح) پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ مەلیك دا، باپیرم (سەید خەلیل) پەیوەندی زۆر بەهێزی لەگەڵ شێخ مەحمود هەبووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:- یەکەم کوردایەتی بوو، دووەم شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە سەر (شێخ عیسای بەرزنجی) باپیرم، (سەیید خەلیل) چەند جار لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا بەشداری شەڕیان کردووە، هەتا دوا جار باپیرم و باوکم (سەیید فەتاح) لە شەڕی ئاوباریك بەشداری شەڕیان کردووە لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا.

**پ/ لەگەڵ (سەیید محەمەدی جەباری)دا پەیوەندیتان چۆن بووە؟**

و/باپیرەم هەموو کات "سەیید محەمەدی جەباری" بە ئامۆزاوکەسێکی نزیکی خۆی لە قەڵەمی ئەدا، پەیوەندییەکی زۆر تایبەتیان هەبووە، لەگەڵ جەبارییەکان دا هاوکاریمان هەبوو،یارمەتی عەشایەری یەکتریمان داوە.

**پ/ ئەتوانی نمونەیەکم بەیتیٚ؟**

و/ چەند جار کاکەیی لەگەڵ هۆزەکان شەڕی بووە، جەباری هاتووە بۆ یارمەتی دانی، هەروەها بە پێچەوانەوە کە جەبارییەکان شەڕیان بووە لەگەڵ هۆزەکانی تردا، کاکەیی یارمەتی داون، هەتا بەناوبانگە کە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) شیعری هەڵبەستووە بە سەر کاکەیی و جەباری،کاکەیی پەیوەندی لەگەڵ جەباری زۆر خۆش بووە، هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا سەردەمی پاشایەتی.

کاتێ ئینگلیز هاتە ناو عێراق، لە "شوعەیبە"وە، (سەید خەلیل)ی باپیرەم شێخ مەحمود ناردی بۆ "شوعەیبە". هەروەها (سەید خەلیل) بەشدار بووە لەو شەڕەی کە دژی ئینگلیز کرا، ئەو سەرۆکانەی کورد، (شێخ مەحمود) ناردنی بۆ شوعیبە، میواندرای "شێخ عەجمی ئەلسەعدون "کرد لە ناوچەی شوعەیبە مانەوە بۆ ماوەیەك، لە دوایدا تێکشکانو ئینگلیز دەستی گرت بەسەر ناوچەکەدا، ئەوانیش ناچار گەڕانەوە. لە ساڵی



مەکتەبەی بیروهۆشیاری



١٩٤٠ شۆڕشەکەی ڕەشید عالی کە لە بەغداد بەرپا بوو باوکم (سەید فەتاح)لە دژی ئینگلیزەکان. پشتگیری لەو شۆڕشە دەکرد، باپیرم سەیید خەلیل لەگەڵ باوکم سەیید فەتاح لە شەڕی" ئاوباریك "لەگەڵ (شێخ مەحمود) دژی ئینگلیزی داگیرکەری ئەوسا جەنگان، لە پاداشتی ئەو هەڵوێستەدا (شێخ مەحمود) دوو سەعاتی زێڕی کرد بە دیاری بۆ باپیرم و باوکم، بەداخەوە لە ساڵی ١٩٥٩ کە ماڵەکەمان تالان کرا ئەو دوو سەعاتەش تیاچوون، هەتا سەعاتەکە نزیکەی ٥٠ سم زنجیری پێوە بوو، چونکە سەعاتی گیرفان بوو، هەمووی ئاڵتون بوو، یەکێکیان ناوی باپیرمی لێ نووسرابوو ئەوی تریان ناوی باوکمی لێ نووسرابوو، لە خوارەوە ناوی (شێخ مەحمود)ی حەفیدی پێوەبوو، من ئەو دیاریانەم لای خۆم پاراست بوو، بەڵام لە دوای تالان کردنی ماڵەکەمان لە ساڵی ١٩٥٩ هەموویان بران. ئێمە لە دوای ساڵی پەنجاو نۆ تاکو ساڵانی حەفتا لە دێ بووین ، کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق جارێکی تر تالان کراینەوە، کە پەلاماری ماڵی منیان دابوو چەندین بەڵگەنامە و تاپۆیان برد بوو، بەڵام ئەو تالانیەی ساڵی ١٩٥٩ زۆر زیاتر زەرەری لێداین، چونکە زۆر پارچەی مێژووی و کۆنی ئێمەیان بردوەو بێ سەرو شوێن کران.

## مێژووی کاکەیی لە نووسراوەکاندا

ئەو نووسەرانەی کە لە سەر کاکەیی نوسیوویانە لە بیانیەکان وەکو "ئەدمۆنس"، " مینۆرسکی" ،"جۆبیز برنسی" ، لێپرسراوێکی دەزگای هەواڵگری ئینگلیز کە نوسیویەتی، کاکەیی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود و سەیید ئەحمەدی خانەقا هەیە،پەیوەندی ئێمە تا ئێستا لەگەڵ بنەماڵەی"سەید ئەحمەدی خانەقا" زۆر بەهێزە ،"محەمەد ئەمین زەکی" نووسیوێتی لە سەر کاکەیی ، " عەباس عەزاوی" نوسەرێکی عەرەبە هەمان شت، لە سەر کاکەیی نووسیوە، کتێب زۆرە لە سەر کاکەیی لە نووسەر و مێژوو نووسەکانی بیانی و کورد و عەرەب، بەڵام باشترین کتێب کە لە سەر کاکەییەکانی دەرچوو بێت کتێبەکەی (ئەدمۆنس) بوو، کە لە سەر کاکەیی ئێران و عێراق نووسیوێتی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**پ/ چی پەیامێکت هەیە بۆ مەسەلەی کەرکوک؟**

**و/ کەرکوک شاری برایەتییە، کەرکوک شارێکی تری کوردستانە، بەڵام ئەبێت ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین کە عەرەبی ڕەسەن لە ناو کەرکوک دەژین تورکمان تیاڵدا دەژین، ئەبێت پەیوەندی برایەتی ببەستین لەگەڵیاندا، هەر چەندە برا عەرەبەکان خۆیان دوور ئەگرن لە ئێمە، بەڵام ئێمە ئەبێت لێیان بچینە پێشەوە، پەیوەندی خۆمان باش بکەین لەگەڵیاندا، بەڵام نەك ئەو عەرەبانەی کە "سەدام حسێن" هێنانی بۆ کەرکوک ، بەڵکو ئەو عەرەبانەی کە کۆن لەوێ ژیاون، بگەڕێنەوە دۆخی جاران وەکو برا (کورد و عەرەب، تورکمان، مەسیحی،شیعە، سوننە) بەیەکەوە بژین، جاران لە "عاشورا"لە "تسعین" و"داقوق" بە هەزاران کوردی سوننە بەشداری ئەو یادەی شیعەکانیان دەکرد، ئێمە لە دێوە دەچوینە ناو داقوق بۆ سەیرکردنیان و هەریسە خواردن، هیچ جیاوازییەك نەبوو، بۆ نمونە کوردێك لە (ئیمام قاسم) دەچوو بۆ تسعین، لەگەڵ شیعەکاندا بەشداری بۆنەکەیانی دەکرد ،ئێستا ئەم دووبەرەکییە پاشماوەی سیاسەتی سەدامە کە توشی دووبەرەکی بووین، داوام لە خوای گەورەیە کە کورد بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.**

**چاوپێکەوتنی**

**زەردەشت خالد**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# ٢ ـ ئەحمەد ئەمین محەمەد

من ناوم ((ئەحمەد ئەمین محەمەد خدر کاکەیە))، ساڵی ١٩٥٠ لەدایك بووم، هەندێك لەمێژووی تازەی کاکەییەکان دەزانم، کە بیستومەو لەسەرچاوەکانەوە دەرم هێناون، بۆتان دەدوێم، هیوادارم سوودی لێ وەربگیرێت.

**پ/ناوچەی ئێوە کوێ بووە؟**

و/ئێمە کاتی خۆی لە شارەزوور بووین لە سەردەمی خەلافەتی "ئیمامی عومەر"دا، خەلیفە هەستا بەهێنانی سێ فرقە بۆ سەر کاکەییەکان لە شارەزوور، چونکە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



کاکەییەکان ئیسلام نەبوون، فەرمانیان کرد بە سەر کاکەییەکاندا کە ئەبێت نوێژ بکەن یان پارە بدەن، نوێژ نەکەن دەیانکوژن، ئەوەی کە پارەی هەبوو پارەی دەدا، لە ترسی گیانی خۆی. ئەو کاتە سەرکردەکان زۆر بە هێز بوون وەکو "عەبابەیلی" کە "عوبەیدوڵای کوڕی جەڕاح" کە سەرکردەیەکی زۆر بە هێزی ئیسلام بوو. کاکەیی، ئاوارە بوو، هەندێك بوون بە ئیسلام، هەندێك نەبوون بە ئیسلامو ئاوارە بوون بۆ ئێران و تورکیا. هەندێك بەرەو عەرەبستان ڕۆیشتن. بنەماڵەی ئێمە، نەبووین بە ئیسلام. ئاوارە بووین لە شارەزووردا. عەرەب سەدانیان لێ کوشتین. لەو سەردەمەدا کە "عومەری کوڕی خەتاب"خەلیفە بوو، بنەماڵەی ئێمە چوونەتە ناوچەی"خاڵە بازیانی".

**پ/ ئەم ڕووداوە لە ساڵی چەنددا بوو؟**

و/ لە ساڵی٦٣٠ زایینیدا بوو، هاتوین بۆ ناوچەی خاڵە بازیانی ، ئەو ناوچەیەمان ئاوەدان کردەوە، دوای ٣٠ ساڵ لەو ناوچەیە کوردەکان بوون بە موسوڵمان، دەیان بینی کە ئێمەی کاکەیی نوێژ ناکەین، دەیانوت ئەمانە کافرن، لەوێوە چووین بۆ ناوچەی"(باوە)، ساڵەیی ، ئاغجەچی" ئەم ناوچانە موڵکی کاکەییە ، بۆ ئەوەی بزانی شارەزوور موڵکی کاکەییە، تاپۆکەی هەیە، هەروەها "خاڵە بازیانی، هەڕاوە،چۆڵمەك، شۆراو، گورگەیی"موڵکی کاکەییە، بەڵام لەسەر ئەم ئایینە هەمووی ئاوارە کراوە، لە ناوچەی باوە و ساڵەیی و ئاغجەچی، ئاوارە کراون، دوای ئەوە چونەتە ناوچەی "قەڵغان لوی" پاش ئەوەی باپیرە گەورەمان کڕیبوی ، لەوێش ئاوارە کراون. لە کۆتاییدا هاتوون شانیان داوەتە شانی عەرەب لە ناوچەی "داقوق"، چونکە لە کۆندا عەرەب نەیدەزانی کورد چییە، نوێژ ئەکەن یان نایکەین، وەکو کورد نین زۆر گرنگی پێ بدەن، ئێستا نزیکەی "حەوت ملێون و نیو کاکەیی لە ئێرانن، شیعە نین ، هەندێکمان لە تورکیان ، هەندێکمان لە سوریاین، نزیکەی چوارسەد هەزار ماڵن ، لە لوبنان نزیکە چوار سەد و هەشتا هەزار ماڵن ، لە میسرو لە ئێران کاکەیی هەیە من کاتی خۆی لە هەردوو وڵاتەکەدا، کاکەییەکانم بینیوە تەنانەت قسەشم لەگەڵدا کردوون نمونە: (فەرید ئەترەش)ی گۆرانیبێژی میسری کاکەییە، ئاوارەبووەو گەیشتووەتە میسر. باپیرە گەورەمان لەسەردەمی عوسمانی لەکەرکوك دانیشتوون گردی قەڵایان دروست کردووە،

مەكتەبی بیروهۆشیاری



**چونکە کۆڵ کێش بوون ، مێژوومان هەیە دوای ئەوە "محەمەد قایە چی باپیری فەتاح ئاغا" واتە باوکی "سەیید خلیل" لەو سەردەمەدا ئیشیان کردووە لە دروست کردنی قەلاّی "کەرکوك"دا، ئەو کات لە ٢٪ عەرەب لە کەرکوك دا نەبووە ، چەند ماڵێکی تورکمانی تێدا بووە، هەمووی کورد بووە لە کەرکوك دا، عەرەبەکان ناسراو بوون بە "حەدیدییەکان" لە کەرکوکدا دەژیانو زۆر تازەن.**

**پ/حەدیدییەکان مێژوویان تازەیە؟**

و/بەڵی، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بوو، لە ساڵی ١٩١٨دا بەلاّم مێژووی قەلاّ زۆر کۆنترە، باپیرە گەورەکانمان لێرە بوون، گۆڕستانمان هەیە"ئیمام ئەحمەد"گۆڕەکەی ماوە، لە ڕابردوودا خاوەنی زەوی و موڵکی خۆمان بووین، لە ١٩٦٣ لە سەر دەستی عەرەب هاتینە ناوچەی "عەلی سەرا" لەوێ ماوەیەك ماینەوە بە هۆی نەبوونی و بێ بارانییەوە ڕۆشتین ، هاتینە کەرکوك، ڕۆژانە کارمان دەکرد و گوزەرانمان دەکرد ، هەتا ئێستا دێهاتو وموڵکەکانمان دەستی بەسەردا گیراوە، بە دەست عەرەبەکانەوەیە.

**پ/ کام دێی ئێستا بە دەستی عەرەبەکانەوەیە؟**

و/گوندی "گومبز" موڵکی ئێمەیە، گوندی "حسێن ئاغای کاکەیی" هەبوو کە ئێستا عەرەبی "عوبێد"ی لێ نیشتەجێ بووەو لە" حەویجەوە" هاتوونو لەو گوندەدا نیشتەجێ بوون. گوندی کە وەکو"دەلسی گەورەو دەلسی بچووك ، (تەغابعەیە)، (عەلوەت پاشایە) ، (حەشیشەیە) ، (روبیظة) ، (غێدەیە)" هەموو موڵکی کاکەیین، عەرەب دەستی بەسەردا گرتوون، پێنج دێمان بە دەستەوە ماوە لە کۆی پانزدە دێ، (١٠) دێهاتمان دەستی بەسەردا گیراوە، ئەم دێهاتانە هەمووی، لە کەرکوك دان "قایەل بەلا" مێژووی کۆنە، ئێمە بەبرای خۆم بڵێم هەر لە کەرکوك دا بووین.

**پ/ ئایا ئەو موڵکانەی کە هەتانە تاپۆی ماوە؟**

و/ هەمووی تاپۆی ماوە.

**پ/ بە ناوی کێوەیە تاپۆکان؟**

و/بە ناوی (فەتاح ئاغا) و (سەیید محەمەد قایەچی)یەوە بووە ، ئەساسەکەی بە ناوی سەیید محەمەدەوەیە لە تاپۆی عوسمانلییەکانە، ئێستا کوڕەزاکانی ماون، ناوچەی



مەكتەبی بیروهۆشیاری



شارەزوور هەمووی موڵکی ئێمەیە بە تاپۆ ، تاپۆکان ماوەن.

**پ/پەیوەندی ئێوە لەگەڵ مەسیحییەکان دا چۆن بووە؟**

و/پەیوەندیمان خۆش بوو، ڕێزی ئایینەکان دەگرین ، گاڵتە بە هیچ ئایینێك ناکەین، بەلاّم ژن و ژن خوازیمان نەبوو لەگەڵیاندا، لەگەڵ عەرەب و تورکمانو جولەکە هەمانە، باپیرە گەورەمان لەگەڵ جولەکە ژن و ژن خوازی کردووە، هەندێکمان لەگەڵ جولەکە ڕۆشتن، کاکەیی قبوڵی نەکردوون.

**پ/پەیوەندی ئێوە لەگەڵ جەبارییەکاندا چۆن بووە؟**

و/ لە سەردەمی خۆیدا وەکو باوکم باسی کردووە، کاکەیی و جەباری ئامۆزای یەکترین، چونکە کە جەباری و تاڵەبانی شەڕیان بووە، کاکەیی بووە بە هاوپەیمانی جەباری، هەموو کات یەك بوون بۆ ئەوەی کە کەس نەتوانێت هێرش بکاتە سەر کاکەیی و جەباری.

**پ/پەیوەندی ئێوە بە (شێخ مەحمود)ەوە چۆن بووە؟**

و/ کاکەیی لە شەڕی "شوعەیبە" شان بەشانی (شێخ مەحمود) شەڕیان کردووە، بەڵگە هەیە، پەیوەندی کاکەیی لەگەڵ ئینگلیزدا گرنگ بووە، بە هۆی (شێخ مەحمود)ەوە کە کاکەیی هاوپەیمانی شێخ دژی ئینگلیز بووە، بەلاّم کاکەیی مرۆڤێکی ئاشتی خوازە، لە بەر گوزەرانی ناوچەکە و پەیڕەوەی ناوچەکە ئەبێت شان بە شانی ئەو میللەتە بڕوات بۆیە ئەوکاتە کاکەیی دژی ئینگلیز دەجەنگا، پەیوەندیمان لەگەڵ شێخ مەحمود خۆش بووە، ئێستاش سەعاتێکی شێخ هەیە کە کاتی خۆی دیاری کردووە بە "عەدنان ئاغا"و بە"فەتاح ئاغا".

**پ/پەیوەندی ئێوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا چۆن بووە؟**

و/ عەشیرەتی ئێمە ئاگای لە خۆی بووە، تا نەکەوێتە شەڕ لەگەڵ عەشیرەتەکاندا، ڕوودانی دووبەرەکی لە نێوان عەشیرەتەکاندا وەکو باوکم گێراوێتییەوە کاکەیی لەگەڵ عەرەبی عوبێد دەبێت بە شەڕیان. لە ساڵی ١٩٣٤دا گروپی "تاهیر عوزێر " هێرشیان کردە سەر عوبێدییەکانو نزیکەی ٣٧ کەسیان لێ کوشتن، لە ساڵی ١٩٣٤دا بە فەرمانی پاشا کاکەییەکان دەربەدەر کرانو بران بۆ خانەقین. باوکی تاهیر عوزێریان

مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەوێ نیشتەجێ‌کردو موڵکیان دانێ. ئەو مێژووە ماوە، ئێستا عەرەب قسەیەکیان هەیە ئەگەر کەسێك بیەوێت شتێك نەکات ئەڵێت:" ئەگەر عوزێریش بێت نایکەم" کە ئەمە بەڵگەیە بۆی کە عوزێر دەرسی عەرەبی داوە لەو ناوچەیەداو کە شەڕی "عوبێد" لەگەڵ "ئەلعەزە" کراوە "حەبیب حەیزەران" کە" عاسی عەلی" بریندار دەکات لە ڕۆژی جەژنی قوربانداا، نزیکەی ٢٠٠ عەرەب لە عوبێدییەکان دەکوژێت، ئینجا حکومەتی مەلیك هەستا شێخی عوبێدییەکانی هەمووی زیندانی کرد. (فەتاح ئاغای کاکەیی) هێرشی کردە سەر کەرکوك ، پێی ڕاگەیاندن کە بەرقییە بۆ مەلیك بکرێت کە ئەبێت ئەو شێخانەی عوبێد ئازاد کرێن یان ئەبێت (حەبیب حەیزەران)یش زیندانی بکرێت، ئەو کاتە، کاکەیی لەگەڵ عوبێدیەکاندا دوژمن بووە، عەرەبی عوبێدی بە دەستی کاکەیی کوژرابوو، پێی راگەیاندن کە ئەمان لە عوبێدیان کوشتووە، ئەو ڕووداوە کاکەیی و عوبێد ئاشت بوونەوە.

**پ/ دەتوانی باسێکی کەسە ناودارەکانی کاکەیی بکەیت؟**

و/ یەکێك لەو کەسە ناودارانەی ناو کاکەیی بریتی بوو لە:-

**یەکەم/ "سەیید وەلەد ئەفەندی کوڕی سەیید محەمەدی سەیید ئیبراهیم ئاغا"**

یەکێکە لە کەسە ناودارەکانی کاکەیی، لە ساڵی ١٨٥٠ لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی موسەلا. لە ماڵی خۆیاندا ژنێکی عەرەب دایەنی بووە، لە ساواییەوە گەورەی کردووە، ئەو ژنە بانگی دەکرد بە (وەلەد) دواتر ئەو ناوەی بەسەردا دابڕاوە ئیتر ناوی نراوە "کوڕ" بە منداڵی پاش ئەوەی چووەتە خوێندنگا زۆر زیرەك بووە، بۆتە قەڵەم بەدەستێکی پایە بەرز "فەتاح ئاغای باوکی عەدنان ئاغا"، کوڕێکی چاو نەترس و زیرەك بووە، زمانی عەرەبی وفارسی و تورکی زانیوە بە نوسین و خوێندنەوە. دیوانەکانی "مەولەوی" و" حاجی قادر" و" هەمەوەندی" و"خەلیل منەوەر"و "خواجە حافز"و"سەعدی شیرازی" ،"ابو علاء معری" خوێندووەتەوە، سەیید وەلەد ، ئەدەب دۆست و زیرەك بووە ، کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبووە لە ماڵەوە لە پاش خۆی هەندێ کتێبی لای "سەیید تارق ئاغا" ماوە. (سەیید وەلەد) لە ساڵی ١٩١٥ لە شەڕی "شوعەیب" لەگەڵ دەیان لە ڕۆڵەی هۆزەکەیدا بەشداری ئەو شەڕانەی کردووە، سەیید،



مەکتەبی بیروهۆشیاری



پایە بەرزەکانی کاکەیی و ڕێبازی سۆفێتی گرتووەو بە ڕێبازی "سوڵتان ئیسحاق" کاری کردووە، بۆیە لای کاکەییەکان زۆر خۆشەویست بووە، بەرزنجی مانای ئەوەنییە کە خەڵکی بەرزنجە بن، بەڵکو تەنها نازناوێك بووە. وەك فەرمانبەرێك لە شاری کەرکوکدا لە سەردەمی عوسمانیدا ئیشی کردووە، ئەفسەر بووە بە ناونیشانی "بین باشی" مانای"مقدم عضو في مجلس البلديات". ئەندام بووە لە دادگای سەربازیدا. بە هۆی ئەو پۆستەوە لای کاربەدەستانی میری گەلێك خاتری گیراوە، ئەویش توانیوێتی لەگەڵ خەڵکدا چاکە بکات، سەید وەلەد ، زۆر شتی لەبارەوە باس دەکرێ، بەڵام من هەر ئەوەندە دەزانم کە بەکورتی بۆم باس کردن.

**دووەم/ "سەیید خەلیل ئاغا کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم کوڕی سەیید ڕۆستەم کوڕی سەیید ئیبراهیم کوڕی سەیید عەلی کوڕی سەیید خلیل ئاغای"، برای سەیید وەلەدە.**

لە ساڵی ١٨٥٦ لە شاری کەرکوکدا لە دایك بووە، تێبینی بکە ئەو کاتە کاکەیی لە ناو کەرکوکدا هەبوو. پاشان لای سوڵتان "عبدالحميد" کراوەتە ئەندامی دادگا لە کفریو لەوێ ویستوێتی کچێك لە سەییدەکانی کفری بهێنێت، بەڵام ژن هێنانەکەی سەری نەگرتووە، " سەیید خەلیل" یەکێکە لە سەرۆك هۆزە بەناو بانگەکانی کاکەیی عێراق. کاکەییەکان خۆشیان دەویست، بەو پەڕی دڵسۆزیەوە ئیحترامیان دەگرت، کە لەم هۆنراوەیەدا باس کراوە.

**"سەیید خەلیل"هات خۆی و ئەسپەکەی**
**یاخوا هەر خۆش بێ بۆ عەشرەتەکەی**
**چونکە بۆ عەشرەت براو باوانە**
**عەشیرەتیش بۆ ئەو گشت فیدای گیانە**

نزیکەی ساڵی ١٨٩٨ لە پاش هەولێکی زۆر، "یەسو ساواکی"ی شاعیری لە بەندینخانەو مردن ڕزگار کردووە، لە ساڵی ١٩١٤ شاعیری بەناوبانگ "خەلیل

مەکتەبی بیروهۆشیاری



منەوەر"ی لە زیندان رزگار کردووە ، لە سالْ ١٩١٤ کە ئینگلیز "فاو"ی گرتووە ، هاتوون بەرەو "بەسرە" عوسمانییەکان جیهادی پیرۆزیان دژ بە ئینگلیز ڕاگەیاندووە لە عێراقدا. لە ساڵی١٩٣١ "شێخ مەحمود" نامەیەك بۆ"سەیید خەلیل" دەنێرێت، داوای لێ دەکات کە بە زوترین کات بگاتە "بنار گل"و ئامادە بێ. سەیید خەلیل لەگەڵ سەیید فەتاحی کوڕیی و چەند سوارێك گەیشتونەتە لای شێخ مەحمودو کارێکی بۆ جێ بەجێ دەکات پاش ئەوەی دەگاتە ئەو گوندە، شەڕی "ئاوباریك" دەست پێ دەکات دژی ڕژێمی پاشایەتی ، (سەیید خەلیل) و (سەیید فەتاحی) کوڕی و سوارچاکەکانی کاکەیی شان بەشانی شۆڕش گێڕەکانی شێخ مەحمود جەنگاون، شێخ مەحمود خەنجەرێك و سەعاتێکی زێڕینی بە دیاری پێشکەش بە سەیید خەلیل کردووە ، سەعاتەکەشی بە سەیید فەتاح پیشکەش کردووە، ئەو دیارییانەی ماونەتەوە، ئەمڕۆ لای سەیید عەدنان کوڕەزای پارێزراوە، سەیید خەلیل ئاغا، زۆر هاوڕێی سەرۆك هۆزی عوبێد (سەیید عاسی عەلی) بووە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە حەویجە و فارس بەگ سەرۆك هۆزی بەیات لە ناوچەی گەرمیانو، محەمەد جان وەیس بەگ سەرۆك هۆزی "گل" لە ناوچەی بناری گلو سەیید ئەحمەدی خانەقا کوڕی شێخ حوسێنی خانەقا، هەروەها لەگەڵ ئەم ناودارانەی کاکەیی وەکو"حەمە ئاغا" و"خەلیل منەوەر "،"مەلاعەباس"، "ڕۆستەم یادگار" ،" عوزێر ئەحمەد "، ڕەمەزان یادگار"، سەیید خەلیل ئاغا لە ساڵی ١٩٠٥ دەستی بە سەر" شێخ ڕەزا" گرتووە، بردویەتییە دێی "تۆپ زاوا" لە دیوەخانەکەی خۆیدا بە نیاز بووە سزای بدات، لە سەر ئەو شیعرە ناڕەوایانەی کە بە سەر کاکەییدا هەڵیداوە، بەڵام خەلیل منەوەر شاعیری چەوساوەکان دەچێتە لای سەیید خەلیل، تکای لێ دەکا کە سزای شێخ ڕەزا نەداتو سەیید خەلیل لە بەر خاتری ئەو سزای شێخ ڕەزا نادات ، قسەی ناشکێنێت، مەرجی لێوەردەگرێت کە جارێکی تر قسەی پڕو پووچ، بەرامبەر کاکەیی نەکاتو قسە هەڵنەبەستێت، بەڵام دەردەکەوێت کە شێخ ڕەزا دەچێتەوە ماڵی خۆییو چەند هەڵبەستێك بە شێوەی شیعر و نامە دەنوسێت لە ڕێگەی خەلیل منەوەرەوە هێرش دەکاتە سەر کاکەیی، سەیید خەلیل ئاغا دێتو ئەم ڕوداوە دەگێڕێتەوە دەڵێ :



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**لە یادم ناچێ منیان گرت بە داو**
**منیان سەنگ کرد وەک حیوان لۆ ئاو**
**تا منیان بردە دیوان (سەیید خەلیل)**
**گەر تۆ نەبوایەی زۆر دەبووم زەلیل**
**یەکێ بە تێڵ، یەکێ بە خەنجەر**
**یەکێ دەست بە چەک، یەکێ بە نەشتەر**
**یەکێ دەست بە پەت لۆ گەردەنی من**
**لاچۆ لاچۆ بوو بۆ پاوەنی من**

(سەید خەلیل) لەژیانیدا پێنج ژنی خواستووە، ئەمەش ناوەکانیانە "خاتون گولی کچی سەیید وەلەد سەیید دەروێش سەیید هەواسی کاکەیی" "خاتون گوڵچین کچی عەلی ئاغا بە نەتەوە تورکمان " "فاتمە خان کچی فارس بەگ، بە نەتەوە لە بەگ زادەکانی بەیاتە لە هەرێمی سلێمان بەگ". "منیرە خان کچی مەحمود ئەفەندییە، لە بەگ زادەکانی هۆزی بەیاتە لە ناوچەی خانەقین" "مینا خانم لە سەییدەکانی ئیمام زین العابدینە لە داقوق" لەو ئافرەتانە پێنج کوڕی هەبوو، ئەمەش ناوەکانیانە بە پێ تەمەنیان "سەیید مستەفا و سەیید فەتاح ، سەیید نەجمەدین ، سەیید جەمال ، سەیید کەریم" لە ساڵی ١٩٠٣ دێی "تۆپ زاوا"سەیید فەتاحی کوڕی، ناوچەی کاکەیی هەرێمی داقوقی دروست کردووە، سەیید خەلیل ئاغا لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢ فەرمانی یەزدانی بەجێهێناوە لە گۆرستانی "ئیمام ئەحمەد " لەگەڕەکی موسەڵا لە شاری کەرکوکدا بە خاك سپێردراوە ، لە پاش ئەو سەیید فەتاح ئاغا بووەتە سەرۆك هۆز.

چاوپێکەوتنی
زەردەشت خالد

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# شێخ سەردار جەباری

## عەشیرەتەکانی ناوچەی کەرکەك.

دەربارەی ناوچەی کەرکەك خێڵەکانی ئەم ناوچەیە، هەندیکیان کۆنن هەندیکیان تازەن. بەتایبەتی عەشیرتە عەرەبەکان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوەهاتوون وەکو: عەشیرەتی عوبێدو جبور،کە زۆر تازەن. عەشیرەتە کۆنەکان وەکو(جەباری، داودەی،کاکەیی زەنگنە، ناوشوانی) ئەم عەشیرەتانە زۆر کۆنن، عەشیرەتی(بەیات)یش لەو ناوچەیەدا زۆرکۆنە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



عەشیرەتی عوبێدیش سەرەڕای ئەوەی تازەن هەڵوێستان لەبەرامبەر هاتنی مەندوبی سامی بۆ کەرکەك هاوتای هەلۆێستی سەیدمحمد جەباریوشێخ عەبدولاّی عەسکەر لەناوچەی قەلا سێۆکە یەك بووە. عەشیرەتی عوبێد سەرۆکەکەیان ناوی(عاسی عەلی)بوو دەڵێت:(ئێمە پشتگیری گەڕانەوەی شێخ محمود دەکەین بۆ کوردستانو بەهێچ شێویەك ڕازی نابین کوردستان بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتەی کە تازە دروست دەکرێتو ناوی عیراقە)هەتا کار دەگاتە ئەوەی لەم سەروبەندەدا مەندوبی سامی دەڵی(عاسی عەلی)تۆچیت داوە لەم کوردانە تۆ عەرەبی. عاسی عەلی سەرۆك عەشیرەتی عوبێد وەڵامی دەداتەوە دەڵی: بەڵی من عەرەبم، بەڵام لەخاکی کوردستان دەژیمو پێم شەرەفە شێخ مەحمود بێتە مەلیکم نەك عەرەبێك لە حیجازەوە بهێننو بیکەنە مەلیکم)

دوای عەشیرەتی جبور هەیە دوای عەشیرەتی(کەرەوی)هەیە لە ناوچەی قەرە تەپەن. دوای عەشیرەتی جاف هەیە دوای عەشیرەتی بەیات هەیە کە لەناوچەی کفریو دوزخورماتوو دادەنیشن تاکو ئێستا ساغنەبونەتەوە کوردن یان عەرەبن یان تورکمانن.

هەروەها عەشیرەتی باجەلانو زەند، کە عەشیرەتی زەند چەندین ساڵ خاکی ئێرانیان بەدەستەوە بووە حوکمیان کردوە. کەریم خانی زەند لەدوای نەوشیروان حوکمی کردوە. هەروەها عەشیرەتی قەلا سێوکە ناوچەکانی ناحیەی ئاغجەلەر دەگرێتەوە شێخ عەبدولاّی عەسکەرسەرۆکی ناوچەکە بووە. عەشیرتی شوانیش زۆر گەورەیە پیاوی گەورەیان زۆر بووە.عەزەی شەریف جەلیل،کوێخا ڕەشیدی یەختەخان،کوێجا جەباری گورگەیی،کوێخاحسین رەجەب. وەم عەشیرەتە لە تاوغ دوو سەرۆکی ناوداریان هەبوو رەفعەت ئیسماعیل بەگو دارابەگ بووە.

## تەکیەی جەباری لە کەرکوك

بە بڕوای من کۆنترین تەکیە لە کەرکەکدا تەکێی جەبارییە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(٣٥٠)ساڵ پێش ئێستا،لەناو قەڵای کەرکوکدا دروستکراوە: بە تەکیەی سەید مەجید ناسراوە، خۆی سەید محمد ڕەوشەنی ئەو تەکیەی دروست کردوە، بەڵام ناوبانگی بە تەکیەی سەید مەجید ڕۆیشتووە. باپیرەی محمد ڕافعومحسنو د.محمد نەجاتو زینەڵ

مەکتەبی بیروهۆشیاری



بووه، کە دکتۆرن لە زانکۆی بەغداد. سەبارەت بەسەرپەرشتی تەکیەکە ماوەیەك سەیدهادی خەریك بوو.

بەداخەوە تەکیەکە زۆرپەرپوت‌و شێواوە، لەسەردەمی بەعسدا نۆژەن نەکراوەتەوە یەکێکە لەو تەکێیانەی پشت گوێ خراوە،لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش خەڵکی سەردانی دەکەن، تەنانەت لەهیندستانیشەوە خەڵکی زیارەتی کردوە. جگە لەوەی قودسیەتی هەیەو شوێنکی پیرۆزە، هەتا ئەم کاتەش شوێنەوارێکی دێرینی شاری کەرکوکە. خەڵکی قەناعەتیان بەو چیرۆکە هەیە کە(ڕیشیی پێغەمبەری لێ یە) جگە لەو چەندین چیرۆك‌و سەرگوزشتەی موسڵمانانی لێ دەگێڕنەوە. لەسالآنی دوای بەعسدا پیلانی ئەوەیان دانا بیڕوخێنن، بەڵام پارێزگاری کەرکوك سامەڕائی بوو،سەیدەکان چوون بۆ لای تاکو قەناعەت بە(سەدام حسین)بکات کە نەیڕوخێنێ ئەوە بوو دوای نەیانڕوخان‌و وەکو شوێنەوار مایەوە.جگە لەوەی ئایەتی قورئانی بیرۆزی لێنوسراوە کە دەفەرموێت:

بسم الله الرحمن الرحيم. آية(١٦) (قل للمخلفين من الأعراب سَتدُعون إلى قومٍ أُولى بأسٍ شَديدٍ تقتلُونَهمُ أَو يسلمُونَ فإِن تُطُيعوا يؤُتِكم الله أَجراً حسناً وإن تَتَولُوا كما تَوَلُيَتمُ مِنْ قَبْلُ يُعذبكمُ عذاباً أليماً) ((سورة الفتح)) (إبن الكثير لاپەڕە/ ٥١٣-٥١٤)

خوای گەورە بە پێغەمبەر ئەفەرموێت‌و ئەڵێ بە عەرەبە دواکەوتوەکان بڵێ کە بانگ دەکرێن بۆلای هۆزێك(گەلێك)ی ئازاو جەنگاوەرو پڕ هێزن لەگەڵیان جەنگ بکەن یا عەیر موسڵمان بین کە خۆیان ئیماندار بوونە. جا ئەی عەرەبە دەشتەکیەکانی دواکەوتوو، لە حودەیبیە ئەگەر فەرمانبەری ئەو سەرۆکە بکەن‌و بڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵ ئەو گەلەدا، ئەوە خودا پاداشتێکی باشتان پێئەدا، ئەگەر پشت لەم جەنگەیش هەڵبکەن وەکو لەمەوپێش پشتتان هەڵگرد ئەوە خودا سزاتان ئەدا بە سزایەکی سەخت‌و ئازاراوی، (لەم تفسیرە ئیبنولکەسیر ئەڵێت ئەو گەلە کوردن)... لەساڵی ٧٠٧ کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە... ئەو تەفسیرە٤٠٠ چوارسەدساڵ پێش ئێستا لەوێکراوە، تاکو ئێستاش شوێنەواری ئایەتەکەماوە.زۆربەی خزمە سەیدەکان وسیتمان نوێی بکەینەوە بەڵام پارەیەکی زۆری دەوێت بۆمان هەڵنا سوڕی تاکو ئێستا نەمان کردوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



## شاعیرەکانی جەباری لە کەرکوك

مەلای جەباری کە ناوی‌مەلا(فەتاح)ە کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئیسماعیل کوڕی سەید جانیە،نازناوی مەلای جەبارییە مامۆستا جەبار جەباری دیوانەکەی بۆکۆکردۆتەوە بەڵام تاکو ئێستا هەمووی دیارنییە. هەروەها مامێکی مەلافەتاح مەلای جەباری بەناوی سەید محەمەد هەبووە. ئەویش لە پێش مەلای جەباریدا شاعیربووە. شیعرەکانیان مۆرکی مەقامی قەتارو ئەلاوەیسی پیوەدیارە وەزن‌و قافیەی تایبەت بەمقاماتی گەرمیانی لە خۆگرتووە. شاعیری تریش لە جەباریدا هەیە بەڵام من باسی شاعیرە کۆنەکان دەکەم.

## ناوچەکانی جەباری

لای سەرەوەی ڕۆژهەلاتەوە لە ڕۆخانەو باسەڕە دەست پێ دەکات لای خوارەوەی ناوچەی لەیلانە، دەستی چەپیوە بناری گلە،ڕۆخانە هێلێکی دروستکردوە لە ناوچەی جەباری کە سنورەکەی جیادەکاتەوە لەشوێنەکانی تری.

یەکەم دێی جەباری لە(نەورۆزەوە)دەست پێ دەکات گوندەکانی تری وەکو نەورۆزە،تاو یێرە، بەرزە،زەردە،عەلی قسەفا،ئالیاوە،گۆلەمەلە،گۆلەمارە، بان گۆل،سورانە،،شێخ محەمەد،مەحمودپەری زایە،کولەبانە، گۆلە مارە،بان گۆل، سورانە، شێخ محەمەد، مەحمودپەری زایە، کولەبانە، حەسەن خانە، حەفتا چەشمە،مۆردانە،سێ‌هەنارە،،شێردەرە، وەستا خدر، بەکر باجۆلانە، قای تەوەنە، نەخۆر،جانیی، تەکیتی جەباری،قوچ عەلی قەلاوێرە، زەوج)ئەمانە تەنها یەك دێ ناوی عەرەبی نییە، هەموو کوردستانەو تەنها کوردی لێبووە. هەرچەندە دەسەلاتی عەرەب‌و تورك زۆر دەوامی کردوە، بەڵام بەبەراورد کاریگەری لەسەر ناوچەی کەرکوك کەم هەبووە بەتایبەتی ناوچەی جەباری .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# نوری فەقێ

ناوم نوری فەقێیە، لەدایك بووی (١٩٢٧)م، باوکم لەگەڕەکی تەکیەی تاڵەبانی لەدایك بووە، منیش هەر لەدایك بووی هەمان گەڕەکم. بنەماڵەی ئێمە زیاتر ١٥٥ ساڵە لەو گەڕەکەدا دەژین، لەدوای تەواو کردن و خوێندنی قورئان، لەمناڵیمدا لەلای مەلاکانی ئەو سەردەمە چەند کتێبێکی ئاینی ترم لەفارسیو تورکی خوێندوە، دواتر کراومەتە بەر خوێندن تاکو پۆلی چوارەمم لەمەکتەبی ئێواران خوێندوە.

سەبارەت بە کوردەکان لەکۆندا چەند گەڕەکێکیان هەبوو، یاخود لەتورکمانەکان زیاتر بوون، بەتایبەتی لەم گەڕەکانەدا وەکو: ئازادی، شۆریجە، ئیمام قاسم، سەید سەروەر، ئەخی حوسێن، زێوە، دواتر ئازادی رەحیماوا..... هتد.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



بە بیرەوەری خۆمو پێشتریش کە بیستومە، کەرکوك زۆرینەی نەتەوەی کورد بووە، تاکو ساڵی پەنجاو شەستەکانیش زۆرینەی کوردو تورکمان بوو، عەرەبەکان زۆر کەمبوون، بەداخەوە زۆرینەی ئەوانەی، کە خۆیان بە تورکمان دەزانن لەراستیدا باوباپیریان کوردە، لەرێگای ژنو ژنخوازی نێوان کوردو تورکمان زۆر کورد هەڵگەڕایەوەو خۆی بە تورکمان نوسی، ئەمەش هۆکاری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی لەپشتیەوە ئامادەیە.

من تاکو ساڵی ١٩٥٢ کەواو چاکەتم لەبەر دەکرد، دواتر پانتۆڵم پۆشی، جلو بەرگەکانمان لەگەڵ تورکمان لەیەك دەچوو، بەڵام جیاوازی لەسیماو هەڵسو کەوتمان بە دەیار دەکەوت.

من لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٠ بە دواوە لەشەریکەی نەوتی کەرکوك دامەزرامو کارم دەکرد، گەنج بووم. ئەوسا لەکەرکوك سینەما بایەخێکی ئیجگار زۆرو کاریگەری هەبوو، لەپێشدا تەنها سینەمایەك هەبوو لەپاشتر بوو بە سێ سینەما. لەگەڵ گەنجەکانی تورکمان لەسینەماکاندا جار جارە بەریەك دەکەوتینو شەڕێکمان دەکرد، بەڵام کێشەکان قوڵ نەبووبوونەوە وەکو ئەمڕۆ.بڕوابکە بەردەوام ئێمە زاڵترو سەرکەوتووتر دەبوین لەڕووی ژمارەو پەلاماردانو شەڕە گەڕەکەوە.

من چایخانەیەکم هەبوو، لەشوێن نەقڵیاتی سلێمانی دوکانێکم هەبوو، ئەو کاتە هێشتا بڕشتم مابوو وەکو ئێستا کەنفت نەبووم.

تازە لەشەریکەی نەوت هاتبومە دەرەوە، دوکانەکەم قوماش بوو، چایخانەکەشم لەشوێن گەراجی ئێستای سلێمانی بوو ناوی (چوارباخ) بوو، لەوخوارووی چایخانەکە ژنە عەرەبەکان بەروبوومی ئاژەڵیان دەفرۆشت وەکو ماستو کەرەو رۆنی حەیوانو قەیماغو خوریو تەنانەت تا دەگەیشتە قشپل.عەرەبەکان زیاتر لەحەویجە دادەنیشتن، پیاوەکانیان کاریان نەدەکرد ژنەکانیشیان بەم جۆرە کارانە خۆیان دەژیان.

عەرەب بە بەراورد لەگەڵ کوردو تورکمان زۆر هەژارو دواکەوتوو بوون لەوناوچانەدا لەڕووی ماڵو رۆشنبیریو تەنانەت جۆری خواردنو جلو بەرگ پۆشینیانەوە لەدوای کوردەوە بوون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەناو کەرکوکدا یاریەك هەیە، گەپێی دەڵێن (سینیو زەرف) عەرەب پێی دەڵێت محێبس ئەم گەمەیە بە زۆری لەشەوانی رەمەزاندا دەکرێت، ئێمە لەنێوان نەتەوەکاندا یاریمان دەکردو یەکتریمان دەعوەت دەکرد، بە تایبەتی ئێمەو تورکمانەکان شەوانمان بە خۆشیو یاری کردنەوە دەرازاندەوە، دیمەنێکی زۆر جوانو رازاوەی دەدا بە خەڵکەکەو دڵیانی خۆش دەکرد، بەندەش یەکێك بوو لەیاری کەرە مەشهورەکانی شاری کەرکوك.

ئەمەی باسی دەکەم بارو دۆخی تورکمانە لەکەرکوك پێش شۆڕشی ١٤. پێش شۆڕشی چواردە، عەرەبە قەومیەکانو بەعسیەکان زۆر ئیرەیان بە کورد دەبرد ، کە لەو شارە بڕ (نەوت)ەدا، کورد زۆرەو خاوەن نفوسی خۆیانن. بۆ دژایەتی کردنی کورد عەرەبەکان هەستان بە پاڵپشتی کردنی هەندێك لەتورکمانە رەگەز پەرستەکان، سەرەرای ئەمە پاڵپشتی کردنی دەوڵەتی تورکیای کەمالی بۆ تورکمانە هەڵخەڵەتاوەکان، کەبەخەیاڵی کۆنیان کەرکوکیان بە بەشێك لەتورکیا دەزانیو خۆیانو هەوادارنیان دڵیان بۆ تورکیای کەمالی راکێشرا بوو.

بەڵام سەبارەت بە (عەرەب)و تەشەنە سەندنیان لەکەرکوکدا، دەتوانم بڵێم سەرەتای سەرهەڵدانی عەرەب لەساڵی ١٩٤٠ بە دواوە بوو ئەوسا لەپشتی پاریزگاوە هەبوون پێیان دەوتن حەدیدیەکان، زۆربەیان ماستو قەیماغو شتی تریان دەفرۆشت، پێشتر وابزانم لەناوچەی موسڵدابوونە ئاژەڵو بەروبوومی ئاژەڵیان دەفرۆشت.

هەتا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بارودۆخ بەم شێوەیە بوو، بەڵام دوای شۆڕش کرانەوەیەك هەبوو لەڕووی سیاسیەوە، بەتایبەتی لەکەرکوکدا کورد یەکپارچە ئازاد بوو بەسەدان شێوە هوتافو دەنگی کورد لەشەقامەکاندا دەبیسترا کەس نەبوو بتوانێ بڵێت بۆچی وا دەکرێ.

ئاشکرایە لەسەردەمی پێش شۆڕشی ١٤ی ئازادی لەو جۆرە قەدەغە بوو، بە تایبەتی سەردەمی نوری سەعید لەحوکمی مەلەکیدا لاوانو قوتابیانیان لەبەندیخانەکاندا توندکردبوونو ئازاریان دەدان. لەپڕێکدا ئەم ئازادیە هاتە کایەوە دەبێت چۆن دەربردار بێتو چی رویدا بێت، ئێوە خۆتان دەتوانن ئەم وێنەیە بهێننە پێش چاوی خۆتان.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



عەبدولکریم قاسم لەگوتارێکداو لەبەیانامەیەکدا بە دەنگی بەرز گوتی: (کوردو عەرەب هاوبەشن لەم وڵاتەی عیراقدا) ئەم دەستەواژەیە تورکمانەکانی توشی نائومێدیو شۆك کرد زۆر هەستیان بە کەمو کورتی دەکرد وەکو کەمینە لەبەرامبەر کوردەکان کە ئەمان باس نەکراون.

ئەوە بوو رووداوەکەی ساڵی ١٩٥٩ رویدا، کە لەساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا رێپێوانو ئاهەنگ دەگێردرا لەلایەن کوردەکانەوە کەچی هەندێ لەتورکمانەکان تەقەیان لەرێپێوانەکە کرد بیانوەکەیان ئەوە بوو کە گوایە مردنی ئەو کابرایەی، کە پیلانی گێڕا بۆ کوشتنی مەلا مستەفای رەحمەتیو ناجح نەبوو، گوایە لەداخی کورد جەڵدەی دڵ لێی داوەو شەهید بووە، ئێستا جەبهەی تورکمانی بەشەهیدێکی ناوداری خۆیانیان داناوە. من ئەو ساتە وەختانەی رووداوەکە دەرۆیشتم بۆ دەوام، لەرێگا هەندێك تورکمان کۆبونەوەکیان کردبوو. گوێم لێبوو یەکێکیان دەیووت: (دەبێت کەرکوك بکەین بە قوبرسو نابێت کورد بیێت بە خاوەنی) بە توندیو گرو تینێکی شۆڤینیانەوە قسەی دەکرد، کە زۆرپێی نارەحەت بووم. دەیووتو دەیووتەوە: گەر. ئەم شارە بکەین بە قوبرس. پلەی عەقید بوو لەسوپای عیراقدا زۆر رۆڵی خراپی دەگێرا. لەو کاتەدا من ئامر سریە بووم، تورکمانەکان رێکخراوی لاوانیان هەبوو ئەوانیش رۆڵی خراپیان دەگێرا. بارودۆخەکە زۆر بە خراپ گۆردرا. ئێمە وەکو پاسەوان لەگەڵ رێپێوانەکەدا بووین، زیاتر لە (٢٠) بیست مەلاو پیاوی ئایینی لەپێشەوە دەرۆیشتن بۆ لای سوق هەراجیەکەی قۆریە،ئەوسا بارەگای رۆژنامەی (ئیتحاد شعب) کە ئێستا (گریق شعب)ە لەوێ بوو. مەلایەك لەپێشەوە بوو ناوی مەلا عەبدولکەریم بوو ئێستا تەمەنی ١١٠ ساڵە تاکو ئێستا لە ژیاندا ماوە، باوکی ئەو کاکە حەمەیە. تورکمانەکان هەندێك ئەفسەریان هەبوو لەقوژبنەکانی سەر رێگاکان لەبۆسەدا وەستا بوون تاکو لەپڕێکدا تەقە بکەنو را بکەن. چایخانەیەکیان هەبوو ناوی (ئەسلان ئێقی) واتا جێگای شێر. لەوێوە کابرایەکیان دانابوو لەرەوشتدا ناویبەخراب زرابوو دوو تەقەیلە رێپێوانە کە کردو رایکرد، ناوی عوسمان بوو. کۆمەڵێ کورد گرتیانو پەتیان لەمل کردو بێ بەزەیانە رایاندەکێشا بە زەویەکەدا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



ئێمە بەهێزو بەدار لێمان دەدان، بەلاَم بێفائیدە بوو، لەحەق نەدەهاتین. شەڕەکە قەومابوو. لەگەڕانەوەدا لای مەسرەفی عەقار، بینیمان خەڵکیان بەداری قەڵەم تۆزەوە سەر بەرەو خوار هەڵواسیوە یەکێك لەوانەم ناسییەوە، کە (عەتا خەیرولاّ) بوو ئەوەی کە من بینیمو دەیووت: گەرێ کەرکوك بکەین بە قوبرس. بە داردا کرابوو دیمەنەکان زۆر نامرۆڤانەو ناشرین دەهاتە بەرچاو، بەلاّم هۆکارەکان بە زۆری تورکمانەکان بوون.

ئێمە زۆرێك لەتورکمانەکانمان لەدەستی خەڵك رزگار کرد، بەلاّم لەهەموو لایەکەوە قەوما بوو فریا نەدەکەوتین. دەیان زامدار هەبوو کوژراوێکی زۆریش هەبوو، من بۆ خۆم قاچم زامدار بوو زیاتر لە ٢٢ یاخود ٢٤ کەس کوژرا بوون، بەلاّم بە کوردو تورکمانەوە ئەوەندە بوو.

دواتر عەقید عەبدوڵلا باوکی د. فاروق چووە لای عەبدولکەریم قاسم شکاتی لە کوردەکان کردو کۆمەڵێ وێنەی ساختەیان دا بە عەبدولکەریم قاسمکە کۆمەل، چونکە هەر تورکمانێك دەربکەوتایە دەیان کوشت لەکوێ ئەم وێنەیە گیراوە بەئاشکرا دیاربوو کە ساختە بوو. دواتر خەڵکێکی زۆر لەکوردەکان گیراو (٢٨) کەسیان حوکمی لەسێدارەدانیان دەرچوو لەساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان لەناو کەرکوکدا جێبەجیان کردو تورکمانەکانیش دەهۆڵو زوڕنایان دەهێنا لەخۆشی شادیان دەیانکوتا. بڕوا بکەن من خۆم یەکێکیانم دەناسی زۆر بێتاوان لەسێدارە درا. مل ملانیکان قوڵتربوونەوە.

ئیتر لەو رۆژە بە دواوە حکومەتی عەرەبی عیراقی کوردی دەرکرد لەکەرکوك هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە رویداو دەیان هەزار ماڵە عەرەبی هێناو تورکمانەکانیشی سەرکوت کردو ئەو عەرەبە هەژارو نەدارانەی حەویجەی کرد بە عەنتەرو ژیانیانی زۆر باش کرد. بە پێچەوانەشەوە کوردیان دەچەوساندەوەو هەژارو نەداریانی دەکردو دەیکوشتنو دەری دەکردن بۆ خواروی عیراق یان سلێمانیو هەولێر رەوانەی دەکردن.

ئیتر خۆتان دەزانن لەو رۆژانە بە دواوە کەرکوك خۆشیو شادی لێبڕاو نا ئارامیو رکو کینە کەوتە نێوان نەتەوەکانو بەبڕوای من تاکو دەیان ساڵی دی وەکو جارانی لێنایەتەوە. تەنها مەگەر ئەو شارە بکەێتەوە دەستی کوردستان.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



**تێبینی: بەداخەوە ئەم دیدارە دوا دیداری کاك نوری فەقێیە لەدوای چەند مانگێك کۆچی دوای کردو لەتەمەنی ٧٩ ساڵیدا ماڵئاوایی لێکردین داواکارین لەیەزدان کە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.**

**چاوپێکەتن**

**عەدنان کاکە رەش**

**مەهدی ئەبوبەکر**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# کەریم ئاغای هەمەوەند

## ناوچەکانی هەمەوەند

ئێستا لەچوار ناوچەدا دادەنیشن، وەکو سورداش، بازیان، چەمچەماڵ، ناوچەی ئاغجەلەر لەگەڵ هەندێ گوندەکانی سەر بەم ناوچانە، گوندەکان نزیکەی شەست گوندە ناوی هەموویانم لەیاد نییە لەم ساتەدا، تەکییەی کاکەولاّو تەکییەی کاکەمەند، تەژگە، چۆڵمەك، هەڕاوە، هتد...



مەکتەبی بیروهۆشیاری



## چەمچەماڵ و هەمەوەند

چەمچەماڵ مەڵبەندی هەمەوەندەکان بووە، لەکاتی خۆیدا ناوی چەمچەماڵ نەبووە، پێیان وتووە (قەڵای سپی حەسار) کە قەڵایەکی دێرینە لەناوچەکەدا، هەمەوەندەکان هاتوون ئاوەدانیان کردووەتەوە بەناوی چەمچەماڵی ئێرانەوە.

لەکرماشان پێی دەڵێن (سوڵتان ئاوا) ئەوسا پێی دەواترا (چەمچەماڵ زەمین)، هەمەوەند لەبنەچەدا لە (وان)ەوە هاتوون، لەباشقەڵان‌و وانەوە هاتوونەتە ئێرانەوە، هاتونەتە شیرازو کرماشان، کۆمەڵێك لەهەمەوەندەکان لەساڵی ١٧٠٠ی زاینیدا، (نادرشا) ناچاری کردوون ڕەوبکەن، کە بەهۆی بەیەکدادانی سوارەکانی (نادرشا)و هەمەوەندەکان، لەلایەك بەزۆرکردنیان بەسەربازو لەلایەکی تر هەندێ لەهەمەوەندەکان بەسەرۆکایەتی سەرخێڵەکەی خوداداد بووە، ئەمەی دەیڵێم بەشێکی هەمەوەندەکانی ئێران بوون هەڵهاتوون، ئێمەش ئێستا کە لەچەمچەماڵدایین لەعەشرەتەکەمان دابڕاوین، بەهۆی کۆچەریەوە لەگەڵ عەشرەتی جافدا گەرمیان‌و کوێستانمان کردووە، لەم ناوچەیە، کاتی خۆی لەخزمەکانمان لەئێران دابڕاوین‌و لێرە نیشتەجێ بووین. بابانییەکانیش لەو سەردەمەدا (سەدەی هەژدەهەم) نزیکەی ٢٦٠ دووسەدو شەست ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ والییەکانی بەغدادا شەڕوشۆڕیان کردووە، بەزۆری لەکەرکوکەوە هێرشیان هێناوەتە سەر بابانییەکان، ئێمەیان هێناوە بۆ بەرگری لەخۆیان‌و لێرەدا نیشتەجێیان کردوین، هاوشانی عەشرەتەکانی: جەباری، شوان، زەنگەنە، مەمی سمایل عوزێری، ئێمەیان لەشوێنێك دانا، کە عەشرەتی تێدا نەبێت، چونکە ئەوسا بەمۆڵەتی عەشایەرەکان ئێمەیان لێرە داناوە، چۆڵ بووە، شوێنی کەسیان نەبووە، تەجاوز نەکراوەتە سەر ناوچەیەکی عەشایەری تر چونکە ئێمەش پێویستمان بەخاك‌و شوێن بووە لێرەدا دانیشتوین، ناوی هەمەوەند (لەهەمەوانییەوە) هاتووە، کە وتویانە ئەمانە کێن، وتویانە هەموویان وانین وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بووە بەهەمەوانی‌و دوایی بووە بە (هەمەوەند).

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## خزمەکانی هەمەوەند لە ئێران

ئێمە لەئێراندا زۆرین، نزیکەی دە ئەوەندەی ئێمەن دەبن، نەخشەکەیان لەلامان دەست دەکەوێت کە لەکوێ دادەنیشن، لەناوچەی (سولّتان ئاباد) دادەنیشن، بەلەكو سنجاریو کەلّهوڕ، هاوسێی هەمەوەندەکانی چەلّەوی، جوامێر سەرکردەی عەشرەتەکە بوون، ئەم چەلّەویەش واتە چەلەبی (هەلّکەوتوو)، ئێمەش بەئەوان دەلّێین هەمەوەند (بێ توونی) تاماوەیەکی زۆر هاتوچۆی یەکترمان کردووە دوایی بەتێپەڕبوونی کات پچڕاوەو وەکو پێویست نەماوە، بەهۆی دروست کردنی سنورەکانی دەولّەتو گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکەوە، نەمان پەرژاوە کە سەردانی یەکتری بکەینو ڕێگری زۆر بووە.

## پەیوەندی هەمەوەندو بابانییەکان

بە زۆری پەیوەندیمان باش بووە لەگەلّ بابانەکاندا، بەلاّم لەکوشتنی (ڕەسولّ چەلّەوی)ەوە پەیوەندییەکە تێکچووە، لەگوندی (کلّێسە) هاتوون تا ڕێكو بکەون مەجلیسێك ببەبەستن، کیشەیان لەسەر باجدان هەبووە، گوندی کلّێسە لەسەر ئاوی زێیە. ئەمبەر قەلّەمڕەوی بابانییەکان بووە، هەمەوەند باج نادات بەمیری بابان، عەشایەرەکانی تر باجیان داوە وەك بەگزادەکانی جاف بەمیری بابان، دەلّێن بۆچی هەمەوەندەکان باج نادەنو لەئێمەی دەسەنن؟ میریش دەلّێ: هەمەوەند بەرگریمان لێ دەکەن، ڕۆژانە وەکو ڕم ڕووبەڕوی هێرشی عوسمانلی دەبنەوە، ئێوە لەشەڕ دوورن) لەم سەروبەندەو کێشمە کێشمەدا (ڕەسولّ چەلّەوی) لەو چادرەدا دەکوژرێ، کەس خۆی ناکات بەخاوەنی تاوانەکە. پەیوەندی هەمەوەندو بابانەکان تێك دەچێ، براکەی ڕەسولّ بەناوی (شەریف چەلّەوی) دەچێتە لای میر محەمەدی ڕەواندوز، ماوەی سێ سالّ لای میر محەمەدی ڕەواندوز دەمێنێتەوە، دەگێڕنەوە دەلّێن میر محەمەد لەگەلّ عەشرەتێکی عەرەب لەناوچەی موسلّ تێك دەچێو بەرهەلّستی میر محەمەد دەکەن، شەڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات، هەمەوەندەکانیش دەلّێن بە (میر محەمەد) ئێمە نەریتی عەشایەریمان وایە کە بچینە میوانداری هەر کەسێ لەسەرمان پێویستە هاوکاری بکەینو بەرگری لێ بکەین. دەچنە سەر عەشرەتە بەرهەلّستکارەکەو لەشەڕەکەدا سەردەکەون، شێخی عەشرەتەکە بۆ میر



مەکتەبی بیروهۆشیاری



محەمەد دەهێنن، شێخی عەشرەتە بەزیوەکە (بەشەریف چەلّەوی) دەلّێ: مەم دەرە دەستی میر محەمەد، چونکە نەرێتی ئەو ئەوەیە هەرکەس بەرهەلّستی بکات هەردوو چاوی دەردەهێنێ، ڕزگارم بکەن باچاوم دەرنەهێنێ.

(شەریف چەلّەوی) دەلّێ: چیت لێ بکەمو چۆن ڕزگارت بکەم؟ ئەویش دەلّێ: سواری ماینم بکە، بەغاردان ڕادەکەم ڕزگارم دەبێت، بەم شێوەیە شێخی عەرەبەکان ڕزگار دەکرێ. کە (شەریف چەلّەوی) دەچێتەوە لای میر محەمەد، پیرۆزبایی لێ دەکاتو میر دەلّێت: بەلّێنت پێ دەدەم کە دیارییەکت بدەمێ بێ وێنە بێتو نمونەی نەبێت! دەگێڕنەوە دەلّێن یەکێك لەژنەکانی میر محەمەد بە (شەریف چەلّەوی)دەلّێت: لەجیاتی ئەو شێخی عەشرەتەی کە ڕزگارت کردووە، خەلاّتەکەی ئەوەیە هەردوو چاوت دەردێنێ. (شەریف چەلّەوی) هێزەکەی کۆدەکاتەوەو بەرەو سلێمانی بەڕێ دەکەوێ. لەڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا هێرشی لەناکاو دەکاتە سەر بابانییەکانو لەناو سلێمانیدا هەندێ لەمالّەکان دەگرێ بەهۆی شەڕەکەوە، چەند ڕۆژ درێژەی کێشا خەلّکەکەش نارازی دەبن لەپاشای بابان، پێی دەلّێن یان مەسلّە حەت بکە لەگەلّ هەمەوەند، یاخود خۆتان تەسلیم بکەنو بۆیانی جێ بهێلّن، ئەوسا مەلاو پیاوماقولاّن دەکەونە نێوانیان، لەمەسلّەحەتەکەدا یەکێك لەپاسەوانەکانی میری بابان، دەمانچەیەکی (شەش ئاگرە) دەنێت بەبناگوێی (شەریف چەلّەوی)یەوە، ئا لەو کاتەوە ئێمە نێوانمان تێکچوو، زۆر خراپ بوو، دوایی مەسلّەحەت کرا، پاشای بابان ژنیان دا بەئێمەو خواستمان، دوایی ئێمەش ژنمان پێیانداوەو دۆستایەتیان زیندوکردەوە لەدوای ڕێکەوتنو مەسلّەحەت کردن.

**پ/ مامۆستا جەعفەر:** دوای میرنشینی بابان (مێجەرسۆن) باس دەکاتو دەلّێت: خەلّکی سلێمانی بەرهەلّستی بنەمالّەی (شێخ مەحمود)یان کردووەو بەرامبەر عوسمانییەکانیش ڕاپەڕیوون، لەشکری عوسمانلی هێرشیان کردووەتە سەر خەلّکی سلێمانی، بۆ بەرگری کردن لەسلێمانی خەلّکی سلێمانی لاوازبوون، ناچار پەنایان بردووەتەبەر عەشرەتی هەمەوەند کە بەرگرییان لێ بکات، دوای داگیرکردن، هەمەوەندەکان توانیویانە بە ماوەی چوار ڕۆژ عوسمانلییەکان دەرپەڕێنن، دوای ئەوە لەکەرکوکەوە هێزیان هێناوەو سلێمانیان داگیر کردووەتەوە؟

مەكتەبەی بیروهۆشیاری



و/ **كەريم ئاغا:** بەڵێ ئەم كارەساتە ڕوویداوە، هاوكات ئیتحادو تەرەقی پشتگیری خەڵكەكەی كردووە بۆ دەركردنی بنەماڵەی (شێخ مەحمود) بۆ موسڵ نەفی كران، خەڵكەكە دەڵێن: چۆن دەبێ قائمقامو متصرفو كاربەدەستان لەدەستی ئەم بنەماڵەیەدا بێت بەتەنها. مڵكی زۆریان هەبوو، داگیریان دەكردو دەستیان بەسەردا دەگرت، دوكانو قەیسەرییەكان هەمووی ماڵی شێخەكان خاوەنی بوون، ناچار عوسمانلییەكان بۆ دامركاندنەوەی خەڵكەكە پەنایان بردە بەر نەفی كردنی بنەماڵەی (شێخ مەحمود) بۆ موسڵ، هاوكات بزوتنەوەی (ئیتیحادو ئەلتەرەقی)دەستی لەنەفی كردنو هاندانی خەڵك لەدژیاندا هەبوو.

## ڕووداوەكەی موسڵ و كوشتنی (شێخ سەعید)

شێخ سەعیدی باوكی شێخ مەحمود بەدەستی تاقمێك شەهید كرا، دەڵێن شێخ سەعیدو پانزە كەس كوژران، شێخ مەحمودو شێخ قادر بەڕاكردن خۆیان دەكەن بەماڵی مەحمود خدر هەمەوەندیدا، كە بەڕێوبەری پۆلیس دەبێت. ژنێك هەبوو بەناوی میمكە (پەسەند) بۆ منی گێڕاوەتەوە كە دەگاتە كچی (مەحمود خدر)، دەڵێت: كە هاتنە ماڵی ئێمەوە، شێخ مەحمود گەنج بوو، بەڵام شێخ قادر منداڵ بوو، خۆیان كرد بەماڵی ئێمەدا، لەوكاتەدا هێزێك هات بۆ ماڵی ئێمە، شێخەكەیان وتی: ئەمە ماڵی بەڕێوبەری پۆلیسە؟ یەكێك وەڵامی دایەوە وتی: نەخێر ماڵی هاووڵاتییە، ئەویش دیاربوو بەدوای ماڵە بەرپرسەكاندا دەگەڕان، كە زانیان ماڵی هاووڵاتییە، گەڕانەوە. میمكە (پەسەند) دەڵێ: دوای دوو ڕۆژ باوكم هاتەوە ماڵەوە، (شێخ مەحمود)ی گواستەوە بۆ ماڵێكی (ئاسوری) لەبەرئەوەی نەیاندۆزنەوە. لەدوای ئەوە (شێخ مەحمود) گەڕایەوە سلێمانیو، ئیتر خەڵكی سلێمانیش ڕێزیان لە(شێخ مەحمود) گرت،

## نەفی كردنی هەمەوەندییەكان (١٨٤٦ ـ ١٨٧٦)

هۆكاری ڕاستەقینەی نەفی كردنی هەمەوەندییەكان لە ساڵانی ١٨٧٠ بەرەنگار بونەوەی هەمەوەندییەكان بووە، بەرامبەر لەشكری عوسمانییەكان. لەساڵی ١٨٤٦ ـ



مەكتەبەی بیروهۆشیاری



**١٨٧٦** بەپێنج قۆناغ نەفی كراون، دوا قۆناغیان (ئیسماعیل پاشا) هاتە كەركوك، نوێنەری (سوڵتان عەبدولحەمید) بوو، پێی دەڵێن (ئیسماعیل حەقی) لەوكاتەدا دووسەد كەس لەهەمەوەندە ڕیش سپییەكان چوون بۆ كەركوك، بۆ پێشوازی كردنی (ئیسماعیل حەقی)، ئەویش هەڵسا بەزیندانی كردنی هەر دووسەد كەسەكە، ئەوانیش وتیان ئێمە حوكمی محەلی خۆمان دەكەین پەیمانمان لەگەڵ عوسمانلییەكاندا هەیە، تۆ چۆن ئێمە دەگریو زیندانمان دەكەی! لەوەڵامدا (ئیسماعیل حەقی) وتی: ئەم قسانە ناچێت بەگوێما، ئێوە وڵاتەكەتان شێواندووەو ئاژاوەمان بۆ دروست دەكەن. (ئیسماعیل حەقی) وتی: ئێمە هەڵدەستین وڵات ئاوەدان دەكەینەوە، ئێوە دوور دەخەینەوە، دوای ئاوەدانكردنەوەی وڵات، دەتانگێڕینەوە وڵاتی خۆتانو قەرەبووی زیانەكانیشتان دەكەینەوە.

- وتیان: بۆ كوێ دورمان دەخەنەوە؟
- وتی: بۆ ڕومادی.

هەمەوەندەكانیش ڕومادییان بەشوێنێكی نزیك دەزانی بۆ گەڕانەوەیان، تاڕادەیەك شارەزابوون، زۆر لەلایان قورس نەبوو. ئەو دووسەد كەسە ناردیان خێزانەكانیانو براو نەوەكانیان هاتن، هەموویان دەچوونە، حەوسەد ماڵێك، ئەو هەمەوەندەی تر كە مانەوە چووبوونە ئێران لەناوچەی پاوە، باقییەكەی تری پەراگەندەی ناوچەكانی كوردستان بوون وەكو دهۆكو هەولێر. ئەو حەوسەد ماڵە یەكەم جار لە(ئاڵتون كۆپری) كۆكرانەوە، دوای ئەوە بۆ توركیا رەوانە كران. لەڕێگادا ویستیان لەموسڵ نیشتەجێ بكرێن، خەڵكی موسڵ بەفیتی عوسمانلیو (ئیسماعیل حەقی) وتیان: نامانەوێ جەردەو پیاو خراپو كافر لەناوچەكەماندابن، ئەوجار بردیانن بۆ (دیاربەكر)و لەوێوە بۆ (ئەدەنە) كە بەرنامەكە (ئیسماعیل حەقی) دایڕشتبوو.

## (نەفی كردنی هەمەوەند بۆ ئەفریقا ساڵی ١٩٠٥)

لە (ئەدەنە) جێگیر كران. (سوڵتان عەبدول حەمید)، بەڕێكەوت دەبێت یان بەبەرنامە دەچێتە لای هەمەوەندەكان لە (ئەدەنە) سەردانیان دەكات، دەبینێ ئەم

مەکتەبی بیروهۆشیاری



هەمەوەندانە نوێژ دەکەن! بەکاربەدەستان دەڵێ: ئێوە بەمنتان وتووە ئەمانە کافرن، کەچی دەبینم نوێژ دەکەن، ئەوانیش دەڵێن قوربان ئەوە لەبەرخاتری جەنابت نوێژ دەکەن تۆیان بینیوە ئەگینا نوێژ ناکەن تەقەیان لەئەمیری موئمنین کردووە. ئەمیری موئمنین دەڵێ: کەواتە حەقیان ئەوەیە بیانکوژن چونکە کافرن، ژنێك لەگەڵ سوڵتان (عەبدول حەمید)ە، نازانم خوشکێتی، ژنێتی، کچێتی، دەڵێت: بۆ دەیانکوژن نەفیان بکەن بۆ جەزیرەکانی ئەلبانیاو یۆنان دوای سی ساڵ ئەم ڕیش سپیانە دەمرنو گەنجەکانیش دەبن بەهاوولاتی ئەو شوێنە. هەمەوەند دەکەن بەسێ بەشەوە دەیانێرن بۆ: سێواس، ئەنقەرە، ئەستەمبول.

هەتا باوکم وتی: ئێمە سێ سەد ماڵ بووین بەر (سیواس) کەوتین، تاکو سێ ساڵ، دوایی ڕەوانەی (ئەفریقا) کراین. خودی باوکم چوار ساڵ لەئەفریقا لەجەزیرەی ماڵتا بووە. دوای (ئەحەمەڕ باسم) پاشای (تەرابلس) پێشنیاری کرد بۆ سوڵتان کە لەتەرابلس بیانکاتە (فەلاح)، ئەوانەی (تەرابلسو یۆنانو ئەلبانیا) هەموویان لەتەرابلوس کۆکرانەوە، داوایان لەئەحەمەڕ پاشای تەرابلس کرد عەفویان بکاتو بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونکە ناتوانن فەلاحی بکەن. ئەوا هەژدە ساڵە نەفی کراوین تاوانمان چییە بابگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، تۆبەش دەکەینو گوێڕایەڵی ئەمیر ئەلموئمنین دەبین. لەم سەرو بەندەدا شەڕ لەنێوان هەمەوەندو حکومەتی تەرابلس دەبێت، کوشتارو ڕاونان دەست پێ دەکات دوای دەیانگوازنەوە بۆ (بنغازی)و (جبل أخضر) بۆ (سورد) چونکە هەمەوەندەکان دەڵێن ئێمە شاخاوی بووین، پێویستمان بەناوچەی شاخاوییە، ناردیانن بۆ (جبل أخضر).

## لەسەر چۆنێتی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان

مەسەلەی هاتنەوەیان بۆ کوردستان زۆر دورودرێژە، لێرەدا بابوەستین، دوایی هەموویان گەڕاونەتەوە کوردستان، زۆرێك لەحەوسەد ماڵەکە هاتونەتەوە ناوچەکە، دەگێڕنەوە بەسێ بەش هاتونەتەوە، لەوێش کۆچەری هەبووە، لەگەڵ عەشایەرە کۆچەرییەکاندا کە عەرەب بوون، دۆستایەتیان پەیدا کردووەو گەڕاونەتەوە میسر.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەئەفریقا خوێندەواری بۆ ئێمە قەدەغە بوو. بەڵام کاربەدەستمان هەبوو، مام (هەیدەر) وتی: متسرف هاتە شارەکەمان، وتارێکم بەتورکی بۆ خوێندنەوە، زۆر سەرسام بوو دیاربوو پێی خۆش بوو، ئەویش داوای کرد کە ڕەوانەی شارەکەم بکەن، بەڵکو خوێندنی ناوەندی تەواو بکەم، کاربەدەستانی ئەوێ، وتیان: بەئەمری سوڵتان ئەم نەفی کراوانە بۆیان نییە بخوێننو ناوەندی تەواو بکەن ئەمانە لەکوردستانەوە نەفی کراون. ئەویش تۆزێك ڕادەمێنێو دەڵێت: دایبمەزرێنن، (مام هەیدەر) وتی: دامەزرام لەمەحکەمە زەرفم ڕێك دەخستو کتابم ڕێك دەخست تاکو ساڵی ١٩١٢ گەڕامەوە کوردستان.

هەندێکیان ژنو منداڵیان هەبوو درەنگ هاتنەوە، دەگێڕنەوە هەمەوەندەکان لەگەڵ عەشرەتێکی ناوچەکەدا ژیاون، ئەو عەشرەتە لەگەڵ عەشرەتێکی تردا بەشەڕ دێن، هەمەوەندەکان لەسەر عەشرەتەکەی خانەخوێیان دەکەونە شەڕەوە دژی عەشرەتی سێیەم، لەشەڕەکەدا سەردەکەون بەسەریاندا، دەسکەوتەکانی عەشرەتەکە دابەش دەکەن بەسەر هەمەوەندەکاندا خێوەتو دەوارو ئەسپو چەكو کەرەستەکانیان دابەشکرد بەسەرماندا. بەردەوام هاتوچۆی یەکمان دەکرد، زۆر ڕێزیان گرتین، دوایی گەڕاینەوەداوای یارمەتیمان لەو عەشرەتە کرد، یارمەتییان داین نۆ مانگ بەڕێوەبوین تا هاتینە کوردستان، بەڵام هەندێکی کەم هەمەوەند ماون لەئەفریقا.



( ئەم وێنەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا گیراوە)

لە پێشەوە جوامێرئاغاو کوڕەکانی لە دواشەوە پیاوانی هەمەوەند

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## جوامێر ئاغا لەسەدەی نۆزدەدا

(جوامێر ئاغا) لەم ناوچەیەی خۆماندا بوو وەکو چراغەڕووتەو داری کەلیو ژاڵە، (قاسم بەگزارده، عەلی مەنسور) ئەم گوندانە گوندی (جوامێر ئاغا) بوون. خێڵی (حەمەمین سەمین شاتری) زیندان دەبێت لەلای (حەمە پاشای جاف) قایمقامی بووە، پلەی پاشایان داوەتێ، ناوی (حەمە پاشا) بوو، (حەمە ئەمین سەمین) سەرخێڵی شاتریەکان بووە، دەگێڕنەوە بەهۆی خەفەت خواردنو نەخۆشیو ئەزیەت دانی لەناو زینداندا عەمری خوا دەکات، زۆر داوای تەرمەکەی دەکەن، نایدەنەوە، دوایی کۆمەڵێ ژن بەخۆپیشاندان دەچن بۆ سجنەکە داوای تەرمەکەی دەکەن، یەخەی خۆیان دادەدڕنو کراس بەرز دەکەنەوە، ناچار تەرمەکە تەسلیم دەکەن بەو ژنانە، تەرمەکە دەنێژن. لەئەنجامدا خێڵی شاتری بڕیاری کوشتنی حەمە پاشای جاف دەدەن، لەتۆڵەی حەمەمین سەمین، کۆمەڵێ لەعەشایەرەکانی ناوچەی خۆیانو جافەتی پشتگیریان کردن لەئاکامدا (حەمە پاشای جاف)یان کوشت. خێڵی (حەمە سەمین شاتری) ڕادەکەن بۆلای هەمەوەندەکان تاکو پەنایان بدەن، لەو کاتەدا جوامێر ئاغا لەماڵەوە نابێت، کە دێتەوە تەماشا دەکات، سەرخێڵەکەیان (ئەستونی دەوارەکە)[*]ی (جوامێر ئاغا) دەگرێت بەدەستەوە، جوامێر ئاغا هاوار دەکات: ئەو ستونی دەوارەم بەردە، ئەویش دەڵێ بەری نادەم تاکو وەعدم نەدەیتێ، دووسێ جار بەم شێوەیە دووبارە دەبێتەوە، ئەو دەڵێ: بەریدە، سەرخێڵی شاتری دەڵێ: بەری نادەم. ناچار (جوامێر ئاغا) دەڵێت بەریدە سەرو ماڵم لەڕێگاتا دادەنێم، هەرچیت دەوێ بەسەرچاو (ئەمە نەریتی عەشایەری ئەوسا بوو ئەگەر تەکلیفیان هەبوایە بەم شێوەیە وەردەگیرا)، ئەوەبوو جوامێر ئاغا دەبێتە لایەنگری شاتری. (مەحمود پاشا)ی جافیش داوای لەهەمەوەندەکان کرد کە خێڵی (حەمەمین سەمین) پەنا نەدەن، چونکە دوژمنی ئێمەن باوکیان کوشتوین. نابێت لەلای ئێوە داڵدە بدرێ. خزمانی هەمەوەند داوایان لە(جوامێر ئاغا) کرد، کە خێڵی (حەمەمین) ئیزن

[*] ئەستونی دەوارگرتن: نەریتێکی خێڵەکۆچەریە کوردەکان بووە، وەکو یەخەگرتن، دەست خستنەبەر پشتێنی کەسێك کە تکای لێ بکەیتوهانای بۆ بەرێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



بداتو ڕەوانەی شوێنی تریان بکات، تاکو مەسڵەحەتیان بۆ دەکەینو ڕێکیان دەخەینەوە، واتا کێشەکەیان چارەسەر دەکەین چونکە هەمەوەندو جاف دراوسێی یەکنو نابێت ناکۆك بن. ئەم قسانە کرا بۆ (جوامێر ئاغا) کەچی وتی وەعدم داوەو بەقسەتان ناکەم. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی (جوامێر ئاغا) زۆربەی هەمەوەندەکان بڕیاریاندا پشتگیری (جوامێر ئاغا) نەکەن، خۆی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ، چونکە کارێکی (بێ وێڵییە). پاش ماوەیەك (مەحمود پاشای جاف) (٣٠٠) سێ سەد عەسکەری تورکی هێناو هاتە سەر (مامە جوامێر)، مامە جوامێر لەبەرئەوەی تەوەلابوو لەخووڕەوشتی هەمەوەند، لەسەریمان نەکردەوە، ئەوەبوو هێزی (جوامێر ئاغا) شکا، بەرەو (شاخی چەتیان)، (شاخی چەتیان) تەنیشتی شاخی (ئاج داغ)ە. ئیتر کوشتاری زۆر بوو لەوانە (قادری حەمە ڕەش)، لە(حەسەن کەنۆشەوە)و لە(ئاوەسپیی)ەوە خۆی کرد بەئێراندا، لە(پێپاز)ەوە واتە (باوەنور) داخڵی ئێران بوو. ئێرانیش ئەوسا دژایەتی عوسمانلییەکانیان دەکرد، بۆیە پێشوازی گەرمیان لەجوامێر ئاغا کرد. شانەسرەدینی سەفەوی کردی بەحاکمی ئیداری لەشاری قەسری شیرین. کردی بەخاوەنی چەکدارێکی زۆر، لەشکری پەیدا کرد، هەتا دەشتی (مایدە) بەدەستیەوە بوو، بڕیاریش وابوو هەرچی داهاتی کاروانیو گومرگی ئەوسا بۆ مامە جوامێر مایەوە، سەرقافڵەو زەوییانەی وەردەگرتو دابەشی دەکرد بۆ خۆییو بۆ دەوڵەت. ئەوەبوو تورکیای عوسمانلی، زۆر بێزاربوو لە(جوامێر ئاغا) هێرشیان بۆ کردو کوشتیان، (شانەسرەدین) بەرگری لێ نەکرد. رووداوی (مامە جوامێر) بەکورتی بەم شێوەیە بوو.

دوایی (شانەسرەدین) لێکۆڵینەوەی لەمەسەلەکە کرد تەماشای کرد، بەخراپ تێیانگەیاندبوو، وادەرنەچوو، کە پێی گەیشتبوو. (حەمەخانی) کوڕی (مامە جوامێر) گیرابوو، (شانەسرەدین) ئازادی کرد، ڕێزی زۆری بۆ دانان، تاکو گەیشتە ئەوەی کچێکی خۆی دا بەحەمەخان بەناوی (قەمەرناز) کە کچی شانەسرەدین بوو. لەجیاتی خوێنی باوکی، کچێکی پێدا، کردی بەسەرۆکی بەلەدییەی تاران، منالێکی لە(قەمەرناز) بوو تەمەنی یانزە ساڵ بوو، (حەمەخان) ڕای کردو هاتەوە ئەم ولاتە. دیاربوو ژنەکەی دەیزانی کە (حەمەخان) ڕادەکات، داوای لەباوکی کردو وتی: باوە چەکدارێکی زۆر

مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەماڵەوەیە (حەمەخان) خەیاڵی ڕاکردنی هەیە. حەمەخان خێرا چەکدارەکان دەشارێتەوە، (شانەسرەدین)کە ماڵەکەی (حەمەخان) دەپشکنێ، سەیر دەکات وانییە. (شانەسرەدین) ڕوگیر دەبێت بەرامبەر (حەمەخانی جوامێر ئاغا) سەیر دەکات کە کەسی لێ نییە، (قەمەرناز) بەدرۆ دەکەوێتەوەو دەڵێت: لەبەرامبەر ئەو درۆیەی کە ژنەکەت کردویەتی، کە کچی منەو ژنی تۆیە چ سزایەکی بدەین؟ (حەمەخان) وتی: سزای بەمن نادرێ قوربان، چونکە کچی شای ئێرانە، (شانەسرەدین) وتی: ژنێکی ترت دەدەمێ، ئەوەبوو ژنێکی تری پێدا.

(گولعوزار) کچی (حەمەخان) بوو، تاکو ئەم ماوەیەی دوایی مابوو، دەیگوت ئەوسا لەئێران بە شانەسرەدینیان دەوت (قیبلەی عالەم)، دەیگوت: من لەماڵی شانەسرەدیندا بووم، ماوەی پانزە ساڵ بەشێك لەکۆشکەکەی دابوو پێمان. (شانەسرەدین) چوار ژنو پانزە جارییەی هەبوو، بەیانیان کە دەڕۆی بۆ دەوام، پانزە سوار لەدواوەو پانزەش لەپێشەوە ڕێگایان بۆ پاك دەکردەوەو هەیبەتیان دەپاراست.

من حەمەخانم لەبیر دێت کە ئەمری خوای کرد، هاتەوە گوندی عەلی مەنسور. دوایی قەمەرناز(کچی شای ئێران) ژنی (حەمەخان) مناڵەکەی ناردەوە لەڕێگای سەفارەتیان لەبەغداوە، ماوەیەك لێرە بوو لەم گوندانە ئەو مناڵە چووبووە سەر ئاسیاوێکی ئاش دیاربوو، ترسابوو، نەخۆش کەوتو ئەمری خوای کرد.

## پەیوەندی هەمەوەند لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا

ئێمە وەکو هەمەوەند لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا یەك ماڵ بووین، خودی خۆم بە سەدان جار لە خزمەتی خاڵە شێخ مەحموددا بووم، نمونەی کەڵە پیاوانی وەکو (حەمە ڕەشید کوڕی جوامێر ئاغا) شەهید بوو لەناو دەربەندی بازیاندا، سەرکردەی وەکو (مامە کەریم بەگ) لەگەڵ ئەودا بوون. کەلە تۆڵەی گواستنەوەی (شێخ مەحمود)دا بۆ هندستان لە ڕۆژی ١٩٢٢,٦,١٨ کاپتن بۆندو هاوڕێکانی کوشت. بەڕێز (مام جەلال) لە لاپەڕە ١٢٤ ی کتێبەکەیدا سەبارەت بەم ڕوداوە دەڵێ: ئەو کاپتنە بوو کە (شێخ مەحمود)ی بردە بەردەم دادگای عورفی بەریتانی. (شێخ لەتیف) لە یاداشتەکانی دا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەبارەی بۆند و کوشتنەکەیەوە دەڵێ کاتێ کە خێزانی (شێخ مەحمود) بەبڕیاری ئینگلیزەکان هاتنەوە، لە گوندی( داری کەلی) دانیشتنو پەیوەندیان بە (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند)ەوە هەبوو (کەریم بەگ) دەیان جار هێرشی دەکردە سەر ئەو بازگانەی کە سوپای بەریتانی لێ بوو، هەر ئەو فشارە زۆرە بوو کە وای کرد (خاڵە شێخ مەحمود) بگەڕێننەوە بۆ کوردستان . دوا جاریش بەپلانی ئنگلیز (مامە کەریم بەگ)یان شەهید کرد. لەشەوی ١٩٢٦,٦,٢٩ ئینگلیزە کان بۆ دڵنیا بوونی خۆیان دەیان ویست لاشەی شەهید ببینن، بەڵام لەشکری (مامە کەریم بەگ) دەیان گۆڕیان هەڵکەند و پڕیان دەکردەوە بۆ ئەوەی لاشەی (کەریم بەگ) بەردەستی ئینگلیز نەکەوێ، تا لەدوا جاردا لەگۆڕستانی گوندی دێلێژە و مەرقەدە بەرز و پیرۆزەکەی (شێخ ڕەزا) بووە دوا مەنزڵگای .

## مشیر ئاغای حەمەی سلێمان

(مشیر ئاغا) لەکاتی خۆیدا، پەنجا چەکدار لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆلای (شێخ مەحمود) لەوانە (مامە ڕەسوڵ ئاغا)و (عارف ئاغا). کە پشتگیری (شێخ مەحمود) بکەن. هاوکات (شێخ مەحمود) سەرقاڵی تەشکیل کردنی حکومەتەکەی دەبێت وەزیرەکان دادەنێت، (مشیر ئاغا) بە(شێخ مەحمود) دەڵێت: کاتەکەی زۆر چاکە، (شێخ مەحمود) دەڵێت: (مشیر ئاغا) چیت دەوێت، (مشیر ئاغا)ش دەڵێت: ئەوەنییە وەزیر دادەنێن، خۆ ئێمەش بەشێکمان لەوەزیر دەبێت، ئێمەش هاتووین شۆڕش دەکەین، شێخ پێی دەڵێت: مشیر بەشی تۆ (دەسەدو) دەبێت (واتە هەوجاری دوای گاجووت)، مشیر ئاغا دەڵێت: یاشێخ دەسەدو مانای چییە؟ ئەویش پێی دەڵێت: نازانی؟ واتە جوتیاری کردن.

مشیر ئاغاش دەڵێ: مادام وای لێهات ئەوا من هەڵدەستم، بەڵام هەتا هەتایە نێوانی منو تۆ، لولەی تفەنگ دەبێت. (شێخ مەحمود) دەڵێ: هەرچیت لەدەست دێت قسور مەکە. (مشیر ئاغا) دەڵێ: چەند هەنگاوێکیش بەهێواشی دەچوومە دەرەوە بۆئەوەی بمگەڕێنێتەوەو ئاشت ببینەوە، کەچی دیاربوو شێخ پەشیمان نەبوو، دەری کردم.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



ماڵی غەفور ئاغای سلێمانی زاوای دەبێت، دەچێتە ماڵی ئەوان. (مێجەر) دەنێرێت بەدوایدا و دەیگرێتە خۆی خاڵە (شێخ مەحمود) پەشیمان دەبێتەوە، دیسان دەنێرێتەوە بەدوایدا، دەڵێت: ئەوە قسەی مەجلیس بوو، وەرەوە پەشیمانم. (مشیر ئاغا)ش دەڵێت: تازە بەكەلامی خودا سوێندم خواردوە، نەگەڕایەوە، ئەوەبوو ناگەڕێتەوە .

## مەسەلەی دەربەند بازیان و بەردەقارەمان

ئەم مەسەلەیە لەمشیر ئاغاوە نەبوو، ئینگلیز هێزێكی زۆری لەموسڵەوە بەسەركردایەتی جنراڵ (فرێزەر) هێنابوو، پڕ چەك بوون، هێزەكەی (شێخ مەحمود)یش بێ چەك بوو. لەسەر ئەو دوانزە ئینگلیزەی كە شێخ بەری نەدەدا بەمفاوەزاتو گفتوگۆ، ناچار كراو هێزی خرایە سەر. (مشیر ئاغا) دەگێڕێتەوە دەڵێ: كاتێ فرێزەر بانگی كردم، شەڕ دەمێك بوو دەستی پێ كردبوو، هەمووی دووسەعات شەڕەكە بەردەوام بوو. منیش لەگەڵ هێزەكەدا بەرەو ناو دەربەند بازیان بەڕێكەوتم وەكو خۆم زیاتر بە پەرۆشی خزمانی هەمەوەند بوم كەڕۆشتمە ناو دەربەندی بازیان بەرگری نەمابوو كەبینیم چەند كەسێ كوژرابوون لەو كوژراوانەدا (حەمە ڕەشید كوڕی جوامێر ئاغای هەمەوەند)ی تێدا بوو لەو كاتەدا من بە هەڵگردنەوەی لاشەی (حەمە رەشید ئاغا)وە بوم گوێبیستی یەكێك بووم بانگم دەكات، بەرەو دەنگەكە ڕۆشتم، تەماشادەكەم كۆمەڵێك لە (سیك و هندۆس) كە لەگەڵ لەشكری بەریتانیا دابوون دەوری (شێخ مەحمود)یان دابوو، هەرچەندە من و شێخ ئاڵۆزییەك دروست بووبوو لەنێوانماندا، بەڵام پێم وت یاشێخ چیت دەوێ بۆتی بكەم بۆ بەجێماوی، شێخ لەوەڵامدا وتی: حەمە نێرگەلەچی ماینەكەی فڕاندم، هیچم ناوێ، لە شكرم بە دەستەوە نەماوە ئەم(سیك و هندۆس)انەم لێ دوربخەرەوە، بنێرە بەشوێن فلان ئەفسەری ئینگلیزدا بابێت بۆ ئێرە، منیش جوابم ناردو ئینگلیزەكان هاتن، سەلامی ڕەسمیان بۆكرد، لە گەڵیان سواری ئۆتۆمبیل بوونو ڕۆشتن.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



## پەیوەندی هەمەوەندو عەشیرەتەكانی تر

ئێمە دراوسێی عەشیرەتەكانی: شوان، شێخ بزێنی، جەباری، مەمی، جاف، زەنگەنە، سمایل عوزێری، داوێ، داودە، دەلۆین، كاتی خۆی ئێمە كە لەئێرانەوە هاتووین، بەگفتوگۆو ڕاوێژ لەگەڵ ئەم عەشرەتانەدا هاتوینەتە ئێرە، ئەم چەمچەماڵە چۆڵ بووە وەكو شار، ئێمە بابانییەكان جێگایان بۆ كردوینەتەوە، جێگری ئەوان بووین. حكومەتی تورك‌و عوسمانلی دەستی هەبووە لەهاندانی ئەم عەشرەتانەدا دژی ئێمە. كە دەربەدەرو پەراگەندە دەكراین، ئەوانیان هاندەدا دژی ئێمە، بۆیە كە دەگەڕاینەوە تاماوەیەكی زۆر سارد دەبوون لەگەڵماندا. ئێمە لێرە حوكمی مەحەلی خۆمان دەكرد، قائمقام‌و جەندرمەو كاربەدەستان لەلایەن خۆمانەوە دیاری دەكران. بەریەككەوتنمان بووە لەگەڵ هەندێكیان وەكو شوان‌و زەنگەنە. بەڵام پیاو دەتوانێ‌بڵێ پەیوەندیمان باش بووە، ماوەی دووسەد ساڵێك زیاترە بەیەكەوە بووین، شەڕو بەریەككەوتنیش هەر دەبێت. هەرچەندە شتێكی ئەوتۆ نەبووە. خۆزگە ئەو شتە بچوكانەش نەبوونایە.

## كەركوك لەیادەوەری كەریم ئاغای هەمەوەندا

**پ/ بەڕێز كاك كەریم ئاغای هەمەوەند، ئەوەندەی تەمەن یارمەتیت بدات دەتوانی باسێكی مێژووی كەركوكمان بۆ بكەی، ئەوەندەی كە لەبیرت ماوە؟**

كەركوك لەسەرەتاوە گەلێ جۆر میللەتی تیا دانیشتووە خۆی ناوچەكە كە وەكو توركمان‌و كلدو ئاشوری. كۆمەڵێ هەرێمی تیابووە بەچەند ماڵێك كە پێی ئەوترێ حەدیدی ئیتر ماڵ لەكەركوك لە جەبەل حەمرین بەودیوا بەقەراری قەتعی نەبووە لەبەرئەوەی ئێمە هەمان بوو لێرە (فەقێ فەرەج) باوكی ناوی (حەمە بەستێ) بوو كاتی خۆی لێرەوە لەزستانانەدا چوونەتە جەبەل حەمرین‌و ئەوێ هەوارگەی كورد بووە، هەتا پیاوێك هەبوو لە گوندەكەمان پێ یان دەووت (حەمە نەخۆش) هەوارگەی ئەوێ بووە. زستانی وولاتی ئێمە ئەو سەردەمە سەخت بووە، بە زۆری هەوارگەی بەهار شەش مانگ جەبەل حەمرین بووە ئەیانوت هیچ كاتێك لە جەبەل حەمرین بەم دیوا عەرەبمان نەدیوە، هەتا بارانیش نەبارێ ئێمە نەمانتوانیوە بڕۆین چونكە باران كە ئەباری گۆماو

مەكتەبی بیروهۆشیاری



پەیائەبوو، بەهۆی ئەو گۆماوەوە ئەچووینە (جەبەل حەمرین) ئەژیاین تا شەش مانگ، بەهارەكە ئەكشاینەوە. بەڵكو چەند ماڵێك لەحەویجە پێ یان دەوترا (مەڵخە) بەبیرو ئاوی شۆر ژیاون لەم سەرەتایەی دوایدا لەم دیوی (جەبەل حەمرین)ەوە عەرەب نەبوو تەنها عەرەب لەسەر شەت لەسەر رووباری بچوك هەبوو.

## مەلیك فەیسەڵو كەركوك

پاش ماوەیەك كە حكومەتی عێراق تەشكیل كرا، هاتە كەركوك پاش گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، حكومەتی ئەوسا بڕیاریدا كە ئەو ناوچەیە ئاوەدان بكەنەوە، دانیشتوانی بۆ پەیدا كەن، بۆ ژیانەوەو بوژاندنەوەی ناوچەكە، لەپشتی جەبەل حەمرینەوە خەندەقێك هەبوو ناوی خەندەقی خەلیفە بوو. لێدراوە بۆ پشتی دۆرەو سامەڕاو عوزێم، هاتن ئەو پڕۆژەیەیان كرد، كە مەشروعی حەویجە، ئاوی زێیان هەڵگرت بەكریكارو زیندانەكانو سەربازی عێراق ئەم كارەیان كرد، هەندێ خزمی ئێمەی تێدابوو، وەكو (عارف جەوهەر)و(برزۆی زۆراب)، (مەجید ئەمین ئایشان)، زیندان بوون، وتیان: ئێمە سێ ساڵو نیو حوكمەكەمان لە مەشروعە بەسەر برد. كە ئەو مەشروعەی دروستكرد، داوای لەخەڵكی كوردستان كردو بانگهێشتی كردن كێ دێت جێنشین دەبێت لەسەر ئەو مەشروعە یارمەتی ئەدەینو زەویشی بەسەردا دابەش دەكەین، لەبەرئەوەی وڵاتی ئێمە خۆشتربوو، ئاووهەوای چاكتربوو. لەوڵاتی ئێمە كەس نەچوو. مەلیكیش مەجبور بوو ئەو ئەلعوبێدانەی لەودیوەی جەبەل حەمرینەوە بوون، كە كاتی خۆی لەسعودیەوە هاتوون، لەو سەحرایەوە گواستیانەوە بۆ سەر ئەو ئاوە.

## دانیشتوانی كەركوك لەكۆندا

بریتی بوون لە(نازم بەگ)و (ئیبراهیم بەگی نەوتچی)و (ساڵەییەكان)و ئێمە هاتوچۆی یەكمان كردووە، چەند ماڵێكی عەرەب كە بە (حەدیدی) ناسراوبوون لەوێبوون لەو سەردەمەی ئاماژەم پێكردووە گۆڕستانێك نەبووە كە بە گۆڕستانی عەرەب ناسرابێت، هەتاكو سەردەمی (عەبدول كەریم قاسم).



مەكتەبی بیروهۆشیاری



## كاربەدەستانی كەركوك

لە ناو شارەكەدا كاربەدەستان زۆرینەی توركمان بوون، چونكە لە لادێكاندا ئاستی خوێندەواری لاواز بوو، بەڵام لە هەردوو مەجلیسەكەدا ئەعیانو نوێنەران زۆرینەی یاخود هەمووی كورد بوو تاكو كۆتایی حوكمی مەلەكی.

(مەجید پاشا یەعقوبی) متەسەڕیفی كەركوك بوو، خۆی لە ئەسڵدا زەنگەنەیە، بەڵام خۆی بە توركمان دەزانێ. لە هاتنی مەندوبی (سامی) بۆ كەركوك، لە بەردەم كۆمەڵێ خەڵك، بە مەندوبی (سامی) ڕاگەیاند، كە دانشتوانی سنوری كەركوك زۆرینەی توركمانە، كوردو عەرەب كەمینەن.

(مەحمود پاشای جاف) ئەندام پەرلەمان بوو، لەوێ لە مەجلیسەكە هەڵساو ووتی! مادام ئێمە خەڵكی كەركوك نین پێویست ناكات لێرە دابنیشین، ساڵی ١٩٣٠، باوكم بۆ بەیانی لە مزەكەرەكەیدا، كە دای بەمەندوبی (سامی) لەڕۆژنامەی ژیاندا نوسراوە، ژمارە (٢٥٧)، پێی ووت كورد لەشارەكەدا بێجگە لەدەوروبەرەكەی ١٢٠ سەدو بیست هەزار كوردی تێدایە. باوكم ئەو مزەكەرەیەی دایە دەستی مەندوبی (سامی). ئیتر لەدوای ئەوەوە هێدی هێدی دووبەرەكی روویداو تەفرەقە كەوتە نێوانیان. بێگومان مەندوبی سامیش پێیان خۆشبوو كەركوك بلكێت بەبەغداوە بەهۆی نەوتەوە.

چاوپێكەوتنی

مامۆستا جەعفەر

عەدنان كاكە رەش

مەكتەبى بيروهۆشيارى



# شێخ محەمەد شاكەلی

پێشمەرگەیەكی دێرینی خەڵكی كەركوك بووە، لەناو بزوتنەوەی سیاسی كوردایەتیدا دیارو هەڵكەوتوو بووە، چەندین پۆستی حزبیو حكومی لەدوای راپەڕینەوە پێدراوە، ئێستاش بەشداری لەكابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێم كردووەتەوە بە وەزیری ئەوقاف.



مەكتەبى بيروهۆشيارى



كاک (شێخ محەمەد شاكەلی) پیاوێكی دیارەو پێویست ناكات بیناسێنین، تێكۆشەرێكی وا، بە دڵنیاییەوە زۆر لەگەڵ كەركوكوكێشەكەیدا بووە، لە سەردەمی لاوێتیەوە عەوداڵی سیاسەتو كوردایەتی بووە، لە كەركوک ژیاوە، ئاگاداری زۆرێک لەو ڕوداوانەی كەركوكە. بۆیە بە پێویستمان زانی كە لەسەر ئەم بابەتە بیدوێنین.

ساڵی ١٩٥٧ بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومە كەركوك، لەو كاتەوە تائیمڕۆ، لەنزیكەوە پەیوەندی گەرمو زیندوم لەگەڵ كەركوكو كێشەی كەركوكدا هەبووە.

لە (ئامادەیی موسەلاّ) وەرگیرام. قوتابخانەكە لەخانوویەكی گەورەو كۆنی دوو نهۆمی گەڕەكی (موسەلاّ)ی توركمان نشیندا بوو. پۆلەكەمان زیاتر لەبیست قوتابی تێدا بوو، لەوانە یەك مەسیحیو چوار عەرەبو حەوت توركمانو هەشت كورد، قوتابییەكی تری لێ بوو بەناوی (نادر)، تاكۆتایی خۆێندنمان لەو ئامادەییەدا، بۆمان ساغ نەبویەوە كە كوردە یان توركمان! بۆ ساڵی دووەمی خوێندن، گواستمانەوە بۆ قوتابخانەیەكی نوێی گەورە بەهەمان ناوی پێشووی لەسەر ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی چەمی خاسە.

خوێندكارە عەرەبەكان خەڵكی ـ حەویجە بوون، جگە لە(فازل گەلۆ) كەپاشان وەك شاعیرو ئەدیبێكی دیار ناسرا بەناوی (فاضل العزاوی)، ئەو زیاتر لەگەڵ ئێمەدا تێكەڵا و دەبوو.

بەڕێوبەری ئامادەییەكە، مامۆستا (عوسمان قۆجە قەساب) لەكوردەكانی هەولێر بوو، مامۆستا (جەمال نەبەز)یش ساڵی یەكەم وانەی بیركاری ئەوتەوەو (سوبحی بیلال دەدە)ی كاكەیش مامۆستای وەرزش بوو، باقی مامۆستاكانمان توركمانو عەرەبی میسریو عێراقی بوون.

ئەوەی شایانی باس بێت ساڵی خۆێندنی ٥٧/٥٨مان بێ كێشەو گرفتت بەسەر برد، بەپێچەوانەوەی ساڵی ٥٩ی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراقدا، كە ئەو ساڵە پڕ بوو لەئاڵۆزیو ململانێو كێشە كە گرنكترینیان ڕوداوی ١٤ی تەموزی ٩٥٩ بوو.

مەكتەبى بیروھۆشیاری



لەسەرەتاوە بۆم دەرکەوت بزوتنەوەیەکی نەتەوەی کوردی لەکەرکوکدا هەبوونی خۆی دەسەپێنێ‌و گەشە دەکات، یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەشاردا ڕێکخراوێکی چالاکی ئەو بوارە بوو. (شەهید عەلی عەسکەری)و (جیهان سدیق)و (حەمە نوری تۆفیق)و (جەبار کاکل)و (ڕەزای شێخ حامد)و (لەتیفی شێخ حامد)و (تەها تۆفیق)و کەسانێ کە چالاکیان لەناو قوتابییە کوردەکاندا دیار بوو. ئێمە لەڕوی چالاکی‌و تەمەنەوە لەڕیزی دوای ئەوانەوە بوین‌و ژمارەمان زۆر بوو، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە باسم کردن پەیوەندیمان هەبوو. هانیان دەداین بابەتی کوردی بخوێنینەوە، پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ٩٥٨ یەکسەر تێکەڵاوی کاری ڕێکخراوەیی‌و حزبایەتی بووین.



مەكتەبى بیروھۆشیاری





وێنەی (لەتیف شێخ حامید)

شار ئامادەییەکی دیکەشی تێدابوو لەڕۆژئاوای کەرکوکدا بوو. بەڕێوەبەرەکەی (فاتح بەگ)ی ناسراو بوو بەتوندەڕەوی لەبیروبۆچوونی تورکیدا، ئێمە لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی ئەو ئامادەییەدا پەیوەندی پتەومان هەبوو.

دانیشتوانی کەرکوکی ئەو دەمە تێکەڵ یەك بوون لەکوردو تورکمان، لەناو شاردا عەرەب کەم بەرچاو دەکەوتن، گەڕەکی کوردنیشنی کەرکوك ـ (ئیمام قاسم‌و وتەپەو شۆڕیجەو بەرتەکییەو رەحیم ئاوا) بوون‌و (موسەلاّ و ساری کەهیەو بەگلەر)یش بەزۆری تورکمانیان تێدابوو، گەڕەکی تێکەڵیش، وەکو (قورییەو ئەڵماس‌و پیریاد)ی لەکوردو تورکمان پێکهاتبوون‌و مەسیحییەکانیش بەزۆری لەگەڕەکی عەرەفەدا بوون، ژمارەیەك ماڵی عەرەب لەنزیك وێستگەی شەمەندەفەری باشووری ڕۆژئاوای شاردا بوون بە کە(حەدیدییەکان) ناسراو بوون.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



زمانی خەڵكی شارو بازاڕ كوردیو توركمانی بوو، لەبەر ئەوە بە كەركوكییەكانیان دەگووت دوو مەوجەكان. پاشتر كە بەعسییەكان دەستیان گرت بەسەر شاردا، زمانی عەرەبی بوو بەزمانی ڕەسمیو زۆرینەی خەڵكی شاریش ناچاربوون مەوجەكانیان بگۆڕن بۆسێ...

ناوچەی حەویجە، سەرچاوەی سەرەكی هێزو توانای عەرەبی لیوای كەركوكی ئەو سەردەمە بوو. ئەوان لەحەویجەوە خزانە ناو شارو شوێن پێی خۆیان كردەوە. ئەوكاتانە هەست نەدەكرا دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بەنەخشەی داڕێژراو كار دەكات بۆ بەعەرەب كردنی كەركوك، بەڵام كاربەدەستە عەرەبەكانی شارو ناوەند، ئاسانكارییان لەدامەزراندنو نیشتەجێ كردنی ئەو فەرمانبەرو كرێكارانە دەكرد كە ڕوویان لەكەركوك دەكردو هەوڵیان دەدا ئەفسەرو دەرەجەداری سوپاو پۆلیس لەشارا ژمارەیان زۆر بێت، بۆ نموونە هیچ یەكێك لەئێمە كوردی دەرچووی ئامادەیی ساڵی ٥٨/٥٩ لەكۆلیژی ئەفسەریو پۆلیس وەرنەگیراین كە نمرەی زۆر باشیشمان هێنا بوو. بەڵام هەموو خوێندكارە عەرەبو توركمانەكان كە لەگەڵ ئێمەدا خۆیان ناونوس كردبوو وەردەگیران، هەندێك لەوانە تا دواتر بوون بەئەفسەری پایە بەرزی سوپاو پۆلیسی عێراقی وەك (یاڵچین عومەر عادلو قاسم دەمامو فازیل عبیدی)و تاد...

ئەو سەردەمە لەهەموو لایەكەوە خەڵك ڕویان لەشار دەكرد. كەركوك بوژانەوەیەكی ئابوریو ئاوەدان كردنەوەی گەورەی بەخۆیەوە دەبینی، پێویستی بەكرێكارو سەنعەتكارو سەرمایە هەبوو. دانیشتوانی ڕەسەنی شارەكەشی بەبێ حەساسییەت هەڵسوكەوتی لەگەڵ ئەو خەڵكەدا دەكرد كە هاتبوون بۆ كەركوكو زۆریان خەڵكی ناوەڕاستو خوارووی عێراقو حەویجە بوون.

**لێكۆڵینەوەیەكی ڕوونو بابەتی مێژووی سەد ساڵی لیوای كەركوك ـ دەیسەلمێنێ كە عەرەب بۆ لەوەڕخۆرێیو بەشێوەی كاتی گەیشتونە باكوری زنجیرە چیاكانی حەمرین.**

تیرەو تایفە جیاوازەكانی كوردیش، بەهاران دەچوونە دامێنی حەمرینو لەحەویجەو دەورو بەریدا نیشتەجێ دەبوون. لەبەركەم ئاویو ناسازی هەوای ناوچەكە، بایەخێكی ئەو



مەكتەبی بیروهۆشیاری



تۆیان نەداوەتێو (لەیلانو قەرە حەسەنو شوانو دوبز)یان پێ باشتر بووە بۆ نیشتەجێ بوون.

## پڕۆژەی حەویجە

حكومەتی عێراقیش لەسەردەمی سەرەتای دامەزراندنیدا كێشەی نێوان تیرە عەرەبەكانی باشوری حەمرینی بەهەل زانیوەكە (حەویجە) دەسنیشان بكات بۆ نیشتەجێ كردنی هەردووو تیرەی (عوبیدو الجبور) پاشان بەپڕۆژەیەكی ئاودێری زۆر گرنگەوە ئاوی لەزێی بچوكەوە گەیاندە دەشتاییە دێمەكانی ئەو ناوچەیەو لەنێوان ١٩٢٠ـ ١٩٤٠دا ناوچەكە پڕ بوون لەعەرەبو كوردیش بەرامبەر ئەو گۆڕانە هاوكاریو یارمەتی دامو دەزگاكانی میری لەبەغدادا هەڵوێستی دژایەتی پیشان نەدا؟

پرۆسەكەش بەناو چارەسەركردنی كێشەی ململانێی نێوان تیرەو تایفەكانی عەرەبەوە جێبەجێ كرا. بە تێپەڕبوونی كات حەویجە بوو بە مەڵبەندێكی عەرەب نیشن، بوو بەواقعێكو ڕۆڵی گرنگی هەبوو و تا ئێستا لەهاوكێشەی مەسەلەی كەركوكدا ئامادەیی هەیە.

كورد لەكەركوكدا پێگەیەكی دیاری ئابوریو كۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیری خۆی هەبوو، بنەماڵەكانی (خانەقاو تاڵەبانیو كاكەییو ساڵەییو شوانو بەرزنجە) سەنگی خۆیان هەبووەو تەكییەو خانەقاو دیوەخانیان هەبوو، هاتووچۆی گەرمیان كراوە.

دەسەڵاتی میرییو ناوەندی بەغدا، حیسابیان بۆ كردون. توركمانیش خەڵكی ناسراوو پێگەی خۆیان هەبووە.

تاوەكو سەرەتای شەستەكانیش عەرەب لەناو شاردا كەسایەتی كۆمەڵایەتیو سیاسی ناسراویان بەرچاو نەدەكەوت، سەرەك تیرەكانیان لەحەویجەدا ناسراو بوون كە دەهاتنە شاری كەركوك لەبەر ئەوەی ماڵو دیوەخانیان لەشار وانەبوو ئیدارەیان بدات لەئوتێلەكان میوان دەبوون.

زۆربەی ئەندام پەرلەمانەكانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا، بەڕادەی یەكەم كوردو پاشان توركمان بوون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## ناوی تورانییەکان لە چیەوە هاتووە؟

لەناو تورکمانی ئەو دەمە کەسو گروپ هەبوون بیری نەتەوەی تورکیان هەڵگرتبوو ناویان لێنابوون (تۆرانی) ئەمانە توندڕەوو دەمارگیر بوون. کەرکوکیان بەشارێکی تورکمان دادەنا. بیری نەتەوەی تورکی کەمالیستییان بەسەردا زاڵ بوو. خۆیان بە شارستانیو پێشکەوتوو وخەڵکی تریان بەدەشتەکیو دواکەوتو دەزانیو پێیان سەیر بوو کە کورد خاوەن دەسەڵاتو ڕۆشنبیریو توانای سیاسیو ئابووری بێت. ئەوان تەنها کوردی هەژارو نەخوێندەوارو دواکەوتویان پێ باش بوو، لەکاتێکدا شار پڕ بوو لەکوردی خاوەن پلەو پایەی بەرز لەسوپاو پۆلیسو ئیدارەی شاردا، لەبواری کۆمەڵایەتیو ئاینیدا زۆربەی تەکییەو خانەقاو مزگەوتەکان بەدەست مەلاو شێخ و زانای کوردەوە بوو. سەرمایەدارو دەوڵەمەندی کوردیش لەبواری ئابوریو ئاوەدان کردنەوەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، بێ گومان کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکە، خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتو نەخوێندەواریان کەم نەبوو.

زۆرجار لەگەڵ هاوەڵە تورکمانەکانی پۆلەکەمانو لەدەرەوەش گفتوگۆمان دەکرد دەربارەی مەسەلەی خۆ بەزل زانینی تورکمانو دەمارگیرییان بۆ تورکیای کەمالی. بە ڕاستی زۆربەیان لەگەڵ ڕای توندو دەماگیریدا نەبوو. بەڵام کەمو زۆر ئەو ڕاو بۆچوونە توندانە لەناو تورکماندا کاریگەرییان هەبوو.

پاشان بەهۆی گۆڕانکارییەکانی عێراقەوەو بەتایبەتی پاش ڕوداوەکانی (١٤)ی تەمووزی ٩٥٨ ڕۆڵو کاریگەری بیری نەتەوەی تورکی زیادی کردو زیانی گەیاندە پەیوەندی دۆستانەی نێوان کوردو تورکمان.

سروشتی کۆمەڵگای تورکمانی ئەو کاتەو تا ئیمڕۆش دەکرێ بڵێین بەم شێوەیە ئەوان کۆمەڵگایەکی کراوە نین، خەڵکی موحافیزکاریان زۆرە، ڕۆشنبیرییەکی تایبەتییان هەیە، بەئاسانی لەقەناعەتی خۆیان نایەنە خوارێ، خۆشگوزەرانیو ئاسایشی خێزانیان زۆر لامەبەستە، ئامادە نین تێکەڵاوی بابەتی مەترسەیدار لەسەر ژیانو بەرژەوەندییان بن.

ئەوان خۆیان بەمیراتگری دەسەڵاتی کۆنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەزانو چەند



مەکتەبی بیروهۆشیاری



سەدەیەك لەخزمەت ئەو دەسەڵاتەدا بوون کە کاروباری ناوشاریان بەدەستەوە بووە. بەلایانەوە قورسە لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا کورد ململانێیان لەگەڵدا بکات. لەڕاستیدا ئەوان کورد بە خەڵکی ناشارستانیو توندو تیژڕەو دەزانن، لەناخەوە لێی دەترسن. بەداخەوە تا ئیمڕۆش بەشێکیان هەروا بیر دەکەنەوە، ئەو ترسو دڵە راوکێیە لەکۆنەوە وای لێکردون کە هەموو پێشکەوتنو گەشە کردنێك کە کورد بەدەستی دێنێت بە حەساسیەتێکی زیاد لەپێویست تەماشای بکەنو ڕێگاو شێوازی جیاواز بگرنە بەرو پەنا بۆ ئەمو ئەو لا ببەن، بەهیوای نەهێشتنی یان کەم کردنەوەی ئەو مەترسیە وەهمییە بۆ خۆیان، بەرجەستەیان کرد.

زۆرجار لەگەڵ دۆستە تورکمانەکاندا دەربارەی ئەو هەڵوێستە گفتوگۆ دەکەین: لە هۆی دووره پەرێزیو نامۆییان بەرامبەرمان دەپرسم؟ هەندێکیان دەڵێن: هەقە ئێوە کە ئیمڕۆ تواناتان باشە، دەسپێشخەری بکەنو بێنە پێشەوەو ئەو مەترسییانە لابەرن. هی واشیان تێدایە دەڵێن:ـ تاقیکردنەوەمان هەیە!

وەڵامی ئەو برا تورکمانانە ڕاستو دروست بێت یا نا! ئێمەی کورد پاش نەمانی دیکتاتۆرییەتو هەلومەرجی تازەی کوردستانو عێراق لە هەڵوێستو تواناوە دەبێو پێویستە، هەوڵ بدەین ترسو دڵە ڕاوکێی تورکمان بڕەوێنینەوە، هەرچەندە لەسەرەتاداو بۆ ماوەیەکیش ڕوو بەڕووی پێ نەزانینو تێنەگەیشتن ببینەوە. بەڵام سەرئەنجام بەرامبەر تێ دەگات کە کورد نزیکترینو باشترین دۆستەو بەرژەوەندی لەگەڵ ئەودا هەیە.

کورد لەکەرکوك ستەمو ناهەقی گەورەو زۆری بەرامبەر کراوە. بەڵام خەباتمان بۆ ئەوەیە کەرکوك بەشێك بێت لەهەرێمی کوردستانو تورکمانیش بەشێکی گرنگو ڕەسەنی دانیشتوانی شارن. بەشێوەیەك دەبێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەینو بۆیان بسەلێنین کە ئێمە دەسەڵاتدارێکی ستەمکار نین، بەباشی مەسەلەی پێکەوە ژیانو دیموکراسییەت باس بکەینو تەفسیری هەوڵو هەڵسوکەوتی تورکمان بکەین بەهاوپەیمانییەتیان لەگەڵ عەرەبی هاوردەو عەرەبەکانی حەویجەو پێشتریش لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدادا. هەرچەندە بەعسییەکان درێخیان نەدەکرد لەسەر کوتکردنیان.

ئەوان وا تێگەیشتون کە جگە لەهاوکاری نەیارانی کورد بۆ پاراستنی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**بەرژەوەندییەکانیان ڕێگای کەیان نییە! دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو بۆچوونەم هەموو تورکمان ناگرێتەوە.**

ئێستا لەناویاندا خەڵکێك وا بیردەکەنەوە کە کورد دۆستی ئێستاو ئایندەیانە، بەڵام هێشتا ئەوەندە نین کاریگەرییان لەناو کۆمەڵگای تروکماندا بسەپێنن. پاش ئەو هەموو ساڵەی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا گەیشتومەتە قەناعەت کە تورکمان‌و عەرەب لەئیمڕۆی کەرکوکدا وا لەیەکدی جیاوازن‌و مامەڵەی کوردیش بەرامبەر بەوان دەبێ جیاواز بێت.

**عەرەبی هاوردە**

عەرەب بەگشتی جگە لەکەمایەتییەك کە ماوەیەکی زۆرە نیشتەجێی کەرکوکن لەناخەوە خۆیان بەخەڵکی شار نازانن. ئەوانەی ناوەڕاست‌و خوارەوەی عێراق بەهۆی بەرژەوەندی‌و دەسەڵاتەوە هاتوون‌و هەمیشە چاویان لەگەڕانەوەیە. بۆ عەرەبی (حەویجە)ش ناوچەکە دوور نییە کە تیرەو تایفەو ئەرزو ئاوو دیهاتیان لەجێگای خۆیەتی‌و دەرگای شارەکانی تکریت‌و موسل‌و بێجیشیان لەسەر دانەخراوە.

هەر کات تەنگاو بکرێن دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان ئەو عەرەبانەی لەناو پرۆسەی بەعەرەب کردنی کەرکوك داهاتوون چەند لە توانایاندا هەبێت داکۆکی لەدەسکەوت‌و هەبوونی نامەشروعی خۆیان دەکەن بۆ ئەو مەبەستەش تورکمان بەکار دەهێنن، پاشان کە ڕوو بەڕووی بێ دەسەڵاتی‌و شکستی خۆیان‌و هاوپەیمانەکانیان دەبنەوە یەکسەر بەجێی دەهێڵن‌و دەگەڕێنەوە ئەو جێگایەی کە لێوەی هاتوون. ئەو تاقی کردنەوەیە لەماوەی کەمتر لە ١٦ ساڵی ڕابوردودا دووجار ڕووی داوە لەبەهاری ٩١و نیسانی ٢٠٠٣دا.

بەڵام تورکمان ئەو تایبەتمەندییەی عەرەبی نییە.سەرەتا بە تەمای هاتنی سوپای ڕزگار کردنی بێگانە بوون کە ئەوەش هەرگیز نایەتە دی‌و ناگاتە کەرکوك. هاوپەیمانی لەگەڵ عەرەبی هاوردەدا نەیارن، کورد بە بێگانەوە دەبەستن ئەوەش هەڵەیەو تاسەر نابێت. ئەوان واتێگەیشتون کە ئەگەر ئەو هەڵپانە نەکەن، کورد دەیانخوات



مەکتەبی بیروهۆشیاری



هاوپەیمانەکانی تورکمان‌و دەسەڵاتی مەرکەزی عێراق تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان سوود لەتورکمان وەرگرن‌و لەتەنگانەدا بەجێیان دەهێڵن‌و لەسەرکەوتنا حسابیان بۆ ناکەن.

**کورد پێویستە بۆ خۆیی‌و بەبێ پاڵە پەستۆی دەرەکی‌و ناوخۆ بۆخۆی چارەسەری کێشەی پەیوەندی لەگەڵ تورکمان بکات‌و چی مافی ڕەوایان هەیە کە داوای دەکەن، بەزیادیشەوە جێبەجێی بکات، ئەوەش کلیلە بۆ چارەسەری کێشەکە.**

کێشەی ناوەندی هەموو کوردە. پێویستە لەچارەسەرکردنی ئەم کێشە ئاڵۆزەداسەرکەوین. زامن کردنی کوردستانی بونی کەرکوك، زامن کردنی ئایندەی نەتەوەکەمانە. بۆ ئەو مەبەستە، کورد چەند یەکگرتو بێت‌و چەند سنگی فراوان بێت‌و زمانی دبلوماسییەت بەکاربێنێ، هێشتا کەمە. بەنەمانی دیکتاتۆرییەت‌و تێکشکانی نەخشەکانی بەعس. کێشەی کەرکوك چووەتە قۆناغێکی کەوە. پێداگرتن لەسەر گەڕانەوەی کەرکوك بۆ هەرێمی کوردستان‌و قایل بوون بەمافە ڕەواکانی دانیشتوانی غەیری کورد بنەڕەتی سەرکەوتنە. چەند کورد بیرو هەڵوێست‌و دەستی کراوە بێت بەرامبەر پێکهاتەکانی نەتەوەی کەرکوك، ئەوەندە زوتر دەگاتە ئەنجام.

کورد تاقی کردنەوەیەکی تاڵی هەیە لەسێ ساڵی ڕابوردودا سەبارەت بە مانەوەی کێشەی کەرکوك وەکو خۆی‌و جێبەجێ نەکردنی مادەی ٥٨ی بەناوبانگ.

وا چاوەڕوان دەکرێت پاش هەڵبژاردنی ١٥/١٢/٢٠٠٥، ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە لەڕێ‌و شوێنی گونجاودا پلە بەکار بهێنرێت‌و سیاسەتی کات بەسەر بردن کۆتایی پێ بێت‌و بەکردەوە هەنگاو بنرێت بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨و بەرەو چارەسەر کردنێکی عادیلانەی کێشەکە هەنگاو بنرێت.

هەرچەند کۆسپ‌و تەگەرەی زۆر لەبەردەم جێبەجێ کردنێتی، بەڵام پێداگرتنی کورد لەسەر جێبەجێ‌کردنی مەرجی بنەڕەتییە بە ڕێگای یاسایی‌و دەستوری.

مەكتەبی بیروهۆشیاری





**( ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٥٨ گیراوە لە كەركوك )**

**دانیشتووەكان: لای چەپەوە( ١، ٢، ٣ )**

١. قوباد تاهر سادق

٢. شێخ محەمەد شاكەلی

٣. یالچین عومەر عادل

**ئەوانی تر هەندێ خوێندكاری ئامادەیی ئیمام قاسمن**

**راوەستاوەكان:**

٤. المدرس سامی شاكر العراقی

٥. محەمەد حقی

٦. ارسین

٧. دلێر خالد

٨. نادر

**چاوپێكەوتن**

**عەدنان كاكە رەش**



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# فەخری کوڕی

# حەمە عەلی گودی کەرکوکی

## خاوەنی (سەیدەلی فەخری) لە کەرکوك

### فەخری کێیە؟

من لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٣)م لەکەرکوك، باپیرم لەعەشرەتی جافە، نەنکم زەنگنەیە، دایکیشم خەڵکی سلێمانییە، باپیرم کاتی خۆی کە جادەکەی لای تەکییەیان فراوان کرد بەشدار بووە، ئەو ڕێگەیە پێشتر تەنها عەرەبانەی پێیدا تێپەڕ دەبوو، دواتر ترومبێل پەیدا بوو، باپیرم لەو کارەدا دیارو ناسراو بوو.

باپیرانم لەکەرکوك کاسبو پیشەوەر و بازرگان بوون، باپیرم بۆ بازرگانی زۆر گەڕاوە، تاکو تەورێزو دیاربەکر چووە، دەچوو فەرشو رایەخی دەهێناو لەکەرکوك دەیفرۆشت، جگە لەوە، باپیرم مەڕدار بووە، خۆی لە ئاژەڵداری نەزانیوە، شاری بووە، بەلاّم بە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



(شوانکارە) لەناوچەی شوان دەیدا بە خەڵك ، دەوڵەمەند بوو، دوایی دڵی لەکابرای شوانکارە رەنجاو مەڕەکانی لێ سەندەوە، لەو سەرو بەندەدا کابرایەك بە باپیرم واتە (حەمە عەلی گودی) دەڵێ: هەندێ عەرەب لە(حەویجە) هەن (ئەسڵ زادەن)، کۆچەرن، زۆر نابێت هاتوون، ئەگەر مەڕەکانت بدەی بەوان قازانج دەکەی، ئەمانە خیانەت ناکەنو نازانن چییە.

باپیرم بێئەوەی بیری لێ بکاتەوە، سەری لەقاندو رازی بوو، چونکە ناچاربوو. ئێستاش لەبیرمە ئەوسا من تەمەنم سێ چوار ساڵ دەبوو، باپیرم منی زۆر خۆش دەویست، لەبیرم دێت باپیرم ووتی لەگەڵ خۆمدا ئەتبەم بۆ دەرەوە، بەیانی دەڕۆینو عەسر دەگەڕێینەوە، چوین بۆ حەویجە، لەبیرم دێ حەویجە، ١٥ـ ١٨ ماڵ دەبوو زیاتر نەدە بوون، لەساڵی ١٩٣٧دا بوو چوینە لای پیاوێکی عەرەب ناوی (سەید ئەحمەد) بوو، ئەوسا ئەو ماڵانەی کە لەحەویجە بوون زۆریان کورد بوون، تەنانەت عەرەبەکانیش کوردییان دەزانیو بەکوردی قسەیان دەکرد، ئەو (سەید ئەحمەد)ە زۆر دەست کورت بوو، بەبیرم دێت نەعەلی لەپێدا نەبوو ، هەژارو داماو بوو ،کەچی دوایی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەلاّم هەتاکو بڵێی پیاوێکی باشبوو. باوکم مەڕەکانی پێدابوو، ساڵانەو مانگانە بەروبوومی بۆ دەهێناین بۆ کەرکوك. بەم شێوەیە حەویجەم بینیووە.

### چۆن چوومە بەر خوێندن

لەبیرمە باوکم دەستی گرتمو بردمی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە(ئیمام قاسم)، مەبەستم (ئیمام قاسم)ی کۆنە، نەك ئەم (ئیمام قاسم)ەی ئێستا، لای محافەزەی ئێستاوە بوو، بەیتەرە لەوێ بوو، لەو ناوە جادە نەبوو، ئەوسا ڕێگای سلێمانی لەوێوە دەستی پێدەکرد ، کاتێك من قەید بووم، (ئیمام قاسم)ی ئێستا دروست نەبوو بوو، پۆلی یەکەمم لەوێ تەواو کرد، دوایی مەکتەبێکی نوێ کرایەوە لە(ئیمام قاسم) کەپۆلی (١ـــ ٥ )ی تێدا بوو، ئەوەش بەرامبەر ماڵی محافزی ئێستا بوو.

لە مامۆستایانی مەکتەبەکەی ئیمام قاسم، لەبیرمە یەکێکیان ناوی (فاتح

مەكتەبی بیروهۆشیاری



ئەفەندی) بوو، مامۆستا (یوسف) هەبوو مەسیحی بوو، لەگاورەكانی قەلاَ بوو، مامۆستای ئاینمان ناوی (رەفیق عالی) بوو توركمان بوو. فاتیحە فەندی بەرێوەبەرمان كورد بوو، ماڵیان لەگەڕەكی پشت تەكییەی تاڵەبانی بوو، خزمی شێخەكانی قادر كەرەم بوو.

برادەرەكانی سەرەتایم، ئەوانەی ماون (د. زەنون پیریادی)، (عەبدول ستار تایر شەریف)، كە ماوەیەك وەزیر بوو لەعێراقدا. ئەو كاتە شەشمان تەواو كرد، چووینە مەكتەبەكەی (موسەلاَ)، كە تازە كرابویەوە، لەمەكتەبەكانی تر گەورەترو تازەتر بوو.

دوای ئەوە كە لەناوەندیو لەكەنیسەی جولەكەكان وەرگیراین لەموسەلاَیە، لەوێ لەپۆلی یەكەوە تا شەشی ئامادەیی تیێدا بوو. بەرێوەبەرەكەمان كورد بوو، بەناوی (قەرەنی) خەڵكی هەولێر بوو.

لەڕۆژی مەولودی نەبەوی (لەدایك بوونی پێغمبەر د.خ) هەموومان كۆببوینەوە، عەرەبێك لەناو قوتابیەكاندا هەبوو وتیان: ئەمە كوڕی بەرێوەبەری ئەوقافە، دەستی كرد بە خوێندنەوەی وتاری ئاینی، ئێمەی خوێندكارە كوردو توركمانەكان، وەكو گوێزمان بۆ بژمێرێ، سەرسام ڕاوەستابووین، دوایی مامۆستا (قەرەنی) كەبینی هەموو سەرسامبوینو ڕاوەستاوینو هیچ تێناگەین بۆمانی كرد بەكوردی، ووتی: ئەمە دەڵێ پێغەمبەر نورێك بوو كە سەقافەتو ڕەوشتی پاكی بلاَو دەكردەوە.

دواتر كە چووینە پۆلی دووی ناوەندی، و دوو سێی ناوەندیم لەشارع غازی تەواوكرد، كە ئێستا نەخۆشخانەی جمهوریە.

## هاتنی مەلیك بۆ كەركوك

لەبیرم دێت، ئێمەیان كۆكردەوە لەسەر ڕێگای موسڵ، كاتژمێر (٩)ی بەیانی چوینە چاوەڕوانی مەلیك، بەرامبەر (سوق مەركەزی) ئێستا، ئەوسا ناوی (ذهب الاسود) بوو هی مەسیحییەكان بوو، هەموو خوێندكارو مامۆستای مەكتەبەكان ئەو ناوەیان تەنیبوو.

ئەوسا كەمەلیك فەیسەڵ هات، پارێزگاری ئەوسا وا بزانم ناوی (جەلیل پرتو) بوو،



مەكتەبی بیروهۆشیاری



بە ئەسڵ توركمان بوو، مەلیك لەموسڵەوە بەرەو بەغدا هات، لەكەركوك لایداو سەردانی پارێزگاری كرد. ئێمە هەموو لەبەردەم ماڵی محافز ئەمسەرو ئەوسەری جا دەمان گرتبوو.

## قوناغی ئامادییو زانكۆ

دوای ئەوەی قۆناغی چوارەمم تەواو كرد، لە بەشی علمی یاخود ئەدەبی وەردەگیراین، من بۆ خۆم چوومە بەشی علمی، ئەوسا ئامادەییەكە لەپشتی خەستەخانەی جمهوری ئێستاوە بوو.

دوای قۆناغی پێنج ، شەش نەبوو، تەنها تاكو قۆناغی پێنجی ئامادەیی هەبوو. لەساڵی ١٩٥٠ ئامادەیمان تەواو كرد، ئەوكاتە من تەقدیم كرد، بۆ (طب الملكي) (صیدلیە الملكي) لەگەڵ (دار المعلمین عالیە). كەچی ناوم لەماوەی هەفتەیەكدا لەهەرسێكیان ناوم هاتەوە، لەباوكم پرسی چیبكەم؟

باوكم ووتی: بە ئارەزوی خۆت هەڵبژێرە، من قسەی تیاناكەم، بە ئارەزوی خۆت بكە. دواتر كولییەی سەیدەلیم هەڵبژارد لەزانكۆی بەغداو ساڵی ١٩٥١ قوناغی یەكەمم بڕی.

ئەوسا زۆرم حەز لەئەفسەری بوو، ووتم: ئەگەر لەكولییەی سەیدەلی بم دەتوانم هەم ببم بە ئەفسەر هەم ببمە سەیدەلانی، واتە كاری مەدەنیو عەسكەری بە ئارەزوی خۆم دەبێت.

لەساڵی ١٩٥١ـ ١٩٥٦ كولییەم تەواوكرد. چالاكی سیاسی كورد لەبەغدا هەبوو بەشداریم تیێدا دەكرد، لەقۆناغی ئامادەییەوە پارتیبووم، فەیزولاَی برای كاكە سوری كۆیی محامی، لێپرسراومان بوو.

مانگی (٥٠) پەنجا فلسمان بە ئابوونە دەدا، شەش كەس بوین پارەكەمان دەختستە قوتویەكەوە، دەمان ووت: بەم پارەیە (انشاالله) كوردستان ڕزگار دەكەین ئەوسا باوەڕمان وابوو.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



## ١٩٤٠ ـ ١٩٥٥ بیری كۆمنیستی پەرەی سەند

لەسالآنی چلەكاندا شوعی لەعێراقدا پەرەی سەند، لەكوردستانیشدا بەهەمان شێوە، لەكوردستاندا، لەسەدا نەوەدی لەبەر ئەوە ببوو بە شوعی، كە دەیووت (لەیەكێتی سوفیەتدا، لەئەرمینیا، قسمێكی بچوك هەیە، حوكمی زاتی داوە پێیان كوردیش، سەرگەرمانە دەی ووت بژی شوعیی. باوەڕی ئەوسا وا بوو دەوترا ئەگەر شوعی بێنە سەر حوكم حوكمی زاتیمان دەدەنێ)، ئەو شتانە چوو بووە ناو دەماغی كوردەكانەوە. بەشێك لەناو حزبی شوعی عەرەب بووە، ئەم عەرەبانە شۆڤێنی بوون، ئیرەییان بە كورد دەبرد دەیانویست بەم شتانە هەستە قەومییەكەی كورد بكوژن، زیاتر كوردستانیان لەبەرچاو دەگرت بۆ بڵاوبونەوەی شوعییەتو، تاكو كورد لەخشتە بەرن. دوایی هەر ئەو عەرەبانە بوون بە بەعسیو شوڤێنیو دژی كورد وەستانەوە. دەتوانم بڵێم لەدواییدا بەشێكی بەعسییەكان لەوان بوونو باوەشیان بۆ بەعس كردەوە، پێشتر لەناو شوعییەكانیشدا، بەهەمان شێوە دژی كورد بوون، حەزیان دەكرد كورد هەستی قەومی نەبێت وبیرنەكەنەوەو لەحاڵی خۆیان تێ نەگەن.

ئەوكاتە بڕیار وابوو (لەسەردەمی مەلیكی)، ئەوەی كۆلیژی تەواو دەكرد بە بڕیاری مەلیك دەكرا بە ئەفسەر لەسەربازیدا. دوای ئەوەی كۆلیژم تەواو كرد، لەحزمەتی سەربازی كرام بە ئەفسەر.

دواتركە گەڕامەوە، لەسەر كوردایەتی زیندانی كرام، بە واستە بەربووم، ویستم لە كەركوك دابمەزرێم، كەچی حكومەتو وەزارەتی تەندروستی ووتیان: لەهەموو شوێن بۆت هەیە دابمەزرێیت، بەڵام بۆ كەركوك قەدەغەیە، نابێت ناوی كەركوك بهێنی، دواتر (مدیر عام)ێك لەوەزارەتی تەندروستی پێی ووتم: ماوەیەك لەخواروی عێراق دەوام بكە ،دواتر داوای نەقڵ بكە، كەچی وام كردو نەقڵیان نەكردم، ناچار داوای دەست لەكاركێشانەوەم كرد، ساڵو نیوێك لەخواروی عێراق بووم.

وەزیری تەندروستی ناوی (شامل سامڕائی) بوو، لەسەردەمی (عەبدول سەلام عارف)، (شامل) بەعسی نەبوو, دەست لەكار كێشانەوەكەمیان قبوڵ نەدەكرد, هاوڕێیەكم هەبوو، ئەوانی دەناسی، بەناوی (ئبراهیم تەها)وە چوو بۆ لایانو تكای لێ



مەكتەبی بیروهۆشیاری



كردن, وئیستقالە كەمیان قبوڵ كرد, دواتر گەڕامەوە, ئەو كات دەرمانخانەكەی منیان دا بەكەسێك كەزۆر خراپ بوو, بەونیازەی ناوی دەرمانخانەكەم خراپ بڵاو بكاتەوە زیانم بەركەوێ. ئەو خەڵكەی دەهاتن بۆ دەرمان لێیان تورە دەبوو، كاتێك هاتمەوە لە هەفتەیەكدا كڕیارە كانم بەقەدەر یەك ڕۆژی جارانم نەدەهاتن, دواتر تێگەشتیم كەئەو كەسە دەیوست دەرمانخانەكەم هەڵگرێتەوە. دوای گەڕانەوەم، لە نەقابە كتابێكم هێناو پێم ووت: بابە گیان مەمنونتم فەرموو برۆ دەرەوە, یەكسەر لێوی زەردبوو، ڕەنگی وەكو لیمۆی لێهات, ئیتر لەوكاتەوە بەیانیو ئیوارە دوكانم دەكردەوە و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوباشتر دەڕۆشت , متمانەكەم گەڕایەوە.

## كۆنترین دەرمانخانە لە كەركوك

لە شاری كەركوكدا، كۆنترین دەرمانخانە لە (شارع الاوقاف) بوو، دوای ئەوە دەرمانخانەیەك هەبوو بەناوی (العراق), هی توركمانێك بوو, ناوی (مەلا عەلی) بوو. دەرمانخانەیەكی تر هەبوو هی ئەرمەنییەك بوو، (خاچیك)یان پێ ئەووت, دەرمانخانەیەكی ترهەبوو بەناوی دەرمانخانەی (غازی) ئەوكاتە بەناوی غازییەوە بوو، بەڵام لەلایەن خەڵكی ترەوە بەڕێوە دەبرا. دواتر دەرمانخانەكەی من كرایەوە بەناوی (صیدلیە فخری)

## تەكییەو خانەقا

یەكەم تەكییەی شاری كەركوك تەكییەی تاڵەبانییە كان بوو, خەڵكی كەركوك بەزۆری ڕوی لەم تەكییە دەكرد، بە مەبەستی ، نوێژو و زیكرو خواپەرستی، بە درێژایی سالآنی پێشوو بەردەوام زۆر قەرەباڵغ بوو، دواتر تەكییەی كەسنەزانی، هەرچەندە زۆر دوای خانەقا بوون، بەڵام ئێمە جارێ باسی تەكییە دەكەین، باوكی دكتور (قەلەندەر) گەنجێكی ڕەش ئەسمەر بوو، زۆر جار دەهاتە ئەم دەرمانخانەیەو سەردانی دەكرد منیش زۆر تەقدیرم دەكرد. (خانەقا) لە دوای تەكییەی تاڵەبانی دێت، بەڵام لە ڕوی مێژووییەوە وەكو تەكییەی تاڵەبانی قەرەباڵغ نەبوو, بەڵام ڕۆڵی

مەکتەبی بیرو هۆشیاری



سیاسی زۆری هەبوو، لە وێدا هەژارو دەست کورتو نەداران زۆریـان بـە خێـودەکران, دەتوانم بڵێم: هەژاران لەدوای هاتنی خانەقا دەیانتوانی لەکەرکوکدا بژین. بەشەو لـە خانەقا دەنوستن بەڕۆژیش دەچوون بۆ سەرکاروکاسبی. لەڕوی سیاسییەوە دەوری(مریـەم خانی خانەقا) کە خوشکی (شێخ حسێنو کاکە حەمە) بوو، زۆرچالاك بوو، لـە بـواری ژنـانو ئافرەتانـدا ژنێکـی ناسـراو ودیـاربوو، بـۆ زانیـاری زیـاتر پـارێزەر (مـستەفا عەسکەری) زۆر شارەزایە، خزمی ماڵی خانەقایە. پـێم خۆشـە سـەردانی ئـەو بکـەن باغەدرنەکەین لە مێژووەی بنەماڵەی خانەقا.

لەوتەکییەو خانەقایانەدا، خوێندکاری فەقێ هەبوو کاتێك مۆڵـەتی (مـەلا) یـان وەردەگرت، ئاهەنگی دەرچوو نیان بۆ سازدەکرا، مـەولود نامـە دەخوێنـدرا، سـەرەڕای ئەمانە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کەرکوك هەبووە.

## پۆستەکانی شارەوانی و پارێزگای کەرکوك

ئەوەی من لـەبیرم بێـت لەکۆنـدا یەکـەم بەڕێوەبـەری شـارەوانی (شـێخ حـەبیب تاڵەبانی) بوو، کە بـاوکی شـێخ (سـوعاد)ە. هـەروەها (سـەعید قـەزاز) پارێزگـاری کەرکەك بوو ، (مستەفا قەرەداغی) سەرۆك شارەوانی بوو، خولاسەی کـەلام، هـەتاکو دوای کودەتای بەعسییەکان زۆربەی پۆستەکان کوردو تورکمانبوون, لە کۆنـدا نـازانم, بەڵام پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز (جەلیل پرتـۆ) پارێزگـار بـوو، وابـزانم بەرەچـەڵەك تورکمان بوو, لەبەغداوە داندرابوو، دوای **١٩٦٣** بەعسییەکان یەکێکیان هێنا (ڕاوی) بوو، عەرەبێکی شوڤێنی بوو،ئیتر تەعریبی بەعسییەکان بەخەستی دەستی پێکرد.

## پ/ ئایا کوردوتورکمان لەکەرکوك بەیەکەوەدەردەکران؟

و/ نەخێر، تورکمان بەشێویەکی بەرچاو دەر نەکراوە، تەنها بۆ (أستهلاکی محللـی) بەکار دەهێنرێت، ڕاست نییە . چـونکە لـە دوای کـارە سـاتەکەی (١٩٥٩) کۆمـەڵێ تورکمان کە ئۆبـاڵی ئـەو ڕوداوە ناخۆشـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەوان، بەدەسـت لـە پشتدانی دەرەکی زۆر بە شوڤێنی لەگەڵ کوردا دەجولانەوە, کە بەعسییەکان هـاتن زۆر



مەکتەبی بیرو هۆشیاری



دژایەتی کوردیان دەکرد لە کەرکوکدا, ئەوتۆرانچییانەش بە خۆشـییەوە بـۆ دژایـەتی کورد پیشوازیان لە بەعس کردو پشتیوانیان کردن. لە ساڵی **١٩٦٤** لە کەرکوك بووم، بەرێوبەری تەندروسـتی کـەرکوك، تورکمانێـك بـوو نـاوی نـاهێنم, لەنەخۆشـخانە چاوەڕوانی هاتنی بەڕێوەبەری ئەمنی بەعسیو بەرپرسـی بەعـسمان دەکـرد بـێن بـۆ لامان، کە هاتن زۆر بەعەشقەوە ڕۆیشت بۆ لایانو پێشوازی لـێ کردن، ووتـی (خلـو رجلکم علی رأسنا بس انقذونا من هؤلاء الاکراد ) بەعـسییەکەش دەسـتی لەسەرشانی داناو ووتی (لاتبالی), بە داخەوە ئەوە بووکە بەسەر مـان هـاتو ڕوداوی ناخۆشی لەدواوەبوو، سەدمخابن ئێستا هەمان ڕوحییەتی ڕەگەز پەرستی لەناو هەندێك لەتورکماناندا هەیە، کەبەفیتی بێگانە کاردەکەن . بـەڵام هـەموو تورکمانـەکان بـەو شێوەیە نین چەند جۆرێکن، لەوانە بەیاتییـەکان لـە پـێش عوسمانییەکانـدا هـاتوونو لێرەن دابەش بوون، بەسەر(دوز خورماتوو) (بەستاملیێ ) چەندگوندێکی تردا دابـەش بوون تاکو چیای حەمرین. لەپێشدا لەسـەردەمی عەباسـییەکاندا یـەك خێـزان بـوون بەکۆچەریو هاتوون، دواتر خێزا نەکانی تریان لە ئازەر باینجانەوە هاتوونوزۆر بوون.

## ١٩٧٥لەبەغدا پۆستم وەرنەگرت

حکومەتی بەغدا بڕیاریدا بوو کە لە دوای ١٩٧٥، حوکمی زاتییە کارتۆنییەکـە دابنێ، کە ئەوکاتە دوو جار ناوم نوسرا، لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا کە فـلان ڕۆژ بـچین بۆ بەغداو لەگەڵ کۆمەڵێ کوردی تردا، بۆ گفتوگۆی ئەومەسەلەیەو پۆستمان بدەنێ, زۆر تەرکیزیان کردە سەرمن کە بچم ، بەڵام دوایـی بـیرم کـردەوە کـە نەچـم (مـەنزەر ڕەشید) هەیە، هاتەلامو وتی: چـی بکـەین؟ وتم: گـوێبگرە (وەڵاهـی، ئێـستا بـچین، مەعنای ئەوەیە ئێمە پیاوی حکومەتی بەعسین, ئێستا گەنجین، دوایی کە چـوینە نـاو ساڵەوەو پیربووین پەنجەی خۆمان دەگەزین، دەڵێین چـیمان کـرد بـەخۆمان، خیانـەتمان کردووەو بوین بەجاش) (مەنزەر ڕەشید) وتی: زۆر باشـە، ناچـین. بـەڵام بەداخـەوە زۆر کورد بەعەشقەوە چوون، بوونە وەزیرو گزیر، دوای ئەوەی بەدەنگ بانگەوازەکەوە نەچووم لە فەرعی حزبی بەعسی تەبلیغم بۆ هات, زۆرترسام، کەچووم وتیان بـۆ نەچـووی بـۆ

مەکتەبی بیروهۆشیاری



بەغدا، وتم وەڵاهی بۆ من شانازییە ئیش لەگەڵ ئێوە بکەم، بەڵام من هیچ نازانم، سود لەمن نابینن، خۆم بە نەزان و نەفام لە قەڵەمدا، کە بە هیچ شێوەیەك لە سیاسەت نازانم باش بوو پاش مشتومڕو بگرەو بەردە، وازیان هێنا .

### داهاتووی کورد لەگەڵ کەرکوکدا

کورد لە ڕابردودا زۆر چەوساوەتەوە، هەژارتر کراوە، بەتایبەتی لەڕوی زانستی و خوێندەوارییەوە, بۆیە باری ڕۆشنبیریمان لاوازە. ئێمە دەبێت خۆمان لەگەڵ سیاسەتی عالەمیدا بگونجێنین، شکور بۆ خوا ئێستا وایە، گەشەبە خوێندەواری و زانست بدەین، دواتر گەشە بە دیمکراسی وئاشتی بدەین لەعێراق و کوردستاندا. کەرکوك دەبێت بە ئاشتی و دیمکراسی بگەڕێتەوە باوەشیی کوردستان، نەوەکو بەشەڕو تورەیی و هەڕەشەو شەڕکردن، زۆر هەوڵی لەو جۆرە دراوە لەلایەن نەتەوەی ترەوەو بێ سود بووە. داوا دەکەم لە کوردستان و سەرکردەکانی، کە بە هیچ شێوەیەك واز نەهێنن و پەلە بکەین لەگەڕانەوەی کەرکوك، زۆر نەخایەنێت و بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

### هەندێ لە مەزارە پیرۆزەکانی کەرکوک

### ئۆکاشا

عەرەبێك هەبوو، نازانم چۆن کەوتبووە کوردستانەوە، بەڵام پیاوێکی ڕەوشت بەرز و پاك بووە، ئاین پەروەرو بەدین بووە، نوێژو خواپەرستی دەکرد، خۆشتان دەزانن ئەم جۆرە پیاوە لەناو کوردا زوو جێگای دەبێتەوە، ڕێزی دەگرن، ئەم پیاوە ناوی (عکاشا) بووە، دواتر لەوێ کۆچی دوای کردووە، ئیتر بووە بە مەرقەدو نەخۆش و دەردەدارو ژنی نەزۆك و شێت و هاریان دەبردە سەری بۆ چاکبونەوە.

### هۆمەرمەندان

ناوی هۆمەرمەندان لەکەسێکەوە هاتووە، بەناوی (عومەرمەندان) بە ڕەگەز تورك بووە، بۆ خواپەرستی و ئاین پەروەری ناوبانگی هەبووە، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



هاتووەتە کوردستان، هەر کەسێك موسڵمان بوایە خەڵکیش بە سۆزی (ئاینی ئیسلام) ڕێزیان دەگرت. ئەوسا خەڵك زۆر فەقیرو هەژار بووە. دیسان وەکو ئەوانی دی، کە مرد خەڵك مەرقەدیان بۆ دروستکرد، خزمەت دەکراو سەردانیان دەکرد، من لەگەڵ نەنکمدا، تەمەنم شەش ساڵان بوو، چوومەتە ئەو مەرقەدە لەناوچەی شواندا بوو. ئێستاش شوێنەواری ماوە.

### ئیمام قاسم

وەکو بیستومە لەپیاوە قەدیمەکان و ڕۆشنبیرەکان، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، پیاوێك هەبووە بەناوی حاجی قاسم، نازانم سەرگوزشتەی ئەوەی کە چۆن لێرە نیشتەجێ بووە؟ زۆر پیاوێکی بەدین بووە، ئەوسا کورد زۆر ڕێزیان لەپیاوی ئاینی گرتووە، ئەو پیاوە مەرقەدەکەی لای ماڵی محافزی ئێستادایە، دوای ئەوەی کە مردووە مەرقەدیان بۆ دروست کردووە، بووە بە جێگای سەردانی نەخۆش و دەردەداران بەمەبەستی چاکبوونەوە. (ئیمام قاسم) تورکمان بووە لەبنەڕەتدا، بزانن کە لەپێشدا (ئیمام قاسم) لەوبەری کەرکوك بووە. ئێستاش مەرقەدەکەی لەوێدایە.

چاوپێکەوتن

عەدنان کاکە ڕەش

نیزام فەتحوڵڵا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## شاعیر

# لەتیف هەڵمەت

**لەتیف هەڵمەت شاعیرو ڕۆشنبیرێکی ناوچەی کەرکوکە، یەکێکە لەشاعیرە نـاودارو ناسراوەکانی کورد، ئێستا لەکەرکوکدا دەژی، لێپرسـراوی یـەکێتی نوسـەرانی کـورد-لقی کەرکوکە، خاوەنی چەندین خەڵاتی شیعرییە. چەندین نامیلکـەو کتێبـی شـیعری هەیە.**

### باری ڕوناکبیری کەرکوك لە سەدەی بیستدا

پ/ مامۆسـتا، پرسـیارەکە سـەرەتا وا دەسـت پـێ دەکـەین کـە بـاری ڕۆشـنبیری کەرکوکی جاران‌و ئێستا، لەڕوانگەی بۆچوونی تۆوە، وەکو شـاعیرێك ئەوەنـدەی تەمـەن یارمەتیت ئەداو لەبیرت ماوە، حەز دەکەین بۆمان بدوێی؟

و/ وەکـو مـن بـزانم لەشەسـتەکاندا، وەکـو دەڵـێن، ئـەوەیان خـۆم لـەبیرم نییـە لەپەنجاکانیشدا، کەرکوك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کوردیی بووە، سەرگەرمییەك هـەبووە بۆ پەیداکردنی کتێبی کوردی، یەکێك لەوانە کە زۆر سەرگەرمانە هەوڵی بۆ چاپکردنی کتێبـی کـوردی داوە، بـەڕێز خواڵێخۆشـبوو(محەمـەد ئـەمین عەسـری)یـە. کـە زۆربـەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



شانامەی فیردەوسی لەلایەن ئەوەوە چاپکراوە، شایەنی باسە، ئەگەرچـی (کـوردتێنراو)ەو دەست کاری کراوە وەکو دەق، ئەوانەی کە وەریـان گێـڕاوە لەفارسـییەوە بـۆ کـوردی ئـەم کارەیان کردووە. خۆی لەخۆیا ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەی بە کوردی کردن‌و چاپکردنە، شانامەی فیردەوسی لەکەرکوکدا وەکـو بەشـەکانی کـە لـەبیرم مابـێ (ڕۆسـتەم‌و زۆراب، ڕۆسـتەم‌و جانگیر، مەنیجەو بیژەن،) هەروەها (لـەیلاو مـەجنون، شـیرین‌و فـەرهاد، وەفاتنامـە،) ئەمانە هەمووی (محەمـەمەد ئەمین عەسری) لەچاپخانەی تەرەقی لەکەرکوکدا بە کـوردی چاپ کراون.

ئەم کتێبانە، ڕەنگە لە ئێـستادا بەشـتێکی بـچووك سـەیریان بکـەین، بـەڵام ئەمانـە بەردی بناغەی خوێندنەوەی زمانی کوردی بوون یـان بڵاوبونـەوەی خوێنـدن‌و خوێندنـەوە بوون، بۆ نموونە کاتێك کە من نەهاتبوومە کەرکوك‌و هێشتا لەکفری بووم، منـاڵ بـووم، مـناڵی سەرەتایی بووم، کە دەهاتم بۆ کەرکوك لەگەڵ باوکمدا ئەم کتێبانەم دەکڕی، ئـەم کتێبانە دەتوانم بڵێم: کاریگەری هەبووە بەسەر هەموو قەزاو ناحییەکانی کەرکوکیـشدا، جگە لەوە کاتی خۆی لەکەرکوك گۆڤاری شەفەق دەرچووە.



**( ئەسیری شاعیر ساڵی ١٨٩٩ لەدایك بووە، ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٥٥دا گیراوە )**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**گۆڤاری شەفەق**

دەورێکی بالآی هەبووە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریو ڕۆشنبیرێتی کوردیدا، گەلێ نووسەری گەورە تیایاندا نووسیوە لەوانە شەهید (شێخ مارف بەرزنجی) لەشەفەقدا زۆری نووسیوە، زۆربەی نووسەرانی ئەو سەردەمە، ژانی گەلی مامۆستا (ئبراهیم ئەحمەد) کە خەڵکی سلێمانییە لە کەرکوك نوسراوە، جگە لەوە گەلێ نووسەری گەورە لەکەرکوکدا هەڵکەوتوون، وەکو (مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی) کە ڕۆشنبیرێکی گەورەو نووسەرێکی گەورەیە، بابڵێین لەئەتڵەسو جوگرافیای ڕۆشنبیری کوردیدا دەورو جێ دەستی گەورەی هەیە.



وێنەی مارف بەرزنجی لەگەڵ فەرەیدونو سامانو فەرهادی کوڕیدا لە گرتووخانە.

ئەمە من جارێ باسی کۆن دەکەم ئەوەی لەبیرم بێت، هەروەها کەسانێ کە هەڵکەوتوون لەکەرکوکدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زۆر کۆن (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، هەروەها تەکییەی تاڵەبانی خۆی لەخۆیدا قوتابخانەیەکی پڕ ئەزموون بووە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری کوردیی بۆ لاوی کوردو خوێندەواری کوردو ڕۆشنبیری کورد،



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە، لەهەموو بەشەکانی کوردستانەوە، روویان کردووەتە تەکییەی تاڵەبانی لەکەرکوك، لەوێ تەکێ وەکو قوتابخانەیەکدا بووە، دەتوانم بڵێم: لەلایەك شیعر خوێندراوەتەوەو لەلایەك کەسێتییەکی وەکو (شێخ ڕەزا) شیعری خوێندووەتەوە، من بیستومە دەڵێن: دیوارەکانی تەکییەی تاڵەبانی بەرلەوەی چاك بکرێت، هەموو کۆڵەکەکانیو هەموو بنمیچەکانی شیعری (شێخ ڕەزا)ی لێ نووسراوەتەوەو بەداخەوە چاك بونەوەی تەکییەکە بووە بە هۆی لەناوچوونی گەلێ لەشیعرەکانی، هەروەها لەلایەك (عەلی مەردان) هەر لەو تەکییەیەدا لەگەڵ هەموو مەقام بێژەکانی کورددا، لەگەڵ دەنگ خۆشەکانی کورددا، کە لەهەموو لایەکی کوردستانەوە هاتوون لەو تەکییەدا کۆبوونەتەوە، لەو تەکییەیەدا، واتە دەتوانم بڵێم: مەقاماتی کوردی لەو تەکییەیەداگەشایەوە، ئەمە بە بۆچوونی خۆمو بە بۆچوونی ئەو کەسانەی کە لەخۆم بە تەمەن ترنو یان هاوتەمەننو لەگەڵیاندا دەژیمو باسی ڕۆشنبیری دەکەین، تەکییەی تاڵەبانی مەدرەسەیەکی ڕۆشنبیریو هونەری مەقام بووە. ئەمانەش هەموو ئەوە دەسەلمێنێ کە کەرکوك بەشێکە لەکوردستان، جگە لەوە مزگەوتی (خانەقای سەید ئەحمەدی خانەقا)، من کەسی نزیکی خۆم کە قوتابی بووە لەو خانەقایەدا ژمارەیان زۆر بووە دەتوانم ئێستا ناوی چەند کەسێك بڵێم کە مەکتەبیان تەواوکردووەو ئێستا لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا کاردەکەن، ناویان ناڵێم، بەڵام خۆیان ئەو قسانە بخوێننەوە دەزانن کە خۆیانن، ناویان ناڵێم نەوەك پێیان ناخۆش بێت، ئەگەر خانەقاکەی (سەید ئەحمەدی خانەقا) نەبوایە نەیان دەتوانی قوتابخانە تەواو بکەن، دەیان قوتابی، دەتوانم بڵێم بە درێژایی ساڵان قوتابی کورد لەخانەقاکەی (سەید ئەحمەد)ی خانەقا قوتابخانەیان تەواو کردووە، زیاتریش ئەوسا خانەی مامۆستایان هەبوو، یان پیشەسازی هەبوو، یان کشتوکاڵ هەبوو، یەکسەر ئیتر لەدوای سێ دەچوون بۆ بەشێك لەو بەشانەو ئیتر ئەبوون بە مامۆستا لەو بوارەدا، واتە ئەمەش دیاردەیەکی گەورەی کوردییە..

دووبارە بەرامبەر بە تەکییەی (تاڵەبانی)و خانەقای (سەید ئەحمەدی خانەقا). ئەمانە دوو دیاردەی گەورەی کوردین، کە کوردستانییەتی کەرکوك دەسەلمێنن. واتە ئێمە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



بمانەویّ‌و هەروەها نەمانەویّ ناحەزانی کورد بیانەویّ‌و نەیانەویّ هیچ کەسێکی کە لەنەتەوەکان لەم جۆرە دیاردانەیان نییە. لەشاری کەرکوکدا، ئەمە جگە لەتەکییەی کەسنەزانی، کە چەندین ساڵە لەوێدایە ئەویش هەر دیاردەیەکی کوردی بووە، چونکە لەوێدا تەکییەی تاڵەبانی‌و خانەقای (سەید ئەحمەدی خانەقا)و تەکییەی کەسنەزانی دەتوانین بڵێین سێ دیاردەی کوردایەتی کەرکوکن، کە دەیسەلمێنن کەرکوک بەشێکە لەکوردستان‌و لەهەرسێ بوارەکەشدا لەهەردوو تەکییەکەو لەخانەقاکەشدا هەمیشە باسی لقەکانی ڕۆشنبیری کراوە، بە بەشی ئاینیشەوە ئێمە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری ئەوسا جیانەکراوەتەوە لەئایین، کە باسی شیعرێکی نالی یان شیعرێکی مەحوی کراوە، یان باسی شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کراوە، یان باسی شیعرێکی سۆفیانەی عەبدولقادری گەیلانی کراوە بێگومان چونەتەوە بوارە ئاینییەکەشەوە، ئەمە دەتوانم ئەوەی لەبیرم بێت واتە وەکو کۆن با بڵێین کوردستانییەتی کەرکوک دەسەلمێنن (محەمەد ئەمین عەسری) من خۆم وەکو شاعیرێك قەرزاری ئەو کتێبانەم کە (محەمەد ئەمین عەسری) لەچاپخانەی تەرەقی چاپی دەکرد، جگە لەو کتێبانەی کە باسم کرد (ئەمیر ئەرسەلان)یش هەر لەلایەن ئەوەوە چاپکراوە .

پ/ (محەمەد ئەمین عەسری)لە چ نەتەوەیەك بووە؟.

و/ (محەمەد ئەمین عەسری) خۆی کورد بوو، من خۆم کتێبم لێ کڕیوەو هەر کوردیشی دەزانی، نازانم ئەگەر زمانی تری زانیبێت. تەنانەت لەناوەندی شەستەکاندا کتێبم لێ کڕیوەو هەر بە کوردی قسەم لەگەڵیدا کردووە، بەڵام دەڵێن کوڕەکانی یان کوڕێکیان ئەگەر لەترسابێت ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بێت تۆزێ خۆی وا دەنوێنێ کەسەر بە بنەماڵەیەکی تورکمانە، ئەگەر واش بێت ئێمە حەقمان بەسەر کوڕەکەیەوە چییە، خۆی بە نییەتێکی کوردایەتییەوە پڕۆژەیەکی کوردی بەدەستەوە بووە، دەتوانم بڵێم: ئەو کتێبانەی کە ئەو لەزەمانی مەلیك‌و زەمانی شەست‌و پێنج‌و شەست‌و شەش‌و حەوتیش هەتا بەر لەوەی کە بەعسی فاشیزم بێتە سەر حوکم، بڵێم: ئەو کتێبانەی چاپی کردوون‌و چاپی کردووەتەوە دوو سێ جار سی چل کتێبێك دەبێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا پڕۆژەیەکی کوردانەیەو پڕۆژەیەکی کوردستانانەیە لەکەرکوکدا، شایانی باسە ئەوسا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ڕێگر نەبوو لەڕێگایا، واتە دەیان کتێبی کوردی لەکەرکوکدا چاپ دەکرا، هەروەها چاپخانەیەکی تر هەبوو کە زۆر بایەخی بە کتێبی کوردی دەدا خاوەنی چاپخانەکە مەسیحیی بوو لەم دواییەدا من(خواو شارە بچکۆلەکەم) لەساڵی حەفتایا لەوێ چاپکرد ، کە یەکەم بەرهەم بوو لەم دووایییەدا هەواڵیم پرسی ووتم: ماوە؟ ووتیان وەڵایی مردووە، پیاوێکی زۆر باش بوو، مەسیحی بوو، کوردی زۆر خۆش دەویست ئەو مەسیحییە حەزی لێ بوو بۆ کوردەکان کتێب چاپ بکات‌و تۆزێك بە هەرزان تریش چاپی دەکرد، واتە من خۆم ئەوسا هەستم بەوەکرد کە هەرزان تر دیوانەکەی بۆ چاپ کردووم(خواو شارە بچکۆلەکەم) جگە لەوەش لەشارەوانی کەرکوکدا یان گۆڤار بوو، یا ڕۆژنامە (عوسمان خۆشناو) لەوێ بوو (عوسمان خۆشناو) کە شاعیرێکە، وابزانم خەڵکی خۆشناوەتی هەولێرە، بەڕێوەبەری ئەو چاپخانەیەی شارەوانی کەرکوك بوو، خۆی ڕاستت دەوێ کەرکوکی شەستەکان‌و پەنجاکان زۆربەی پلە گەورەکانی دام‌ودەزگا حکومییەکان بە تایبەتی کارگەی نەوت کۆمپانیاکانی نەوت، واتە کرێکاران‌و موچە خۆرە گەورەکانی، کاربەدەستە گەورەکانی زۆربەیان کورد بوون، گروپێك لەسەرەتای شەستەکاندا سەری هەڵدا لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری عێراق نەك کوردی، (فازیل عزاوی) بابڵێین: (قەحتان هرمزی)و (موئەیەد راوی) (سەرگۆن پۆڵس)و (جان ڕەمۆ)و ئەمانە، گەلێك کوردیان لەگەڵدا بوو، لەو کوردانە وەکو(زوهدی الداودی ویوسف الحیدری) دەتوانم بڵێم چەند کوردێکی کەش کە لە من بەتەمەنتربوون، ئەوسا ئەوەندە نەبووم کە ئەو ناوانە هەموو بزانم، بەڵام کوردو تورکمان‌و عەرەب‌و مەسیحی پێکەوە ئەو گروپەیان داناوە، بە تەبایی دەژیان‌و تەنانەت پەنجاونۆش هات بەسەریا ئەو کارەساتانەی کە بەرامبەر بە تورکمانەکان ڕوویدا کارێکی زۆری نەکرد لەسەر ئەو گرووپە، تا ناتەبایی بکەوێتە نێوانیانەوە. ڕۆشنبیری لەکەرکوك هەر لەئاستێکی بەرزدابوو، لەسەر ئاستی هەموو نەتەوەکان، بەڵام من ئەمەیان بەپێ داگرتنەوە ئەیلێم ئەگەر ژمارەی ڕۆشنبیرانی کورد لەکەرکوکدا بژمێرین دەجار بەقەد ژمارەی ڕۆشنبیرانی برایانی تورکمان‌و برایانی عەرەب‌و برایانی کلدو ئاشوورە، واتە ٨٠٪ ڕۆشنبیران لەکەرکوکدا کورد بووون ٢٠٪ لەنەتەوەکانی تر بوون، دەتوانین لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە بابڵێین لەسەردەمی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



بابانەکانەوە بیژمێرین هەتا ئێستا، هەر بۆ نموونە پێشەنگی شیعری نوێی کوردی وەکو مامۆستا (کەریم شارەزا) لەچەند ووتارێکیدا بڵاویکردووەتەوە (مامەند کەرکوکی)یە، کەوا بزانم (مامەند کەرکوکی) هەشت نۆ ساڵێك بەر لە(گۆران) هەوڵی داوە شیعری کوردی تازە بکاتەوە، ئەو شیعرانەشی بەشێکیان لەم دواییی دواییەدا لەگۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە، لەحەفتاکاندا مامۆستا (کەریم شارەزا) زانیاری لەو بارەیەوە لەهەندێ سەرچاوەدا وەکو گۆڤارو وەکو کتێبێکیش بڵاویکردووەتەوە، دەتوانم بڵێم: بەبێ سێو دوو کەرکوك ئەگەر زۆرینەی کورد بێتو زۆرینەی کورد نەبێ (کە زۆرینەشی کوردە)، نەك هەر کوردە بەڵکو ئێستاشو لەدوای تەعریبیشەوە لە٧٠٪ی زیاتری کوردە.

پ/ مامۆستا ئەمە بە شێوەیەکی گشتی زانیاری لەسەر باری ڕۆشنبیری کوردی لەکەرکوك تا ساڵی حەفتاکان؟:

و/ ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانو هەندێ لەپەنجاکان کە لەبیرم مابێ، بابڵێین لەتەمەنی منداڵیمەوە هەتا ناوەندو کۆتایی شەستەکان، شەستو هەشتو شەستو نۆو ئەوانە.

پ/ لەساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، ڕەنگە جەنابت بزانیت بەیانی"١١ی ئازار" دەرچوو کێشەی کەرکوك ئەوکاتە لەبەینی بزوتنەوەی سیاسی کوردو ڕژێمی ئەوکاتەی بەغدادا ململانێو کێشمە کێشی کەوتە سەر، ئێوە وەکو ڕۆشنبیرانی کەرکوك کە ئەوکاتە ئەو کێشانە یان ئەو شتانەی کە بۆ یەکەم جار لەکوردستاندا دەگمەن بوونو لەکەرکوکدا سەریان هەڵدەدا ئەگەر شتێکمان بۆ باس بکەی؟

و/ ئەم پرسیارەم پێ خۆش بوو چونکە ئێمە دەتوانین لەنێوانی ئەم پرسیارەوە هەر بە یەکجارەکی کوردستانییەتی کەرکوك بسەلمێنینو بچەسپێنین، بە شێوەیەکی زانیاری، لەحەفتاکاندا کە یەکێتی نووسەران دامەزرا، بێگومان کە یەکێتی نووسەرانی کورد لەساڵی ١٩٦٩وە هەوڵی بۆ درابوو، لەپێش بەیانی ١١ی ئازارەوە هەوڵی بۆ درابوو بۆ ئەوەی دابمەزرێت، کە بەیانی ١١ی ئازاریش هاتە پێشەوە، ئیتر بارێکی زۆر گونجاو ڕەخسا بۆ گەشەکردنو کرانەوەی سەقافەو ڕۆشنبیری کوردی، لەهەموو بوارو ئاستەکاندا کە یەکێتی نووسەران دامەزرا یا لەحەفتایا بوو یا لەحەفتاویەکا، لقێکی لەکەرکوکیش



مەکتەبی بیروهۆشیاری



کرایەوە، دەتوانم بڵێم سەرۆکی لقەکان بابڵێین دەگۆڕان، هەرجارەو یەکێك بوو، بەڵام ئەوانەی کە دەوریان هەبوو، وەکو سەرۆکی لق بە ڕەحمەت بێ (شێخ ڕەئوف خانەقا)و (شێخ عەبدول عەزیز خانەقا)، ئەمانە دەوری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانیان بینیوە لەکەرکوکدا، کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی کەرکوكو خەڵکی دەرەوەی کەرکوك ئەوانەی کە ئەندامی یەکێتی نووسەران بوون، دەهاتن دیدەنی یەکێتی نووسەرانیان دەکرد، یەکێتی نووسەرانی کەرکوك چالاکییەکی زۆری هەبوو هەردەم ڤیستیڤاڵو کۆڕو کۆبونەوەی شیعرو خوێندنەوەی چیرۆكو خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵانەی شانۆی کوردی لەکەرکوکدا لەسەر ئاستێکی بەرزدابوو، هەر بۆ نموونە: یەکێك لەو شانۆکارانەی کە لەکەرکوکدا بوونو ئێستا دەورێکی باڵایان هەیەو لەئەوروپا دانیان پێ نراوە، ئەمە لەئاستێکی زۆر بەرزدایەو هەمیشە لەزانکۆکانی جیهاندا بانگ دەکرێ بۆ ئەوەی وانە بڵێتەوە، لەسەر ئاستێکی جیهانی وانەی شانۆ بڵێتەوە، کاك دکتۆر (فازیل جاف) کە ئەوسا دەورێکی باڵای هەبوو، هاوتەمەنین، من خۆم زۆر کتێبم نەبوو لەلای کاك (فازیل جاف) وەرم دەگرتو دەمخوێندەوە، ئەو مەکتەبەیەکی گەورەی هەبوو، ئێستا لەئاستێکی جیهانیدا ئیش دەکا، لەسەر ئاستی بابڵێین ئەو سنوورەی کە پێی دەڵێن نیشتمانی عەرەبو لەسەر ئاستی ئەو سنورەش کە پێی دەڵێن عێراق شانۆکاری وەکو فازیل نییە، (فازیل جاف) لەسوید بۆ تیپەکانی سویدو بۆ تیپەکانی سۆڤیەتو بۆ تیپەکانی ئەسپانیاو بۆ تیپەکانی ئەڵمانیاو بۆ تیپەکانی بەریتانیا، دەرهێنانی هونەرییو شانۆیی دەکات، شانۆیان بۆ ئامادە دەکات، بە چەند زمانێك، هەروەها بە کوردیش ئەو شانۆیانەی کە ئەو پێشکەشی دەکات بێ گومان شانۆ بریتییە لەپانتۆماینو جموجۆڵ واتە زیاتر لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین: زمانێکە کە هەموو نەتەوەیەك دەیخوێنێتەوە، ئەو شانۆیانەش کە بیستومەو خوێندومەتەوە لەهەندێك سەرچاوەدا کە لەو وڵاتانە پێشکەشی کردووە خەڵاتی یەکەمو خەڵاتی بەرزییان دراوەتێ، زۆرجار خەڵاتی یەکەمیان داوەتێ (فازیل جاف)، واتە ئێمە دەتوانین بڵێین: هونەری شانۆ شانۆی نوێ، دەستپێکی لەشاری کەرکوکەوە بوو، لەسەر دەستی (فازیل جاف) شان بەشانی ئەویش هونەرمەند (عەلی کەریم)و هونەرمەند (جیهاد دلپاك) هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە) هونەرمەندی

مەكتەبی بیروهۆشیاری



سینەمایی‌و شانۆیی کاك (سەلمان فایەق کاکەیی)، ئەمانە لەئاستێکدا بوون هونەرمەند (مەهدی ئومێد) کە فیلمەکانی لەهەندێ وڵاتدا نیشاندەدرێن، ئەمانە دەست پێشکەرییەکی گەورەیان هەبوو ئەمانە هەموو کەرکوکین‌و لەکەرکوکدا هەڵکەوتوون‌و ڕووی گەشی شانۆو سینەمای کوردیان بە خەڵکی کوردستان‌و خەڵکی عێراق‌و بە خەڵکی ئەوروپاش ناساندووە، من لەبیرمە لەهەشتاکاندا کە ڤیستیڤاڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرا کەسانی وەکو (سەلاح عەقەب)و ئەوانەی کە لەبواری شانۆدا ناویان هەیە، ئەکتەرگەلێکی وەکو (عەلی کەریم)و (جیهاد دلپاك)و وەکو (جەلیل زەنگەنە)یان دەکرد کە توانیویانە ڕووی شانۆی کوردی گەش بکەن جگە لەوەش یەکەم دراسەی یەکەم لێکۆڵینەوەلەسەر شیعری نوێی کوردی لەکەرکوکەوە سەری هەڵدا.

وادەزانم لە١٠/٦/١٩٧٠دا لەڕۆژنامەی (التآخی)دا بلاوبویەوە، ووتارێك بوو بە عەرەبی، بەناونیشانی (ملامح التجدید والثورة في الشعر الكردي المعاصر)کە خوالێخۆشبوو (لەتیف حامید) نووسیبوی، بەداخەوە هەر سێ ساڵێك تەمەنی بوو، ئیتر کۆچی دوای کرد، ئەگینا دەیتوانی شتی گەورە تریش پێشکەش بکات، یەکەم چیرۆکی کوردیش، بەڕای من کە لەیەك فەترەیا بلاوبونەوە دوو چیرۆکن یان دوو کەسن چیرۆکیان بلاوکردەوە بەرلەوەی لەهەر شارێکی کەی کوردستان دەست پێ بکات (ئەحمەد شاکەلی)و (لەتیف حامید) بوون، (ئەحمەد شاکەلی) چیرۆکی (ئاژاوەیەو دلداری) نووسی، لەتیف حامیدیش وادەزانم (قوڵپی ڕشانەوەی ڕەش)ی نووسی لەگەڵ یەك دوو چیرۆکی تریشدا، دوای ئەوەش (ئەحمەد شاکەلی) چیرۆکی تریشی نووسی، (ژوورە لەناویەکەکان) ئەم چیرۆکانە بوون بە سەرەتایەك بۆ چیرۆکی نوێی کوردی، ئیتر بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەو چیرۆکانە چیرۆکی ئەو دوو نووسەرە بەردی بناغە بوون بۆ نوێ کردنەوەی چیرۆکی کوردی شیعری، نوێی کوردیش گروپێکی نوێخوازی ئەدەبی پێش سەرهەڵدانی ڕوانگە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



## گروپی (کفری- کەرکوك)

## پێش سەرهەڵدانی ڕوانگە

گروپی کفری کەرکوك کە لەدایك بوو لە ساڵی ٦٨و ٦٩دا سەرەتا ئەندامەکانی ئەم گرووپە (٣)کەس بووین، (ئەنوەرمحەمەد شاکەلی) کە ئێستا بە ناوی فەرهاد شاکەلیەوە شت دەنووسێ، (ئەحمەد شاکەلی) کە ئێستا وازی هێناوە لەنووسین‌و هەر بۆ خۆی ئەنووسێ، وەکو لەتەلەفۆنەکانیا بەمن دەڵێ‌و بۆ خۆی دەنوسێ‌و بلاوی ناکاتەوە، چونکە سەقافەی کوردی ئێستا ئاژاوەیەو پێویست ناکات ئەو شتانە بلاوبکەمەوە، ئەوی تریشیان خۆم بووم، (لەتیف هەڵمەت) لەئێستگەی کوردی‌و گۆڤاری ڕزگاری‌و دواتریش (خواو شارە بچکۆلەکە)م بلاوکردەوە لەساڵی ٧٠دا، ئێمە سەرەتا ئەم سیانە بووین، دوایی کەسانی وەك شاعیری زۆر لێهاتوو سەلام محەمەد(داماو) هاتە ناوگروپەکەوە بەداخەوە ئێستا لەسویدە.

بەد مەستی وای لێ کرد کە لەشیعر دووربکەوێتەوە، بەڵام ئێستا کە شیعر دەنووسێت لەزۆربەی شیعرەکانی، لە شیعری ئەو شاعیرانەش جوانترە کە لافی ئەوە لێدەدەن شیعریان جوانە، ڕەنگە کەم کەس بیناسێت، دیوانێکی هەیە کە ڕەنگە سەد بۆ سەدوپەنجا لاپەڕە بێت‌و بەناوی (دەمەوئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە)، دیوانێکە، یەکێکە لەشاکارە شیعریەکانی نەخشەی شیعری کوردی، من ئەگەر (١٠) دیوانی شیعری کوردی بەباش بزانم یەکێکیان ئەو دیوانەی سەلام داماوە، (دەمەوئێواران دەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) ئەمە لەزۆرو بۆرەکان نییە، ئەمە دیوانەو خوێنەری تایبەتی خۆی ئەوێ، ئەو دیوانە کە زۆربەی شیعرەکانی لەڕۆژنامەی هاوکاری‌و گۆڤاری بەیان‌و هەندێ شوێنی تردا بلاوبووەتەوە کاریگەری هەبووە لەسەر زۆربەی ئەوانەی کە لەدوای ئەو شیعریان نووسیوەو لافی نوێگەریی‌و لافی مامۆستایی لێ دەدەن لەبواری شیعردا، هەرچەندە هەندێ کەسیشی پێ زوویر ئەبێ، بەڵام لەبواری ڕۆشنبیریدا حەق هەیە، زوویربوون نییە، دەست پێشکەری هەیە، زوویر بوون نییە، دەتوانم بڵێم: دواتریش لەهەولێر بوو، ئەو فەترەیە لەقوتابخانەی زازا دەرسی دەوتەوە، هەروەها لەئامادەیی (هەولێر) یش مەبەستم (لەتیف حامید)ە بابڵێین پێنجەم ئەندامی

مەكتەبی بیروهۆشیاری



گروپەكەمان بوو، لەدەوروبەری گروپەكەدا خەڵكی تر هەبوون كە دەوری یەكەمیان نەبوو، دەوری شانۆییان هەبوو، بەڵام هەر بەشێك بوون لەگروپەكە، لەوانە (محەمەد بێ كراس) كە لەم ماوەیەدا بەداخەوە كۆچی دوایی كرد، هەروەها (عەلی عەبدوڵلا)، كە ئەندامی پەرلەمانی پێشووی لیستی سەوز بوو، (ئەمجەد شاكەلی) كە ئێستا لەسوید دەژیو دووركەوتووەتەوە، هەروەها برادەرێكی تریش كە بەداخەوە بەجوانەمەرگی سەری نایەوە، ناوی (ئەنور) بوو (ئەنوەر شێخ ئەحمەد شاكەلی) كوڕی (شێخ ئەحمەد)ی شاعیری سۆفی گەرمیان بوو ئەویش شتی جوانی هەبوو شتی جوانی دەنووسی ئەگەرچی ئەمە ئەندامە شانۆییەكانی ناو گروپی ڕوانگە بوونو هەمیشە یەكمان دەبینی، بەڵام ڕوانگە بێژی نەك ڕوانگە گروپی (كفری-كەركوك) ئەمە ئەندامە شانۆییەكانی ناو گروپی (كفری كەركوك) بوون، گروپی (كفری-كەركوك) سەرەتا سێ كەس بوون وەكو ووتم (فەرهاد شاكەلی)، (ئەحمد شاكەلی)، (لەتیف هەڵمەت) بوون، دوای ئەمانیش خەڵكی كە هەبوون، یەكێك لەوانە (كەنعان مدحەت) كە ئێستا لەسوید دەژیو كەنعانیش دەتوانم بڵێم: بۆ ئەو سەردەمانە ئەندامێكی شانۆی جیلی دووی گروپی كفری كەركوكە. ئێمە پێكەوە بەتایبەتی جیلی یەكو ئەوانیش وەكو گوێگر یان وەكو ئەوەی مناقشەمان دەكرد لەگەڵیان، بەپێچەوانەوە مناقەشەیان دەكرد لەگەڵمان، ئێمە توانیمان گروپی (كفری-كەركوك) لەكفریەوە بگوێزینەوە بۆ كەركوكو دەنگەكە وەكو دەنگ بگوێزنەوە كەركوكو بیگوێزینەوە ئاستی هەموو كوردستان، ڕاستییەكی مێژوویی هەیە حەز دەكەم بەڕەهایی بیڵێم، ئێمە لەكەركوك بووین، كاك (شێركۆ)و (حسێن عارف)و ئەم دووانە كاكە (مەم)یش كە یەكێكە لەئەندامانی گروپی ڕوانگە ئەم سیانەم بەتەواوەتی لەبیرە، گومانم نییە، كە هاتن بەس وادەزانم (جەلالی میرزا كەریم)یشیان لەگەڵ بوو، (عەبدوڵلا پەشێو)یشیان وەكو میوان هێنابوو لەگەڵ خۆیاندا بۆلای گروپی كفری، ئێمە (منو لەتیف حامیدو سەلام داماو)و چەند كەسێكی تر كە وەكو (سەدرەدین عارف)و كە یەكێكە لەچیرۆك نووسە نوێ خوازەكانی كەركوك، لەسەر ئاستی هەموو كوردستان كە دەست پێشكەری هەیە ئەویش ئەگەرچی لەگروپەكەمان نەبوو، بەچیرۆكی گەشتێك توانیویەتی دەست پێشكەری خۆی لەبواری چیرۆكی نوێی كوردیدا تۆمار



مەكتەبی بیروهۆشیاری



بكات، ئێمە ئەمانە بووین لەماڵی (عەبدولعەزیز خانەقا) دانیشتین لەگەڵ كاك (شێركۆ)و ئەواندا، وەكو ووتم كاك (شێركۆ)وو ئەوان ویستیان گروپی ڕوانگە لەگەڵ گروپی كفری كەركوكدا بەیانی ڕوانگە دەربكات، بەڵام كە دانیشتینو گفتوگۆمان كرد ئێمە زۆر بیروڕای جیاوازمان هەبوو، ئێمە وەكو كەركوك، زۆر بیروڕای جیاوازمان هەبوو. كە ئەو برادەرانەمان بینی (برادەرانی ڕوانگە) ئەوان ویستیان بەیانی ڕوانگە پێكەوە لەگەڵ گروپی (كفری –كەركوك)دا دەركەن، بەڵام بارودۆخی كەركوك لەگەڵ هەڵچونی ڕۆشنبیری ئەواندا جیابوو، ئێمە لەكەركوك زیاتر سەركوت كرابووین، ئێمە نەمانتوانی بگونجێین لەگەڵ ئەواندا، ئەوان بەیاننامەكەیان بەجیا دەركرد، بەیاننامەیڕوانگە، كە لەڕۆژنامەی هاوكاریدا بڵاویان كردەوە لەنامیلكەی ڕوانگەشدا بڵاویان كردەوە، كە چوار ژمارەی لێ دەردەچوو، نامیلكە بوو، بەڵام ناونرابوو گۆڤار، دەتوانم شتێكی كە بڵێم: كە ئەوان ئەو سەردەمە نزیك بوون لە حزبەوە، نزیك بوون لەسەركردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە، نزیك بوون لەباڵی چەپی مەكتەبی سیاسیەوە، كە جیاببونەوە لەپارتیو توانیبوویان كەناڵە ڕاگەیاندنەكان داگیربكەن بۆ خۆیان، لەبەرئەوە دەنگی كەركوك، دواكەوت. ١٤ی تەمووزی ١٩٧١ لەكەركوك لەكۆنگرەی نوسەرانی كورددا، بەسەد نوسخە بەیاننامەكەی خۆمانمان بڵاوكردەوە بەسەر ئەوانەی كە هاتبوون بۆ كۆنگرەكە. بەهەرحاڵ، یەكێتی نوسەرانی كەركوك، تەنها یەكێتی بوو، ئەوسا نەبرایانی عەرەب، یەكێتی نوسەرانیان هەبوو، نەبرایانی توركمان، یەكێتی نوسەرانیان هەبوو، تاكو بێنە ناو یەكێتیەكەوە، چونكە ئەوەندە عەرەبی لێ نەبوو كەركوك كە شایانی باس بێتو نوسەریان هەبوبێت. بەسەرگەرمییەكی نەتەوە پەرستییەوە نایڵێم هەموو نەتەوەكانم خۆش دەوێت، برادەری عەرەبم هەنو برادەری توركمانم هەن، من ئەوەندەی خوێنەری كوردم هەیە، خوێنەری عەرەبیشم هەن خۆشم دەوێنو ڕێزیان دەگرم، دەمارگیریی نەتەوەیی لای من نییە، بەڵام ئەمەی دەیڵێم ڕاستییە. لە كەركوكدا بەهەزاران كورد لەمسەری شەقامی جموری تاكو ئەوسەری شەقامی جەمهوری خوێنەواری كورد ئەوەستان بۆ كتێبی كوردیو ڕۆژنامەی كوردیو گۆڤاری كوردییان دەكڕی، كە (برایەتی)بوو بەڕۆژانە، بەرنەدەكەوت. ئەو شەقامانە هەمووی هەر كورد بوو، نەبرایانی عەرەب،

مەكتەبی بیروهۆشیاری



نەبرایانی تورکمان، ئاستی ڕۆشنبیریو ڕەگی ڕۆشنبیریان لەکەرکوک وەکو پێویست نەبوو، ئێستاش دەتوانم بڵێم: هەندێ لەو نوسەرە گەورانەی کە برا تورکمانەکان بەتورکمان لەقەڵەمیان داون، وەکو (هیجری دەدە) کوردە، کاکەییە، لەچلەی پیرەمێرد لەسلێمانی شیعری بەکوردی خوێندووەتەوە، هاتووە بۆ سلێمانی، خۆی لەخۆیدا شعوری کوردایەتییە. یەکەم فستیڤاڵی شیعری کوردی لەکەرکوک سازکرا لەساڵی ١٩٧٢، لەو ڤستیڤاڵەیا، گەورە نوسەرانو شاعیرانی کوردو عەرەبو تورکمان بەشداریان کرد، لەوانە (جەواهیری). یەك كەس ئەوسا نەیدەوت کەرکوک کوردستان نییە، ئەم بەندوباوە کاتێك هاتە مەیدانەوە کە کەرکوک کوردستان نییە، کە حزبی بەعسی فاشستی شۆڤێنی، خۆی بگرێو چەکی قورسو ترسناك پەیدا بکات، ئینجا توانی ئەم بەندوباوە لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە، کە کەرکوک کوردستان نییە. لەحەفتاکاندا بەهەر لایەکدا بڕۆشتیتایە ماڵە کوردو ڕانگ‌وچۆغە لەبەرو گۆرانی کوردی بوو، من دەتوانم بڵێم: ئەوبەری شۆڕیجە لەدوای بانگی عەسر، حکومەتی عێراقی نەیدەتوانی بپەڕێتەوە ئەوبەری پردەکەوە، ئەگەرچی مفەوزاتیش بوو، سنوریان بۆ حکومەتی فاشی بەعسی دانابوو. لەسەردەمی گفتوگۆدا چالاکی کورد زۆربوو، هەموو هەفتەیەك، هەموو ڕۆژێك، ڤیستڤاڵی شیعرو چیرۆكو ئاهەنگی جیاواز جیاوازبوو. ئەگەر عەرەب هەبوبێت لەوکاتەدا وەکو میوان ئەوا ئێمە دەعوەتمان کردون. لەهەموو تەمەنی کەرکوکدا ڤیستڤاڵێکی ئەدەبی ساز نەدراوە بۆ عەرەب، جگە لەوەش لە کەرکوک (بەدیع باباجانی) هەبوو یەکەم نەخشەی پارەی عێراقی کێشا، گەرمیانی بوو لەئەسڵدا، بەڵام لەکەرکوک لەدایك بووەو گەورەبووە. یەکەم وتاری کورد لەسەر هونەری شێوەکاری (عەبدوڵڵا سەراج) نوسیویەتی کەرکوکییەلەگۆڤاری گزنگدا.

پ/ مامۆستا ئێستا دێینە سەر دوا پرسیار، دووبەشە یەکەم: دوای پرۆسەی ئازادی خەڵکی عێراقو ڕزگاریی شاری کەرکوک لەدەسەڵاتی حکومەتی بەعسی، جوڵانەوەی ئەدەبی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ بەشی دووەمی: دەتوانین بزانین کە خەونی مامۆستا لەتیف هەڵمەت بۆ کەرکوک چییە؟

وەڵام/ سەبارەت بەپرسیاری یەکەمت، بەڕاستی دەتوانم بڵێم: ئێستا بوژانەوەیەکی



مەكتەبی بیروهۆشیاری



باش لەئاستی ڕۆشنبیری کەرکوکدا هەیە، خەڵکی کەرکوک، خوێنەواری کەرکوک ئەگەرچی سەردەمانێکی زۆرو چەندین ساڵ زمانی کوردیان لێ قەدەغەکرابوو، بەڵام شتە کوردییەکانیان پێخۆشە، وەکو (تەبەڕوك) بیخەنە سەر دڵیان. پێیان خۆشەو حەز دەکەن بیکڕن، ئەوەی سەر بەمەڵبەندە ڕۆشنبیریەکاندا دەکات، گۆڤارێکی کوردی ڕۆژنامەیەکی کوردی دەسکەوێت، شانازی دەکات، چونکە جاران لێی قەدەغەکرابوو، ئێستا بەشانازییەوە باوەشێك کتێب دەگرێت بەدەستیەوە. چەند پێشانگایەکی کتێب لەکەرکوک کرایەوە، خەڵکی کەرکوک قەرەباڵغییان دەکرد لەسەری، ئەو کتێب کڕینەیان بەئەرکێکی نیشتمانی دادەنا. دەچن بۆ کۆمەڵەی ڕوناکبیری، یان دەزگای شەفەق یان هەر دەزگایەکی ڕۆشنبیری تر، ئەوە بەبەشێك لەئەرکە نیشتمانیو نەتەوەیەکە دەزانن، هەر خۆشم لای خۆمەوە کە کەرکوکییەك دێتە کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوک، دەڵێت: گۆڤارەکە دەرچووە؟ گۆڤاری (بانە ڕۆژ)، ئەمە بەهەنگاوی کوردانە بەهەڵوێستو هەنگاوی کوردانەی دەزانم، لەلایەن گەنجو پیری کەرکوکەوە. لەدوزو داقوقو کفریەوە تەلەفۆنمان بۆ دەکەن، خەڵکی کەرکوك پەرۆشی ڕۆشنبیریە. من لەڕۆژنامەی کەرکوکدا ئیش ناکەم، بەڵام سەرنوسەرەکەی ناوی (لەتیف)ە هەواڵی ئەوەشم لێ دەپرسن، منیش دەڵێم کاکە من گۆڤار دەردەکەم نازانم ڕۆژنامەکە بۆ دواکەوت. منیش دەڵێم کاك (لەتیف بێباك) ئاگادار بکەنەوە. ئەمە هەمووی سەرگەرمی کوردی کەرکوکە، بۆ وشەی کوردی هۆڵی شەهید (سیروان تاڵەبانی) هەیە، ڕۆژانە لەکۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوکدا کۆڕو سیمینارو گردبونەوە هەیە. ئەمە جگە لەچالاکی ژنانو خوێندکارانو مامۆستایانو وەرزش کاران. هەروەها یەکێتی نوسەرانی کوردی کەرکوک، ئێستا چالاکترین لقی یەکێتی نوسەرانی کوردە. زۆر تەبانو ئەندامانی خۆیان بەسەردەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەکەرکوکدا گۆڤارو ڕۆژنامە بەزۆری بەخۆڕاییەو نایفرۆشن، ئەمەش هەڵوێستی کوردانەیە. لەکەرکوکدا یەکێتی نوسەران ئەوەندە چالاکە کە بتوانێ گۆڤارێك بەبەردەوامی دەربکاتو مانگی سێ، چوار کتێب بەچاپ بگەیەنێو بەخۆڕایی دابەشی بکەن. ئەمە شتێکی باشە کە لەکەرکوکدا دەکرێت. یەکێتی نوسەرانی کەرکوک جگە لەمانەی پێشتر باسم کرد، مانگی چوار جار کۆڕو سیمیناری هەیە، بۆ شاعیرانی

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری



نێرو مێ. هونەرمەندانی كەركوك، بەلقی هەردوو حزبەكەوە، هەر یەكی ناوێكیان لەخۆیان ناوە، بەئاشكراتر قسە بكەم یەكێكیان سەر بەپارتیو یەكێكیان سەر بەیەكێتییە. بەڵام چالاكن، پەرۆشن، بەدەنگی هونەرمەندانەوە دەچن، لەوانەیە شاعیرێك كۆڕێكی بوێت بچێتە لای هونەرمەندان بۆی ساز بكەن. هەموو ئەم جوڵانەوە ئەدەبیو هونەریانە كوردایەتی كەركوك دەسەلێنن، ئەگەر جاران لەبەر بەعسییەكان بواریان نەبوبێت، ئێستا كەركوك دەیان شاعیرو چیرۆك نوسو هونەرمەندی تێدایە، كە لە تەلەفزیۆنو رادیۆو بوارەكانی تری ڕۆشنبیریدا كاردەكەن، من ئاگام لەڕەقەمەكەی نییە، بەڵام مانگانە زیاتر لەپەنجا شتی بڵاوكراوە دەردەچێت لەكەركوكدا.

## خەونی مامۆستا لەتیف هەڵمەت

من دژی هەموو زەبرو زەنگێكم، كە هەر نەتەوەیەك لەهەر نەتەوەیەكی تری بكات، نەتەوەی بچووكیش ئەگەر دەستی ڕۆیی با زەبرو زەنگ بەسەر نەتەوەی لەخۆی بچوكتردا نەسەپێنێ، بە تەباییو بە ئاشتی ئیش بكات، مەسەلەیەكمان هەیە، یان دۆزێكمان هەیە. ئێستا لەم قۆناغەدا، من سیاسی نیم، بەڵام ئەگەر بەمن بێت، حەز ئەكەم دەوڵەتێكی كوردیمان هەبێت، ئاڵایەكمان هەبێت، كە لەسەر نەتەوەیەكگرتوەكان بشەكێتەوە، ئەمە وەكو خەون، بەڵام لەم قۆناغەدا كە بارودۆخی سیاسیمان ڕەنگە ئابوریشمان ڕەنگە جوغرافیشمان، بواری ئەوەمان نەدا ئەو داوایە بكەین، یان ئەو خەوە بهێنینە دی، لەبەر هەر هۆیەك بێت. ئێستا ئێمە دوو دۆزمان هەیە لەو سنوورەدا كە برایانی عەرەب پێی دەڵێن: عێراق. چەسپاندنی فیدراڵی بەو ناوچانەی كە خۆمان دەمانەوێت، بە كفریو بە خانەقینو بە دووزو بە كەركوكەوە، ئەگەر تەنانەت بكرێ بە نیوەی دیالەو بابڵێین خاڵسو ئەو ناوە كە هەیە لەنەخشەماندایە، تا حەمرین، ئەگەر بێتو ئەو فیدراڵییە بێتە دی، ئەوە خەونی یەكەمە. دۆزێكی كەشمان هەیە كە مۆلەقە، دۆزی كەركوك، من خەو بەوەوە ئەبینم كەركوك كوردستانی بێت، هەموو هەوڵەكانمان بۆ ئەوە بخەینە كار كە كەركوك بەشێك بێت لەكوردستان، كە دەڵێن كوردستان یان هەرێمی كوردستان، واتە كەركوكیش بگرێتەوە، ئەگینا من با بەڕونی بڵێم: ئێستا كێشەی ئێمە ئەوە نییە كە ئایا دەتوانین عەرەبە هاوردەكان بگرینو بیان نێرینەوە



مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری



جێگاكانی خۆیان یان نەیان نێرینەوە، بەچی دەچێت، ئەگەر هەمووشیان بنێرینەوە، بەڵام حكومەتی مەركەزی دان بەوەدا نانێ كە كەركوك كوردستانیە، گرنگ ئەوەیە گەر ئەو برا عەرەبە هاوردانە لەكەركوكدا بمێنێنەوەو نەمێنێنەوە، كەركوك كوردستان بێت، ئەوسا ئێمە خۆمان دەزانین چی دەكەینو دەزانین، جوگرافیای كەركوك چی لێ دەكەینو ڕەوتی مێژوویی كەركوك بەرەو كوێ دەبەین، بەڵام ئێستا لەم قۆناغەدا ئەوە دادمان نادات. كە ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین عەرەبە هاوردەكان(١٠هەزارییەكان)بگەڕێنەوە، ئەوا با عەرەبە هاوردەكانیش بگەڕێنەوە بۆ جێگاكانی خۆیان، ئەگەر حكومەتی مەركەزی دانی بەوەدا نەناوە كە كەركوك كوردستانییە، كەواتە هیچمان نەكردووە، ئێمە بەر لەوەی عەرەبە هاوردەكان بنێرینەوە، دەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرین كە كەركوك كوردستانیيەوە ئەمە گرنگە، ئێمە كە كەركوك بووە هی خۆمان، روقعەی شەترەنجەكە بووە هی خۆمان، ئەوسا دەتوانین بەردی شەترەنجەكە وەكو خۆمان ئەوەی كە دەمانەوێ یاری پێبكەین، ئێستا ئێمە داوای روقعەی شەترەنج دەكەین، بەردەكان گرنگ نییە كە روقعەی شەترەنجەكە كەركوكە، ئەگەر ئێمە ئەو روقعەیەمان دەست كەوت ئەوا بەردەكان بە ئاسانی دەجولێنین مەبەستم چەسپاندنی دیمكراسیو مافی مرۆڤو دامەزراندنی كیانێكی بێ وێنەو هاوچەرخە، جیاواز لەكیانی وڵاتە عەرەبییەكان كە مرۆڤی بێگانەو نەتەوەیو دی بتوانێ تێدا بژی. هیوادارم تەباییو برایەتی نەتەوەیی ئاینیو مەزهەب لەكەركوكدا وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر ئاساییە ئینسان مەسیحی بێت ئینسان توركمان بێت، ئینسان عەرەب بێت، ئینسان سوننە بێت ئینسان كورد بێت، كاكەیی بێت، یەزیدی بێت، كورد لەكەركوكدا بە شانازیەوە تەبایی نەتەوەكانی ناو كەركوك بپارێزێ، من زۆرم پێ خۆشە ئەگەر شیعەكانی كەركوك ڕێگایان هەبوو یان كاكەییەكان یان یەزیدییەكان ئێمە وەكو موسڵمان بچین بەشداری ئەو دابو نەرێتەی ئەوان بكەین، ئەگەر توركمانەكان یان عەرەبەكان بۆنەیەكی باشیان هەبوو، ئەگەر لەبەرژەوەندی ئینسانییەت بوو، ئاساییە ئێمەش لەو بۆنانەدا بەشداری بكەین، بۆ نموونە ئێستا كارێكی ڕۆشنبیرییان هەیە، زۆر ئاساییە بچین لەگەڵیان گفتوگۆو پەیڤینی ڕۆشنبیریش بكەین، هاوئاینیو هاو مەزهەبیش بكەین، ئەوە خەونی منە، هیوادارم برایەتی لەكەركوكا

مەکتەبی بیروهۆشیاری



پتەوبێت، بە شێوەیەکی تایبەتیو لەهەموو ئەو سنورەش کە پێیی ئەڵێن: عێراق.

**پ/ دوا ووتەت چیە ئەگەر شتێکت مابێت؟**

**نابێت شتێکی زۆر گرنگمان لەبیر بچێت لەکەرکوکدا، مەڵبەندی دووی کەرکوك دەست پێشکەری گەورەی کردووە کە دەبوایە ئەو دەست پێشکەرییە لەباتی مەڵبەندێکی سیاسی، مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری بیکردایە، بەڵام ئافەرین بۆ بوارە سیاسییەکە کە دەست پێشکەری لەبوارە ڕۆشنبیرییەکەدا کرد، ئەو هەنگاوە گەورەیەی نا. ئەویش ئەوەبوو خەڵاتی باباگوڕگوڕی داهێنا، ئەم خەڵاتە خەڵاتێکە ساڵانە دەدرێ بە داهێنەرێك لەداهێنەرانی خەڵکی کەرکوك، ئیتر لەهەر بوارێکی ڕۆشنبیریو ئینسانیدا بێت سەر بەهەر نەتەوەو گەلو مەزهەبو تیرەو تایەفەیك بێت، بەبێ جیاوازی، بەبێ دەمارگیری، بەبێ ئەوە کە بڵێن ئەو لەفلان نەتەوەیە یان فلان مەزهەبە، ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە، شانازی بەوەوە ئەکەم کە بۆ یەکەم جار یەکەم خەڵاتی وەرگرت، لەڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٤لەمەراسیمێکی گەورەیا کە بەرێز (د. ئەرسەلان بایز)و بەرێز مامۆستا (جەلال جەوهەر)، ئامادەی بوونو خەڵاتەکە مامۆستا (جەلال جەوهەر) پێشکەشی کرد، برایانی راگەیاندنی مەڵبەندی دووی کەرکوکیش کاك (ئەسعەد جەباری)و کاکە (کامیل ساڵەیی) دەورێکی باڵایان بینیو ماندوبوون بۆ ئەوەی ئەو خەڵاتە لەسەر ئاستی کەرکوك بچەسپێنن، هیوادارم ئەو خەڵاتە هەر بەردەوام بێتو هەنگاوێکی گەورەیە بۆ کەرکوكو سەلماندنی کوردایەتی کەرکوكو سەلماندنی ئەوەشە کە کورد گەلێکی شەڕ خوازنییە، نەتەوەیەکی ئاشتی خوازەو تەنها ئەوەیە داوای مافی خۆی دەکاتو جیاوازی ناکات لەنێوان نەتەوەو نەتەوەیەکی دی، مەزهەبێكو مەزهەبێکی دی، ئەمانەش شانازییەکە بۆ کورد دەمێنێتەوە بە گشتیو کەرکوك بەتایبەتی.**

**چاوپێکەوتن**

**عەدنان کاکە ڕەش**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نوسینی

# گــــۆران فەتحـــی

## مزگەوتو تەکیۆ خانەقا دێرینەکانی (کەرکوك)

زۆرن ئەو شوێنەوارە دێرینو کۆنانەی کە لەناو شاری کەرکوك-دا هەن، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنیو دێرینی خودی شارەکە ، بۆ نموونە لەکەرکوکدا شوێنەواری هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکانی یەهودیو مەسیحیو ئیسلامی تێدایە ، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنها باس لەشوێنەوارە ئیسلامییەکانی نێو شارەکە دەکەین ، بەتایبەت مزگەوتو تەکیێوخانەقاکان.

ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە شوێنەوارە ئیسلامییەکان کۆنتربن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، شوێنەواری ئاینی یەهودیو مەسیحی کۆنترە، ئەوەی تێبینیش دەکرێت هەندێ لەو شوێنانە مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەد ساڵ پترو بەدەستی بنەماڵەی کوردی دانیشتووی شارەکە بنیات نراونو هەندێ لەو مزگەوتو خانەقایانە هەمان ئەو بنەماڵانە پشتاوپشت بەڕێوەیان بردووەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت...بەڵام لەپاڵ ئەو مزگەوتو خانەقاو تەکیێانەی کورد دروستی کردوون مزگەوتو تەکیۆ خانەقاش هەیە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



کە بنەماڵەی تورکمانی شارەکەو هەروەها عەرەبیش دروستیان کردووە..بەڵام عەرەب بەشێوەیەکی کەمتر چونکە بوونیان لەشارەکەدا تازەترە لەچاو کوردو تورکماندا.

بۆ زانینی مێژووی هەر شارو ناوچەیەك شوێنەوارەکان باشترین بەڵگەن، بەتایبەت بۆ زانینی دانیشتوانی بنەڕەتی شارەکە، بۆیە ئێمە مەبەستمان بوو لەم بابەتەدا دەری بخەین کە کورد دانیشتووی کۆنو سەرەکی شارەکەنو دوای ئەوان تورکمانو عەرەبو باقی نەتەوەکانی تر هاتوونەتە کەرکوك.

زانایانی کوردو بنەماڵە کوردە ناودارەکانی کەرکوك، بنیاتنەری مزگەوتو تەکیۆ خانەقاکانن لەکەرکوکدا بەمەش دەردەکەوێت کە کورد دانیشتووی بنەڕەتی شارەکەیە، (د.کەمال مەزهەر) دەڵێت: کورد بەبەردەوامی هەڵگری ڕۆحی ئیسلام بوون لەکەرکوکدا، هەر لەبەر ئەمەش دەبینین مزگەوتەکانی شارەکەو دەوروبەر هەروەها تەکیۆ ئەوقافو مەدرەسە ئاینییەکانی کەرکوك، بەزۆرییو هەردەم بەدەست پیاوانی ئاینی کوردەوە بووە لەشارەکەدا، کوردیش شانازی بە ئەشرافەکانیەوە دەکات لە (مەقامی بەرماڵی پێغەمبەر- مقام السجادة النبوية) کە بنەماڵەیەکی ئاینی کوردی لێکەوتەوە کە ناسراون بە بنەماڵەی (خادم سوجاد)ە کە جێگەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیان هەیەو چەندین ئەدیبو بیرمەندی نەتەوەیی تێدا هەڵکەوتووەو نوێنەرایەتی کەرکوکیان کردووە لە پەرلەمانی عێراقدا هەروەها (محەمەد عەلی قەرەداغی) دەربارەی یەکەمین ئاماژە بۆ بوونی زانایانی کورد لەکەرکوك-دا دەڵێت: لە دەستنووسێکی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی لەبەغدا کە بەناوی (تنبيه الغافلين من احاديث النبوي)و بەژمارە ٢٦٣٦ یەو خاوەنەکەی ناوی (زەینولعابدین کوڕی مەلا حاجی کوڕی تاجەدین کوری محەمەد ئەردەڵانیی)ە، ساڵی ١١١٧ کۆچی ١٧٠٥ زاینی لە شاری کەرکوك(بلد كركوك) ئەو دەستنووسەی تەواو کردووە، دوای ئەوەش بە دە ساڵو لە دەستنووسێکی تردا، بە ژمارە (٢٠٦٢٩ د.ع) کەرکوك وەکو لادێیەك ناوی هاتووەو تێدا نووسراوە کە (محەمەد کوڕی خزر کوڕی ئەحمەدی قەهرئابادی موکری) لە دێی کەرکوك(قرية كركوك) لە مەدرەسەی (حەمزە ئەفەندی) ساڵی ١١٣٥کۆچی کە ١٧٢٣ی زاینی دەکات نووسیویەتی، هەروەها لە دەستنووسێکی تردا کە بەژمارە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



(٣٠٦٦ د.ع)ە هاتووە: کە ئەم کتێبە بەناوی دانەرەکەیەوە مەشهورەو ناونراوە (عیسامەدین)و لە زانستی وەزعدایەو (محەمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی مستەفای کانی هەنجیرەیی) لە (قصبە کرکوك) شاری کەرکوكو لە ناو مزگەوتی ئەنبیا (پێغەمبەران) ساڵی ١١٥٩ ی کۆچی- ١٧٤٦ ی زاینی لەنووسینی تەواو بووە، هەروەها لە دەستنووسی ژمارە(٢٨٨٣٨ د.ع) کە بەناوی (قواطع الاسلام)ەو (ئەحمەد کوڕی سەید عەبدولجەبار کوڕی شێخ حەسەن گڵەزەردی) نووسیویەتی بۆ مامەیی‌و (شێخی حەسەن گڵەزەردی) ساڵی ١١٨٨ی کۆچی ١٧٦٦ی زاینی لە (قصبە کرکوك) شاری کەرکوك ئەم دەستنووسانەی کە لێرەدا خرانە ڕوو بەڵگەی تەواوی جێگەو ڕۆڵی زانایانی کوردن لەشاری کەرکوکدا لەناو بابەتەکەشدا ئەوە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە، چونکە زۆرینەی ئەو مزگەوتو تەکیۆ خانەقایانەی کە لەکەرکوکدا هەن، کورد دروستکەرو بنیاتنەریان بووە. ئەوەش ڕێژەو سەنگیان نیشان دەدات لەکەرکوکدا، ئەمە جگە لەو قەبرو مەرقەدانەی کە لەنێو خودی ئەو مزگەوتو خانەقایانەدا هەنو زۆربەیان هی مەلایانی کوردن. شێوازێکی کارکردنم هەڵبژارد بۆ چۆنیەتی نووسینەوەو بەدواداچوونو توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە، بۆیە لەپاڵ لێکۆڵینەوەی بابەتیانە، سەردانی مەیدانی زۆربەی ئەو مزگەوتو خانەقایانەشم کردو هەروەها سەرچاوەم بەکار هێنا بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ لە شتەکان کە ڕەنگە بەهەڵە لەلایەن هاوولاتیانی بەساڵاچوو یان خەڵکی نزیك ئەو مزگەوتانە پێم بگات، هەر لەبەر ئەمەش لەسەرەتاوە هەوڵمدا باسی کەرکوكو مێژووەکەی لەچ کتێبێکدا هاتووەو کەوتووەتە بەردەستم، خوێندوومەتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بەباسەکەوە هەبووبێت لێیم وەرگرتووەو سوودم لێ بینیوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە.

هەر لەبەر ئەمەش ئێمە چەند سەرچاوەیەکمان وەرگرت کە بەتایبەت سەرچاوەی مەوسوعیو گەشتەکان، چونکە ئەمانە زیاتر باس لەو شارەو شوێنەوارەکانی دەکەن، ئەوەش زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دکتۆر (نوری تاڵەبانی) لەکتێبیێ (منطقة کرکوك ومحاولات تغيير واقعها القومي)دا دەقێکی تورکی قاموسی ئیعلامی نووسەری عوسمانی (شەمسەدین سامی) لەسەر کەرکوك بڵاوکردووەتەوەو کە ساڵی ١٣١٤ کۆچی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



١٨٩٦ زاینی نووسراوەو ساڵی١٣١٥ی کۆچیو ١٨٩٨ زاینی لەچاپ دراوە لە (ئەستانبول) و تیایدا هاتووە: کەرکوك دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ-ی سەر بەکوردستانو ١٦٠ کیلۆمەتر دوورە لەموسڵ-ەوە، ئەمەو شارەکە دەکەوێتە نێوان چەندین گردو گردۆڵکەو هەروەها دۆڵێکی پانو بەرینی لەپاڵدایە بەناوی (ئەدهەم)..کەرکوك ناوەندی ویلایەتی سنجاقی (شارەزوور)ەو دانیشتوانەکەی ٣٠٠٠٠ کەسەو قەڵایەكو ٣٦ مزگەوتو ٧ مەدرەسەو ١٥ تەکیۆ خانەقاو ١٢ خانو ١٢٨٢ دوکانو حانوتو ٨ حەمامی تێدایە ئەم سەرچاوەیە ڕێژەی مەزگەوتو خانەقاکانی ئەو کاتەی تێدایە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (نجمە) کە لەکەرکوك دەردەچوو لە ژمارەی ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا ناوی مزگەوتەکانی کەرکوكو ئەو کۆڵانو گەڕەکانەی کە تێیدابوونە هاتووە( بگلر محلەسندە، اوچی-محلەسندە، قلعە سنك-میدان، چقور محلەسندە، پریادی محلەسندە (ملا رضا جامعنە)، صاری کهیە محلەسندە، اغالق محلەسندە، اخی حسین محلەسندە (قاضي جامعي)، امام قاسم محلەسندە (دللی باش جامعنك)، اخی حسین محلەسندە (حسن مکی جامع شریفنك)، اخی حسین-محلەسندە (شێخ صالح تکیەسنك)، اخی حسین-محلەسندە (نائب اوغلي جامعنك)، اخی حسین-محلەسندە (نومرولو غوتبە مدرسەسنك)، امام قاسم-محلەسندە (امام قاسم علیە الرحمانك)، امام قاسم-محلەسندە (دللی باش جامعنك)، هەروەها هەردوو نووسەری عێراقی (محەمەد هادی دەفتەر)و (عەبدوڵڵا حەسەن) لەکتێبی (عێراقی باکور) کە لە١٩٥٥ بەچاپیان گەیاندووە باس لەکەرکوكو ناوی مەرقەدو شوێنە پیرۆزەکانی کەرکوك بەم شێوەیە دەکەن: ئارامگای ئیمام قاسم لەگەڕەکی ئیمام قاسم، ئارامگای ئیمام محەمەد لە موسەڵلا، ئارامگای ئیمام زینولعابدین، ئارامگای هەر سێی پێغەمبەری ئاینی یەهودی دانیاڵو عوزێرو حەنین لەنێو مزگەوتی نەبی دانیاڵ لە قەڵادا هەیە، ئارامگای شێخ جەواد، ئارامگای شێخ مەعلوم، ئارامگای شێخ زەینەدین، ئارامگای شێخ هەرزان، ئارامگای ئیمام هەوا. هەروەها ئارامگای سوڵتان ساقی لە گەڕەکی تسعین.

هەروەها هەردوو نووسەر لە(عێراقی باکوور)دا ناوی ئەو مەزگەوتانەیان هێناوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەسەر بەئەوقافی شاری کەرکوک بوونە بەم شێوەیە: مزگەوتی نائیب، مزگەوتی ئیمام قاسم، مزگەوتی ئەرسەلان ئاغا، مزگەوتی میر محەمەد پاشا، مزگەوتی ئاڵتون کۆپری، مزگەوتی ئەمیر ئیبراهیم پاشا، مزگەوتی ئاغجەلەر، مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر، مزگەوتی ئەسعەد ئاغا، مەرقەدی ئیمام محەمەد، مزگەوتی بەلك، مەرقەدی حاجی بەکر، مزگەوتی گوندی ترکەشکان، مزگەوتی نوێ، مزگەوتی چەمچەماڵ، مزگەوتی حاجی حەسەن توقات، مزگەوتی حەسەن مەکی، مزگەوتی حەسەن پاشای پاکیز، مزگەوتی حەسەن ئاغا، مزگەوتی حاجی خەلیل، مزگەوتی حاجی خدر، مزگەوتی شێخ خدر، تەکێی خالیدی، مزگەوتی خادم سوجادە، مزگەوتی وەلی پاشا، مزگەوتی داقوق، مزگەوتی رەشە، مزگەوتی حاجی ڕەزای بیرقدار، مزگەوتی ئیمام زەینولعابدین، مزگەوتی حاجی سلێمان، مزگەوتە بچکۆلە، مەرقەدی سوڵتان ساقی، مەقامی بەرماڵی پێغەمبەر، مزگەوتی شێخ عوسمان، مزگەوتی عەلی بەگ، مزگەوتی عەبدولرەحمان پاشا، مەرقەدی ئۆمەرمەندان، مزگەوتی حاجی عەزیز خەیات، مزگەوتی حاجی عەزیز، مزگەوتی حاجی عومەر، مزگەوتی قادر کەرەم، مەرقەدی شێخ عەبدوڵلا، مزگەوتی قەرەتاغ، مزگەوتی قامیشە، مزگەوتی گەورەی قەڵا، مزگەوتی حاجی کەوسەر، مزگەوتی کفری) ئەمانەش ئەو مزگەوتانە بوونە کە سەر بە ئەوقاف بوون لەو سەردەمەدا. ئەمەو هەردوو نوسەری عێراقی دەڵێن : لەم قەزایەدا (واتە کەرکوك)٦٢ تەکیەو مزگەوت و مەزارگەی هەیەو ٥٤ مزگەوت و تەکیە لەناو خودی شارەکەدان.

دەربارەی کۆنترین مەدرەسەی ئاینی لەکەرکوك (محەمەد عەلی قەرەداغی) دەڵێت: کۆنترین مەدرەسە کە ناوی هاتبێت لە دەستنووسەکاندا (مزگەوتی مەولانا حەمزەیە) لەدێی کەرکوك (ئەو سەردەمە) بەدوریشی نازانین ناوی (مەلا حەمزە) زاڵ بووبێت بەسەر ناوی راستەقینەی مزگەوت و مەدرەسەکە، لەبەر ئەوەی ئەو مەلایە دەرسی تێدا وتووەتەوە..هەروەها (قەرەداغی) دەڵێت: کۆنترین مزگەوتی ئاینی کە لەکەرکوکدا بیستبێتمان مەدرەسەی (مەولانا حەمزەی سورچی سۆرانی)یە ئەم مەولانا حەمزەیەش لەبنەماڵەیەکی زانستی دێرینەو نەسەبەکەیمان لەناو دەستنووسەکاندا بەم شێوەیە بەرچاو کەوتووە: حەمزە کوڕی عەلی ئەفەندی کوڕی محەمەد ئەفەندی کوڕی ئیسماعیل ئەفەندی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کوڕی عەلی ئەفەندی کوڕی پیر ئەفەندی، هەروەها بەم شێوەیەش ناوی هاتووە (محەمەدی سورچی حەریری) ئەم مزگەوتە بەپێی دەستنووسێك ساڵی ١١٣٥ کۆچی ١٧٢٣ زاینی بوونی هەبووە لەکەرکوکداو ئەمەو بەپێی وەسیقەکانی بنەماڵەی (خادم سوجادە) دەردەکەوێت کە (مەولانا حەمزە) ماوەیەك موفتی بووە لەشاری کەرکوك.. بەپێی یەکێك لەدەستنووسەکان بێت دەردەکەوێت کە یەکێك لە باپیرەکانی ئەم بنەماڵەیە سورچییەو ساڵی ١٠٧٤ کۆچی ١٦٦٣زاینی شێخ و زانا بووە لە شاری سەردەشتی ئێران، نازانرێت لە چ ساڵێکدا هاتوون بۆ کەرکوك.

ئەمەو لە ساڵنامەی شاری موسڵ بۆ ساڵی ١٨٩٤ی زاینی دەربارەی گەڕەکە دێرینەکانی شاری کەرکوك وا هاتووە: کەرکوك دابەش بووە بەسەر سێ بەشدا (قەڵا)و (بەری گەورەی شار- خوارووی قەڵا)و (قۆریە-بەری بچوکی شار)..لەناو قەڵا سێ گەڕەکی تێدایە بەم ناوانە (حەمام)و (ئاغالق)و (مەیدان)، بەری گەورەی شار، هەشت گەڕەکی تێدایە کە ئەمانەن (ئیمام قاسم، ئەخی حسین، پریادی، چای، چقور، موسەڵلا، بلاخ، ئاوچی)، بەری قوریە سێ گەڕەکی گەورەی تێدایە کە ئەمانەن (بەگلەر، شاترلۆ، ساری کەهیە).

بەهۆی ئەم بەڵگەنامەیەوە گەڕەکە دێرینەکانی شاری کەرکوك-مان بۆ دەردەکەوێت ئێمەش ئەو گەڕەکانە گەڕاوین چونکە ئەمانە زیاتر مزگەوت و شوێنەواری کۆنی تێدایەو هەروەها لەم بابەتەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو شوێنەوارانەی کەمێژوویان خۆی لە حەفتا ساڵێك زیاتر دەدات، ئەمانەی دواتریش کە لەبابەتەکەدا باسیان دەکەین و دابەشمان کردووە بەسەر هەردوو بەری شاردا کە بەری قەڵاو بەری قۆریەو قشڵەیە بەشێکن لەو مزگەوت و تەکیەو خانەقایانە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## بەشی یەکەم:- بەری (قەلا)

### قەلای کەرکوك

پێش ئەوەی باس لەمزگەوتەکانی ناو قەلای کەرکوك بکەین دەلێین: ئێستا ئەو خانوو مزگەوتو تەکیو خانەقایانەی سەر قەلای کەرکوك، هەمووی وێرانەیە بەهۆی ڕوخاندنیان لەلایەن رژێمی سەدامی فاشییەوە ئەویش بۆ گۆڕینی سیمای شارستانیو مێژوویی شاری کەرکوك، بۆیە ئەو مزگەوتانەی باسی لێوە دەکەین ئێستا تەنها چەند دانەیەکیان ماوەتەوەو کە ئەوانیش زیانی زۆریان پێ گەیشتووەو باقی مزگەوتەکان تەنها گومەزەکانیان ماوە، بەلام بەپێی توانا هەولمداوە هەم بەشێوەیەکی مەیدانیو هەم لەرێی سەرچاوەوە شتێکیان لەسەر بنووسمو وێنەشیان بگرم...ئەمەو دەکرێ بلێین شوێنەوارەکانی نێو قەلا لەهەرە شوێنە دێرینەکانی(کەرکوك)ن چونکە شارەکە سەرەتا تەنها قەلاکەی بووەو دواتر گەڕەکە کۆنەکانی شار بەدەوریدا دروست کراوە.

لەبەر ئەوەی قەلای کەرکوك سەرەتا بناغەی شارەکە بووەو لەوێوە شارەکە دەستی پێکردووە بۆیە دەکرێ کۆنترین مزگەوتو مەرقەدو تەکیەکان لەوێ بووبێت، قەلا، دەکەوێتە رۆژهەلاتی (چەمی خاسە)و بەرزاییەکەی لەزەوییەوە ١٨ مەترەو چوار قاپیو دەرگای هەبووەو ئەم کۆلانو گەڕەکانەی لەخۆ گرتبوو (زیندان، ئاغالیق، حەمام، مەیدان)، ئەمەو چەندین مزگەوتو شوێنی پیرۆزی لەخۆ گرتبوو کە هەندێکیان هێشتا ماون،.. لێرەدا باس لەو مزگەوتو شوێنانە دەکەین کە بەمەیدانی سەردانمان کردووەو بەرچاومان کەوتوونو هەروەها ئەوانە لەسەرچاوەکاندا باس کراون.



مەکتەبی بیروهۆشیاری





**مزگەوتی گەورە (اولو جامع):**

بەمزگەوتی (مریەم ئانا)ش ناودەبرێت، مزگەوتێکی گەورەیەو تا ئێستا زۆری بیناکەی ماوەو نەڕوخێنراوە، یەکێکە لەمزگەوتە هەرە کۆنەکانی کەرکوك، (هرتسفێلد) لەگەشتەکەیدا بۆ کەرکوك، باسی لێوە کردووەو وتویەتی کە بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیازدەی زایینیو بیناکەی بەشێوەی لاکێشەیەو ١٥٠٠ مەتری چوار گۆشە دەبێتو ئاسەواری مەنارەیەکی تێدایە کە بەخشت دروست کراوە، ئەم مزگەوتە سەرەتا کەنیسە بووە دواتر لەسەدەی سیازدەدا کراوە بەمزگەوت، بڕا مەسیحییەکان لەو بڕوایەدان کە مریەم-ی تێدا نێژراوە، هەروەها (د.سوبحی سەعاتچی) دەلێت: مزگەوتی گەورە (اولو جامع) بە ئاسەوارەکانی دەردەکەوێت کە لەسەر پاشماوەی کەنیسەیەکی مەسیحی دروست کراوە، تا ئێستاش لەناو خەلکدا هەر بە مزگەوتی (مەریەم ئانا جامعی) بەناوبانگە، لەگەل ئەوەدا کە مێژووی بنیاتنانی بەتەواوەتی نازانرێت، بەلام بەلگەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدە، ئەمەو مزگەوتەکە مەدرەسەیەکی ئاینی تێدا بوو بۆ فێرکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەناوی مەدرەسەی (شاە غازی) موتەسەریفی کەرکوك (غازی شاسوار) سالی ١٠٦٧ی کۆچی ١٦٥٧ی زاینی دایمەزراندووە لەناو مزگەوتی گەورە (اولو جامع) لەقەلادا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری





## مزگەوتی دانیالْ پێغەمبەر:

لەگەڕەكی( حەمام)دایە لەنێو قەلای كەركوكدا، مێژووەكەی زۆر كۆنەو سەرەتا پەرستگایەكی جولەكە بووەو دواتر كراوە بە كەنیسەیەكی مەسیحیو دوای بلاوبوونەوەی ئەو ئاینە لەكوردستاندا، دوای ئەوەی ئاینی ئیسلامیش سەر هەلدەدا كەنیسەكە دەكرێتە مزگەوتو بەمزگەوتی (نەبی دانیالْ) دەناسرێ، بڕوای خەلكی شارەكە وایە كە ئەم مزگەوتە مەرقەدی هەر سێ پێغەمبەری خوا (دانیالْ، حەنین، عوزەیر)ی تێدایە..یەكێكە لە مزگەوتە دێرینەكانی كەركوك، مەنارەیەكی كۆنی تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەگۆلی لەعێراقدا. مێژووی راستەو دروستی مزگەوتەكە نازانرێت، بەلام شێوازی بیناسازی مزگەوتەكە وای دەردەخا كە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم، بەپێی ئەو نووسینەی نەخشێنراوە لەسەر ئەو بەردەی بە سەر قاپی مزگەوتەكەوەیە دەردەكەوێت كە والی (عوسمانی جەعفەر پاشا)نوێی كردووەتەوە سالی ١٦٥٥ی زایینی، ئەمەو ماوەیەكی زۆر مزگەوتەكە لەژێر سەرپەرشتی زانایانی



مەكتەبی بیروهۆشیاری



(عەسكەر)ی بووەو ئەوان مودەریس بوون تێیدا، ئەمانەش كوردنو دەگەڕێنەوە بۆ دێی (عەسكەر).

مزگەوتەكەو زۆری بیناكەی بەدەستی ڕژێم روخێنراوە، بەلام مەزارگەكە ماوەتەوە..ئەمەو ئەو مەزارگەیەی كە ئێستا خەلكی سەردانی دەكەنو لەو بڕوایەدان قەبری هەر سێ پێغەمبەری ئاینی یەهودی (دانیالو عوزێرو حەنین)ی تیدایە ، چونكە سێ قەبری تیایە بەو ناوانە...لەسەر دەرگای مەزارگەكە بە عوسمانی یان بە توركمانی چەند دێڕێك نووسراوە.. ئەمەو حەوشەیەكی گەورەی تێدایە كە قەبرسانێكو گومەزێكی تێدایە..دكتۆر (عومەر ئیبراهیم) دەلێت: لەسەدەی شەشەمی زاینیدا ئاینی یەهودی گەیشتە كوردستان، (دانیالْ) پێغەمبەر یەكەم كەسە كە ئەو ئاینەی لە ناوچەی كەركوك-دا بلاوكردووەتەوەو لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیادا. ئەمەو باس لە ئاگری ئەزەلی لە سەفرەكەی پێغەمبەر دانیالْ-دا كراوە كە لەسەدەی سێی پێش زایندا نووسراوە، (عهد قدیم) بە گرنگییەكی زۆرەوە ناوی ناوچەی كەركوكی تێدا هاتووە، مزگەوتەكە ماوەیەكی زۆر بەدەست بنەمالەیەكی كوردی خەلكی دێی عەسكەرەوە بووە یەكێك لەوانە (مەلا عومەر كوڕی حەیدەر كوڕی میرزا عەلی كوڕی ئوستاد محەمەد)ە، (محەمەد عەلی قەرەداغی) دەربارەی (مەلا عومەر) نووسیویەتی: ئەم كابرایە دوای گەڕانێكی زۆر بە مزگەوتەكانی كوردستانی عێراقو ئێراندا، ناوی دەرەوشاوەتەوەو بووە بە یەكێك لەناسراوەكانو دواتر لە یەكێك لەمزگەوتەكانی شاری كەركوكدا دامەزراوە ئەویش مزگەوتی (پێغەمبەر دانیالْ)ە، كۆنترین دەستنووسی ئەم (مەلا عومەر) عەسكەرییە كە دۆزرابێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٢٢٧ی كۆچی. بەپێی دەستنووسێكی تر (مەلا عومەر) ماوەیەك گەڕاوەتەوە دێی عەسكەرو لای مامەیەك بەناوی (مەلا مستەفا) خوێندوویەتی، لەهەمان دەستنوسدا ئاماژەیەكی تێدایە كە باوكی (مەلا عومەر) ناوی حەیدەر (موكری)یە بەواتای لەعەشیرەتی موكری ئێران-ە، لەدەستنووسی ژمارە (٦٤٠٥.د.ع) دەردەكەوێت كە (شێخ عومەر) هێشتا فەقێ بووە كەچووەتە كەركوكو لەوێ دوای چاك بوونەوەی لە نەخۆشیەك ئەو دەستنووسەی نووسیوە، ئەمەو چەندین كەسی تر لە عەسكەرییەكان سەرپەرشتی مزگەوتی نەبی دانیالْ-یان

مەکتەبی بیروهۆشیاری



کردووە، وەکو (شێخ ئاوێس عەسکەری) کە لە ڕەمەزانی ساڵی ١٢٧٥ی کۆچیدا مودەریس بووە لە و مزگەوتەدا، لەهەمان مێژوودا لە دەستنوسێکی تردا (٦١٣٢ د.ع) هاتووە : ئەم دەستنووسە ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی لەمانگی ڕەمەزاندا لەشاری کەرکوك لەمەدرەسەی (مەلا ئاوێس عەسکەری) نووسراوە، هەروەها ناوی (عەبدوڵلاَ کوڕی بارام کوڕی عەلی) هاتووە لەدەستنووسێکدا کە لە شاری کەرکوكو لە مزگەوتی (ڕێزدا محەمەد ئاغا) نووسراوە لەمزگەوتی (مەلا عەبدولرەحمان عەسکەری)دا ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی ئەمەو لەدەستنووسێکی تردا هاتووە کە (مەلا عەبدولرەحمان عەسکەری) ساڵی ١٣٠١ یان ١٣٠١٠ کۆچی دوایی کردووە.

**مزگەوتی سلێمانییە** : ئەم مزگەوتەم بۆ نەدۆزرایەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی لەسەر قەڵا هەبووە ڕوخێنراونو زۆر مزگەوت هەیە ناوی بەسەرەوە نەماوە، بەڵام ئەوە دەزانرێ کە ماوەیەك (مەلا عەبدولرەحمانی ڕۆژبەیانی)، مودەریس بووە تیایدا، ئەم (مەلا عەبدولرەحمان)ە (کوڕی حوسێن بەگ)ە و لە عەشیرەتی ڕۆژبەیانی دانیشتووی دێی فورقانی شاری (کەرکوك)ن، کە یەکێکە لەزانا بەناوبانگەکانی کوردستانو لای عەلامە مەلا عەبدولرەحیم زیاری خوێندویەتیو دوای ئەوەی خوێندنی ئاینی تەواو کردووە چووە بۆ بەغداو لەتەکیی (خالدی) دامەزراوە لەسەردەمی (مەولانا خالید نەقشبەندی). ئەم مزگەوتەش، یەکێکە لەمزگەوتە کۆنەکانی کەرکوكو مێژووی دروست کردنی دیار نییە. (محەمەد عەلی قەرەداغی) دەڵێت: لە دەستنوسێکدا هاتووە کە ڕۆژبەیانی مودەریس بووە لە مزگەوتی سلێمانییە لەقەڵای کەرکوكو بەم شێوەیە: (ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی ئەبو بەکر کوڕی نورە دین) ئەم پەراوێزە پیرۆزانەی کە لە سەر مەبادیئی کەلامە بۆ شێخو مودەریسەکەی مامۆستا (عەبدولرەحمان ئەفەندی) لە مەدرەسەی سلێمانییە لە قەڵا نووسیوە، لەهەمان دەستنووسدا وا ناوی دێنێت (عەبدولرەحمان ئەفەندی ڕۆژبەیانی) کە دەرگای ماڵەکەی جێگای زانا ناودارەکانو زانستەکانی بڵاوبووەتەوە لە دار ئەلسەلام) لە دەستنووسێکی تردا بە ژمارە (١٩٢٤٦/١) هاتووە کە (ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم لەلای مەلا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



عەبدولرەحمان ڕۆژبەیانی) نووسیویەتی، ئەمەو قەرەداغی دەربارەی دێرینی مزگەوتەکانی قەڵا وە دەڵێت: یەکەم شوێن کە جێگەی بڕواو مەنتیقی بێت بۆ نیشتەجێبوون لە شاری کەرکوکدا بێگومان قەڵاکەیەتی کە مێژووی دروست کردنی بەتەواوی نازانرێت بۆیە دەبێت یەکەم مزگەوت لەشارەکەدا لەنێو ئەم قەڵایەدا دروست کرابێتو لەگەڕانو لێکۆڵینەوەشدا لەسەر مزگەوتە دێرینەکانی قەڵا، ناوی دوو مزگەوت دێت کە یەکەمیان مزگەوتی نەبی دانیاڵ-ەو دووەمیان مزگەوتی (سلێمانی)ەیە.

**مزگەوتی حەسەن مەکی**:- لەگەڕەکی (ئاغالق) بووە، بەپێی دەستنووسێك کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ی زاینی، شاری کەرکوك تەنها قەڵاکەی بووەو پێکهاتووە لە ١٤٥ خانوو کە ماڵی خێزانداری تێدا بووەو هەروەها ٢٣ خانوو کە گەنجی تێدا بووە ئەوانەی هێشتا خێزانیان پێك نەهێناوە، ئەمەو سبوخخانەیەكو ئاشێكو مزگەوتێکی تێدا بووە کە دەگەڕایەوە بۆ جەماعەتی (حەسەن مەکی) ئەم مزگەوتە، چەندین جار تازەکراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٩٧ بەتەواوی روخێنرا لە بەر کۆنیو ڕوفاتی (حەسەن مەکی)-یش گوازرایەوە بۆ قەبرسانی (موسەڵلاَ)و لەوێ نێژرا ، ئەمەش دێرینی ئەو مزگەوتە دەردەخاتو هەروەها دەری دەخات کە دەوڵەتی عوسمانی خانووی بۆ سەربازو فەرمانبەرەکانی خۆی لەناو کەرکوكو لەسەر قەڵا دروست کردووە بەتایبەت ئەو فەرمانبەرانەی کە خەڵکی ناوچەکەو کەرکوك نەبوونە، ساڵانی بیستەکان (یوسف ڕۆژبەیانی) ئیمامی مزگەوتەکە بووە، (مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی)ش لەلای ئەم (مەلا یوسف)ە بووە تا ساڵی ١٩٢٣ (مەلا یوسف) دەگوازرێتەوە بۆ پردێو (مەلا جەمیلی)ش لەگەڵ خۆی دەبات.

**مزگەوتی فزوڵی**: ئێستا ڕوخێنراوە، بەڵام لەسەر ئەو پارچە بەردە نەخشێنراوەی بەسەر دەرگاکەوە بووەو لەنێو داروپەردووی مزگەوتەکە کەوتبوو بە تورکی نووسرابوو (شاعر مرحوم (فزولی) مسجدك حجی مدحت ایتدی تعمیر وبیر الله مقصدك

مەكتەبى بيروهۆشيارى



١٣٨٠کۆچی)یە کە دەکاتە ١٩٦٠ی زاینی نۆژەن کراوەتەوە. ئەم مزگەوتە ڕێك بەرامبەر مزگەوتی (یەنکی نوعمان)ە کە لەخوار قەڵاوەیە، مزگەوتی فزولی، دەکەوتە نێو مزگەوتی (فەقێ عەلاف)، مێژووی دروستکردنی نازانرێت، بۆیە بەو ناوەش ناسراوە لەبەر ئەوەی مەلا سلێمانی، باوکی فزولی شاعیر، ئیمامو شێخی مزگەوتەکە بووە ، ئەمەوماڵێکی کۆن کە نەقشی پێوە بوو بەرامبەر بە مزگەوتەکەیە، وا بەناوبانگە کە ماڵی فزولی شاعیر بووە.

**مزگەوتی ( عەریان )**: لەسەر بەردی سەر قاپێکەی ساڵی ١١٦٣ کۆچی ١٧٥٠ زاینی نووسراوە ، ئەمەو مزگەوتەکە سێ قەبری تێدایە، کە کۆنترینیان هی کابرایەکە بەناوی (عەلی ئەفەندی خەتیب) کە لە ١١٨٧ کۆچی ١٧٧٣ زاینی مردووە..بەم شێوەیەش لەسەر قەبرەکەی نووسراوە: قبر المرحوم المغفور المطعون الحاج علي افندي الخطيب، هەروەها قەبرێکی تریان بەم شێوەیە لەسەری نووسراوە: هذا قبر المرحوم المغفور عبدالجبار ملا عبد المجيد عريان توفي في شهر رجب سنة ١٣٣٥هجرية، کە دەکاتە ١٩١٧ زاینی، قەبری سێیەمیان لێی نووسراوە: هذا قبر المرحومة المغفور لها نعيمة بنت ملا عبدالرحمن توفيت في شهر شعبان سنة ١٣٣٨هجرية، کە دەکاتە ١٩٢٠ی زاینی..بەپێ نەسرەت مەردان مێژووی بنیاتنانی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٤٢کۆچیو مزگەوتەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی قەڵاوەو بە گومەزە گەورەکەی ناسراوە.



مەكتەبى بيروهۆشيارى





**مزگەوتی محەمەد نەجیب جەباری (رفاعی):**



ئەم مزگەوتە دەچێتەوە سەر دەرگای جووت قاوەو قەبری چەند مەلایەکی کوردی جەباری تێدایە کەبنیاتنەرو دانەری مزگەوتەکەن، بەس دواتر لەوە دەچێت خۆیان کردبێتە رفاعی، چونکە هەموو ئەو قەبرانەی تێیدایە تەنها لێی نووسراوە جەباری نەك رفاعی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



بەمەش دەردەکەوێت کە ئەوان جەباریو کوردن نەك رفاعی، ئێستا خاوەنەکەی خۆی بەکورد دەزانێت.. (عەبدوڵڵا عەربدولکەریم بەرزنجی) بەم شێوەیە باس لەم مزگەوتە دەکات: لەبازاڕی حەلواچییەکان دەرگایەکی بچوك سەر دەکەوت بۆ قەڵا لەسەرەوەش تەکییەی جەباریەکان سەید نەجیب بوو خەڵکی قۆچەلی ناوچەی جەبارییە بەرەگەز، (دکتۆر محەمەد رافع) لەم بنەماڵەیەیە ئەم دەرگایە بەدەرگای تەکیّ ناسراوبوو.. ئێستا ئەم مزگەوتە بە مزگەوتی رفاعی بەناوبانگە.

**مزگەوتی مەیدان:-** شوێنی مزگەوتەکەم نەدۆزییەوە لەبەر ئەوەی زۆرری شوێنەوارەکانی سەر قەڵا ڕوخێنراونو ئێستا وێرانەیە، بەڵام لەوە دەچێت لەگەڕەکی مەیدانی سەر قەڵای کەرکوك بووبێت..بەڵام نەجات کەوسەر ئۆغلۆ باس لەمەدرەسەیەك دەکات بەناوی مەیدان بەم شێوەیە: (حەسەن پاشای فراری) لەنێو مزگەوتی حەسەن پاکیز دایمەزراند، ساڵی ١٧٩٠ لەلایەنی حاجی مەحمودی ئال فەرهاد زادە تازەکرایەوە کە بنەماڵەیەکی تورکمانە لەوە دەچێت دواتر مەدرەسەکە کرابێت بەناوی مەدرەسەی فەرهاد زادە کە دەکەوتە نێو گەڕەکی مەیدانی (قەڵا)و خدر ئەفەندی دەرسی تێدا دەوتەوە.



گومەزی سەوز(القبە الخضراء-کوك کنبد)



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئاسەوارێکی مێژووییە، دەکەوێتە نزیك ماڵی (کەمال زادە ئەحمەد بەگ) کە یەکێك بووە لەناودارو دەوڵەمەندەکانی قەڵا ، گومەزەکە بە چەندین نەخشو نیگار ڕازێنراوەتەوە، بەپێی ئەو نووسینەی لەسەر دەرگاکەی نووسراوە دەردەکەوێت کە قەبری شازادەیەکی سەلجوقی تێدا نێژراوە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن ساڵی ٤٠٠ی کۆچی بنیات نراوە هەندێکی تریش دەڵێن مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٧٦٢ کۆچی 1362 ی زاینی، پانتایەکی ٨٢٠ مەتری چوار گۆشەیە بەرزایی گومەزەکە (١٧) مەترە، گومەزێکی جوانە دەکەوێتە نێو بینایەکی فراوان،

**مزگەوتو تەکیّی شێخ حوسێن شێخ عەبدولکەریمی کرپچنەیی:-** بەرامبەر بەئاخوڕ حوسێنو ڕوناکبیری ئێستای کەرکوکە، هیچ ناوێکی بەسەرەوە نەماوەو ڕووخاوە بەڵام لەوە دەچێت مزگەوتێکی کۆن بێت...ناوەکەی لە کتێبی کەرکوك لە مێژوودا هاتووە کە (عەبدوڵڵا عەبدولکەریم بەرزنجی) نووسیویەتی ئەگینا نەمدەزانی ئەو مزگەوتە بەو ناوەوەیە.

**خانەقاو مزگەوتی مەلا ئەحمەدی گەورە:-** نەمدۆزییەوە لە سەر قەڵا ، لەبەر ڕووخانی زۆرینەی شوێنەوارەکانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

### گەڕەکی ئیمام قاسم

گەڕەکی ئیمام قاسم، یەکێکە لەهەرە گەڕەکە کۆنەکان لەدوای گەڕەکەکانی نێو قەڵا (د.سوبحی سەعاتچی) دەربارەی گەڕەکی ئیمام قاسم دەڵێت: مێژووی دروست بوونی ئەم گەڕەکە کە دەکەوێتە دەرەوەی قەڵا بەتەواوی نازانرێت، بەڵام ئەو سەرچاوانەی ئێستا لەبەردەستدانو دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ی زاینی ئاماژە بەوە دەدەن کە گەڕەکی ئیمام قاسم ئەو سەردەمە ٢١ خانوو ماڵی لیّ بووە، ئەم سەرچاوەیە دێرینی گەڕەکی ئیمام قاسم نیشان دەدات، بێگومان هەندێك لەمزگەوتو تەکیّو خانەقاکانی ئەو گەڕەکەش دەبێت لەو سەردەمەوە بنیات نرابن، ئەم مزگەوتو خانەقاو تەکێیانەی خوارەوە بەشێکن لەوانە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری





مزگەوتی ئیمام قاسم:-



ساڵی دامەزراندنی دیار نییە، (د.صبحی سەعاتچی) دەڵێت: سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو لەبەردەستدا نییە دەربارەی مێژووی بنیاتنانی ئەو مزگەوتەی بەئیمام قاسم ناسراوە كە ئارامگای ئەو پیاوە پیرۆزەی لەخۆ گرتووە، بەڵام بەپێی سێ نووسراو كە نەخشێنراوە لە نێو مزگەوتەكەو لەسەردەمی جیاجیادا نووسراوە ئاماژە بەو نوێكردنەوەو نوێژەنكردنەوە دەكات لە مزگەوتەكەدا ساڵانی ١٦١٤و ١٦٩١و ١٨٩٤ی زاینی ،



مەكتەبی بیروهۆشیاری



ئەمەش هیچ نەبێت دەری دەخات كە ئەو مزگەوتە مێژووەكەی لانی كەم دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەد ساڵ لەمەوبەر، ئەمەو مزگەوتەكە مەرقەدێكی تیدایە دەوترێت هی (ئیمام قاسمی كوڕی موسا كازم) ە، هەروەها لەحەوشی پێشی مەرقەدەكە سێ قەبری تری تیادایە كە نوێ ترەو بەپاڵ یەكەوەیە، كە مێژووی مردنی خاوەنەكانیان بەشێوەی هەڵكۆڵین لەسەر كێلەكان نووسراوە ساڵی مردنیان نوسراوە ١٣١٨و ١٣٥٧و ١٣٥٥ی كۆچی.

هەروەها لەسەر دیواری دەرگای مەرقەدەكە بەزمانی توركی عوسمانی ساڵی تەعمیركردنی مەرقەدەكە نوسراوە لەلایەن سوڵتان (عەبدولحەمید) خانی عوسمانیەوە، ئەویش لە ساڵی ١٣١٢ی كۆچی، قوتابخانەو مەدرەسەی ئاینی ئیمام قاسم لەپاڵ مزگەوتەكەدا بووەو بە قەسری (مەلا قادر)و قەسری (ئیمام قاسم) ناودار بووە لەلای خەڵكی كەركوك و گەڕەكی ئیمام قاسم، لەسەردەمی عوسمانیدا ماوەیەك (شێخ محەمەد ئەفەندی) دەرسی تێدا وتووەتەوە، بەپێی قسەی (مەلا محەمەد ساڵح) بێت شوێنی مزگەوتەكەو گەڕەكەكەش پێشتر قەبرستان بووەو ئەو مەرقەدەی ئیمام قاسم لەپێش مزگەوتەكەدا هەبووە، دواتر بنەماڵەی مەلا قادر مزگەوتەكەیان دروست كردووە لەهەمان جێگا، زنجیرەی باوباپیرانی ئیمام قاسمیش بەم شێوەیە لەنێو مەرقەدەكەدا نوسراوە لەسەر قوماشێكی سەوز كە دیارە ئەو هاوولاتیە شیعانەی زیارەتیان كردووە هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا ئەویش بەم شێوەیەیە، (القاسم بن موسى الكاظم بن جعفر الصادق بن محمد الباقر بن علي السجاد بن الامام حسين بن علي بن ابي طالب).

ئیمامو خەتیبەكانی مزگەوتەكە لەسەرەتادا لەهەمان بنەماڵەی (مەلا قادر) بوون كە بنیاتیان ناوە، ئەم بەرێزانە ئیمامو خەتیبی مزگەوتەكە بوون(مەلا قادر) كە دواتر بووە بەبەڕێوەبەری ئەوقافی كەركوك، (مەلا جەمال كوڕی مەلا قادر، مەلا ئومەری گومبەتی) ساڵی ١٩٤٧ بنەماڵەی (مەلا قادر) وازیان لەئیمامەتی مزگەوتەكە هێناوە، (مەلا حەمەدەمین) كە قوتابی (مەلا عومەر) بووەو دواتر بووە بەسەرۆكی هەیئەتی عولەمای مەجلیسی تەوعیە، لەكەركوك، (حاجی مەلا ساڵح)، ئێستاش ئیمامو خەتیبی مزگەوتی ئیمام قاسم، (مەلا نەوزاد)ە كە دەرچووی كۆلیژی شەریعەیە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری





## مزگەوتی دڵی باش(دەللی باش):-

بەپێی ئەو بەردەی لەسەر دەرگاکەی نەخشێنراوە بە عوسمانی دەبێت ساڵی ١٦٣٣ زاینی دروست کرابێت، مزگەوتەکە (شێخ مەلا مەحمودی جامی) بنیاتی ناوەو دوای ئەویش (شێخ عەبدولڕەحمان) کە بە شێخ کەپەنگ بەناوبانگ بووەو بەڕێوەی بردووەو دوای ئەویش (مەلا شێخ ئەمین) بەڕێوەی بردووەو دوای ئەویش (مەلا عەلی) هاتووەو ئینجا (مەلا رەفیق) بووە بەئیمامو خەتیبی مزگەوتەکەو دوای ئەویش (مەلا عەبدوڵڵا). ئەمەو مەلا رەفیق کە ماوەیەك ئیمامی مزگەوتەکە بووە ساڵی ١٨٩٥ لە گەڕەکی زێوێی کەرکوك هاتووەتە دنیاوەو لە ١٩٥٧ کۆچی دوایی کردووەو لای (مەلا قادر)ی ئیمامو (مەلا محەمەدی جەلی زادە) خوێندویەتی. دوای خۆی (مەلا عەبدوڵڵا)ی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە. ئەم مزگەوتە، لەکۆندا بە قوڕ دروست کراووەو ڕووبەری مزگەوتەکە بچوك بووەو تەنها ٥×١٠ بووە دواتر حەرەمی مزگەوتەکە گەورەکراوە بۆ ئەوەی جێگەی نوێژکەری زیاتر بگرێتو کراوە بە ١٥×٥ ، مزگەوتەکە بیرێکی کۆنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



تێدا بووە تا ئێستاش ماوەو ئاوێکیشی تێدایە هەر لەکۆنەوە وەکو جۆگە بەنێو مزگەوتەکەدا دەڕوات ..ئەمەو (مەلا ئەمین) مزگەوتەکەی فراوانو گەورە کردووەو تازە کردۆتەوەو زۆرخانەیەکیشی تێدا دروست کردووەتەوەو بە(مەلا ئەمینە گردە) بەناوبانگ بووە..ئەو نازناوی گردەیەشی لەوەوە بۆ هاتووە چونکە جەستەیەکی گەورەو بەهێزی هەبووەو لەو سەردەمەدا لەزۆرانبازیدا لە پاڵەوانێکی ئێرانی بردۆتەوە، ئەمەو بنەماڵەی مەلایی، هەر لەسەرەتای دروستکردنیەوە مزگەوتەکە بەڕێوەی دەبەن.. ئەم مزگەوتە ماوەیەك بەناوی (مەلا ئەمینە گردە)وە بووە. ماوەیەکیش بەناوی مزگەوتی (مەلا رەفیق) بەناوبانگ بوو..لەسەردەمی بەعسیشدا ناوی ( القعقاع بن عمرو)ی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام دوای ڕزگارکردنی کەرکوك مامۆستا (زەکی) کە کوڕی (مەلا عەبدوڵڵا)ی ئیمامو خەتیبی مزگەوتەکەیەو ئێستا لەپەروەردەی کەرکوك موشریفی شارەزایە ناوە کۆنەکەی بۆ گەڕاندووەتەوە کە ئەویش مزگەوتی (دڵی باش)ە کە هەر لەکۆنەوە باوباپیرانی دروستیان کردووە لەکۆڵانی زێویەی کەرکوك...دەربارەی ناوی مزگەوتەکە کە دڵی باش-ە مامۆستا (زەکی) ووتی: ئەو ناوە لە خۆبووردوییو دڵ باشیو دڵپاکییەوە هاتووە کە سیفاتی بنەماڵەی مەلاییە..بەڵام کاتێك ئەو سەردەمە چوونە بۆ ئەستەمبوڵ لەوێ لەجیاتی دڵی باش موافەقەتیان لەسەر دللی باشی-ی تورکی کردووە بۆ ناوی مزگەوتەکە٠٠٠ ئەمەو لەسەر دەرگای مزگەوتەکە بە زمانی عوسمانی نەخشێنراوە کە (شێخ مەلا مەحمودی جامی) ئەو مزگەوتەی بنیات ناوەو (شێخ عەبدولرەحمان شێخ کەپەنگ و شێخ مەلا ئەمین) کڕیویانەو فەرمانێك هەیە لەسەر ئەم کڕینە بەپێی قسەی مامۆستا (زەکی)و بنەماڵەکەیان بێت مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٣٣زاینی کاتی باپیرە گەورەیان بنیاتی ناوە واتە زیاتر لە ٣٥٠ ساڵ، (عەبدوڵڵا عەبدولکەریم بەرزنجی) ناوی مزگەوتێك دەهێنێ بەناوی مزگەوتی شابەندەرو دەڵێت: مزگەوتی شابەندەر ناسراوە بە مزگەوتی (مەلا رەفیق) یاخود مزگەوتی (سەرجۆگە) لەگەڕەکی ئیمام قاسم.. لەوە دەچێت ئەو مزگەوتەی ئەو باسی دەکات هەمان مزگەوتی دڵی باش بێت..چونکە (مەلا رەفیق) ئیمامو خەتیبەکەی بووە پێشترو جۆگەیەکیش بەناو مزگەوتەکەدا دەڕوات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



## تەکییە و مزگەوتی تاڵەبانی:

دەکەوێتە کۆڵانی بەرتەکێی ئیمام قاسم کە لەبەر بوونی تەکێیەکەش ئەو گەڕەکە بەو ناوە ناو نراوە..تەکێیەکە لەسەر گردێکە بەرامبەر بە گەراجی سلێمانی، دیوی ئەمدیویشی بەرامبەر بە قەبرسانی (شێخ محێدین)ە. سەرەتا (شێخ مەحمودی زەنگنە) باپیرە گەورەی تاڵەبانییەکان، کەهاتووەتە کەرکوک‌و موریدێکی زۆری هەبووەو ماوەیەك لەکەرکوك بووە دواتر کۆچی دوایی کردووەو لەوێ لەسەر گردێك نێژراوە، دوای ئەو کوڕەکەی بەناوی (شێخ ئەحمەد تاڵەبانی) هاتووەتە کەرکوک‌و لەو جێگەیەی باوکی لێ نێژراوە تەکێی تاڵەبانییەکانی بنیاتناوە١٧٠٦ی کۆچی، دوای ئەویش بەزنجیرە لەهەمان بنەماڵەی تاڵەبانیەکان ئەم زاتانە ئەرکی تەکێیەکەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان(شێخ عەبدولرەحمان تاڵەبانی)، (شێخ عەلی گەورە)، (شێخ محەمەد عەلی)، (شێخ جەمیل تاڵەبانی)، (شێخ عەلی تاڵەبانی)، ئێستاش (شێخ یوسف تاڵەبانی) ئەرکی سەرپەرشتی تەکێیەکەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی).

شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لەبنەماڵەی تاڵەبانییەکان‌و لە شێخەکانی تەریقەتی قادری بووەو لەدوای ئەویش (شێخ عەبدوڵڵا)ی کوڕی جێگەی گرتەوە، ئەویش باوکی (حەسەن تاڵەبانی) وەزیری گواستنەوەی حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم) بوو. (شێخ ڕەزا) ساڵی ١٨٣٧ لەدێی (قرخ)ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لەدایك بووەو دواتر لە کەرکوك گەورە بووەو لەلای باوکی‌و چەند شێخێکی ئەو کاتە خوێندویەتی..شێخ ڕەزا سەردانی ئەستانبوڵ‌و میسرو حیجازی کردووەو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدیبەکانی ئیستانبوڵ پەیدا کردووە لەسەرووی هەموویانەوە (نامیق کەمال ١٨٤٠-١٨٨٠)..کۆتایی ژیانی لە بەغدا نیشتەجێ بووەو ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە.

تاڵەبانییەکان دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی زەنگەنە، بەڵام لەبەر ئەوەی دانیشتووی دێی تاڵەبان بوون کە دەکەوێتە نزیك قەزای چەمچەماڵ بۆیە دواتر بەو ناوە ناسران.

باوکی (شێخ ڕەزا) ناوی (شێخ عەبدولرەحمان خالیس کوڕی ئەحمەد کوڕی مەحمود) بوو، شاعیرو شێخی تەریقەت بووە لەکەرکوك‌و ساڵی ١٨٥٩ کۆچی دوایی کردووەو دیوانی شیعرەکانیشی بەزمانی فارسی‌و تورکی ساڵی ١٨٣٧ چاپکراوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



ئەمانەش بەشێکن لەناودارانی تاڵەبانی (شێخ محەمەد حەبیب کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولرەحمان کوڕی ئەحمەد تاڵەبانی)..(شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولرەحمان) ساڵی ١٩١٢ لەکەرکوك کۆچی دوایی کردووە...(محەمەد حەبیب) ساڵی ١٨٨٤ لەکەرکوك لەدایك بووە، ساڵی ١٩٢٤ بووە بە نائیب لەمەجلیسی تاسیسی عێراق لەسەر شاری کەرکوك‌و ساڵی ١٩٢٥ بوو بە نائیب لە مەجلیسی نوابی عێراق لەسەر لیوای کەرکوك..ساڵی ١٩٣٠و ساڵی ١٩٣٣ هەڵبژێردرایەوە بۆ مەجلیسی نواب لەسەر شاری کەرکوك..ساڵی ١٩٣٤ بوو بە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك‌و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە..ساڵی ١٩٥٩ لەبەغدا کۆچی دوای کردووە. (فائیق شێخ ڕەئوف تاڵەبانی) ساڵی ١٩٣٥و ١٩٣٩ وەکو نائیب لەسەر شاری کەرکوك هەڵبژێردرا ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە، (شێخ عەبدولوەهاب کوڕی شێخ حەمید کوڕی عەزیز تاڵەبانی) ساڵانی ١٩٣٧و ١٩٤٣و ١٩٤٨ وەکو نائیب لەسەر کەرکوك هەڵبژێردراوە.

زنجیرەی تاڵەبانییەکان بەم شێوەیە بووە سەرەتا شێخ مەحمودی زەنگنە هاتووە بۆ کەرکوك‌و دوو کوڕی بووە بەناوی (شێخ محەمەد) بەگەنجی دەمرێت، هەروەها (شێخ ئەحمەد) ، شێخ ئەحمەد شێخ عەبدولرەحمان تاڵەبانی (خالیسی) کوڕی دێتە جێگەی ئەمیش دوو کوڕی دەبێت (شێخ عەلی گەورە)و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، (شێخ ڕەزا) کوڕێکی دەبێت بەناوی شێخ محەمەد (خالیس)...(شێخ عەلی گەورە) سەرپەرشتی تەکییەکەی کەرکوك دەکات‌و دوای خۆشی (شێخ محەمەد عەلی) کوڕی جێگەی دەگرێتەوەو دوای ئەوەی (محەمەد عەلی) کۆچی دوای دەکات (شێخ جەمیل تاڵەبانی) جێگەی باوکی دەگرێتەوەو دوای ئەویش (شێخ عەلی کوڕی شێخ جەمیل) ئەرکی بەڕیوەبردنی تەکییەکە دەگرێتە ئەستۆ، دوای ئەویش (شێخ یوسف) ئەرکی بەڕێوەبردنی تەکێیەکە دەگرێتە ئەستۆو تا ئێستاش بەردەوامە لەخزمەتکردنی تەکێی باوباپیرانی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**مزگەوت و تەکیێ شێخ محیّ دینی کەرکوك و شێخ عەبدولرەحمانی شۆڕجە :-** ئەم مزگەوتە دەکەوێتە نێو قەبرسـانی (شـێخ محێـدین)و گـەڕەکی کۆمـاری و کانییـەکی ئـاو نزیك بووە لێوەی پیان دەووت (بلاخە) ، ئەم مزگەوتە سالّی ١١٨٣ کۆچی بنیاتنراوە.. مەرقەدی (شێخ محێدین)یش لەبان گردێکە لەسەرووی مزگەوتەکەو مەرقەدێکی کۆنە دەکەوێتە ئەو قەبرسانەی گەڕەکی زێویەو هەر لەبەر ئەو مەرقەدە بەناوی قەبرسانی (شێخ محێدین) بەناوبانگە...ئەمەو لەسەر کێلّی قەبرەکەی (شێخ محێدین) نووسراوە:- (الشیَخ محي الدين كركوك ابن الشيَخ حسن الكلزردي ولد ١١٣٣هـ-١٧٢٠م توفي ١١٩٤هـ-١٧٨١م استاذ الطريقة القادرية كان فريد دهره وحيد عصره له مؤلفات في التفسير والحديث والفقه والتصوف والطب). ئەم مزگەوتە بە مزگەوت و تەکیێ (شێخ محێدین بەرزنجی) ناسراوە لە کتێبی کەرکوك لەمێژوودا دەربارەی هاتووە: مزگەوت و تەکیێ شێخ محێدین بەرزنجی زیاتر لە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە.

**مزگەوت و خانەقای عومەر گومبەتی :-** لەوە دەچێت مێژووەکەی بۆ ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە ، ئەم مزگەوتە دەکەوێتە کۆلانی (عاشووری ئیمام قاسم)و چەمی خاسە دەکەوێتە پشتی مزگەوتەکە، بنەماڵەی (عومەر گۆمبەتی) بنیاتیان ناوەو تائێستاش هەر بەدەستی خۆیانەوەیە، ئەمانە تەنها ئیمامەتیان کردووەو بەم شێوەیە (مەلا نورەدین و مەلا ئەبوبەکر-ی کوڕی مزگەوتەکەیان بنیات ناوە، مەلا عومەر گومبەتی گەورە، مەلا عەبدولرەحمانی مامی مەلا عومەری دووەم، مەلا سدیق برای مەلا عومەری دووەم، مەلا عومەر گومبەتی دووەم لەدایکبووی ١٨٨٢ز، مەلا محەمەد سالح کە ئێستا لەژیاندا ماوەو لەدایکبووی ١٩٢٦ز-١٣٤٤ك ). بۆیە بەو ناوەوە ناونراوە چونکە بنەماڵەکەیان سەرەتا نیشتەجێی دێی عومەر گۆمبەت بوونە کە دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی تەق تەق و کۆیەو ئەم بنەماڵەیە یانزە نەوەیە هاتوونەتە شاری کەرکوك. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یەکێکن لەبنەماڵە کۆنەکانی شارەکە، باپیرە گەورەی بنەماڵەکە ناوی (جومعە)یەو خەڵکی دەربەندیزەهاو بووە کوڕی ئەویش ناوی (مەلا هاشم) بووەو بەمەلا شەلە بەناوبانگ بووە پێی دەوترێت شەلەوەندی کوڕی ئەویش مەلا



مەکتەبی بیروهۆشیاری



نورەدینی یەکەمەو کوڕی ئەمیش مەلا ئەبوبەکری یەکەمەو ئەمیش کوڕێکی هەبووە بەناوی (مەلا ئیبراهیم)ی یەکەم و ئەویش (مەلا نورەدین)ی هەبووەو ئەویش (مەلا ئەبوبەکر)ی دووەمی بووە کە بنیاتنەری ئەم مەزگەوت و تەکییەیەی عومەر گومبەتییە لەکەرکوك.



**مزگەوتی مەلا ئەحمەدە گردە(کوردە ):-**

مزگەوتێکی کۆن و دێرینە دەکەوێتە گەڕەکی زێویی ئیمام قاسم کە یەکێکە لەدێرینترین گەڕەکەکانی کەرکوك لەدوای قەلاّ..کاتێ منداڵ بووم مێژوویەکی کۆنم بەسەر قاپییەکەیەوە دەبینی هەڵکەندرابوو، بەلاّم ئێستا ئەو مێژووە سڕاوەتەوەو لێکراوەتەوە، ئەمەو (عەبدوڵلا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی) بە مزگەوتی زێویە ناوی دەبات و دەڵێت: کە ئەو مزگەوتە (مەلا ئەحمەد) ئیمامەتی تێدا دەکردوو مزگەوتەکە خۆیشی زۆر کۆنەو دێرینەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٠٩٣) زاینی وەکو لێی نووسرابوو، ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت ئەم مزگەوتە بە کۆنترین مزگەوتی کەرکوك دەژمێردرێت، بەلاّم لەو بڕوایەدا نیم ئەوەندە کۆن بێت (گ.ف)، لەوە دەچێت مێژووی

مەكتەبی بیروهۆشیاری



دروست كردنی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٩٥ كۆچی بێت نەك زایینی، بنەماڵەی مەلا ئەحمەد گردە ئیمامو خەتیبی ئەم مزگەوتە بوون، لەناو مزگەوتەكە قەبرێكی كۆنی تیدابوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام روخێنراوە تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە ئەو قەبرە هی كێیە، بەڵام كەسە بەتەمەنەكانی كۆڵانەكە گوایە ئەو كەسەیان بینیویەو دەڵێن كابرایەكی غەریب لەناو مزگەوتەكە دەژیا ناوی (مەحمود هیندی) بووە خەڵكی وڵاتی پاكستان بووە دوای ئەوەی كۆچی دوایی كردووە لەناو مزگەوتەكە نێژراوە، هەروەها دەڵێن ئەو كابرایە مشكییەكی سەوزی گەورەی بەسەرەوە بووە، ئەمەو مێژووی مردنی مەحمود هیندیش بەتەواوەتی نازانرێ بەڵام خەڵكی كۆڵانەكە دەڵێن ساڵی ١٩١٢ زایینی مردووە..(مەلا ئەحمەد گردە)ی ئیمامی مزگەوتەكە كوڕێكی هەیە بەناوی (مەلا مەجید)ی مەلا ئەحمەد گردە...ئێستاش مەلا سدیق كەندیناوەیی ئیمامی مزگەوتی (مەلا ئەحەمەد ) گردەیە.

**مزگەوتو خانەقای (شیخ جواد شیخ خدر نەقشبندی)**:- لە ساڵی ١٢٨٢ كۆچی بنیات نراوە، بەمزگەوتی (مەلا جەواد ) ناودارەو نزیك مزگەوتی ئیمام قاسم-ە، وابزانم ئەم مزگەوتە ماوەیەك ناوی مزگەوتی مەلا تەها بووە بەپێی قسەكانی (عەبدوڵلا بەرزنجی) بێت لەكتێبەكەیدا.

**مزگەوتی (یادگار) رەحمان**: - ئەم مزگەوتە لەسەر بناغەی چەند مزگەوتێكی كونتر دروست كراوەو لانی كەم مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەم مزگەوتە دەكەوێتە كۆڵانی یادگارو لەسەر بناغەی مزگەوتی كۆنی مەلا جەبار دروست كراوەتەوە، پێشتریش مەلا جەبار ئەو مزگەوتەی لەسەر بناغەی مزگەوتێكی كۆنتر دروست كردوەو نوێ كردووەتەوە، لەسەر هەمان بناغەی مزگەوتە كۆنەكە كەبەمزگەوتی شاعیری بەناوبانگی كەركوك (رەنجوری ١١٦٤-١٢٢٢ كۆچی). ناسراوبوو چونكە ئەو شاعیرە خەتیبو ئیمامی مزگەوتەكە بووە، مەلا ساڵح-ی ئیمامی مزگەوتی عومەر گومبەتی كەمنداڵ بووە ئەو مزگەوتە كۆنەی رەنجوری كەلاوەو خەرابە بووەو منداڵان



مەكتەبی بیروهۆشیاری



یاریان تیادا كردووە..پێش ئەوەی (مەلا جەبارو حاجی تۆفیق) تازەی بكەنەوە لەدەوروبەری ساڵانی چلەكان، دواتر ناوەكەیان گۆڕی بەناوی (مەلا جەبار)، ساڵانی نەوەتەكان ئەو مزگەوتەی مەلا جەباریش ڕوخێنراو لەجێیەكەیدا مزگەوتی ڕەحمان دامەزرا..

شاعیری كوردی كەركوكی (مەلا عومەری كوڕی خالید بەگی كوڕی عومەری شاڵبەگی) كە نازناوی رەنجورییە لە ١٧٧٨ ی زایینی ١١٩٢ كۆچی لە ژیاندا بووە لەسەردەمی والی كەركوك حەسەن پاشا..ماوەیەك مەلای مزگەوتی زێویە بووە كە لەوە دەچێت هەمان مزگەوتی گەڕەكی یادگار بێت، (محەمەد عەلی قەرەداغی) وا باسی دەكات: زانای گەورەو ئەدیبی بەناوبانگ مەلا عومەری رەنجوری یەكێكە لەو زانایانەی لە كەركوكدا نیشتەجێبوونەو بەپێی (عەبدولرەقیب یوسف) بێت رەنجوری لە مزگەوتی زێویێ كەركوك دامەزراوە بە ئێمامو مودەریسو ئەمەو (رەنجوری) خۆی ساڵی لەدایكبوونی نووسیوە كە ١١٦٤كۆچی ١٧٥٠-١٧٥١زایینییە..دووجار هاتۆتە كەركوك لە ساڵانی ١١٩٧و لەنزیك مزگەوتی تازە نیشتەجێ بووەو دووەمجار ١٢٠١ كە ئەمجارەیان بەتەواوی نیشتەجێی كەركوك بووە هەموو ژیانی تێدا بەسەربردووە. ئەوی ئەزانرێت ئەو مودەریس بووە لە مزگەوتی زێوێ كە دەكەوتە پشت تەكێی (شێخ عەبدولكەریمی كرپچنەیی). مێژووی كۆچی دوایی (رەنجوری) نازانرێت، بەڵام ئەوەی دەزانرێت (رەنجوری) ساڵی ١٢٢٥ لەژیاندا بووە. لەدەستنووسێكی رەنجوریدا هاتووە كە بەدەستی خۆی نووسیویەتی ساڵی ١٢١٠كۆچی بە ژمارە (١٣٩٩٠/٢)ە: ئەم چەند كاغەزە بەدەستی حەقیری فەقیر عومەر كوڕی خالید بەگی عەسكەری نووسراوە كە نازناوی (رەنجورییە) ڕۆژی شەممە ٢٦ی مانگ دوو ڕۆژ پێش ئێستا (عەبدوڵلا بەگ)ی میری هەولێر لێرەوە لەگەڵ عەسكەری كەركوكدا ڕۆیشت بەرەو بەغدا.

**تەكیۆ مزگەوتی سەید نورە دین**:- ئەم تەكێیە هی ماڵێكی سەیدی عەرەبە، بەڵام دەروێشەكانی هەموو كورد بوون، دەكەوێتە نزیك قوتابخانەی سەرەتایی ئیمام قاسمو گەڕەكی عاشور.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



**مەرقەدی قرغلەر:-** قەبرێکی کۆنە لەنێو ژوورێکدایە لەنێو قەبرسانە گەورەکەی زێویە واتا قەبرسانی (شێخ محێدین).

**تەکیێ کەسنەزانی:** لە گەڕەکی ئیمام قاسم-زێویەدایە، تەکییەکی کۆنەو بەدەست بنەماڵەی شێخانی کەسنەزانەوەیە، کە منداڵ بووین دەچووین بۆ سەیری زیکری دەروێشەکانی (شێخ عەبدولکەریم)و شتێکی سەیرو سەمەرە بوو لامان کاتێک دەمانبینی ئەو دەروێشانە چۆن بە چەقۆو بەزەرب لەخۆیان دەدا، ئەمەو ساڵانە دەروێشی تەکێ لەزۆر وڵاتەوە دەهاتن لەسعودیەو پاکستانو زۆربەی شارەکانی عێراق.

**مەرقەدی شێخ محێدین:** لەنێو قەبرسانی ئیمام قاسم-ە کە بە قەبرسانی (شێخ محیدین)یش بەناوبانگە، شێخ محی الدین ساڵی ١١٩٤ کۆچی دوایی کردووە.

**مەرقەدی ئیمام محەمەد:** لەسەر گردێکە لەقەبرسانی (شێخ محێدین)و لەناو گومەزێکی سەوزداو لە نزیك مەرقەدی (شێخ محێدین)ە، لەسەر دیوارەکەی نووسراوە: (مرقد الامام محەمەد بن الامام موسى الكاظم توفي ٢٠١ هـ وجدد مرقده سنة ١٤١٩ه من قبل الخيرين) ئەمەو چەند قەبرێك لەنزیکی بوون کە ئەمانەیان خوێندرانەوە بەم شێوەیە : قبر المرحومة امنة بنت (نووسینەکە دیار نییە ط.ف) سنة ١٣١٤ه دێڕەکانی تری دیار نەبوو. هەروەها قەبرێکی تر بەناوی: هذا قبر المرقد الشريف للعالم الكامل السيد عبداللطيف محەمەد بن السيد عبدالرحمن شوال ١٣١٢ه، هەروەها قەبری: هذا قبر ابراهيم افندي ابن عبدالرحمن ١٣٣٤ه.

**شێخە سوورە:** مەرقەدێکی بچوکە دەکەوێتە گەڕەکی زێوێ-وەو کۆڵانەکەش هەر بەناوی ئەم مەرقەدەوە ناونراوە کۆڵانی شێخە سوورە، نازانرێت مەرقەدەکە خاوەنەکەی کێیە.

ئەمەو چەند مزگەوتێکی تریش هەیە لە ئیمام قاسمو گەڕەکانی دەوروبەری وەکو ئیسکانو ئازادی، بەڵام ئەو مزگەوتانە تازە بوون بۆیە ناویانم نەهێناوە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



**گەڕەکی ئاخوڕ حوسێن(اخی حسین)**

ئەم گەڕەکە سنووری بەگەڕەکی ئیمام قاسمەوەیە یەکێکە لەگەڕەکە کۆنەکانی کەرکوکو بەرامبەر بەقەڵایە..چەندین مزگەوتو تەکیێ تێدایە کە ئەمانەن.

**مزگەوتی (نائیب):-** دەکەوێتە نێو گەڕەکی (ئاخوڕ حوسێن-اخی حسێن)و لەنێو بازاڕی حەسیرەکەیە بەرامبەر بە قەڵا ، لەبان دەرگای مزگەوتەکە ساڵی ١٢٣١کۆچی نووسراوە کە دەکاتە ١٧٣١زاینی...ئەم مزگەوتە وەکو دەردەکەوێت مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧٥ ساڵ پێش ئێستا ، لەلای کوردەکان ناوکۆڵانەکە بە مزگەوتی نائیب بەناوبانگەو بەڵام لای تورکمانەکان بە مزگەوتی نائیب ئۆغڵی بەناوبانگە..(عەبدوڵڵا بەرزنجی) کەوتووەتە هەڵەوە کاتێك دەڵێت ئەم مزگەوتە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دروست کراوە لەلایەن کوردێکی گەڕەکەکە-چونکە نووسراوە مێژووییەکان باس لە کۆنی مزگەوتەکە دەکەن ..من نەم ئەزانی ناوی مزگەوتەکە لەکوێوە هاتووەو بەسەریدا دابڕاوە یان لەچییەوە هاتووە، بەڵام لەکتابی (ذكرى ابي الثناء الالوسي) کە پارێزەرو نووسەری عەرەب عەباس عەزاوی نووسویەتی هاتووە: حاجی محەمەد ئەفەندی کەرکوکی کوڕی نائیبەو نازناوی (ئەسعەد)ە هەروەها بە (ابن النائب) مەشهورە، یەکێکە لەنائیبە بەناوبانگەکانی سەردەمی والی عوسمانی داوود پاشا والی بەغدا..هەروەها ئیبن نائیب ئەدیبێکی لێهاتوو بووە لەهەر سێ زمانی عەرەبیو تورکیو فارسی، هۆنراوە عەرەبیەکانی وەکو هۆنراوە تورکییەکانی باشن.

هەروەها (عەزاوی) دەڵێت: ناوی ئیبن نائیبم لەکتابی (التاريخ الادبي) هەروەها لەگۆڤاری (الثقافة الحديثة)ی کەرکوك هێناوەو ئەویش لەبەشی دووەمیدا..ئەم ئیبن نائیبە مزگەوتێکی لەکەرکوك هەیە. لێرەدا قسەکەی عەزاوی تەواو دەبێت بەمەش دەردەکەوێت مزگەوتی (نائیب) کە لەحەسیرەکەی شاری کەرکوکدا هەمان ئەو مزگەوتەی ئەسعەد ئیبن نائیبی وەزیری داود پاشای والی بەغدایە چونکە لەکەرکوك-دا مزگەوتی تر بەو ناوەوە نییە..ئەمەو مزگەوتەکە لەسەردەمی عوسمانیدا مەدرەسەیەکی تێدا بووە بەهەمان ناوی (نائیب ئۆغڵی) مامۆستاکەی ناوی (مەحمود ئەفەندی) بووە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**تەکێ و مزگەوتی (شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی) قەرەچێوار:**



لەسەر دەرگاکە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی نووسراوە کە بنیات نراوە..لەگەڕەکی ئاخوڕ حوسێنە..لەسەر دەرگاکەی نووسراوە (مسجد وتكية الشيخ عبدالكريم القطب والشيخ حسن القرجيواری والشيخ عبدالكريم الثاني) هەروەها نووسراوە کە ئەم مزگەوتو تەکیێە پێش ٣٠٠ ساڵ دروست کراوە، دواتر ئیمامی تەکیێەکە (شێخ وەهاب کوڕی شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی) قەرەچێواری تازەی کردووەتەوە.

ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٤٧ زایینی (شێخ حەسەن قەرەچێواری) لەکەرکوك لەدایك بووەو لەتەکیێەکەی باوکی خوێندنو نوسینی تەواو کردووە، شێخ حەسەن ساڵی ١٩٠٦ کۆچی دوایی کردووە لەشارۆچکەی قادر کەرەم، پاش ئەم (شێخ محێدین)ی برای لە ساڵی ١٢٦٨-١٣٣٥ی کۆچی تەکیێەکەی بەڕێوە بردووە، دوای ئەویش (شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ حوسێن) سەرپەرشتی تەکیێەکەی گرتووەتە ئەستۆو دوای ئەمیش محەمەدی کوڕی لە ساڵی ١٣١٥-١٣٧٤ کۆچی لەجێگای دانیشتووەو سەرپەرشتی تەکیێەکەی کردووە لەپاش کۆچکردنی ئەمیش (شێخ ئیبراهیم)ی کوڕی کە ١٩٢٠ زایینی لەدایك بووە جێگای گرتەوە لەتەکییەکەیاندا.

**تەکیێ سەید مونجوغ:**- ئەم تەکیێەم نەبینیوە، بەڵام (عەبدوڵڵا بەرزنجی) لەکتێبەکەیدا لەسەر کەرکوك باسی دەکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**مەرقەدی (اخی حسێن):**- مەرقەدێکی کۆن لەگەڕەکی ئاخوڕ حوسێن هەیە کە گومەزێکی سەوزی هەیە..من چوومە ژوورەوەی دوای ئەوەی کلیلی مەرقەدەکەمان لە ماڵێکی بەرامبەری وەرگرت کە چاودێری دەکەن..لە ژوورەوە وێنەیەکی دەستکردی کاك (ئەحمەدی شێخ)ی تیا هەڵواسرابوو مەرقەدەکە نازانرێ هی کێیە، ئەم مەرقەدە ساڵانی حەفتاکان وەکو لەخەڵکی گەڕەکەکە بیستم (سەید سەعید) تازەی کردووەتەوە، لەوە دەچێت مەرقەدێکی شیعە بێت چونکە ڕەسمی ئیمامەکانی تێدایە.

**مزگەوتی سەید غەنی:**- دەکەوێتە نێو بازاڕی حەسیرەکەو گەڕەکی ئاخوڕ حوسێن..ئێستا نوێژی تیا ناکرێت من بەرێکەوت ناوەکەیم لەسەر نەخشی سەر دەرگاکە بینی زۆر کۆنەو ئێستا دوو ماڵی کەم دەرامەتی تێدا نیشتەجێیە..لەساڵی ١٩٧٩ەوە داخراوە لەبەر ئەوەی لەلایەن کوردەوە کۆبوونەوەی تێدا کراوە..حاجی مستەفای ئیمامو خەتیبی ئەم مزگەوتە لەبەر ئەوەی وجاخ کوێر بووەو منداڵی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، ئێستا بێ خاوەنە، مزگەوتەکە لایەکی هەر بەکەلاوەیی ماوەتەوە، بەڵام چەندین تاقو نەخشی جوانی پێوە ماوە..ئەمەو من لە کەسایەتیە کۆنەکانی گەڕەکەکەم پرسی ووتیان ئەم مزگەوتەلە ساڵی ١٩٤٥ هەبووەو لەوە دەچێت کۆنتریش بێت...ئەمەو مزگەوتەکە کۆمەڵێك قەبری تێدایە..نەمتوانی بیانبینم لەبەر ئەوەی ڕێگە نەبوو بچم سەیریان بکەم.ئەم مزگەوتە مەدرەسەیەکی تێدا بوو بەناوی مەدرەسەی سەید غەنی (سەی محێدین) دەرسی تێدا دەوتەوە لەسەردەمی عوسمانیداو بنیاتنەرەکەشی سەید غەنی ئەفەندی نەقیب زادەیە.

**گەڕەکی موسەڵڵا**

مزگەوتی مستەفا قیردار: بنەماڵەی قیرداری تورکمانی شاری کەرکوك دایانمەزراندووە ساڵ ١٣٠٢ ك وەکو لەسەر قاپیەکەی نووسراوە...دەکەوێتە بازاڕی جووت قاوەوەو بەرامبەر بە قەیسەری نزیك پردی دووی کەرکوك، لە١٩٤١ (شێخ ڕەزای واعیز) مودەریس بووە لەوێو (مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی) فەقێ بووە لەلایو دواتریش بوو

مەكتەبی بیروهۆشیاری



به جێگری واعیز له دەرس وتنەوەدا، ئەمەو مەدرەسەیەكی تێدا بووە بەناوی (مەدرەسەی حاجی مستەفا) كە لەگەڕەكی چای بوو، تەوفیق ئەفەندی دەرسی تێدا ئەوتەوەو مەدرەسەكە حاجی مستەفا قیردار زادە دایمەزارندووە.

**مزگەوتی ئەلیاس:-** مزگەوتێكی تازە دیارە و ساڵی ١٩٦٦ زاینی نووسراوە وەكو ساڵی دروست كردنی، دەكەوێتە پشت بازاڕی خان خورماو بەرامبەر بە ئیمام ئەحمەدی كاكەیی كە قەبرسانێكی كۆنی كاكەییەكانە..ئەم مزگەوتە هی هۆزی كاكەییەكانەو سەید فەتاحی كاكەیی دروستی كردووە.

**مەرقەدی ئیمام ئەحمەد:-** بە توركمانی لە سەر قاپیەكەی نووسراوە (امام احمد مرقدی)..شوێنەوارێكی كۆنەو قەبرسانی كاكەییەكانی تێدایەو توركمانیش بە هی توركمانی دەزانن لەبەر ئەوەی بەشێك لەكاكەییەكانی ئەو گەڕەكە بە توركمانی قسە دەكەن، بونی گۆڕی پیرۆزی پیاوە ناسراوەكانی هۆزی كاكەیی لەدەوری گۆڕی ئیمامی پیرۆزیان ئیمام محەمەدو چەند ماڵێ لە ئاغاكانی ئەم هۆزە لە سێ كۆڵاندا كۆبووبونەوە ناوی توركیان پێوە نابوو ئاغاسیلەر.

**مەقامی سەلمان پاك:** دەكەوێتە گەڕەكی موسەڵلاوەو حەمامێكی كۆنیشی لەتەكەوەیەو دەكەوێتە نزیك بازاڕی گەراجی حەویجە.

**مزگەوتی مەلا مەجید:** جێگای ئێستایم نەدۆزییەوە، كۆتایی پەنجاكان مەلا باقرە كوێری كوڕی مەلا ئەحمەدی لەیلانی لێبووە.

**مزگەوتی مەلا حەمە ئەمین جەباری:-** بەرامبەر بە خانی خورما بووە، جێگای ئێستایم بەرچاو نەكەوت.

## گەڕەكی پریادی

گەڕەكی پریادی یەكێكە لەگەڕەكە كۆنەكانی شاری كەركوك لە پاش قەڵاو ئیمام قاسم، خەڵكی دێی پریادی ناوچەی چەمچەماڵ بناغەیان داناوەو ئاوەدانیان كردووەتەوە، چەندین مزگەوتی تێدایە وەكو (مزگەوتی سەید نوری بەرزنجی تەیمەزاوەیی لەیلان مەلای مزگەوتەكە عەبدولرەحمانی سیامەنسووری بوو، مزگەوتی (مەلا ڕەزای واعیز)،



مەكتەبی بیروهۆشیاری



مزگەوتی مەلا عابید، مزگەوتی سەید كەریم، مزگەوتی منارە نەخشینە).

**مزگەوتی منارە نەخشینە (نەقشلی منارە):-** بەمەنارە نەخشێنراوەكەی بەناوبانگە، بەپێی ئەو مێژووەی لەسەری نووسراوە بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨١٨ی زاینی هەمان ساڵی بنیاتنانی گەڕەكی پیریادیو ئاوچی، ماوەیەكیش ناوی مزگەوتی فەرهاد بووەو زەمانی حكومەتی بەعس ناوی نرا مزگەوتی (حمزة بن عبدالمطلب)، لەسەر قاپیەكەی بە نەخشێك ساڵی ١٢٣٣ كۆچی لێ نووسراوەو دەكەوێتە پشت قەیسەری گەورەی جووت قاوە. كە لەكۆندا ناوی (فرهادی) بووە، ساڵی ١٩٢٥ مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی كراوە بە ئیمامو خوتبە خوێنی مزگەوتی فەرهاد (نەقشلی منارە)و ئەو كات مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی كوڕیشی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ كەركوك. بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنگیری (شێخ مەحمود) بووە لابراوە لەو مزگەوتەو گەڕاوەتەوە بۆ دێی (باداوا).

**مزگەوتی عوسمان بن مەزعون:-** ساڵی ١٣٦٩ ی كۆچی لەسەر نووسراوە، لەوە دەچێت ئەو مێژووە نوێ بێتو هەروەها ناوەكەیشی، چونكە مزگەوتێكی كۆنەو لەوە دەچێت ناوێكی تری هەبووبێت.

**مزگەوتی مەلا ڕەزای واعیز(مەنمی):-** دەكەوێتە گەڕەكی پیریادییەوەو بەناوی زانای ئاینی شاری كەركوك (مەلا ڕەزای واعیز)ەوە ناونراوە كە كوردنو زەنگنەن، ئێستا خۆیان بەتوركمان دەزانن، پارێزەر (نورەدین واعیز) كوڕی ئەم (مەلا ڕەزا واعیزە) بوو، خۆیان زەنگنەنو بەرەگەز سیامەنسوری لەیلانن، ئیخوان موسلمین بوو یەكێك بوو لەتاوانبارەكانی ١٩٦٣ كە چوونە لای ڕژێمی بەعسو داوای لە سێدارەدانی (٢٨) پیاوچاكی كوردیان كرد..(مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) ساڵی ١٩٤١ لەو مزگەوتەداو لەلای (مەلا ڕەزای واعیز) بووەتە فەقێو دواتر بووە بەجێگری (مەلا ڕەزای واعیز) بۆ دەرس ووتنەوە..ئەمە بوو هەر هەمان ساڵ (مەلا جەمیل) لەو مزگەوتە گیراوەو نەفی

کراوە بۆ نوگرە سەلمان.

**مزگەوتی شێخ نوری( سەید نوری ):-** مزگەوتێکی کۆنو دێرینە، دەکەوێتە گەڕەکی پیریادییەوە، خودی (شێخ نوری) کە مزگەوتەکەی بەناوەوە نراوە خەڵکی ناوچەی (دۆڵ پەمو) بووە، (محەمەد کەریم مستەفا) تەعمیری کردووە ساڵی ٢٠٠٣و (سەید تەیب سەید مەحمود خزر نەعیمی) سەرپەرشتی مزگەوتەکە دەکات..هەروەها هاتووە کە (سەید نوری) خەڵکی تەیمەزاوەیەو بەرزنجییە.

**مزگەوتی مەلا عابد:-** بەناوی (مەلا عابد) یان (مەلا عەبدوڵڵا)ەوەیە، لەسەر دەرگای مزگەوتەکە نووسراوە کە گومەزەکەی (مەلا حاجی عابد عەبدوڵڵا) دروستی کردووەو ساڵی ١٣٨٢ کۆچی (حاجی خزر کوڕی حاجی یونس) تەعمیری کردووەتەوە، جێگای ئاماژەیە ئەم (مەلا عابد)ەی کە مزگەوتەکەی دروست کردووە بە ڕەگەز جوولەکەو یەهوودی بووەو دواتر بووە بە ئیسلام، دیارە ئەمە بەپێی ووتەی هەندێك لەهاووڵاتیانی گەڕەکی پریادی.

**مزگەوتی حاجی قادر( عەلاو ):-** مزگەوتێکی کۆنە لەنێو گەڕەکی پریادیو قەبری (مەلا عەبدولقادر)ی بنیاتنەری مزگەوتەکە لەژوورێکی تەك حوجرەی نوێژکردنەکەیە، ساڵی ١٣٥١کۆچی، لەسەر نووسراوە وەکو ساڵی مردنی..ئەمەو لەسەر دەرگای مزگەوتەکە بەتورکی عوسمانی یان تورکمانی ساڵی ١٣٢٣کۆچی نووسراوە وەکو ساڵی بنیاتنانی مزگەوتەکەو هەروەها لە ژوورەوەو لە سەروو جێگای ئیمامو خەتیبی مزگەوتەکە تاریخی ١٣٢٠ هیجری نووسراوە ئیتر نازانین کامیان ساڵی سەرەتای بنیاتنانی مزگەوتەکەیە، ئیمامو خەتیبی مزگەوتەکە (مەلا فاتیح ڕەزاو مەجید جەمیل سەعید هاشم)یە، کە لەوە دەچێ تورکمان بن چونکە من بەبینین ئەوانم نەبینی.

**مزگەوتی ینکی نعمان:-** ١٣٨٠کۆچی ١٩٦٠ زاینی لەسەر دەرگاکەی نووسراوە ڕەنگە لەو ساڵەدا نوێکرابێتەوە، ئەگینا مزگەوتەکە کۆنەو نەخشو نیگاری نوسینی کۆنی پێوەیە.. دەکەوێتە کۆتایی بازاڕی جووت قاوەو سەرەتای گەڕەکی پیریادی، مێژووی





بنیاتنانی مزگەوتی حاجی نوعمان دەکەوێتە هەمان ساڵ کە مزگەوتی منارە نەخشینەی تێدا دروست کراوە واتە ساڵی ١٨١٨ی زاینی.

**مزگەوتی مەلا سەید عەزیز پریادی:-** ئەم مزگەوتە کۆندا هەبووە، بەڵام ئێستا نەماوە..خاوەنەکەی (مەلا سەید عەزیز پریادی) خەڵکی قەزای چەمچەماڵ بووە، ئەم (مەلا سەید عەزیزە) باپیرەی (د.زەنون پریادی)یە..(دکتۆر زەنون) وا باسی باپیری دەکاتو دەڵێت: (مەلا سەید عەزیز)ی باپیرەم لەدێی پیریادییەوە کۆچی کرد بۆ کەرکوكو لە گەڕەکی پیریادی نیشتەجێ بوو هەر لەوێش ژنی هێنا، دوای هاتنیشی خەڵکی کۆڵانەکە مزگەوتێکیان بۆ بنیات نا لە ناوەراستی کۆڵانەکەو بە ناوی (مزگەوتی مەلا سەید عەزیز پیریادی) ئەم مزگەوتە تا ساڵانی چلەکانی سەدەی بیست مابوو.

## گەڕەکی بڵاخ

یەکێکە لەگەڕەکە دێرینەکانی کەرکوكو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەڵاو نزیك گەراجی سلێمانییەوە. چەندین مزگەوتو تەکیێ لێیە.

**مزگەوتو تەکیێ خادم سوجادە:-** یەکێکە لەمزگەوتە کۆنەکانی کەرکوكو بنەماڵەی کوردی (خادم سجادە) بنیاتیان ناوەو بەڕێوەی دەبەن، دەکەوێتە گەڕەکی بڵاخ-ەوەو لەپشت قوتابخانەی (نەجاح)ی کۆنو (شێخ ڕەزای سەرەتایی) ئێستاو نزیك گەراجی سلێمانی..ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بوونی هەبووەو هەروەها ١٢٩٧کۆچی ناوی هاتووە لەسەرچاوەکاندا ، ئەو مزگەوتە لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا وێران کراو بەتاڵان براو چی تێدابوو برا بۆ بەغدا..بنەماڵەی (خادم سوجادە) یەکێکن لەبنەماڵە کوردە بەناوبانگەکانی کەرکوكو باپیریان واتە (ڕەفیق خادم سوجادە) سێ کوڕی هەبوو بەم ناوانە (عەلی)و (ئەمجەد) کە لە هەولێرنو هەروەها ڕەفعەت. (عەلی ڕەفیق خادمیش سوجادە) سێ کوڕی هەبوو بەم ناوانە (نەجات) مردووەو نیهادو سەفوەت، ڕەفعەتیش دوو کوڕی هەیە بەناوی (ساتع) کە ئێستا مردووەو هەروەها سوعاد کە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مامۆستای خانەنشینەو لەژیاندا ماوە..(عەلی ئەفەنی)و (رفعەت ئەفەنی) ماوەیەك سەرپەرشتیاری ئەم تەکیّیە بوون.

**مزگەوتی ئیمام حەمزە:-** دەکەوێتە ناو جەرگەی گەڕەکی بلاّخی شاری کەرکوكو لەسەر قاپیەکەی سالّی( ١٢٤٠ )ی کۆچی نووسراوە وەکو سالّی بنیاتنانیو مالّێکی بەرەگەز (سەیدی عەرەب) بەڕێوەی دەبەن بەناوی مالّی (سەید یاسین)...

**مزگەوتی شێخ جگری(شالّچی) (شێخ جیرییەکان):** مزگەوتێکی کۆنەو دەکەوێتە نێو گەڕەکی بلاّخەوە، ئەم مزگەوتە بەناوی (سەید هدایەت شالّچی)یەوە، کۆمەلّێ مالّی شالّچی لێبوو. من سەرەتا ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشام کە ناوێکی کوردییە ، چونکە ئێستا دەوروبەری مزگەوتەکەو کۆلاّنەکە زیاتر تورکمانی تێدایە..من سەردانی ئیمامو خەتیبی مزگەوتەکە (سەید مستەفا سەید محەمەد جەباری)م کرد کە لەدایکبووی سالّی ١٩٣٩ یە بۆ ئەوەی بزانم کە لە چ بنەمالّەیەکەو لەچ نەتەوەیەکە چونکە کاتێ هەوالّیم لەخەلّکی گەڕەکەکە پرسی، وتیان: تورکمانە..کە چوومە مالّیان ئەو ووتی کاکە وەلّلاّ تورکمان نین، بەلاّم لەبەر ئەوەی چەندین سالّە لێرە نیشتەجێینو هاوسێی تورکمانین بۆیە بەوە ناسراوین ئەگینا من خۆم جەباریمو خێزانەکەشم هەر کوردە...ئەم مزگەوتەش سەرەتا مەلایەکی کورد دروستی کردووە کەلە ناوچەی (شێخ جیریی)ەوە هاتووەو کە دەکەوێتە ناوچەی (قەرە حەسەنە)وەو لەنزیك جادەی کەرکوك-سلێمانیەوەو لەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بووەو دواتر کۆچی دوایی کردووە، بۆیە هەر بە ناوی ئەوەوە ناونراوە، بەلاّم لە جیاتی (شێخ جیری) کراوە بە (شێخ جگەری)...پێشتر (سەید محەمەد) کە بە(حەمە سوور) ناسراوە ئیمامی مزگەوتەکە بووەو بە تورکمانیش یان عوسمانی لەسەر قاپیەکەی نووسراوە کە سدیق بەندە غەفوور سالّی ١٣٧٥ تەعمیری کردووەتەوەو سەرەتای دروستکردنیشی نازانرێ..ئەمەو هەروەها دەربارەی هاتووە: مزگەوتی شالّچی دروستکەرەکەی خەلّکی دێی (شێخ جیری) ناوچەی لەیلانە بەرەگەز.

**مزگەوتی محەمەد غەوس:-** نزیك بازاڕی حەلواچییەکانو جووت قاوەیە، مزگەوتەکەو هەروەها مەدرەسە ئاینیەکەشی سالّی ١٧٨٠ ی زاینی بنیاتنراون، مەدرەسەکە زاناو ئەدیب (حاجی محەمەد غەوس ئەفەندی موفتی زادە) بنیاتی ناوە



مەکتەبی بیروهۆشیاری



لەگەڕەکی حەلواچی سالّی ١١٧٣کۆچی ١٧٥٩ی زاینیو ئێستا بەمزگەوتی (قازی ئۆغلۆ) بەناوبانگە. ئەمە وتەی (نجات کەوسەر ئۆغلۆ)یە، راستییەکەی مزگەوتەکە ئێستاش هەر بەناوی مزگەوتی (غەوسە)وەیەو ناوەکەی نەگۆڕاوە.

**مزگەوتی مەلا مەردان:-** سەردانیم کرد ، دەکەوێتە گەڕەکی بلاّخو ئەم مەلا مەردانەی مزگەوتەکەی پێ ناونراوە باوکی زانای کەرکوك (مەلا مەجیدی قوتب)ە..کە لەشەستەکاندا یەکێك بوو لەزانا ئاینیەکانی شاری کەرکوك.

**مزگەوتی ئەحمەد ئاغا:-** لەگەڕەکی بلاّخ بووە نزیك قەلاّ ، جێگای ئێستا دیار نییە..ماوەیەك (مەلا ئەحمەدی جەباری) مەلای ئەم مزگەوتە بووە...نزیك حەمام ئەتلەس بووە.

**مزگەوتی توقات (طوقات):-** دەکەوێتە گەڕەکی پیریادییەوە، من ئەو مزگەوتەم بەرچاو نەکەوت، ئیتر ئایا ئێستا ماوە یان نا ئەوە نازانم.

## گەڕەکی چقوڕ

**مزگەوتی توبالّ مەلا عەزیز:-** ئەم مزگەوتەم نەبینیوەو دەرفەتم نەبوو سەردانی بکەم..

## گەڕەکی شۆریجە

گەڕەکی شۆڕیجە سەرەتا دێیەکی سەر بە کەرکوك بووە دواتر تێکەلّ بەشارەکە بووە دوای فراوانبوونی زۆر، مزگەوتی کۆنی تێدا نییە، تەنها چەند مزگەوتێك کە ئەویش لێرەدا باسی دەکەین

مزگەوتی (شێخ عەبدولڕەحمان شۆڕجە)و مزگەوتی (شێخ مەحمود شۆڕجە): لەوە دەچێت یەك مزگەوت بێت کە (شێخ مەحمودی شۆڕجە) بنیاتی ناوە شۆڕیجە کاتێك تەنها دێیەکی نزیك کەرکوك بووە..ئەمەو شێخ مەحمود شۆڕجە لە ١٨٩٥ کۆچی دوایی کردووە.

ناوی چەندین مزگەوتی تریش هاتووە کە تەنها ناوەکانیان دەلّێین: مزگەوتو تەکیێ

مەکتەبی بیروهۆشیاری



(شێخ ئیسماعیل بەرزنجی گۆڵباخی زەنگنـه، مزگـەوتی سـەید نـوری، مزگـەوتی مـەلا سەعیدی ڕۆژبەیانی، مزگەوتی سەید عەبدوڵلاو شێخ سوڵتان).

## بەشی دووەم:-

### بەری قۆریەو قشڵە

بەری ئەو بەری قەڵا یان (قۆریەو قشڵە) تازەترە لەبـەری ئەمبـەر(کـەرکوکی کـۆن)، کۆنترین سەرچاوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ ی زایینی وا باس دەکـات کـە گـەڕەکی قۆریە ئەو سەردەمە دێیەکی بچوکی سەر بەکەرکوك بووەو حەفتا مـاڵێکی تێـدا بـووە. بەری قۆریەو قشڵە چەندین مزگەوت‌و شوێنەواری کۆنی تێدایە کـە لێـرە بـەدواوە باسـی دەکەین.

### گەڕەکی شوان

یەکێکە لەگەڕەکە کۆنەکانی بەری قۆرییەو کورد بنیاتی نـاوە، ئێـستا نـاوی نـەماوە وەکو گەڕەك، چەند مزگەوتێکی تێدایە ئێمە کۆنەکانی باس دەکەین.

**مزگـــەوتی حـــاجی عەبـــدولڕەزاق ئەلتوحـــەفی( التحفـــی ):-** لـەخوار پـردی دووهەمەوەیـە (واتـا پـردی شـەهیدان)، هـەمان مزگـەوتی (عـەبدولڕەحمان تـوحفیی)ە. دەکەوێتە بەری ئەوبەری قەڵا نزیـك پـردی دوو بـانقی رافیـدێن، هەرچـەند ئـەم مزگەوتـە تۆزێك نوێیە بەڵام لەبەر ئەوەی ناودارەو کەوتووەتە ناوەڕاستی شارەوە بۆیە باسمـان کـرد، وەکو لەو کەسانەی نزیك مزگەوتەکەم پرسی وتیـان سـاڵی ١٩٤٦ بیناکـەی تـەواو بـوو، بـەڵام بناغـەکـەی سـەرەتا سـاڵی ١٩٤٣ لێـدرا دوای سـێ سـاڵ تـەواو بـووە، ئـەوکات مزگەوتەکە ناوی کەرکوك بووە دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ئەو ناوەی ئێستای، خاوەنەکـەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



نـاوی (عـەبـدولڕەزاق مـەحمود)ەو خـەڵکی کـەرکوك بـووە سـاڵی ١٩٤٧ کۆچـی دوای کردووەو قەبرەکەی لەناو ژوورێکدایە لە مزگەوتەکەدا (نورەدین محەمەد رەشید شەریف) ئیمام‌و خەتیبی مزگەوتەکەیە.

**مزگەوتی شوان:-** ئەم مزگەوتەم نەبینیوە لە کتێبـی کەرکوك لە مێژودا (عەبدوڵلا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی) ناوی هاتووە.

### گەڕەکی بەگلەرو حەمام عەلی

دەکەوێتە نێوان گەڕەکی قۆریەو گەڕەکی ئەڵماسـەوە، یەکێکـە لەگەڕەکـە کۆنـەکانی شاری کەرکوك‌و چەندین ماڵی کۆنی تێدایە کە نەخش‌و نیگاری جوانی پێوەیە.

**مزگەوتی ئیبراهیم بەگ نەفتــچی:-** مزگـەوتێکی کـۆن‌و دێرینـەو دەکەوێتـە نێـو گەڕەکی حەمام عەلیل، مزگـەوتێکی گـەورەو فراوانـە..لـەوە دەچـێت هـەمان بنەماڵـەی نەوتچییەکانی کـەرکوك دروسـتیان کردبێـت کـە بنەماڵەیـەکی بـەناوبانگی کـەرکوکن‌و تورکمانن، مزگەوتەکە دەکەوێتە پشت ناوەندی شەرقییەوە کە ئێستا روخێنراوە.

**مزگەوتی خەلیفە کەریم:-** دەکەوێتـە نـاو بـازاڕی حـەمام عـەلیل-ەوەو لەسـاڵانی چلەکانەوە دروست کراوە.

**مزگەوتی مەلا عەلی:-** بنیاتنەرەکەی مەلا عەلی کوردەو باوکی (حاکم نورە دین‌و ئەفسەر عـزەدین)ەو کـە ئێـستا ئـەوان مـاون لەژیانـدا..ئەمـەو قـەبرێکی کـۆنی تێدایـە لەسەری نووسراوە(هذا ضريح السيد يوسف النعيمي استشهد سنة ١٩١٨)، ئەمـەش کۆنی ئەو مزگەوتە دەردەخات کە بێگومان ئـەبێت لـەپێش سـاڵی ١٩١٨ دەدا بووبێـت بۆیە ئەو قەبرەشی تێدایە..ئەمەو پێشتریش مزگەوتەکە لەپشت حەمامی (عەلی بەگ)ەوە بووە کە لەولاتری ئەم جێگایەی ئێستایەتی.

**مزگەوتی حەبیب ئاغای هورمزی:-** دەکەوێتە نێو گەڕەکی (حەمام عەلیل)، بەڵام بەپێی بینای مزگەوتەکە لەوە دەچێت تازە بێت، ئەمەو عەبدوڵلا بەرزنجی ناوی مزگەوتی حەبیب ئاغای بیبانی دێنێت‌و دەڵێت نزیك گەڕەکی جرت مەیدان بووە، (مەلا خورشـید

مەکتەبی بیروهۆشیاری



سیامەنسوری) مەلای مزگەوتەکە بووە. لەوە دەچێت هەمان مزگەوتی هورمزی بێت.

**مەرقەدی سەید عەلاوی مهنی نعێمی:-** ئەم سەیدە عەرەبە سالّی ١٨١١ کۆچی دوایی کردووەو مەرقەدەکەشی لەشوێنێکی بچوکدایەو قەبرسانێکیشی تێدایە..من سەردانیم کردو بینای مەرقەدەکە کۆن دیارە.

**مەرقەدو تەکێی سەید خەلیل نعێمی:-** دەکەوێتە ئەوبەری (حەمام عەلیل)ەوەو بنەماڵەیەکی عەرەب دایانمەزراندووە.

**قەبرسانی تەعلیم تەپە:-** دەکەوێتە ئەوبەری گەڕەکی (حەمام عەلیل)و بەگلەرەوەو گومەزی مزگەوتێکی کۆنیشی تێدا ماوە.. ئەم قەبرسانە لەسەر گردێك دروستکراوە.

**مەقامی ئیمام عەباس:-** مەقامێکی لێە و پێکهاتووە لەگومەزێکی بچوك پێی دەوترێت ئیمام عەباس ئیتر نازانرێ لە چییەوە هاتووەو لای خەڵکی گەڕەکەکە پیرۆزە.

**مزگەوتی گەڕەکی بەگلەر:-** سالّی ١٩١٨ (مەلا رەحمەتوڵلا جەباری) ئیمامو خەتیبی بووە، ماوەیەکیش (مەلا رەحیم گلی) مەلای مزگەوتەکە بووە ..من ئەم مزگەوتەم نەدۆزییەوە.

## گەڕەکی شاترلو

**مزگەوتی حاجی باقی:-** سالّی ١٨٨٢ز دروست کراوەو چەندین قەبری پیاوی ئاینی کوردی تێدایەو بەرامبەر چێشتخانەی (کەباب عەبدوڵلا)یەو نزیك ئۆرزدییە...دەکەوێتە سەرەتای جادەی جەمهوری، ئەم مزگەوتە مەدرەسەیەکی تێدابووە سەردەمی عوسمانی بەناوی (مەدرەسەی شێخ باقی) مامۆستا (محەمەد ئەفەندی) دەرسی تێدا دەوتەوە، (شێخ عەبدولباقی ئەفەندی) دایمەزراندووە.

**خانەقای سەید ئەحمەدی خانەقا:-** دەکەوێتە بەری قشڵەوەو بەپاڵ کتێبخانەی گشتی کەرکوک-ەوەیە..سالّی ١٢٧٥ کۆچی، بنیات نراوە...سوڵتان (عەبدولمەجید)ی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



عوسمانی فەرمانی دورستکردنی ئەو خانەقایەی داوە بۆ بنەماڵەی سەردار کە دواتر بەبنەماڵەی خانەقا ناسران ، (سەید ئەحمەدی خانەقا) سەرۆکی ئەو بنەماڵەیە بوو سەردەمانێك، دوای مردنی سەید ئەحمەد (سەید حوسێنی) کوڕی جێگای گرتەوە کە لە١٩١٣ لەکەرکوك لەدایك بووە، بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی خانەقا) لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی سەرگەڵوی سەر بە ناحییەی سووروداشن ١٧٠ سالێك پێش ئێستا هاتوونەتە شاری کەرکوك..یەکەم کەسی بنەماڵەکە کە هاتووەتە کەرکوك (سەید ئەحمەدی سەردار) بووە لەدوای مردنی ئەو (سەید عەبدولقادر) لە شوێنەکەی دانیشتووەو لەکەرکوك کۆچی دوایی کردووەو لەنێو خانەقاکەدا نێژراوە، دوای ئەویش (سەید حوسێن) جێگەی گرتووەتەوەو دوای ئەویش کوڕی دووەمی (سەید ئەحمەدی حوسێنی) ناسراو بە خانەقا چووە جێگەی زنجیرەی بنەماڵەی خانەقا بەم شێوەیە بووە سەید ئەحمەدی سەردار، شێخ قادر، شێخ حوسێن، (سەید ئەحمەدی خانەقا شێخ حوسێن).

(سەید ئەحمەد ) کابرایەکی خێرخوازو ناوداری شاری کەرکوك بووەو هەروەها لەبەر بۆچوونەکانی کە دژی ئینگلیزەکان بووە چەندین جار گیراوەو دوور خراوەتەوە..ئەمەو خانەقاکە دەکەوێتە گەڕەکی شاترلۆەو مزگەوتی عەلی پادشای والی شارەزووریش پێش چوار سالّ لەدروست کردنی خانەقاکە بنیاتنراوە.

ناوی تەواوی (سەید ئەحمەدی خانەقا ئەحمەد کوڕی حوسێن کوڕی عەبدولقادر کوڕی ئەحمەد سەردار بەرزنجی)یە، (ئەحمەد سەردار) خەلیفەی (شێخ خالیدی نەقشبەندی)یە لەدێی سەرگەڵوی سەر بەناحییەی سووروداشی سلێمانی هاتووە بۆ کەرکوك.

سەید ئەحمەدی خانەقا سالّی ١٨٦٨ لەکەرکوك لەدایك بووە، لەلای (عەلی حیکمەت) ئەفەندیو باقی زانایانی سەردەمەکەی خوێندویەتی. تا بلێی کابرایەکی خێرومەند بووە.. سالّی ١٩١٥ لەشەڕی (شوعەیبە)دا بەشداری کردووە دژی ئینگلیزەکان سالّی ١٩٥٢ لەکەرکوك کۆچی دوایی کردووە.لەبنەماڵەی خانەقا چەندین کەسی تری ناسراوی تیا هەڵکەوتووە، وەکو (رەئووف خانەقای ئەدیب) کە سالّی ١٩٧٣

مەكتەبی بیروهۆشیاری



لە تەمەنی نزیك حەفتا ساڵیدا كۆچی دوای كردووە.

هەروەها لەسەرچاوەكاندا هاتووە كە ساڵی ١٢٧٧ هیجری، والی شارەزور كە ناوەندەكەی لەكەركوك بوو (ئیسماعیل پاشای كوڕی محەمەد تەیار كوڕی ئیسماعیل پاشای یەكەم) كە یەكێكە لەمیرەكانی بادینان (امارە بهدینان) و ناوەندەكەی لەئامێدی بوو، بەپێی ئەو وەقفەی هەیەتی بەمێژووی (٩)ی سەفەر-ی ساڵی ١٢٧٧ كۆچی (١٨٦٠/٩/٧)زاینی خانەقاو تەكییەی بۆ (شێخ قادر كوڕی سەید ئەحەمەدی سەرداری سەرگەڵویی) خەلیفەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بنیاتناوە كە دواتر بووە بەگەورەترین‌و بەناو بانگترین تەكییەكانی شاری كەركوك‌و تا ئێستاش بەناوی خانەقای (سەید ئەحەمەدی خانەقا)وە ناسراوە. بەرامبەر قاپی تەكییەكە میری بادینان كۆشكێكی خۆشی دروست كرد بۆخۆی كە تا ئێستاش نەخش‌و زەخرەفەی جوانی پێوە ماوە، (ئیسماعیل پاشا) تەكیۆ خانوەكەی وەكو وەقفێك لەسەر شێخ قادر تۆمار كرد بێجگە لەچەندین خانوو بەرەو زەوی تر بۆ خەرجی تەكێیەكە

(مەلا عەبدولەجیدی قوتب) گەورەی زاناكانی كەركوك، وێنەیەكی ئەو وەقفەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەهەشتاكانی سەدەی بیستدا حكومەتی بەعس ئەو نەخشەیەی بە عوسمانی لەسەر قاپی تەكییەكە نووسرابوو سڕییەوەو لەجیاتی ئەوە نووسنێكی عەرەبی بەناوی (سەدام) یان (قادسییەی سەدام) دانا دوای تەعمیركردنێكی تێكدەرانە.

**مزگەوتی قایش محەمەد پاشا:** نزیك خانەقای (سەید ئەحمەد) بووە دواتر ناونراوە قادسییە.

**مزگەوت‌و مەدرەسەی سورانی:** بەرامبەر بە خانەقای (سەید ئەحەمەد) بووە ئێستا نەماوە، پێشتر یەكێك لە میرەكانی سۆران بنیاتی ناوە، ئەمەو موتەسەریفی كەركوك (ئەحمەد پاشای ئەیوبی زادە) ساڵی ١١٢٧ی كۆچی ١٧١٥ی زاینی، مەدرەسەی (ئەیوبی ئەحمەد پاشای) دامەزراند لە گەڕەكی شاترلو، بەڵام ئێستا ئاسەواری نەماوە، دواتر ناوی نرا مەدرەسەی سۆرانی، لەبەر ئەوەی نەوەی (سۆرانی زادە) مەدرەسەكەیان



مەكتەبی بیروهۆشیاری



بەڕێوە دەبرد. ماوەیەك (مەلا ئەحەمەد باداوەیی) ئیمام‌و خەتیبی ئەم مزگەوتی سۆرانییە بووە.

## گەڕەكی قۆرییە

یەكێكە لەهەرە گەڕەكە دێرینەكانی بەری نوێ یان بچوكی شار، كە بەناوی بەری قۆرییەش بەناو بانگە، ئەم گەڕەكە چەندین مزگەوت‌و خانەقای دێرینی تێدایە كە ئەمانەن:-

**مزگەوتی مەلا ئەحمەد مەلا حەكیم (مزگەوتی الصدیق):-** یەكێكە لەمزگەوتە دێرین‌و كۆنەكانی گەڕەكی قۆرییە، تەنها ساڵی تەعمیرەكەی لێ نووسراوە كە یەكەم جار ١٩٦٣ی زاینییەو دووەمجار ١٩٩٢ە.. بەپێی قسەكانی مامۆستا (ا،ح) بێت كە لەدایكبووی ١٩٤٥ی هەولێرەو خۆی لە هۆزی گەردی كوردەوماڵیان لە قۆریەیە: دەڵێت ئەو مزگەوتە سەرەتا (حاجی مەحمود) بینای كردووە...مزگەوتەكەش بەناوی (مەلا ئەحمەد)ەوەیە كەبە ئەسڵ كوردن‌و ئێستا خۆیان بە توركمان دەزانن، ئیمام‌و خەتیبی مزگەوتەكە (مەلا حوسێن كوڕی مەلا ئەحمەد كوڕی مەلا حەكیم)ە، ئیستا (مەلا حوسێن) ماڵی لە لای پردی سێی كەركوك-ە، ئەمەو باپیرە گەورەی ئەم (مەلا ئەحمەد)ە بە (شێخە سوورە) بەناوبانگ بووە ئەمەش ناوێكی كوردییە چونكە توركمان بە سوور دەڵێن قرمز.

**مزگەوت‌و تەكیی سەید عەبدولجەلیل نعێمی:-** دەكەوێتە نزیك مەزاتخانەكەو هەر لەریزی ئەویشدایە.

**مزگەوتی بلال حەبەشی:** لەناو بازاڕی سەوزە فرۆشەكانە لە گەڕەكی قۆرییە، مێژووەكەی نازانرێت، لەوە دەچێت ناوەكەی ئێستای نوێ بێت.

**مزگەوتێكی بچكۆلەو كۆن:** لەناو بازاڕی لەنگە (كۆنە) فرۆشەكانی قۆرییەدایە مزگەوتێكی بچكۆلەو كۆنە، زانیاری ئەوتۆم لەسەری نییە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**مزگەوتو قەبرسانی شوهەدا ( شەهیدان ):** لەپشت مەزاتخانەکەی شارع ئەتلەسە مێژووی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٠ کۆچیو ١٤٠٣ کۆچی تازە کراوەتەوە.

**مزگەوتی عەمار بن یاسر:** لەناو بازاڕی قوریەیە ئیمامو خەتیبەکەی تورکمانە بەناوی (حەسەن عەباس حەمید) .

**مزگەوتی عتبە بن غزوان:** لەنێو گەڕەکی قۆریەدایەو ئیمامو خەتیبەکەی کوردە بەناوی (مەلا ناسح عەلی ئیبراهیم).

**مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغای مستەفا ئاغا:** ماوەیەك ئەسیری لەوێ خوێندوویەتی.

**شەقامی کۆماری ( شارع جمهوری )**

ئەم مزگەوتانە ڕێك دەکەوێتە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامی جەمهوری (شارع جمهوری) بۆیە من بەباشم زانی نەیخەمە نێو هیچ گەڕەکێکەوەو بەناوی مزگەوتەکانی نێو (شەقامی کۆماری-شارع جمهوری) بیاننوسم.

**مزگەوتی تکریتی ( حاجی ئیبراهیم بەگ تکریتی ):-** ڕێك لە ناوەڕاستی جادەی کۆمارییە بەدیوی (ئەحمەد ئاغادا)، ساڵی ١٣٢٩ کۆچی بنیاتنراوەو واتە دەوروبەری ١٩٠٩ زاینی و لەساڵی ١٣٧٥ھ ١٩٥٥ز تازە کراوەتەوە.بنەماڵەی تکریتییەکان کە هاتوون بۆ کەرکوك دروستیان کردووە.

**مزگەوتو خانەقای کەوسەر:-** لەکۆڵانی بەرامبەر (کازینو منورە)یە کۆنو دێرینەو ساڵی ١٨١٨ز دروست کراوە..لەلایەن بنەماڵەی (شێخ حوسامەدین) کە تورکمانن، دەکەوێتە کۆڵانی بەرامبەر کازینۆی (منور)ە لە شەقامی کۆماری.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



**گەڕەکی ئەڵماس( مەلا عەبدوڵڵا )**

لەوە دەچێت ئەم گەڕەکە چەندین مزگەوتی کۆنی تێدا بێت، بەڵام من دەرفەتی ئەوەم نەبووە هەموو گەڕەکەکان بەسەر بکەمەوە بۆیە زانیاری کەمترم هەیە لەسەر ئەم گەڕەکە.

**مزگەوتی شێخ سەلمان:-** نزیك هێڵی شەمەندەفەر بوو، زانیاری ئەوتۆم لەسەری نییە.

**تەکیەی مەهمەنی زەرتەکی:-** نزیك هێڵی شەمەندەفەر بووە. زانیاری ئەوتۆم لەسەری نییە.

**گەڕەکی تسعین**

گەڕەکی (تسعین) کە دەکەوێتە باشووری شاری کەرکوك سەرەتا دێیەك بووە نزیك کەرکوك دواتر بەهۆی فراوانبوونی شارەکە بوو بەیەکێك لەگەڕەکەکانی شار..زۆرینەی خەڵکەکەی تورکمانی شیعەی جەعفەرین.

**مزگەوت و مەرقەدی سوڵتان ساقی:-** مزگەوتێکی کۆنەو قەبرسانێکی لەلاوەیە، مەرقەدێکی کۆنی تێدایە بەناوی (سوڵتان ساقی).

**مەقامی سەرکردەی سەفەوی ( توهماسبی دووەم ):-** ئەمەش کۆنی گەڕەکەکە دەردەخاتو ئەم مەقامە دەکەوێتە باکووری گەڕەکەکەوە.

**مزگەوتی حاجی ئەکبەر:-** ئیمامو خەتیبی مزگەوتەکە (حاجی عەبدولهادی حەسەن عەسافلی) بوو کە لەبنەماڵەی (عەسافی) تورکمانە.

**مزگەوتی شێخلر:-** هەمان ئەو بنەماڵەیەن کە مەرقەدی سوڵتان (ساقی) بەڕێوە دەبەن.ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گەڕەکی (شێخلەر) لە (تسعین).

چەند حوسەینیەیەکی لێیە لەوانە (کهلەر-ثقلین- مەریەم رەئوف-ئەفەندی-حاجی حسێن) ئەمەو چەند تەکیەیەکی لێیە وەکو (تەکیەی سەید-تەکیەی دەروێش محەمەد عەلی).

مەکتەبی بیروهۆشیاری



چەندین مزگەوت‌و تەکیێی‌و خانەقاو مەرقەدیش هەیە من بەرچاوم نەکەوتوون، بەڵام لەسەرچاوەکاندا ناویان هاتووە بۆیە لێرەدا دەیاننوسم بۆ ئەوەی ئەگەر دەرفەت بوو بۆ جارێکی تر دەنوسرێت‌و تەنقیح دەکرێتەوە تا ئەوانیش بخەینە سەر باقی مزگەوت‌و تەکیۆ خانەقاکان.

چەندین مزگەوتی تر هەیە لەنێو کەرکوکدا کە نەمانتوانی شتیان لەسەر بنووسین یان زانیاریان دەربارەوە بزانین بۆ نموونە مزگەوتی (بهیە ئەمین)، مزگەوتی (ئەحمەد نەوتچی): نازانم لە چ گەڕەك‌و کۆڵانێکی کەرکوکدایە، بەڵام ساڵی ١٢٥٧ کۆچی (محەمەد فەیزی زەهاوی) باوکی (جەمیل سدقی زەهاوی) مودەریس بووە تێیدا. مزگەوتی (بەهیە)[ (ابو موسی الاشعری)، مزگەوتی کەرکوك، مزگەوتی (محەمەد پاشا قایش، مزگەوتی مەلا قاوون، مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵا لۆبیا، مزگەوتی مەلا تەوفیق، مزگەوتی عومەر سورمەلی، مزگەوتی مەلا تاهیر. مزگەوتی مەجیدیە، تەکیێی دەدە حەمدی لە موسەڵلا].



مەکتەبی بیروهۆشیاری



## سەرەنجام

ماوەیەکی زۆر بوو لەخەیاڵی ئەوەبووم کە بابەتێك یان لێکۆڵینەوەیەکی باش لەسەر ئەو مەزارو تەکیۆ مزگەوت‌و خانەقایانەی کەرکوك بنووسم، ئەوەبوو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا، بۆیە سەرەتا بەشێوەیەکی مەیدانی زۆربەی ئەو مزگەوت‌و خانەقاو تەکیێیانەی کەرکوکم بەسەرکردەوەو قسەم لەگەڵ مەلاو پیاوە بەساڵاچووەکانی ئەو گەڕەکانەدا کرد کە ئەو مزگەوتانەی تێدایە لەنێو شاری کەرکوکدا ئەمەو دواتر لەرێی کتێب‌و سەرچاوەوە هەندێ شتی ترم لەسەر ئەو بابەتە وەرگرت..لەکۆتاییدا چەندین شتم بۆ ساغ بویەوە، کە ئەویش ئەوەیە کە ئەو مزگەوت‌و تەکیێی‌و خانەقانە لەلایەن بنەماڵەو خەڵکی ناوداری شارەکەوە دروست کراون‌و بنیات نراون بەتایبەت لەکوردو تورکمان ئەمەو چەند مزگەوت‌و خانەقایەکی لێیە کە عەرەب دروستی کردوون کە ئەوانیش لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن لەبەر کەمی عەرەب لەشارەکەدا، بەتایبەت پێش تەعریب کردنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە..بەهیوام بەم هەوڵە بچوکەی خۆم توانیبێتم شتێك لەسەر شارەکەم ڕوون بکەمەوەو ئەو مێژووە ساغ بکەمەوە کە لەنێو کوچەو کۆڵان‌و بەسەر بەردی نەخشێنراوی مزگەوت‌و تەکیۆ خانەقاکان‌و لەنێو سنگی پیاوە بەساڵاچوەکاندا مابویەوە لەنێو هیچ کتێب‌و سەرچاوەیەکی مێژوویش شتی لەسەر نییەو نەنوسراوە..ئەمەو دوپاتی دەکەمەوە کە ئەم بابەتە تەواو نییەو زۆری تری ماوە بخرێتە سەری، چونکە نووسین لەسەر شارێکی دێرینی وەکو کەرکوك هەر ئاوا سانا نییە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



## پەراوێز:

*شەمسەدین سامی: ئەدیبو ڕۆژنامەنووسێکی عوسمانی بەئەسڵ ئەلبانییە ساڵی ۱۸٥۰ لەدایك بووەو ۱۹۰٤ کۆچی دوایی کردووە کتێبی (قاموس الاعلامی عوسمانی) ئەم نووسیویەتی.

**دانیال: یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی جوولەکەو ئیسرائیل لەنێو ئەو جوولەکانە بوو کە لەعێراقدا بوون دوای ئەوەی نەبوخەز نەسر لە فەلەستینەوە هینابوونی..ئەمەو لەتەوراتدا (سفر)-ێك هەیە بەناوی دانیال-ەوە.

***داوود پاشا: ساڵی ۱۷۷٤ لەدایك بووەو ساڵی ۱۸٥۱ کۆچی دوایی کردووە، ساڵانی ۱۸۱۷-۱۸۳۱ والی بەغداد بووە لەسەردەمی عوسمانیەکان.

*خانەقاو تەکێی یەك واتا دەگەیەنن، ئەویش ئەو جیگەیەیە کە متەسەویفو فەقیرەکانی تێیدا کۆ دەبوونەوە فارسەکان پێی دەڵێن خانەقاو تورکی عوسمانیش ناویان نا تەکێ.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکانی کتێب:


۱.هویة کرکوك الثقافیة والاداریة محەمەد علي قرداغي

۲.کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر الجزء الاول د.کمال مظهراحمد

۳.منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومي الدکتور نوري طالباني لندن ۱۹۹٥

٤.عێراقی باکوور لیوای کەرکوكو دیالی ساڵی ۱۹٥٥ ن.محەمەد هادی دەفتەرو عەبدوڵڵا حەسەن و: موعتەسەم محەمەد ۲۰۰۲

٥.کوردستانیة منطقة کرکوك...... د.عمر ابراهیم توفیق

٦.کەرکوك لە مێژوودا عەبدوڵڵا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی

۷.ذکری ابي الثناء الالوسي المحامي عباس العزاوي

۸.احیاء کرکوك ومعالمها د.صبحي ساعتجی-اسطنبول ترجمة: نصرت مردان

۹.اعلام الکرد میر بصري

۱۰. دیوانی ڕەنجوری لیکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی


### ڕۆژنامەو گۆڤار:


۱.ڕۆژنامەی (نجمە)ی کەرکوك ڕۆژی ۱۷ی حوزەیران ۱۹۲٥

۲.سەرگوزشتەی شێخ حەسەن قەرەچێواری هەردەوێڵ کاکەیی گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ۸ تشرینی دووەم ۲۰۰۳

۳.گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ۱۱ شوبا ۲۰۰٤




مەكتەبی بیروهۆشیاری



### چاوپێکەوتنو بەدوادا چوون:


۱. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا زەکی عەبدوڵڵا مەلا ڕەفیق

۲. چاو پێکەتن لەگەڵ مەلا ساڵح گومبەتی.

۳. حدود کردستان الجنوبیة عبدالرقیب یوسف

٤. تسعین في ذاکرة الزمن محەمەد هادي قولو اوغلو

٥. بەدواداچوونی مەیدانی (گ.ف) لەنێو کەرکوکدا.

٦. مدارس کرکوك في الفترة العثمانیة نجاة کوثر اوغلو

۷. المنجد في الاعلام ۲۰۰۱

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئاشوری‌و کلدانی

## ئاشوری

باشترین بۆچون بۆ دۆزینەوەی بنەچەی ئاشورییەکان، ئەوەیە: کەپاشماوەی ئاشورییە کۆنەکەن، کەئمپراتۆریەتی ئاشورییە (١٥٩٥ــ ٦١٢) پ. ز بەزمانی (سریانی) قسە دەکەن، ئاینیان مەسیحییە، بەهۆی مەسیحی بونیان توانیویانە خۆیان لەنەمان بپارێزن‌و تێکەڵ نەتەوەکانی ناوچەکە نەبن، ئاشورییەکان لەترسی هێرشی عوسمانییەکان‌و چەوساندنەوەیان لەسەر دەستی هێزو ئاینەکانی تر، کۆچیان کردووە بۆ عێراق دوای ئەوە ناچار کراون لەلایەن عوسمانییەکانەوە کە کۆچ بکەن بۆ سنوری نێوان ئێران‌و تورکیا، لەساڵی ١٩١٥ دوای ناکۆکیان لەگەڵ کوردەکاندا لەو ناوچەیە، لەساڵی ١٩١٨ بەریتانییەکان گواستیانەوە بۆ عێراق ـ موسڵ، لەساڵی ١٩٢٥ بەهەمان



مەکتەبی بیروهۆشیاری



شێوەی تورکمانەکان عێراقیان هەڵبژارد کەتێدا بمێننەوەو نەگەڕێنەوە تورکیا. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئاشورییەکان چەوسانەوەو توندو تیژییان زۆر بینیووە بەدەستی عوسمانی‌و حکومەتەکانی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی کەمینەیەکی بچوك بوون، بەردەوام هەڕەشەی نەمان‌و توانەوەیان لەسەر بووە. بەردەوام بەشێکی نامۆو بەدەستی بێگانە تەماشا کراون.

چەند شۆڕش‌و هەڵگەڕانەوەیان کردووە، بەڵام سەرکوت کراون‌و دامرکاونەتەوە، ئێستا بەزۆری لەموسڵ نیشتەجێن. خاوەنی زمان‌و کەلتووری جیاوازی خۆیانن.

## کلدانیەکان

بەهەمان شێوەی ئاشورییەکان لێکۆڵەرەوەکان زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کەپاشماوەی کلدانییە کۆنەکانن، ئمپراتۆریەتی کلدانی (٦١٢ــ ٥٣٥) پ. ز وشەی کلدانی چەمکێکی مەزهەبی‌و تایەفەیی نییە، بەڵکو چەمکێکی نەتەوەییە.

لەساڵی (١٤٤٥) پێشوازیان لەمەزهەبی کاسۆلیکی کردووەو کە لەیادەوەریەکانی پاپا (ئۆگین)ی چوارەمدا نووسراوە، لەساڵی (١٥٥٢) پاپا (پۆلیۆس) سێیەم (یوحەنا سۆلاقی)ی دامەزراند (Patriarch) بە (پاتریکا)ی کلدانییەکان. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەئیسلام نەبوون. هەندێ بۆچون هەیە دەڵێن کلدانییەکانیش بەهەمان شێوەی ئاشورییەکان پاشماوەی ئاشوری کۆنن، چونکە زۆر نزیکن لەیەکترییەوە لەخاك‌و کەلتوورو داب‌و نەریت‌و زمان‌و کۆمەڵایەتیاندا لەیەك دەچن.

لەناو کلدو ئاشوریدا ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی یەك ناو هەڵبژێرن بۆ خۆیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەردار نەبوونی مێژووی خۆیان. بۆیە ئێستاش بە ناوی کلدان‌و ئاشوری ناو دەبرێن. دەربارەی ژمارەی کلدانی‌و ئاشوری زانیاری زۆرکەم هەیە، چونکە حکومەتەکانی عێراق لەسەر نەتەوەی عەرەب‌و کورد دایناون‌و ناوی تۆمار کردون، جیای نەکردۆتەوە وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەعێراقدا، تەنها ژمارەی ئاینی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەسیحییەکانی تۆمار کردووە، بەوپێیەی کەرکوک لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لەسەر ویلایەتی موسڵ بووە، زۆرێك لە مەسیحییەکانی لە کەرکوك دانیشتوون. هەرچەندە بۆچوون هەیە کە لە کەرکوکدا ئاشوری‌و کلدانی زۆر لەو مێژووە کۆنترن. ئێستاش لە کەرکوك پاشماوەی کەنیسەو پەرستگاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی (٦٠٠)شەش سەد ساڵ پێش ئێستا، ئەمەش دەریدەخات پاشماوەی ئاشورییە کۆنەکان لە کەرکوکدا بە درێژایی مێژوو ماونەتەوە.

**نوسینی**

**عەدنان کاکە ڕەش**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# ئەلبێرت گیسۆ موشی

## بەرپرسی لقی کەرکوکی پارتی نیشتیمانی ئاشوری

من لـە دهـۆك دەژیـم کـاری ئێـستام حیزبییـەو بەرپرسـی لقـی کـەرکوکی (پـارتی نیشتیمانی ئاشووری)م، پێش ئەوەی بێم بـۆ کـەرکوك سـاڵی ٢٠٠٣ ئەنـدامی حیزبـی نیشتمانی ئاشووریی بووم، لەساڵی ١٩٩٠ دا چوومەتە ناو حیزبی نیشتمانی ئاشووری، ئێستای شاری کەرکوك بارێکی تایبەتو خۆیی هەیـە بـە بـەراورد. لەگـەڵ پارێزگاکـانی تری عێراقدا، چـونکە لەکـەرکوك زیـاتر لەنەتەوەیـەك دەژی، بۆنموونـە کـوردو عـەرەبو ئاشوریو تورکمان، هەروەها ئاشووری هەبوون کەم بوون کە لە قەڵادا دەژیـان زیـاتر لـە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ سـاڵ زیـاتر لەوێـدا ژیـاون بوونیـان هـەبووە، بـۆ دڵنیـابوونو وەرگرتنـی زانیاری زیاتر بزانین دەربارەی مەسیحییەکانو ئاشورییەکان، دەتوانن سەردانی کڵێـسەی (حمراء) بکەن، کە کەوتووەتە بەرامبـەر بـازاڕی حەسـیرەکە، لەوێـدا چـەند نوسـراوێکتان



مەكتەبی بیروهۆشیاری



دەست دەکەوێت، تەنانەت مێژووی گۆڕەکان، مێژووی کڵێسای (حمراء)ی تیادایە، لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی ئاشوریدا دەستتان دەکەوێت، لەچ مێژوویەکدا لەوێـدا ژیـاون، تەنانەت لەکەرکوکدا چەند موڵکایەتی تایبـەت بـە ئاشـووری هـەن، نموونـە (چـاپخانەی کەرکوك)، کە بەرامبـەر ئینزیباتخانـەی کـۆن یـان (دار الـضباط)، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کابرایەکی ئاشووری، کە بەخزمایـەتیش بـەمن دەگـات. ئاسـابییە، کەهـەر تەختاییـەكو دەشتاییەك لەم ناوچانە واتە (لیـوایی کـەرکوك) کـە گردێکـی دەسـتکردی لێبـێ، یـان قەڵایـەکی لەسـەر دروسـت کرابـێ، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئیمپراتۆریـەتی ئاشووری، کەئەوسا کەرکوك دەناسرا بە (کرخە سلوخ) یـان (ئارابخا)، کـە ویلایـەتێکی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو، ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری کە مەبەستی لەدروستکردنی ئەم جـۆرە قەڵایانە بۆ پاراستنی ئـەو ناوچـانەیە، کـە لـەژێر دەسـەڵاتیاندا بـووە، تەنانـەت یـەکێك لەوگردانە ئێستا لەعەرەفەیە، کەناوی (بیت الـوزیر) کـە دەبینـی واهەسـت دەکـەی کـە گردێکی سروشتییە، بەڵام لەڕاسـتیدا گردێکـی دروسـت کـراوە، دەسـت کـردە، تـاوەکو ببێتە بەربەستێك بۆ دوژمن لەکاتی جەنگدا، نازانم بەچ هۆکارێك ئاشووری لەکەرکوکدا کەم بووەوە، لەچ زەمانێکدا، مەبەستم ئەوە نییـە کـە کـوردو تورکمـان لەوسـەردەمانەدا بوونیـان نـەبوو، لەویلایـەتی کەرکوکـدا، بـەڵکو هەبوونـە دوای نەوەکانیـشیان زیادیـان کـردووە، لـەم چـەرخە تازەیـەدا کەگەڕانـەوەی ئاشـووری بـۆ کـەرکوك لـەڕێی کۆمپانیـا نەوتییەکانی کەرکوکەوە بووە، لەژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی بەریتانی بـوو، بەڵگەنامـەی کۆن هەیە ئەوە دەسەلێنن کە زۆربەی ستافی کرێکارانی کۆمپانیا نەوتییەکانی کەرکوك ئاشوری بوونە، لەچـاو پێکهاتـەکانی تـر، ئاشـوورییەکان پلـەو بەرپرسـیارێتی گـرنگو هەستیاریان دراوەتێ.

### (پەیوەندی عوسمانیو ئاشووری)

لەڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی بەپێی بیرو باوەڕی خـۆم، دەوڵـەتێکی ئیـسلامی بـووە، بەشێوەیەکی توند پەیڕەوی ئاینی ئیسلامی کردووە، کە ئەوەی ئیسلام نەبوایـە، دەبوایـە جزییەی بدایە، لەگەڵ ئەوەشدا مافی خورابوو، زۆر ڕوونە کە دەوڵەتی عوسمانی کۆنتڕۆڵی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



عێراق‌و بەشێکی زۆری لەئاسیای ناوین لەگەڵ ئەفەریقای باکورکردووە، هەرکەسێك لەژێر سێبەری ئیسلامدا نەبێ بەکافر لەقەڵەم دەدرێ، مامەڵەی بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵدا دەکرا، بێگومان ئەو مامەڵەیە مامەڵەیەکی خراپ بووە، لەگەڵ ئاشوورییەکان، ئەگەر سەردانی (کلێسا حمراء) واتە کلێسای سوور بکەین کەگۆڕی خەڵکی تیادایە، ملیان پەڕێنراوە، لەسەر ئەوەی کە مەسیحییەتیان کردووەتە ئاینی خۆیان، واتە بێتاوان لەملیان دراوە.

دەمەوێت باسی شۆڕشی ١٩٣٣بکەم بۆتان:

## شۆڕشی( ١٩٣٣ )ی ئاشوری

ئەوکاتە بەریتانیا ئینتدابی عێراقیان کردبوو، سوپایەکیان دروستکرد کەزۆربەی مەسیحی بوون بەتایبەتی ئاشوورییەکان کە هەندێ کوردو عەرەبیان تیادابوو، ناوی سوپای (لیڤی) یان (لیوی) بەزمانی ئاشووری بووە، کە ڕێژەی ئەو سوپایە ٢٠٠٠٠ بیست هەزار سەرباز بوون، لەساڵی ١٩٣١ لەناوچەی ئامێدی ڕێکەوتن نامەیەك بەسترا لەنێوان بەریتانییەکان‌و حکومەتی عێراق‌و ئاشوورییەکاندا، کە مەبەست لەجێبەجێ‌کردنی داواکاری ئاشوورییەکان بووە، سوڵتانی ئاشووری لێ بووە، یەکێك لەداواکارییەکانیان نیشتەجێکردنیان بووە لە شوێنێك کە دەشتی تازە، بێت، لەناو وڵاتی عێراقیدا، داواکارییەکی تریان دروست کردنی خوێندنگایەك بەزمانی ئاشووری دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بۆیان، بەشێوەیەکی گشتی داواکارییەکان مەدەنی بوون، شێوەیەك لەحکومی زاتی بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەمانایەك نا کە جیابێتەوە لەعێراق، لەوساڵانەی دروشمی نەتەوایەتی هەبوو واتە ١٩٣٣ بوونی هەبوو، هەستی نەتەوایەتی لەناو ئاشوورییەکاندا لەساڵی ١٩١٦ بەشێوەیەکی دیار هەستی پێ‌دەکرا، ئەوکەسەی کەهەستی نەتەوایەتی هان دەدا (ئاغا بطروسی) یان جەنەراڵ بترۆس کەبەشێوەیەکی نێودەوڵەتی دانی پیادانرابوو، لەسییەکاندا هەستی نەتەوایەتی بوونی هەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی نەبوو، یان لەژێر سایەی حیزبێکدا نەبوو، لەوکاتەدا پارتی ئاشووری ڕۆڵی کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایەتیدا دەرنەکەوتبوو، ئاراستەکردنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری



هەستی نەتەوایەتی لەلایەن عەشائیرەکانەوە بووە، سەرۆك عەشیرەتەکان، داواکارییان هەبوو یان مەرجیان هەبوو، دژی عەشائیرەکانی تر، بۆیە زۆربەی ئەو داواکارییانەی عەشائیری بوو، نەك بۆهەستی نەتەوایەتی بۆگەلی ئاشووری بێ. لەساڵی ١٩٣٣ کە ئەو ڕێکەوتن نامەیە بەسترا، بووە هۆی قەسابخانەیەك کە ٥٠٠٠ ئاشووری تیادا لەناوبراو سەربڕان، بەڵام کاریگەری لەسەر کەرکوك نەبوو، زۆربەی ڕووداوەکان لەدهۆك بووە، ئەوەی ناویان دەبرد بەقەسابخانەکەی (ضد التيارين) (دژی تەیار) لەلای ئێمە تیارین واتە ئەوکەسانەی کەلە بەرزاییەکان دەژین، یان بەرزاییەکانی تورکیا، کاتێك قەسابخانەکە دەستی پێ‌کردووە لەناوچەی(سمێل)ەوە، ئێستا قەزایە، درێژەی کێشا بۆئەو لادێیانەی کە لەو ناوچانە دابوون، درێژەی کێشا هەتاوەکو زاخۆ تەنانەت (سلیڤان) ی گرتەوە، بەس تەنها نەگەیشتە (بەرواری بالا).

## ئاسۆی ڕۆشنبیری ئاشوری

بێگومان هەموو میللەتێك بەپێی بەردەوامی کات لەئەدەب‌و هونەر دانابڕێ بەیەکجاری، لەکۆندا شێوە پیتی (سریانی) واتە ئەبجەدی ئاشوورییەکان بوون، ئەبجەدییان فێری هەموو جیهان کرد، کەوادی ڕافیدەین بنکەی ڕۆشنبیری جیهان بوو، چەندەها شاعیرو ئەدیبمان هەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، شاعیرمان هەیە لەبەغداد لەکەرکوك لەوڵاتانی دەرەوە.

**پ/ ئایا تائێستا هیچ کتێبخانەیەکی ئاشوری هەیە لەکەرکوك یان لەناوچەکانی تردا کەباس لەمێژووی ئاشووری بکات؟**

و/ من تاوەکو ئێستا ئاگادارم کتێبخانەیەکی وەها گەورەمان نییە، هۆیەکەی بێ‌کتێبی نییە، بەڵکو ئەوەیە کتێبەکان کەوتوونەتە لای تاکەکەس، ئەوانیش ئامادەنین بمان دەنێ، کێشەکانیشی زۆرن، بەڵام بەگشتی زۆربەی مێژوومان ئێستا لە بەغدایە، لەکتێبخانەکانی ئەوێندەرن، دەربارەی ڕۆژنامەکان یەکەم ڕۆژنامەی ئاشووری لەساڵی (١٨٤٩) بوو کەناوی "زەهریرە" بوو، کە لەئێران دەردەکرا.

**پ/ ئایا ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بە عەشائیرەکانی کەرکوکەوە هەبووە لەکۆندا؟**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



و/ئێستا ئێمە وەکو ئاشووری بوونمان زیاترە لەبادینانو لەنەینەواو دهۆك بۆسەرەوە وەکو بەرواری بالاّو... هتد، واتە ئاشوورییەکان هەبوون، بەلاّم بەشێوەیەك عەشائیری نەبوون، چونکە ئاشورییەکان زۆربەیان کرێکاریّ بوون کە پلەی بەرزیان هەبوو لەناو کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا، بەشێوەیەکی مەدەنی تربوون واتە عەشایەرو تایفەگەری نەبوون پەیوەندیشیان هەبوو، بەلاّم لاوازبوو، ئێستا چۆن لەناو کوردا کۆچەر هەیە لەناو ئاشوورییەکانیشدا لەگەڵیان کۆچیان کردووە، بەلاّم زۆر بەکەمی هەبوون ئاشوورییەکان کۆچیان کردبێ، دەربارەی شەڕو ململانێ لەناو کوردو ئاشووریدا زۆر بەکەمی رویداوە، ئەویش بەهۆی زەوی کۆمەڵێ شتی بچووکەوە بووە، بەلاّم شتێك پلان ڕێژکراو نەبووە لەلایەن کورد یان لەلایەن ئاشورییەوە، بەڵکو شەڕ بووە لەسەر زەوی تاك، نەك میللەتێك، واتە هەڵسوکەوتی تاکەکەسی بووە، ئەمڕۆکە ژیانێکی ئاشتیانە بەسەردەبەین لەگەڵ برا کوردەکانو عەرەبەکانو پێکهاتەکانی تردا، تاڕادەیەکی باش تاکەکانی ئێستای کەرکوك هۆشیارن، هەروەها چۆن کورد زیندانی بەعسی فاشیزمی دیوە ئاشوریشی بەهەمان شێوە وەکو چۆن کورد ٤٠٠٠ لادێی ڕووخاوە ئاشووریش ٢٠٠ لادێی ڕووخاوە هەروەها چۆن کورد ١٨٢ هەزار ئەنفالی کوردی هەیە، ئاشوریش ١٤٥ هەزار کەسی لێ ئەنفال کراوە، بەشێوەیەکی گشتی هەم کورد هەم ئاشووری داهاتوویەكو ئایندەیەکی هاوبەشیان هەیە.

لەکۆتاییدا داوادەکەم لە نەوەی نویّ کە بەئاشتی بژین، چونکە هەموو جیهان لەیەکگرتنەوەدایە، نمونە هەردوو ئەوروپا کە لەئابوورییاندا یەکیان گرتەوە، بائێمە سەیری ئەو ولاّتانە بکەین کە ململانێی تیادا بوو لەئەنجامدا ئاشتی تیادا بەرقەرار بوو، پێویستە نەوەی نویّ زمانی گفتوگۆی هەبێ، نەك دەستی شمشێر، گفتوگۆی ئاینەکان قبوڵ بکات لەسەر ڕا جیاوازەکان برایەتی بکەن نەك دژایەتی، ڕێزی مرۆڤایەتی بگرن، هەمووومان یەك نەتەوەین، بەلاّم هەریەکەمان تایبەت مەندی خۆمان هەیە، مافی خۆمان هەیە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە کەکاروباری خۆمان بەڕێوەبەرین، ئێستا حزبی کوردی هەیە حیزبی ئاشووری هەیە، تێدەکوشن بۆ ئایندەیەکی ڕۆشنتر، ئەمڕۆ ئێمە کورسیمان هەیە لەناو پەرلەماندا، ئێستا زانکۆمان هەیە، خوێندنگامان هەیە، کە





بەزمانی سریانی دەخوێنن، ئێستا هەموو ئامانجەکانمان هاتووەتە دی، بەلاّم هیوای زیاتری بۆ دەخوازینو بەردەوامی پێدانی گرنگە، هیوای ئەوە دەخوازین کە کەرکوك بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەبەرئەوەی کورد ئەزموونی هەیە، نموونە بۆئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە کوردەکانی بەتواناترن لەکاری دەوڵەتدا، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان زیاتر بواری ئابووریو ئازادیو پەروەردەییو بازاڕی ئازاد وەستاوە.

**چاوپێکەوتن**

**زەردەشت خالید**

مەکتەبی بیروهۆشیاری



# تورکمان

له ئاسیای ناوەڕاستدا، لەنێوان دەریای قەزوینو سنوری ڕۆژئاوای چیندا، تورك سەریان هەڵداوە.دوایی لەخوراسانەوە بڵاوبونەتەوەو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا جێگیربوون، لەسەر ئەسڵی تورکمان توێژەرەوەکان بۆچوونیان جیاوازە، هەندێکیان دەڵێن لەئەسڵدا مەغۆلن، هەندێکی تریان دەڵێن تۆرانین، هەندێکی تریان دەڵێن بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر (ئۆغوزخان) کە لقێکن لە (ئۆغوز)، یەکێکە لەلقەکانی تورکو کاریگەری زۆری لەسەر مێژووی توورکەکان هەیە، هەردو ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیو عوسمانیان دامەزراندووە. بەڵام دەربارەی ناوی تورکمان، بۆچوونی جیاواز هەیە بۆچونێ هەیە کە دەڵێ ئەمانە ناویان (ئۆغزۆ) بووەو ئیسلام ناوی لێناون تورکمان، واتە تورکە موسڵمانەکان، کە ئەمەش لێکدراوە لەتورکو وشەی (مانند) فارسی، سەرەنجام بووە بە (تورکمانند) واتە ئەوانەی خۆیان تەسلیم کردووە، یان دەڵێن ئینگلیزەکان ناویان لێناوە لە( تورك+ مان) پێکهاتووە، واتە پیاوی تورك کە (Man) وشەیەکی ئینگلیزییە.

بۆچونی تر هەیە کە دەڵێ لە (تورکی خوراسان)ەوە هاتووەو بەتێپەڕبونی کات بووە، بە (تورکمان) دوای هاتووەتە سەر تەرکمان.

بەڕای ئێمەشو بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایەو ئەو زانیاریانەی کە پێمان گەیشتون، یەکێك لەهۆزە تورکەکان (ئۆغوزو) لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاست ژیاونو ناویان نراوە تورکمان لەسەردەمی ئیسلامدا بووە.

لەسەر تورکمان لەعێراقدا، بەهەمان شێوە بۆچوونی جیاواز هەیە، دەربارەی هاتنی تورکمان بۆ عێراق چەند بۆچونو چیرۆکێ هەیە بەکورتی باسی دەکەین:-

یەکەم/ کاتێ (عەبدوڵلای کوڕی زیاد) والی خوراسان بووە، لەساڵی ٥٤ی کۆچیدا دوو هەزار تورکی لەبەسرە جێنشین کردووە، بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ هێرشی سەربازی، بەڵام بەپێی تێپەڕبونی ڕۆژگار، تواونەتەوەو بوون بەعەرەب.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



دووەم/ لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا، توورکمان هاتووەتە عێراقەوە، لەبەرئەوەی گرنگترین سەردەمی جێنشینکردنی تورکمانەکانە چونکە لەو ماوەیەدا چەندین میرنشینی دەوڵەتی تورکی هەبون لەوانە دەوڵەتی سەلجوقی (١٠٥٥ـ ١١١٥) زاینی، میرنشینی (ئەتایکە) لەموسڵ (١١٢٧ـــ ١٢٣٣)و دەوڵەتی قەرەقۆینلو (١٤١١ـــ ١٤٦٨).

سێیەم/ عێراق لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کە حاکمی هەرسێ ولایەتەکە بوون (بەغداو بەسرەو موسڵ) بۆ پاراستنی ڕێگەی پۆستەو گەیاندن دەبوایە ڕێگەکەی زامن بکردایە، لەڕوی ئاسایشو ئارامییەوە هەڵساون بەدانانی سەربازگەی خۆی، لەتورکیای ئێستاوە تاکو مەندەلیو خانەقینو کەرکوك بەرەو بەغدا.

بەڵام جێگیر بونی یەکجاری تورکمان لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ بەپێی پەیماننامەی (لۆزان)ی نێوان بەریتانیاو تورکیا، لە ١١ ئازاری ١٩٢٦چونکە ئەوسا دەوڵەتی عێراق ئەوەندە نوێ بوو کە هەلاوی لێ هەڵدەسا، لەهەمان کاتدا لەژێر ئینتدابی بەریتانیدابوو.

تورکمان دوو ڕێگەی بۆ دانرا: یان دەبێ بەپێی مادەی (٣١) لەپەیمانەکە لەماوەیەکی دیاری کراودا بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، یاخود لەعێراق بمێننەوەو جنسییەی عێراقی وەربگرن،کە لەماددەی (٣٠) پەیمانەکە ئاماژەی پێدراوە.

تورکمانەکان زۆرینەیان مانەوەیان هەڵبژارد.

لەڕوی جوگرافییەوە تورکمانەکانی عێراق بەزۆری دەکەونە سنوری هەرێمی کوردستان، بەکەرکوکەوە، جگە لەهەندێکیان نەبێت دەکەونە پارێزگای موسڵو دیالەوە.

بەپێی ئاماری ١٩٤٧ ژمارەی تورکمان ٢٪ دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنن، لەساڵی ١٩٥٧ گەیشتە لە ٢,١٪ لە ١٩٧٧ گەیشتە ١,١٦ بەهەر شێوەیەك ئامار بکرێت ژمارەیان ٢٪ دانیشتوانی عێراق تێنا پەڕێنێت،بەڵام لەکوردستاندا بەکەرکوکەوە ڕێژەکەیان لەو ژمارەیە، زیاتر دەبێت.

تورکمان خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیانن، زمانی تورکی دوو شێوە زاری خۆی هەیە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



(ئوغزی‌و جفتائی) تورکمانەکانی عێراق بە شێوە زاری (ئۆغزی) دەدوێن، لەڕوی ئاینییەوە بەزۆری موسڵمانن، دابەش بوون بەسەر هەردوو مەزهەبی سونی و شیعەدا. بەڵام زۆرینەیان سونی مەزهەبن.

**نوسینی**

**عەدنان کاکە ڕەش**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبى بیروهۆشیاری

# تەقی موسا حسێن نەفتچی

یەکێکە لە تورکمانەکانی کەرکوك کە بەردەوام کارەکەی خاوەن سینەمابووە، خۆی بە یەکێ لەدامەزرێنەری سینەما دەزانێ لە کەرکوك. عەرەبو جولەکە بە بێگانە دەزانێ لە کەرکوکدا. بەم شێوەیە بۆمان دوا.

لە کاتی خۆی تەفرەقە نەبووە لە بەینی کوردو تورکماندا هەمووی وەکو هاوسێ دەژیان، من خۆم کچم داوە بە کورد، بەلاّم لە دوای "عەلی حەسەن مەجید" هات موشکیلە دروست بوو، خانووی کوردو تورکمانیان روخان، لەبیرم ناچێت تاوەکو ئێستا " ژنێکی کورد دەگریا پێم ووت: چیتە؟ ووتی:" (عەلی حەسەن مەجید) مالّی رووخانووم، نەی هێشت شتوومەکەکانم دەرکەم، مالّەکەی رووخان بە سەر شتومەکەکانمدا" ، تورکمانەکانیان هەمووی دەرکرد، عەرەبەکانیان نیشتەجێ کرد، دەیانووت ئەمە مامۆستایە ئەمە" موزەف"ە، دەرکرانو جەماعەتی دەهەزارییەکانیان نیشتەجێ دەکرد، عەرەب لە سالّی ١٩٤٨ جولەکەکانیان دەرکرد تەفتیشیان دەکرد بۆ



مەكتەبى بیروهۆشیاری



ئەوەی هیچ نەبەن لەگەلّ خۆیاندا، ئێستا مەحەلیان ماوە و مالّیان ماوە، هاتوونەتەوە شکاتیان کردووە، عەرەب خۆیان فەلەستینیان فرۆشت. لەو کاتەدا ئەوە نەبووە کە بلّێن ئەمە کوردە ئەوە عەرەبە، زۆرینەی ئەو کاتە تورکمان و کورد بووە، چەند کەمینەیەکی تر وەکو مەسیحی و ئاسوری و جولەکەو عەرەب لە ئەولای حەویجە هەبووە، ئەوە نەبووە بلّێین: چەند مالّیك نەبێت کە پێیان دەلّێن "حەدیدێکان" ئەوانە عەرەبی ئەسلّی کەرکوك بوون کە ئێستاش ماون، لەو کاتەدا دیار نەبوون بەس هەر پێنج مالّ یان شەش مالّ بوون، بەلاّم ئێستا هەزاران مالّن، حەویجە نەبوو هەر پێنج مالّ بوون، کۆچەری بوون، حکومەت پارەی دەدا بە عەرەب بۆ ئەوەی بێن بۆ کەرکوك، نیشتەجێبنو رێژەی عەرەبی تێدا زۆربکەن.

ئەوسا دەیانووت قەلاّی کەرکوك هی تورکمانە (ئیمام قاسم) هی کوردە، نازانم هی کێیەو هی هەموانە.

لێرەدا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە یەکەم جار جولەکە سینەمای هێنایە کەرکوکەوە.

لە جێگای ئەو بانقە، واتە "بانقی رافیدەین" سینەما بوو، لەدەوروبەری سالّی ١٩٤٢ یان ١٩٤٣من منالّ بووم، دەچوومە ئەوێ، پاشان سینەما "عەلەمەین" بوو، ئەویش هی جولەکەکان بوو، دوایی رِوخانیان، کردیانە "تەلاری بەرز"، ئێستا هاتوونەتەوە شکاتیان کردووە، ئەوە لە سالّی ١٩٤٤ بوو یان ١٩٤٥ دروست کرا، دوایی لە تەنیشتی "سینەما سەیفی" هەبوو، ئەویش سەر بە سینەما (عەلەمەین) بوو، دوایی لەو بەر لە سەر جسرەکە "سینەما خەیام" هەبوو، لە سالّی پەنجاکاندا بوو ، دوای ئەو، سینەما (حەمرا) هەبوو هی کابرا یەك بوو ئیشی داری دەکرد، دوای چوو بۆ تورکیا، ئێستا نەماوە، ژنەکەی کرێ وەردەگرێت، دوایی ئێمە "سینەما سەلاحەدین"مان دروست کرد کە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا سوتاندیان.

مولّکی خۆمان بوو، کردمان بە سینەما، ئەو کاتە ئیش باش بوو، تەلەفزیون نەبوو، عالەم هەمووی دەهاتن جێگەی بەتالّ نەبوو بۆ سینەما، گەنجەکان ئیشیان نەبوو، عەسران دەهاتن ئەیانوت چی بکەین، دەلّێن فلیمێکی خۆش ئیش دەکات لە سینەما

مەكتەبی بیروهۆشیاری



**سەلاحەدین با بچین، دووسەعات كاتیان بە سەر دەبرد .**

ئەوكاتە فیلمی كۆمەڵایەتی و فیلمی كابۆیی و فیلمی هندی و فلیمی عەرەبی ئیشیان دەكرد، بەڵام ئێستا دنیاكە گۆڕاوە، مناڵ دێت ئەڵێ حاجی فلیمەكە چی تیایە لەوە تێناگا سینەما بۆ ئاڵگۆڕكردنی شارستانییە ، فیلمیش نەماوە ئەوەی كە فیلمی دەفرۆشت لە بەغداد، ڕایكرد فرۆشتی، ئێستا من شەش مانگە نزیكەی (دە) فیلمم هەیە، فلیم هەیە دەجار ئیشی كردوە كەس نایەت، ئەوەتا ئەمرۆ پشووە نزیكەی چواردە كەس لە ناو سینەماكەدایە، یان ئەوەتا فیلمی سیكسی لێبدەیت، بازارت دەبیت، یان ئیش مەكە، ڕۆژەكە وای لێهاتووە.

یەكەم (سەلاح نەفتچی)، رەئیس عەشرەتی نەفتچییەكان بوو، نەوتی خۆیان بوو بیریان هەڵكەندن، بە تەنكەر دەریان دەكرد دەیان فرۆشتن، دوایی ئینگلیزەكان هاتن، سەیران كرد نەوتە داگیریان كرد بۆخۆیان. ئەو نەوتی دۆزییەوە، عەشرەتەكەی دروست كردو ناوی نەوت چی لەوە وە هاتووە. ئێمە نەوتمان دۆزیەوە لە كەركوك.

**چاوپێكەوتنی**

**زەردەشت خالد محەمەد**



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەوزاد رەئوفی

## حەسەنە فەنی ئاوچی

باپیرە گەورەمان ناوی (رەئوف ئاوچی) بوو لە حەویجە ئەرزیان هەبوو، عەرەبەکان کرێکاری تورکمانەکان بوون زەرعاتیان بۆ دەکردن، ئاو چییەکانیش مانگی جارێك سەردانیان دەکردن تا بزانن چیان کردووە، ئەوانەن کە دەردەچن بۆ چۆڵەوانی، بۆ ڕاوکردن باڵندەو ئاژەڵی کێوی راوئەکەن.

**پ/ بنەماڵەی تکریتییەکان هەبوون؟ ڕێژەیان چەندبوو؟**

و/بەڵێ، تکریتییەکان هەر پێنج یان شەش ماڵ بوون کە لە تکریتەوە هاتن بۆ کەرکوك خانوویان کردوو مۆزەف بوون لەکەرکوکدا. لە ئەسڵا تورکمان بوون،و، عەرەب نین .

**پ/وەکو بزانی نەفتچییەکان و ئاوچییەکان لەگەڵ کوردەکان لە سەر زەوی کشتوکاڵی شەڕیان بووە لە مێژوودا؟**

و/نەخێر، وەکو برابوون من حەفتا و دووساڵ تەمەنمە، شتی وام نەبیستووە، کە کورد



مەکتەبی بیروهۆشیاری



و عەرەب و تورکمان شەڕیان بوبێت، کەس گۆیی لە شەڕنەبوو. ساڵی پەنجاکان ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا یەك خێزان بووین، بۆ نموونە باوکی (شێرکۆ) برادەری باوکم بوو، ڕۆژانە بیست و چوارسەعات بە یەکەوە بوون، ئەوان دەهاتن بۆ دیوەخانی ئێمە، ئێمە دەچووین بۆ دیوەخانی ئەوان، لە "ئیمام قاسم " ئێمە معامەلەمان لەگەڵ کوردەکان بوو، ئەوانیش معامەلەیان لەگەڵ ئێمەدا بوو، لەگەڵ کوردەکان، شەریك بووین، لە بازرگانیدا ئیشمان دەکرد تەفرەقە نەبوو، هەتا ئەمرۆکەش وا هاتبوو، بەس ئەوانە تەفرەقەیان نایەوە.

**پ/کێن ئەوانەی کە تەفرەقەیان نایەوە ؟**

و/ئەوانە کە لە دەشتەوە(لادێکان)ەوە هاتن، ئەوانە وەزعەکەیان خراپ کرد، بەس من لە تورکمانی کەرکوك‌وکوردی کەرکوك‌و خەڵکیش هەر زۆر مەمنوونم، نمونە ئەو ڕۆژە چووم بۆ وویستگەی تەلەفیزونی کەرکوك کاك "عارف قوربانی" زۆر تەقدیری کردم، پانزدە ڕۆژ ریکلامی بۆ شۆینەکەم کرد، بە بێ پارە، دوای چووم بۆ لای کاك "جوامێر" لێپرسراوی مافی مرۆڤ، ئەویش زۆر تەقدیری منی گرت من دەچم بۆ لای ئەوان، ئەوانیش دێن بۆ لای من، هیچ تەفرەقە نییە، بەڵام ئەوانەی کە وا دەکەن مناڵی سەر جادەن، گێرەشێوێنن، بۆ نمونە ئەو ڕۆژە هاتمە ئێرەو ویستم بچمە ژوورەوە دوو مناڵ بوون، چواردە ساڵ یان پانزدە ساڵ بوون، عەرەبانەکەیان کێشا بە سەیارەکەمدا، ووتم: کوڕم بۆ سەیر ناکەن بۆ ئاگاتان لێنییە؟ کەچی بە من دەڵێ: دەبڕۆ مامۆستا برۆ ئەوە مناڵە من چی پێ بڵێم، مناڵەکەش کورد بوو، ئەمە یەك، جارێکی تر لە "جادەی بۆیاغ چیەکان" وەستام لای بەقاڵێ تۆزێك پرتەقاڵ و لالەنگی بکڕم، سەیارەیەکی تەکسی لە دوام بوو، من ئیشارەتم بۆ کرد، ووتم لە تەکمەوە ڕەت بە، کە چی هاتووەتە پەنام دەڵێ: ئەوە کەچەڵ بۆ ڕاوەستاویت، (لێرە ئێمە عاجزین لەم جەماعەتە)، مەبەستم ئەولادەکانە، جیلێکن نازانن قسە بکەن، کوردی خەڵکی شار، هیچ موشکیلەیەکیان نییە لەگەڵ ئێمە، بەس خەڵکی ترە، کە موشکیلە دەنێتەوە وەکو ئەو مناڵە کە دەڵێ (برۆ مامۆستا برۆ...!) پشت بە خوا ئەوانەش چاك دەبێت، تەفەرقە دروست نابێت لای ئێمە تەفەرقەمان نییە، بۆ نموونە من کە ئاڵتون دەکڕم دەچمە لای "محەمەد عومەر خەتاب" کە کوردە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەعمیلی خۆمە لەگەڵ ئەو معامەلە ئەکەم. کە(مام جەلال) بووە سەرۆك کۆمار چوین بۆ لایی‌و پیرۆزبایمان لێ کرد.

**پ/ نازناوی ئاوچییەکان مانای چییە؟**

و/نازناوی ئاوچی، مانای ڕاو چی، ئێمە لەکاتی سەلجوقییەکانەوە، لە کەرکوك قەبرسانمان هەیە لە "موسەلا"، لێی نوسراوە قەبرسانی ئاوچی، ئێمە لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا لە کەرکوکین ئەسڵی تورکمان ئاوچییەکانە، نزیکەی ١٢٤ خانووین لە کەرکوك بێ لەموسڵ بێ لە بەغداد بێ لە تورکیا، بێ لە ئەڵمانیاو لە ئینگلتەرا، ئێستا برازاکەم لە سکۆتلەندا لە شاری ئەدنبرەیە دکتۆرە، ئێمە سوپاس بۆ خوا خێزانێکی زۆر گەورەین، پشت بە خوا لە کەرکوك کورد و تورکمان ئایندەمان یەکە، نموونەت بۆ دەهێنمەوە، باپیری باپیرم لە کوردەکان ژنی هێناوە لە "ئیمام قاسم" بۆ نمونە "خادم سوجادە" لە کوردەکان ژنی هێناوە، بۆ نمونە ژنی "شێخ فازڵ تاڵەبانی" تورکمانە، کوڕەکەی "سیروان" ژنەکەی عەرەبە، خەڵکی ناسریەیە، سیروان لە موجەمەعی عەشائر لەگەڵ منەو ئێمە قەت تەفرقە ناکەین، بەس من ئامۆژگاریم بۆ ئەو گەنجانە کە لە دەشتەوە دێن، تۆزێك ڕەوشتو ئاکاریان باش بکەن، ئێمەی تورکمان دەڵێین:" مێشولە پیس نییە بەس مەعیدە تێك دەدات".

**پ/ لە سەردەمانی کۆن چ خێڵێك زۆر بووە لە کەرکوك‌و لە ناو تورکماندا؟**

**واتە مەبەستم ئاوچییەکان زۆر بوون یان نەفتچییەکان؟**

و/ئاوچییەکان ، ئێمە زۆرتربووین‌و پەیوەندیمان لە گەڵ زۆربەی بەرپرسەکاندا هەبوو بۆ نمونە "سەعید قەزاز" ئەو محافیز بوو، (مستەفا قەرەداغی) محافیز بوو، ئەمانە هەموویان کورد بوون، لەگەڵ مامم بوون، هەمووی دەعوەتی یەکتریان دەکرد، مامم ناوی"عەبدوڵلا ئاوچی"ە نائب بوو لە زەمانی مەلیکدا،ماڵیان لە بەرامبەر(**نادي ذهب الاسود**)" واتە نادی ئاڵتونی ڕەش" لای سوق مەرکزی بوو، وەفاتی کرد، ئێستا مەکتەبێ هەیە لە بەرامبەریان ئەو مەکتەبە ماڵی محافیز "مستەفا قەرەداغی" بوو لە پێش ئەو" سعید قەزاز" بوو" هەروەها نەجیب ڕەشید" هەبوو، ئەمانە هەموویان موحافیزی کورد بوون، دوای(بەشیر حەدید) هات ئینجا پێش ئەوە هەمووی گەورەکان و



مەکتەبی بیروهۆشیاری



دەوڵەمەندەکان یەك بوون، مەلیك هات بۆ ئێرە، دەعوەتی ئاوچییەکان بوو، دەعوەتی کوردەکان بوو، مەلیکی بچکۆلە ڕەسمیم هەیە، برام تەوقەی لەگەڵ کردووە، لە نادی مۆزەفین کۆبونەوەی بە ئێمە کرد، ئەو کاتە حەویجە نەبوو، حەویجە "تەلی عەلی" پێدەڵێن، ئێستا پێی دەڵێن "عەباسی تەل عەلی" هی باوکی عەبدوڵلا ئاوچییە کە "حەسەن فەنی" بوو، ئەو زەویانە هەمووی هی ئاو چییەکان بوو، (أصلاحی زراعي) هات، دای بە عەرەبەکان، ئەو ناوچەیە نزیکە ٤٥ دێ بوو، شەریك بووین لەگەڵ ماڵی (سەید ئەحمەدی خانەقا)دا، ٤٢ دێ هی ئاو چییەکان بوو، مەلیك کە دەهات لای (حەسەنە فەنی) دادەبەزی، باوکم بۆمی گێڕاوەتەوە، ئێمە (ئاوچییەکان) زۆر کۆنین، تورکمانەکان لە کاتی سەلجوقییەکاندا لە کەرکوك دا بووین، پێش عوسمانییەکان‌و پێش عەباسییەکان. من ئەڵێم کە دوا ڕۆژی کورد لەگەڵ تورکمانە، تورکمان لەگەڵ کوردە.

**چاوپێکەوتن**

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# ئەندازیار حاجی قاسم بەیاتی

## ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك

لەدایك بووی كەركوك ساڵی ١٩٥٩یەو كوڕی سێیەمی شەهید (حاجی حەمزە بەیاتی)یە كە لەساڵی ١٩٨٢دا بەهۆی بونی پەیوەندی بەحزبی دەعوەی ئیسلامییەوە لەسێدارە دراوە، خاوەنی بڕوانامەی بەكالۆریۆسە لەبواری ئەندازیاری شارستانیداو ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی وەفای توركمانیو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكە.

***ئەگەر بكرێت كورتە مێژوویەكی شاری كەركوكمان بۆ باس بكەیت؟**

- كەركوك شارێكی مێژووییەو جێگەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان بووە، لەكۆندا بە (كەرخینی) ناسراوە، بەڵام لەسەدەی حەوتی كۆچییەوە لەسەردەمی دەوڵەتی توركمانی قەرەقۆینلۆوە بووە بەكەركوك. لەكەركوكدا كوردو توركمان وەكو تیرو كەوان وان كەئامانجەكەیان عێراقە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری



***تێڕوانینتان بۆ داهاتووی كەركوك چییە؟**

- دوارۆژی كەركوك دوارۆژی عێراقە، بەهۆی گرنگی ئابووریو كۆمەڵایەتی شارەكەو جۆراوجۆری پێكهاتەی دانیشتوانەكەی، هەروەها بەهۆی هەڵكەوتەی جیوسیاسی لەسەر نەخشەی جوگرافی عێراقەوە.

كەركوك ئێستا بەقۆناغێكی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، بەهۆی بارودۆخە قانونییەكەیەوە، جگە لەوەش كێشەكانی خەریكە ناكۆكیو كێشمەكێشمەكان دەتەقێنێتەوە، بەهۆی ناكۆكی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی شارەكەو پەیوەندییە ئیدارییەكەی، ئەگەر حیكمەتی ڕۆڵەكانیو مێژووی تێكۆشانی هاوبەشیان لەدژی دیكتاتۆریو ئارامگرتنی دوورو درێژیانو بڕوابوونیان بەوەی كەركوك شاری برایەتیو پێكەوە ژیانی ئاشتیانە نەبوایە، ئەوا دەمێك بوو كێشەكان دەتەقینەوە.

هیوادارم ئەو مەسەلانە ببێتە هۆكارێك، بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی بەهێز كەڕێز لەئیرادەی گەلو مافی نەتەوەكان بگرێت. ئەو كارەش پێویستی بەهەوڵو خۆماندوكردنو خۆنەویستیو قوربانیدان بەمەسەلە بچوكەكان لەپێناو مەسەلە گەورەكاندا هەیە.

**پ/ بیروڕاتان دەربارەی بەستنەوەی كەركوك بەهەرێمی كوردستانەوە چییە؟**

و/ بەستنەوەی كەركوك بەهەرێمی كوردستانەوە لەڕووی یاساییەوە بەگوێرەی مادەی ٥٣ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق، نەگونجاوە. لەگەڵ ئەوەی ئێمە ڕێز لەو یاسایە دەگرین، كەهەموو لایەنە سیاسییەكان بەحزبە كوردییە ڕەسەنەكانیشەوە بڕیاریان لەسەرداوە.

**پ/ ئایا حزبە كوردییەكان چ ڕۆڵێكیان لەگەشەپێدانی كەركوكدا گێڕاوە؟**

و/ ڕۆڵی حزبەكان لەگەشەپێدانی دەوڵەتدا بەچاوپۆشین لەناونیشانە سیاسیو نەتەوەییەكانیان گرنگە.

لەدوای ڕزگاربوونی عێراق، ئەگەر پرۆژەكانی تایبەت بەخزمەتگوزارییەكان جێبەجێكرانایە، ئەوا شەقامو ڕایگشتی ڕەزامەند دەبوون. ئێمەی ڕۆڵەكانی ئەم شارە، كەم تەرخەمین بەرامبەر ڕۆڵەكانی شارەكەمان، باشترین بەڵگەش ئەوەیە كە تائێستا

مەکتەبی بیروهۆشیاری



نەمانتوانیووە حکومەتی خۆجێیەتی کەرکوک لەدوای سێ مانگ لەهەڵبژاردنەکان دابمەزرێنین.

**پ/ئایا خواستی تورکمان لەکەرکوکدا چییە؟ دەیانەوێت کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی تایبەت؟**

و/ خواستی تورکمان ئەوەیە شوێنی سروشتی خۆیان وەرگرن، دوای ئەوەی لەکۆنەوە پەراوێز خرابوون.

تورکمانەکان پشتگیری دەوڵەتێکی ئازادی دیموکراسی پەرلەمانی یەکگرتوو دەکەن، لەو پێناوەدا هەوڵدەدەن، چونکە هێز لەیەکگرتویدا دەبیننەوەو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی چالاککردنی ئیدارەی خۆجێیەتی کەرکوکیش دەدەن. لەوانەیە هەندێکیشیان بیر لەدروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بکەنەوە هەروەك چۆن برا کوردەکان دروستیان کردووە. ئەوەش بەهۆی ئەو زوڵمو زۆرەوە کەدووچاری کوردو تورکمان بووە، بەڵام ئێستا بارو دۆخەکە گۆڕاوە بۆیە تورکمانەکان داوای هەرێمێکی تایبەت ناکەن، بەو مەرجەی هەمان مافیان هەبێو بەتایبەتمەندێتی خۆیانەوە بژین.

**پ/ ئایا بیروڕاتان دەربارەی دەستێوەردانی تورکیا لەکاروباری عێراقدا چییە؟**

و/ پێویستە دیالۆگێکی جددیو راشکاوانە دروست بکەین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراقدا، لەتورکیاو ئێرانی ئیسلامیو سوریاو ئوردنو سعودیەو کوەیتو گەڕان بەدوای خاڵە جیاوازەکانو کارکردن بۆ لاوازکردنی ئەو خاڵانەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، (ئابوریو ڕۆشنبیریو سیاسی) لەبەر ئەوەی ناوچەکە بەگشتی پێویستی بەئۆقرەییەکی تەواو هەیە، ئەمەش یارمەتی ئێمە دەدات وەك دەوڵەتێکی تازە بۆ دروست بوونیو گەشەسەندنی، نابێ ئەوەش لەبیربکەین کەهەندێ لەو دەوڵەتانە بەتایبەتی ئێرانو تورکیا سەردەمانێك یارمەتیان پێشکەش کردووە بەشۆڕشگێڕانی عێراقی دژ بەدەسەڵاتی بەعسی شوم، نمونەی ئەمەش ئەو یارمەتیانەی کەپێشکەش بەراپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١. کرا بەڕای من گەلی کوردو



مەکتەبی بیروهۆشیاری



سەرکردایەتییە شۆڕشگێڕەکەی زیاتر سودمەند بوون وەك لەگەلی تورکمان کاتێ کەڕژێم ڕوخا لە ٩/٤/٢٠٠٣ دا.

**پ/ ئایا ئێوە لەهەڵسوکەوتەکانی بەرەی تورکمانی تا چەند ڕازین؟**

و/ بەرەی تورکمانی لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دروست بووە، لەگەڵ ئەو حزبانەی کەڕای سیاسی جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەم حزبە بەشداری لەپرۆسەی قەومی تورکمانیدا کرد، پرۆسەیەکی گرنگتری هەبوو ئەویش خەباتکردن دژی دیکتاتۆریو ئازادکردنی کە لە٩/٤/٢٠٠٣ دا بەدی هات، لەبەرئەوەی کەکۆمەڵێ پرۆژەی هەیە بەمیکانیزمی جیاواز لەبەر ئەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە لەلایەن بۆچونە سیاسییەکانی ترەوە لەناوچەکەدا، بەڵام هەوڵ دەدات لەڕێگای تێگەیشتنو دیالۆگی بنیادنانو بەیەك گەیشتن، لەگەڵ لایەنە دیاریکراوەکاندا بۆ پارێزگاری لە مافە مێژووییەکان لەچوار چێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییو ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڕەشانەی کەدەکرێنە سەر دواڕۆژی. باشترین نمونە ئەو حاڵەتەیە کەهەیە لەنێوان لیستی بەرەی تورکمانیو لیستی برایەتی کەرکوک لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکداو هەوڵدان بۆ دیالۆگو ڕاوێژ لەپێناو سازدانی حکومەتێکی ناوخۆیی بۆ خزمەتکردنو پەرەپێدانی کەرکوك. هیوادارین کەوتووێژەکانی نێوان لیستە سەرکەوتووەکان بەسودبن بۆ بنەمای دانانی کەرکوك بەشێوەیەکی خێرا.

**پ/ ئایا ئێوە ڕازین لەڕەفتاری سیاسی لایەنە کوردییەکان؟**

و لەئەنجامی ئەو فشارە زۆرەی کەمۆتەکە بوو، لەسەر سنگی عێراقییەکان لەشێوەی جۆرەها چەوسانەوەو تۆقاندنی لەلایەن ڕژێمی بەعسی شومو دوای کەوتنی دەسەڵاتی سەدامو هاتنە ناوەوەی حزبە کوردیو شیعەکان بەتایبەتی بۆ ڕەسەنایەتیانو گیانبەخشییەکانیان، خەباتیان دژ بە دیکتاتۆریەت لەگۆڕەپانی ناوخۆ بۆ دەست گرتن بەسەر نەهامەتییەکانی وڵاتو دانانی سنورێك بۆ زیادەڕەوییەکانو لەدەست دەرچونی باری ئەمنی.

مەكتەبى بیروهۆشیاری



بەلاّم بۆچونی تەواو كەهەلّس‌وكەوتی حزبی‌و ئیداری دیاری كرد، ئەو نیشانە باشانەبوون كە لەماوەی ڕابردوودا ڕوویدا، بەئاراستەی كاری هاوبەش‌و یەكەی پەسەندكردن‌و بەشداری كردنی گشتی لەسەر شان گرتنی ئەركەكان‌و بەرپەچ دانەوەی ئەو لەو ڕێگا دەرچونانە دەست پێشخەریش كراوە، لەلایەن لایەنە كوردییە ڕەسەنەكانەوە باشترین نمونەش، ئەو هەلّس‌وكەوتەیە كەلیستی هاوپەیمانی عێراقی یەكگرتوو كەخاوەنی زۆربەی كورسییەكانی كۆمەلّی نیشتمانین گرتیانەبەر بۆ كاندیدكردنی بەڕێز (جەلال تالّەبانی) بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری عێراق، لەلایەن لیستی هاوپەیمانی كوردستانەوە ماف‌و خەلاّتێكە بۆ خەباتی دوورو درێژی گەلی كوردو كەسایەتی مێژووی (جەلال تالّەبانی) و سەركردایەتییە لێهاتوییەكەی‌و پەیوەندییە زۆرو زەوەندە سیاسی‌و نێودەولّەتییەكەی، كەهەموو ئەمانە كاریگەری گەورە بەسەر ڕێگەی نیشتمانی‌و دیموكراسی عێراقەوە جێدەهێلّێت‌و دەرگا دەخەنە سەر پشت بۆ كەسایەتییە نیشتمانییەكانی عێراق، لەهەموو نەتەوەو تایەفە جۆراو جۆرەكان، تا خۆیان بۆ ئەو پۆستە بپالّێون‌و دوپاتی دەكاتەوە كەهیچ جیاوازییەك لەنێوان تاكەكانی گەلی عێراقدا نییە. هیوادارم لیستە براوەكانی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك چاو لەوان بكەن لەپێكهێنانی حكومەتی خۆجێیەتیدا.

**پ/ ئایا تۆ گەشبینی بەرامبەر بەداهاتوی پێكەوە ژیانی ئاشتیانە لەنێوان نەتەوە جیاوازەكانی كەركوكدا؟**

و/ من زۆر گەشبینم بەداهاتووی هاوژیانی ئاشتیانە لەنێوان نەتەوەكانی كەركوكدا، بەومەرجەی لەسەربنەمایەكی دروست بنیاد بنرێ، دوربێ لەخۆسەپاندن‌و توندو تیژی، لەسەربنەمای سازان‌و هاوبەشی هەمیشەیی بێت لەپێناو گەشەپێدانی خەلّكی كەركوك‌و شارەكەدا، دروست كردنی دلّنیایی لەلایەن هەموو حزبەكانەوە دەبێ ئەگەر مەبەستمان بێت.

**پ/ كێ زۆرینەیە لەكەركوكدا، توركمان یان كورد یاخود عەرەب؟**



مەكتەبى بیروهۆشیاری



و/ من دەلّێم توركمان، برا كوردەكان دەلّێن ئێمە، عەرەبەكانیش دەلّێن، بەلاّم ئێمە عێراقین، ئێمە زۆرینەین، بەهۆی هاوچارەنوسی‌و بەئاشتی ژیان مێژووی كەركوك مێژووی هەموومانەو هەموومان لەئاوی خاسەسوو دەخۆینەوە.

**چاوپێكەوتنی**

**عدنان كاكە رەش**

**مەهدی ئەبو بەكر**

**لەتیف فاتح فەرەج**

مەكتەبی بیروهۆشیاری



# ئیحسان عەبدوڵڵا بەگی تورکمان

من لە ساڵی ١٩٥٩دا مدیر ناحیەی مێرگە سوور بووم، ئەو کاتە (مەلا مستەفا) تازە لە ڕوسیا گەڕابووەوە من تکام لە (حەمە ئاغا) مێرگەسووری کرد، کە ئەگەر (مەلا مستەفا) هاتەوە، من حەز ئەکەم تەعارفی لەگەڵدا بکەم و بێمە خزمەتی، فعلەن "مەلا مستەفا" لە ماڵی "حەمە ئاغا" بوو، دانیشتین‌و قسەمان کرد، چامان خوارد، پێی ووتم: تۆ خەڵکی کوێیت ؟ ووتم خەڵکی کەرکوکم‌و تورکمانم، ووتی: کەس عەزێتت دەدات، ووتم: نەخێر، سوپاس بۆخوا، پاش ماوەیەك "عەشرەتی هەرکییەکان"



مەكتەبی بیروهۆشیاری



هێرشیان کرد بۆ مێرگەسوورو بۆ سەر دێی بەرزانییەکان، ئەو کاتە من مدیر ناحیە بووم‌و وەکیلی قائم مەقام بووم، کە قائم مەقام "ئەمیر ساحێبقران" بوو خەڵکی سلێمانی بوو، ئەو کاتە من وەکیل بووم لە قەزای زێبار، چونکە ناحییەی مێرگەسوور سەر بە قەزای زێباربوو، کە شەڕ بوو "علاءالدین مەحمود" موحافیزی هەولێر تەلەفونی کرد، ووتی: "من قوەت بۆ تۆ ئەنێرم، لاسلکیت بۆ ئەنێرم بچۆ بۆ (سەر کانی) بزانە مەوقف چۆنە و چییە" من چووم بۆ سەر کانی، لەگەڵ معاون پۆلیس "احسان خلیل" بوو، کە خەڵکی کەرکوك بوو، چوومە لای (حەمە ئاغا مێرگەسووری)، بیست بۆ سی کەس لە هەرکییەکانی گرتبوو، بە داری بەڕوو بەستبونییەوە، ووتم:"(حەمە ئاغا) ئەمانە چی لێدەکەیت ووتی: هەموویان ڕەمی دەکەم، چونکە ئەمانە دێهاتی ئێمەیان سوتاندووە، من‌و هەتا مدیری پۆلیسی هەولێرکە ناوی" تەها نەقشبەندی"بوو لەگەڵم بوو، ووتم: خوا هەڵناگرێت "حەمە ئاغا" ئەمانەش کوردن مەیان کوژە، ووتی: ئەوە کێیە لەگەڵت ووتم: ئەمانە هاتوون موشکیلەکە حەل بکەن، "حەمە ئاغا" ووتی: دە ئەوە ئێوەش ئەسیری منن، ووتمان: بە سەرچاو ئەوە ئێمەش ئەسیری تۆین، بەس ئێمە خواردنمان دەوێت کوڕەکانی (حەمە ئاغا) کە (حسێن ئاغا) بوو، (ئەسعەد ئاغا) لە ناحییە لای من تەعیین بوو، بە ناو، بەس دەوامیان نە دەکرد، دانیشتین نانمان خوارد هەنگوین وماستاو و نانی تیری بۆ هێنایین (حەمە ئاغا) ووتی: لەبەر خاتری ئێوە ئەوە ئەمانەم بەردان، هەرکییەکان پیاوی" نامق ئاغا" و "عومەر ئاغا"ی هەرکی بوون، ئەمانە بابڕۆن، من ئیتفاقم کرد لەگەڵ مدیری پۆلیسدا کە من لەگەڵ جەماعەتەکەی خۆم، بەرزانییەکان بەرین بۆ دێی "سەر وکانی" مدیری پۆلیسش جەماعەتی هەرکییەکان بەرێت بۆ لای ڕەواندوز ، هەریەك بەرێگەی خۆی گەڕایەوە بۆ مێرگە سوور، دوای دوو مانگ تەلەفۆنم بۆ کرا، لە موحافیزی هەولێرەو ووتی: وەرە بۆ گەلی عەلی بەگ‌و وەزیری دەولە" فواد عارف "بەرە بۆ بارزان، مێرگەسوور لە ڕێگەی (با پشتیان)و بارزان لە ڕێگەی خەلیفانە، من هاتم لەڕێگەی خەلیفان، سەیدی وەزیر لەوێ بوو، ڕۆشتین بۆ بارزان و لەوێ چووینە ماڵی "شیخ ئەحمەدی بارزان" برای گەورەی "مەلا مستەفا" دیار بوو کە (مەلا مستەفا)

مەکتەبی بیروهۆشیاری



